# ناسینی

# هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ



نووسینی

نهاد جلال

بەرگی نۆیەم

# ناسینی هاوەڵانی

# پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )

نووسینی

نهاد جلال حبیب الله

بسم الله الرحمن الرحيم


ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)

نووسەر: نهاد جلال حبیب اللّٰه

بابەت: مێژوویی ئایینی

ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧

چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا، سلێمانی

بەرگ: نۆیەم

نرخ:



مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر



٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

# ئەو هاوەڵانەی ناویان

# بە پیتی (ف)

# دەست پێ دەکات

فاتیکی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی فاتیکی کوڕی عەمری خەطمیە، فاتیك دەڵێت روقییەی چاوم لای پێغەمبەر (ﷺ) باسکرد، ئەویش مۆڵەتی پێدام تا بەکاری بهێنم و نزای بەرەکەتی بۆ کردم تیایدا، روقییەکەش ئەمە بوو: بسم الله و بالله، أعيذك بالله من شر ما ذرأ و برأ و من شر ما اعتريت و اعتراك والله ربي شفاك و أعيذك بالله من شر ملقح و محيل.[1]

فاخیتەی کچی غەزوان (رضي الله عنها)

ناوی فاخیتەی کچی غەزوانەو یەکێکە لە ئافرەتە کۆچەریەکان.[2]

فاخیتەی کچی وەلید(رضي الله عنها)

ناوی فاخیتەی کچی وەلیدی کوڕی موغیرەی مەخزوومیە، خوشکی خالیدی کوڕی وەلید و هاوسەری صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو، فاخیتە مانگێك پێش موسڵمانبوونی صەفوانی مێردی موسڵمان بوو، موسڵمانبوونیشی لە کاتی فەتحی مەککەدا بوو.[3]

[1] - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5116.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 47.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 47.

فاخیتەی کچی ئەبووطالیب(رضي الله عنها)

**ناوی فاخیتەی کچی ئەبووطالیبە، خوشکی عەلی کوڕی ئەبووطالیب و ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، رایەکیش دەڵێت ناوی هیند بووە، کونیەکەی ئومموهانیئەو زیاتر بەو نازناوەی ناسراوە.**[1]

**ئەم ئافرەتە هاوسەری هوبەیرەی کوڕی ئەبی وەهبی مەخزوومی بوو، لە ساڵی فەتحی مەککەدا ئومموهانی موسڵمان بوو، جا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) فەتحی مەککەی کرد، هوبەیرە رایکرد بۆ نەجران.**[2]

فاخیتەی کچی ئەبی ئوحەیحە(رضي الله عنها)

**ناوی فاخیتەی کچی ئەبی ئوحەیحەیە، هاوسەری ئەبیلعاصی زاوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، پاش ئەوەی زەینەبی کچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، ئەبیلعاص فاخیتەی بەهاوسەر گرت و کچێکی لێی بوو بە ناوی مەریەم.**[3]

فاخیتەی کچی ئەسوەد(رضي الله عنها)

**ناوی فاخیتەی کچی ئەسوەدی قورەیشی ئەسەدیە، هاوسەری صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو، پێشتر باوەژنی صەفوان بوو، کە باوکی صەفوان مرد فاخیتەی باوەژنی بەهاوسەر گرتەوە، دواتر بە بڕیاری ئیسلام لەیەك جیابوونەوە.**[4]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 46.

[2] - أسد الغابة، ج7، ص 443.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 46.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 46.

فاریعەی کچی ئەبووسوفیان (رضي الله عنها)

**ناوی فاریعەی کچی ئەبووسوفیانی کوڕی حەربی ئومەویە، هاوسەری عەبدوڵای کوڕی جەحش بوو، هاودەم بە هاوسەرەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[1]**

فاریعەی کچی ئەبی صەلت (رضي الله عنها)

**ناوی فاریعەی کچی ئەبی صەلتە، دوای فەتحی تائیف چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، بە ئافرەتێکی جوان و خوێن گەرم ناسرابوو.[2]**

فاطیمەی زەهرا ء (رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایە، باوکی سەرداری مرۆڤایەتی و ئازیزی ئیماندارانە، موحەممەدی نێردراوی خوایە.[3]**

**دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و موژدەپێدراوی بەهەشت و یەکەم و خۆشەویستترین هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، پێشتر لە پیتی (خ) دا بە وردی ژیانەکەیمان باسکردووە.**

**فاطیمە سێ خوشکی هەبوو بە ناوەکانی روقییەو زەینەب و ئومموکلثوم کە پێشتر ژیانی هەرکام لەوانمان باسکردووە.**

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 49.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 50.

[3] - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، 4، ص 1893.

زەینەب کە کچە گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.[1]

روقییە کە ژنی عوثمانی کوڕی عەففان بوو، کاتێك غەزای بەدر روویدا روقییە نەخۆش بوو، بۆیە بە ویستی پێغەمبەر (ﷺ) عوثمان لای روقییە مایەوە، بەڵام پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بگاتەوە ناو مەدینە روقییە کۆچی دوایی کرد.[2]

ئومموکلثوم کە لە روقییە بچووکتر بوو و دوای مردنی روقییەی خوشکی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی مارە کرد لە عوثمانی کوڕی عەففان، بەڵام ئەمیش لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد و باوکی (پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)) نوێژی لەسەر کرد.[3]

براکانی فاطیمە بریتی بوون لە قاسم کە برا گەورەی بوو، طەیب، طاهیر، عەبدوڵا،[4] برایەکی تری هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە لە رووی باوکیەوە بوو و دایکیان جیا بوو، ئیبراهیمیش لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەدایك بوو و پاش هەژدە مانگ هەر بە منداڵی کۆچی دوایی کرد،[5] جا هەموو کوڕەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خەدیجەوە پێش دابەزینی سروش وەفاتیان کرد، بەڵام کچەکانی مانەوە تا ئیسلام هات و باوەڕیان هێنا بە ئیسلام و لەگەڵ باوکیان کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[6]

1 - أسد الغابة، ج7، ص 144.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 126.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 421.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 294.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 172.

6 - أسد الغابة، ج7، ص 91.

مێردەکەی فاطیمە ناوی عەلی کوڕی ئەبووطالیبە، ئامۆزاو زاوای پێغەمبەر (ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و مەولا موسڵمانان و خەلیفەی چوارەمی باوەڕدارانە، پێشتر لە پیتی (ع) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

فاطیمە کوڕێکی هەبوو بە ناوی حەسەن کە کوڕە گەورەی بوو، حەسەنی رەیحانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گەورەی گەنجانی بەهەشت و رێبەری چاکسازی نێوان دوو دەستەی موسڵمانان و خەلیفەی پێنجەمی راشیدینە، پێشتر لە پیتی (ح) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

کوڕێکی تری ناوی حوسەینە، حوسەینی رەیحانەی پێغەمبەر (ﷺ) و گەورەی گەنجانی بەهەشت و خۆشەویستی پێغەمبەری خواو هەمو کەسێکی ئیمان لەدڵە، پێشتر لە پیتی (ح) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

کوڕێکی تری ناوی موحسین بوو کە لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووەو پێشتر لە باسی ژیانی حەسەن و حوسەیندا باسمان کردووە.

کچێکی هەبوو بە ناوی ئوممکلثوم کە لە ساڵی شەشی کۆچی لەدایك بوو.[1]

کچێکی تری هەبوو بە ناوی زەینەب کە ئەمیش کچەزای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بوو، زەینەب لەگەڵ حوسەینی برایدا چوو بۆ کەربەلا، کاتێك حوسەینی برای شەهید کرا، زەینەب–هاودەم بەو ژن و منداڵانەی کە مابوون– برا بۆ دیمەشق.[2]

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 500.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 146.

لەدایکبوونی:

سەبارەت بە کاتی لەدایکبوونی راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت فاتیمە پێنج ساڵ پێش دابەزینی سروش لەدایك بووە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ساڵی دووەمی پێغەمبەرایەتیدا لەدایك بوو.[1]

ذەهەبی دەڵێت لەدایکبوونی فاطیمە کەمێك پێش دابەزینی سروش بوو بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ).[2]

سەبارەت بەوەی ئایا کچەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کامیان گەورەتر بوون، یەکدەنگی هەیە کە زەینەب کچە گەورە بووە، دواتر راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت فاتیمە کچە بچووك بووە، رایەك دەڵێت روقییە کچە بچووك بووە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو ئومموکلثوم کچە بچووك بووە.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککە بوو و بانگەوازی دەکرد، هێشتا فاطیمە بچووك بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی بۆ دابەزی (و أنذر عشيرتك الأقربين)، پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی قورەیشی کۆکردەوەو ئاگاداری کردنەوەو فەرمووی (ئەی بەنی کەعبی کوڕی لوئەی، خۆتان لە دۆزەخ رزگار بکەن... ئەی فاطیمە، خۆت لە دۆزەخ رزگار بکە، چونکە من لای خوا هیچم پێ ناکرێ بۆتان)،[4] (ئەی فاطیمەی چی

[1] -الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 54.
[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 119.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648.
[4] - صحيح مسلم، الرقم 329،

موحەممەد چەندە لە سامانی منت دەوێت داوای بکە، بەڵام لای خوا هیچم پێ ناکرێت بۆت).[1]

کۆچکردن بۆ مەدینە

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، پاش ماوەیەك زەید و ئەبوورافیعی بە دوو وشترەوە نارد بۆ مەککە تا فاتیمەو ئومموکلثوم و سەودەی کچی زەمعەو ئوممونەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەید بهێنن بۆ مەدینە.[2]

عائیشە دەڵێت دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ لامان و ئەبوورافیعی مەولاشی لەگەڵدا نارد، دوو وشتر و پێنج سەد درهەمی پێدان تا بۆ کۆچەکە چی وشتریان پێویستە بیکڕن، ئەبووبەکریش عەبدوڵای کوڕی ئورەیقیطی بە دوو یان سێ وشترەوە نارد و نامەیەکی نووسی بۆ عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر و فەرمانی پێدەکرد دایکی و من و ئەسمائی خوشکم بەودا بنێرێت بۆ مەدینە، ئەوەبوو کەوتنەڕێ، لەنیوەی ڕێدا زەید بە پارەکە سێ وشتری کڕی، دواتر هەموویان هاتنە مەککەو ڕێیان کەوتە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا کە دەیویست خێزانی ئەبووبەکر ببات بۆ مەدینە، ئەوەبوو هەمووماں کەوتینەڕێ، زەید و ئەبوورافیع فاطیمە و ئوممولکثوم و سەودەی کچی زەمعەیان هێنان، هەروەها زەید ئوممونەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش دایکم و من و ئەسمائی هێنا، طەلحەش هاودەم بە ئێمە هات و هەموو

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2621.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 269.

پێکەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە مەدینە، ئەو کات موسڵمانان خەریکی دروستکردنی مزگەوتی مەدینە بوون.[1]

هاوسەرگیری عەلی و فاطیمە

هاوسەرگیری عەلی کوڕی ئەبووطالیب و فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) لە مانگی ذیلقەعدە یان کەمێك پێش مانگی ذیلقەعدەی ساڵی دووەمی کۆچیدا بوو، واتە لە پاش جەنگی بەدر.[2]

عەلی کوڕی ئەبوطالیب دەڵێت خزمەتکارێکم وتی دەزانیت فاطیمە داواکراوە؟ وتم نا، وتی با، ئەی بۆ تۆ ناچیتە داوای؟ منیش وتم خۆ هیچم نیە تا بچمە داوای، ئەویش وتی ئەگەر بچیت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) فاطیمەت پێ دەدات، هێندەی پێ وتم تا منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە چوومە ئەوێ و لەبەردەمیدا دانیشتم نەمتوانی هیچ بڵێم، فەرمووی بۆچی هاتویت؟ ئیشێکت هەیە؟ منیش بێدەنگ بووم، هەمدی لێی دووبارە کردمەوە و بێدەنگ بووم، ئەویش فەرمووی (لەوانەیە هاتبیت بۆ داوای فاطیمە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی ئەی هیچت هەیە بۆمارەییەکەی؟ وتم نا بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی ئەی چیت کرد بە قەڵغانەکەت کە پێم دایت، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەو قەڵغانە زۆر قورس و پتەو بوو، منیش وتم لای خۆمە، فەرمووی (دەی لێم مارە کردیت، ئەو قەڵغانەی بۆ بنێرە تا بەوە حەڵاڵ بێت بۆت).[3]

---

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6755.

[2] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 119.

3 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1020.

کاتێك عەلی ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ فاتیمە بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچت هەیە؟ عەلی وتی هیچم نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی قەڵغانە قورسەکەت کوا؟ وتم لای خۆمە، ئەوەبوو ئەو قەڵغانەی دا بە فاتیمە.[1]

کاتێك عەلی کوڕی ئەبوطالیب فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە هاوسەر گرت، بۆ ماڵێك دەگەڕا تا تیایدا نیشتەجێ بێت، بەڵام خانوویەکی دوور لە ماڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەست کەوت و لەوێ گواستیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ماڵیان و پێی فەرموون دەیەوێت نزیکیان بکاتەوە لە ماڵی خۆی، فاطیمەش وتی داوا لە حارثە بکە تا شوێنەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵمان تا نزیك بینەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (حارثە هێندە شوێنی خۆی بۆ چۆڵکردوین ئیتر رووم نایەت پێی بڵێم)، حارثە ئەوەی بیستەوەو و هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستوومە دەتەوێت فاطیمە لێتەوە نزیك بێت و ئەوەش خانووەکانی منن، من خۆمو ئەوەشی هەمە بۆ خوا و پێغەمبەری خوایە، سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی تۆ لێم وەردەگریت لام زۆر خۆشترە لەوەی وازی لێ دێنیت بۆم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (راست دەکەیت، خوا بەرەکەت برژێت بەسەرتدا)، ئەوەبوو فاطیمە هاتە ناو خانوویەکی حارثە کە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، حارثە لە نزیك مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) چەند خانوویەکی هەبوو، هەر جارەو یەکێك لەو خانووانەی چۆڵ دەکرد بۆ خۆشەویستێکی

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5408، السن الكبرى للبيهقي، الرقم 13421، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 583، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 3375 حسن صحيح.

پێغەمبەر (ﷺ) تا هەموو خانووەکانی ئەو شوێنەی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوسەرەکانی.[1]

گواستنەوەی فاطیمە لە دوای غەزای ئوحود بوو،[2] ئەوکات تەمەنی نزیکەی پانزە ساڵ و پێنج مانگ بوو.[3]

لە غەزای ئوحوددا کە پێغەمبەر (ﷺ) بریندار بوو، فاطیمەی چی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و عەلی کوڕی ئەبووطالیب برینەکەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەشۆرد، عەلی ئاوی دەکرد بە دەستی فاطیمەدا و فاطیمەش برینەکەی دەشۆرد، فاطیمە کە زانی برینەکە بەردەوام خوێنی لێ دەڕوات، پارچە حەصیرێکی هێنا و سووتاندی و دای لە برینەکە، ئیتر خوێنەکە وەستا.[4]

لەدایکبوونی حەسەن

پێش لەدایك بوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیزانی کە فاطیمەی کچی منداڵی دەبێت، ئەوەتا ئوممولفەضل دەڵێت شەوێك خەوم دی بەشێك لە جەستەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵی مندایە، منیش ترسام و راچڵەکیم، ئینجا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی (خیرا رأیت، تلد فاطمة غلاما، فتکفلینه بلبن ابنك قثم)، (خەوی خێرت دیوە، فاطیمە منداڵێکی دەبێت و تۆیش دەیگریتە خۆ و دایەنی دەکەیت و لە شیری قوثەمی کوڕت دەدەیت

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج8، ص 166.

2 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 119.

3 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 128.

4 - صحیح البخاري، الرقم 3865، صحیح مسلم، الرقم 3432، صحیح ابن حبان، الرقم 6683.

پێی)، ئوممولفەضل دەڵێت ئەوەبوو حەسەن لەدایك بوو، هێنرا بۆمو شیرم پێدەدا تا کەوتە گاگۆلکێ، ئینجا هێنام بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لە ژوورەکەیدا دامنیشاند، حەسەن میزی کرد، منیش دام لەنێوان هەردوو شانی، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ناخۆش بوو و فەرمووی (لەگەڵ کوڕەکەم نەرمونیان بە رەحمەتی خوات لێ بێت، کوڕەکەمت ئازار دا)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جلەکەت لابەرە و جلێکی تر بپۆشە تا ئەوەت بۆ بشۆم، ئەویش فەرمووی (إنما يغسل بول الجارية و ينضح بول الغلام)،[1] (میزی کچ بێت جل دەشۆردرێت، ئەگەر میزی کوڕ بوو ئاوپرژێن دەکرێت).

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی بیست فاطیمەی کچی منداڵی بووە خێرا چوو بۆ ماڵیان، فەرمووی (أروني ابني ما سميتموه)،(ئادەی کوڕەکەمم نیشان بدەن، ناوی چیتان لێ ناوە؟) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبیش وتی ناوم ناوە حەرب، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بل هو حسن)،[2] (بەڵکو با ناوی حەسەن بێت)، بەوە ناوی نرا حەسەن.

ئەبی رافع دەڵێت: کاتێك حەسەن لەدایك بوو، فاطیمە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی گوێزەبانەیەك نەکەم بۆ کوڕەکەم؟ ئەویش فەرمووی (لا ولكن احلقي رأسه ثم تصدقي بوزن شعره من فضة على المساكين أو الأوفاض)، (نا، بەڵام سەری بتاشەو بە کێشی مووە تاشراوەکانی لە زیو بکە بە خێر و بیدە بە هەژاران

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26276 و اللفظ له، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2477، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7068، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4722، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11141، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 746، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3706، لكن حسنه شعيب الأرناؤوط، و صححه الذهبي في التلخيص.

و ئەو هاوەڵانەی لە مزگەوتن و دەستکورتن یان ئەهلی صوففە)، فاطیمەش چوو ئەوەی کرد.[1]

بە پێی گێڕانەوەیەك لە ڕۆژی حەوتەمی لە دایکبوونیدا حەسەن خەتەنە کراوە، جابیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی حەسەن و حوسەینیشدا خەتەنەی کردون.[2]

پێشتر لە ژیانی حەسەنی کوڕی عەلیدا خۆشەویستی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) بۆ حەسەن باسکردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

جارێك فاطیمە لای باوکی سکاڵای کرد کە لەدەست کار و هەویر شێلان چی بە دەستەکانی هاتووە، ئەوەبوو پاش ماوەیەك بڕێ دیل هێنران کە ئافرەتیشی تێدا بوو، فاطیمە چوو تا داوای خزمەتکارێك بکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ نەبوو، بۆیە بە عائیشەی وت تا بە پێغەمبەر (ﷺ) بڵێت، کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە، عائیشە پێی وت فاطیمە بۆ شتێکی لەو جۆرە هاتووە، پێغەمبەریش (ﷺ) چوو بۆ ماڵەوەو عەلی و فاطیمەش لە جێگەدا بوون، ویستیان هەستن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لە شوێنی خۆتاندا بن، ئینجا هات و لەلایان دانیشت، فەرمووی (ألا أدلكما على خير مما سألتما، إذا أخذتما مضاجعكما فسبحا ثلاثا وثلاثين، واحمدا ثلاثا

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26566، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 23722، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 913، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17945، ضعفه شعيب الأرناؤوط، و قال الألباني: وهذا إسناد حسن لولا أن شريكا وهو ابن عبد الله القاضي سيء الحفظ لكنه لم يتفرد به.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16322، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 6826.

وثلاثين، وكبرا أربعا وثلاثين، فهو خير لكما من خادم)،[1] (ئایا شتێکی باشتر لەوەتان پێ نیشان نەدەم کە داواتان کردبوون، کە چوونە ناو جێگەکەتان سی و سێ جار سوبحانەڵا و سی و سێ جار الحمد لله و سی و چوار جار الله أکبر بکەن، ئەوە زۆر بۆتان باشترە لە خزمەتکارێك).

لەدایکبوونی حوسەین:

تەنها چەند شەوێك لە شەعبانی ساڵی چوارەمی کۆچی تێپەڕ بووبوو کە حوسەین لەدایك بوو، ئەویش پێنج شەو، واتە لە پێنجی شەعبانی ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو، رایەکی تریش دەڵێت بەڵکو لە دوای شەش ساڵ و پێنج مانگ و پانزە رۆژ لە کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە لەدایك بووە.[2]

حوسەینی کوڕی عەلی ساڵێك و دە مانگ پاش لەدایکبوونی حەسەنی برای لەدایك بوو.[3]

کە حوسەین لەدایك بوو، عەلی هەمدی ناوی نا حەرب، پێغەمبەر (ﷺ) هات و فەرمووی (أروني ابني ما سميتموه)،(ئادەی کوڕەکەمم نیشان بدەن، ناوی چیتان

1 - صحيح البخاري، الرقم 2962، صحيح مسلم، الرقم 5012، صحيح ابن حبان، الرقم 5601، سنن أبي داود، الرقم 4424.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 26.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 393.

لێ ناوە؟) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبیش وتی ناوم ناوە حەرب، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بل هو حسین)،[1] بەڵکو ناوی حوسەینە.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) حوسەینیشی زۆر خۆشدەویست، پێشتر لە ژیانی حوسەینی کوڕی عەلیدا خۆشەویستی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) بۆ حوسەین باسکردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی عائیشە دەرچوو و دای بە لای ماڵی فاطیمەی کچیدا، تەماشای کرد حوسەین دەگری، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەرێ نازانیت گریانی حوسەین ئازارم دەدات؟![2]

عەلی بە دایکی دەوت دایە گیان تۆ ئیشوکاری فاطیمە لە دەرەوە بکە، فاطیمەش ئیشی ماڵەوەو هەویر و نان ئامادە کردن لەبری تۆیش دەکات.[3]

جارێك حەسەن و حوسەینی کوڕانی عەلی نەخۆش کەوتن، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانیان و خەڵکیش تریش هاتن بۆ لایان، وتیان ئەی ئەبولحەسەن بۆچی نەزرێك ناکەیت بۆ منداڵەکانت؟ ئەویش وتی نەزر بێت ئەگەر چاك ببنەوە سێ ڕۆژ وەك شوکرانە ڕۆژوو بگرم بۆ خوا، فاطیمەش هەر وای وت، فیضضەی نوبییەش وتی نەزر بێت لەسەرم ئەگەر ئەم دوو گەورەی من چاك ببنەوە، وەك شوکرانە بۆ

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7068، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4722، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11141، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 746، ضعفه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3706، لكن حسنه شعيب الأرناؤوط، و صححه الذهبي في التلخيص.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2778.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 125.

خوا رۆژوو بگرم، ئەوەبوو هەردووکیان چاك بوونەوەو بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) هیچیان لا نەبوو، عەلی چوو بۆ لای شەمعوونی خەیبەری و سێ مشت گەنمی لێ قەرز کرد و فاطیمەش مشتێکی کرد بە ئارد و شێلای و کردی بە نان، عەلی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد و دواتر هاتەوە ماڵەوە، نان دانرا و هەژارێك هاتە بەردەرگا و داوای نانی کرد، عەلی فەرمانی کرد نانەکەی پێدرا، ئیتر ئەو شەوو رۆژە بە برسێتی مانەوەو تەنها ئاویان دەخواردەوە، بۆ رۆژی دووەم هەمدی فاطیمە نانی ئامادەکرد و لە کاتی نانخواردن هەژارێك کە کوڕە شەهیدێکی کۆچەری بوو هاتە بەر دەرگا و داوای نانی کرد و هەمدی نانەکەیان بەویش دا و بە برسێتی مانەوە، بۆ رۆژی سێیەم هەمان شت روویدا و نانەکەیان دا بە هەژارێکی تر و خۆیان بە برسێتی مانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لایان و بینی حاڵیان چۆنە، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی (هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ﴿١﴾ ...وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ ).[1]

سەهل دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ ماڵی فاطیمەی کچی و تەماشای کرد عەلی لەوێ نیە، فەرمووی کوا ئامۆزاکەت؟ فاطیمە وتی دەمەبۆڵەیەکمان بوو و تووڕەی کردم، دواتر چوویە دەرەوەو هیچی پێ نەوتم، پێغەمبەر (ﷺ) بە یەکێکی فەرموو برۆ بزانە لە کوێیە؟ کابرا چوو تەماشای کرد لە مزگەوتەو راکشاوە و عەباکەی ژێری لاچووەو خۆڵاوی بووە، پێغەمبەر (ﷺ) بە

[1] - أسد الغابة، ج7، ص 257.

دەستەکانی خۆڵەکەی لێ دەتەکاند و فەرمووی (هەستە ئەی ئەبووتوراب، هەستە ئەی ئەبووتوراب).[1]

کاتێك روقییەی خوشکی وەفاتی کرد، ژنان بۆ مەرگی روقییە دەگریان و عومەری کوڕی خەتتابیش رێگری دەکرد لێیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: وازبێنە ئەی عومەر، پاشان فەرمووی: (إياكن ونعيق الشيطان، فإنه مهما يكون من العين والقلب فمن الرحمة، وما يكون من اللسان واليد فمن الشيطان)، (خۆدوور بگرن لە قیژەی شەیتان، چونکە تا لە چاو و دڵەوە بێت ئەوە لە رەحم و سۆزەوەیە، ئەوەش لە زمان و دەستەوە بێت ئەوە لە شەیتانەوەیە)، فاطیمەی خوشکی لە کەناری گۆڕی روقییەوە بۆ روقییەی خوشکی دەگریا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە لایەکی جلەکەی فرمێسکی چاوانی فاطیمەی دەسڕی.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: بەیانیەك پێغەمبەر (ﷺ) چوویە دەرەوەو جلێکی خوری لەبەر بوو کە لە مووی رەش دروستکرابوو، ئینجا حەسەنی کوڕی عەلی هات و پێغەمبەر (ﷺ) هێنایە ژوورەوە، دوای ماوەیەکی تر حوسەین هات و لەگەڵی هاتە ژوورەوە، دواتر فاتیمە هات و پێغەمبەر (ﷺ) ئەویشی هێنایەژوورەوە، ئینجا عەلیش هات و پێغەمبەر (ﷺ) ئەویشی هێنایە ژوورەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە(إنما يريد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت و يطهركم تطهيرا).[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 432.

2 - مسند الطيالسي، الرقم 2807، قال الذهبي هذا منكر.

3 - صحيح مسلم، الرقم 4554، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31462، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 2662.

عەلی کوڕی ئەبووطالیب کاتێك کە فاطیمەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) ژنی بوو چووە داوای جوەیریەی کچی ئەبووجەهل، ئەوەبوو بەنوموغیرە هاتن داوای مۆڵەتیان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو مەسەلەیە، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی نەدان و فەرمووی (فاتیمە بەشێکە لە من و ئەو شتەی ئەو ئازار دەدات منیش ئازار دەدات).[1]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سوێند بەخوا کچی پێغەمبەری خوا و کچی دوژمنی خوا لای یەك پیاو کۆ نابنەوە)، ئەوەبوو عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە ئەمەی بیست کشایەوە و نەیهێنا.[2]

ثەوەبان دەڵێت جارێك فاطیمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و منیش لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم، فاطیمە زنجیرێکی زێڕی لە گەردن کردبوو، وتی ئەمە دیاری ئەبووحەسەنە بۆم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا فاطمة أیسرك أن یقول الناس فاطمة بنت محمد وفي یدك سلسلة من نار)، ئەی فاطیمە پێت خۆشە خەڵکی بەناوی فاطیمەی کچی موحەممەد بانگت بکەن و زنجیرێکی ئاگرینیش لە دەستتدا بێت؟ ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) چوویە دەرەوەو دانەنیشت، فاطیمەش زنجیرەکەی برد و کۆیلەیەکی پێ کڕی و کۆیلەکەی ئازاد کرد، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە فەرمووی (الحمد لله الذي نجى فاطمة من النار)،[3] (سوپاس بۆ خوا کە فاطیمەی لە دۆزەخ رزگار کرد).

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 262.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3544، صحيح مسلم، الرقم 4589، سنن ابن ماجة، الرقم 1995، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13837، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18527، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16844.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4673، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21804، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7111، صححه الذهبي في التلخيص.

شوعەیب ئەرنائووط دەڵێت: ئەم فەرموودەیە یان پێش دابەزینی فەرزی زەکاتە، یان مەبەستی ئەوەیە بۆ کەشخەو فشە دروست نیە، یان لەبەرئەوەی زەکاتی نەدرابێت، یان لەترسی ئەوەی نەبادا سەرقاڵی بکات لە کاروباری دین و ئەمە تایبەت بێت بە فاطیمە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەهلوبەیتی لەسەر عەزیمەت و چاکترین و باشترین رادەهێنا.[1]

جارێك هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان (ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و تیان پێی بلێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەروەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری، ئینجا بڕیاریان دا زەینەبی کچی جەحش بنێرن، زەینەب چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتووڕە بوو و وتی ژنەکانت دەڵێن بۆ خاتری خوا بەرامبەر بە خۆشەویستیت بۆ عائیشە دادپەروەر بە، هێندە دەنگی بەرز کردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی قسەیەکی وت بە عائیشە، عائیشەش لەولاوە دانیشتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد وەك پێی بفەرموێت قسەت نیە؟ عائیشەش کەوتە وەڵامدانەوەی زەینەب تا بێدەنگی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد و فەرمووی: ئەوە کچی ئەبووبەکرە.[2]

---

[1] - في تعليقاته على مسند أحمد بن حنبل.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2462.

له حەجی ماڵئاواییدا

**جابیر (رضي الله عنه) دەڵێت عەلی (رضي الله عنه) کە لە یەمەنەوە هاتەوە، بینی فاطیمە ئیحرامی لابردووەو جلی رەنگاورەنگی لەبەرکردووە، عەلی لەسەر ئەوە سەرکۆنەی کرد و وتی کێ فەرمانی پێکردیت وابکەیت؟ فاطیمەش وتی باوکم فەرمانی ئەوەی پێکردم، عەلی چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لەسەر ئەو کردەوەی فاتیمە پرسیاری کردو وتی کە سەرکۆنەی فاطیمەم کرد لەسەر ئەو کارەی و ئەویش وتی باوکم فەرمانی ئەوەی پێکردم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (راستی وتووە، راستی وتووە، راستی وتووە، من فەرمانی ئەوەم پێکردووە).[1]**

لەکاتی وەفاتی باوکیدا

**زەینەبی کچی ئەبوورافیع ئامادەی ساتەکانی نەخۆشکەوتنی پێش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بووم، دەڵێت فاطیمەم بینی کە حەسەن و حوسەینی هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە دوو کوڕەکەتن، دەی میراتیان پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی حەسەن شکۆ و پێشەنگی منی بۆ هەیە، حوسەینیش بوێری و بەخشندەیی منی بۆ هەیە.[2]**

**خاریجەی کوڕی عوقوفان دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو کە چووم بۆ لای و عارەقی دەکرد، فاطیمەش کە ئەو حاڵەی**

[1] - صحيح مسلم، الرقم 2212.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7024.

دەبینی وتی باوکەڕۆ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (لەمڕۆ بەدوا نارەحەتی لەسەر باوکت نەما)،[1] ئەم بەسەرهاتە لە کتێبەکانی فەرموودەدا لە ئەنەسی کوڕی مالیکیشەوە گێردراوەتەوە.[2]

عائیشە دەڵێت فاطیمەهات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بەڕێدا دەتوت هەمان ڕێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاطیمە گریا، وتم بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاطیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەك نزیك بن، وتم چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاتیمەش وتی نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، چووم هەمان پرسیارم کردەوە لە فاطیمە، ئەویش وتی چپاندی بە گوێمدا (جیبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی (ئایا ڕازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت –یان گەورەی ژنانی باوەڕداران– بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 224.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 6717، سنن ابن ماجة، الرقم 1624، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1629 حسن صحيح.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3446.

کاتێك تەرمی پێغەمبەر (ﷺ) خرایە ناو گۆڕەکەی و خۆڵی بەسەردا کرا، فاطیمە دەیوت ئەی ئەنەس چۆن دڵتان هات خۆڵ بکەن بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ).[1]

پاش وەفاتی باوکی

پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش (ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، فاتیمە داوای کرد لە ئەبووبەکر تا لە بەجێماوی پێغەمبەر (ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد هەروا بوو.[3]

کاتێك فاطیمە نەخۆش بوو، ئەبووبەکر چوو بۆ لای و داوای مۆڵەتی کرد تا فاتیمە ببینێت، عەلی وتی ئەی فاطیمە ئەوە ئەبووبەکرە هاتووە بۆ لات و داوای مۆڵەت دەکات، ئەویش وتی حەز دەکەیت مۆڵەتی بدەم؟ عەلی وتی بەڵێ، فاطیمەش مۆڵەتی پێدا، ئەبووبەکر هاتە ژوورەوەو هەوڵی دەدا دڵی فاطیمە بهێنێتەوەو وتی سوێند بەخوا چی سامان و کەسوکار و عەشیرەتم وەلاناوە تەنها لەبەر رەزامەندی

[1] - أسد الغابة، ج7، ص 244.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 315.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2943.

خواو پێغەمبەرەکەی و رەزامەندی ئێوەی ئالوبەیت بووە، ئیتر دڵی فاطیمەی دەهێنایەوە هەتا فاطیمە رازی بوو.[1]

فەرموودەیەك بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێك لەسەر روانینی هاوەڵان بۆ میراتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتەڕوو، رووداوەکەش لە خیلافەتی عومەردا بووە، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لە ماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم ئەی مال–ناوەکەی کورت کردوەتەوە– خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، برۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم بریا کەسێکی ترت لەبری من راسپاردایە، ئەویش وتی مالیك لێنەوە، ئینجا یەرفەء –پەردەدارەکەی عومەر– هات و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە–مەبەستی عەلی بوو–، ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو رەحم بەرامبەریان بنوێنە، –مالیك دەڵێت وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ

[1] - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11913 و قال إسناده صحيح.

لای عومەر–، عومەر وتی لەسەرخۆ بن، دواتر روویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر (ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٦﴾ )، لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) خەرجی ساڵێك یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە رێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر روویکردە ئەو چوارەی تر و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام (ﷺ)، تۆ– عەبباسی دەدواند– و ئەمە–واتە عەلی– چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد–واتە پێغەمبەر (ﷺ)– ئەمیش میراتی ژنەکەی–واتە فاطیمە– لە باوکیەوە –واتە پێغەمبەر (ﷺ)– داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم من دۆست و وەلی پێغەمبەر (ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاك و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات-، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوو لەسەری برۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەرۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە- کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەچوو- دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر (ﷺ) میراتیٚ جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە

1 - صحيح البخاري، الرقم 2944، صحيح مسلم، الرقم 3389 و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 6712، سنن أبي داود، الرقم 2589، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6127،

لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاك تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێك کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

ئایا عومەر سکی فاطیمەی خستووە؟

جا مەسەلەیەکی تر کە لێرەدا باسکراوەو تەنها لە دەقە شیعیەکاندا هاتووە کە عومەری کوڕی خەططاب بۆ ئەوەی بە زۆر بەیعەت لە عەلی و فاطیمە وەربگرێت چووە تا ماڵیان بەسەردا بسووتێنێت و گورزی وەشاندووە لە فاطیمە و سکەکەی خستووەو بەو هۆیەشەوە فاطیمە وەفاتی کردووە، ئەمانە قسەی زۆر بێ بنەمان:

دەڵێن عەلی شێری خوایە، کەچی نەیوێراوە راستی خۆی نیشان بدات و بە ناچاری توقیەی بەکارهێناوەو بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان.

دەڵێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیمامەتی بۆ عەلی دیاریکردووە، بەڵام هەموو هاوەڵان هەڵگەڕاونەتەوەو کوودەتایان کردووە بەسەر عەلیدا تەنها چەند

هاوەڵێك نەبێت، وەك ئەوەی ئەو هەموو خوێندکارەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ناپاکی پەروەردە کرابن–پەنا بەخوا–.

دەڵێن عەلی شێری خوا و مەردی مەیدان بووە، بەڵام عومەر بەبەرچاویەوە هاتووە ماڵەکەی بسووتێنێت و شەقی داوە لە سکی فاطیمە و سکەکەی خستووەو بەو هۆیەشەوە مردووە، کەچی عەلی هیچی نەکردووەو دواتریش بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکر و عومەریش.

دەڵێن عەلی زانیویەتی عائیشە ناپاك بووەو بە دوژمنی ئیسلامی زانیوە، کەچی کە عائیشەی کەوتووەتە دەست نەیکوشتووە و خزمەتی کردوووە.

دەڵێن عەلی دوژمنی سەرسەختی عوثمان بووە چونکە عوثمان مافی داگیرکردووە، کەچی حەسەن و حوسەینی کوڕانی خۆی ناردووە بۆ ماڵی عوثمان تا بەرگری لیّ بکەن.

ئەمەو دەیان نموونەی تر کە وا وێنای عەلی دەکەن –دوور بێت لەو هاوەڵە گەورە موژدەپێدراوەی بەهەشت– کەسێکی دووفاقی ترسنۆکی بێنازی بێ دەسەڵات بووبێت، لەکاتێکدا سەدان بەڵگە هەن وەڵامی ئەو ناراستیانە دەدەنەوە.

## کۆچی دوایی فاطیمە

فاطیمە پێنج مانگ یان شتێ لەو چەشنە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیاو لە تەمەنێکی کەمدا کۆچی دوایی کرد، دەوترێت تەمەنی بیست و چوار یان بیست و پێنج یان بیست و نۆ ساڵ بووە، بەڵام راستتر ئەوەیە تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو کە کۆچی دوایی کرد.[1]

راستتریش ئەوەیە شەش مانگ پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد.[2]

فاطیمە پێش مردنی تووشی نەخۆشیەکی سەخت بوو، لەو کاتەشدا خەمی ئەوەی بوو کە چۆن ببرێت بەرەو گۆڕستان، ئەوەبوو کاتێك ئەسمائی کچی عومەیسی لابوو، بە ئەسمائی وت چەندە پێی ناخۆشە بە قوماشێکەوە ببرێت و جەستەی دەربکەوێت؟ ئەسمائیش وتی بەخوا دارەمەیتێکت بۆ دروست دەکەم وەك ئەوەی کە بینیم لە حەبەشە دروست دەکرا، فاطیمەش وتی ئادەی نیشانم بدە چۆنە، ئەویش بۆی دروست کرد، فاطیمەش پێکەنی، ئەوەش تاکە پێکەنینی بوو پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ).[3]

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 121.
2 - صحيح البخاري، الرقم 2943.
3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4712،

کاتیَ وەفاتی کرد عەلی هاوسەری تەرمەکەی شۆرد، بە شەو ئەسپەردە کرا و عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد و هەریەك لە عەلی هاوسەری و فەضل دابەزینە ناو گۆڕەکەی.[1]

بەڵام لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە عەلی خۆی نوێژی لەسەر کرد و بە شەو ئەسپەردەی کرد و ئەبووبەکری بانگ نەکرد.[2]

ئەسمائی کچی عومەیس دەڵێت فاطیمە پێی وتم زۆرم پیَ ناخۆشە کە قوماشێك دەدرێت بەسەر ئافرەتدا و جەستەی دەردەکەوێت، منیش وتم ئەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە حەبەشە شتێکم بینیوە با بۆت باس بکەم، ئەوەبوو بە برِیَ دار دارەمەیتێکی دروست کرد و ئینجا قوماشێکی دا بەسەریدا دا، فاتیمە وتی ئەمە زۆر چاکە، ئەگەر مردم تۆ و عەلی بمشۆن و کەسی تر نەیەتە ژوورەوە، ئەوەبوو کە وەفاتی کرد، عائیشە هات تا بێتە ژوورەوە، ئەسمائیش وتی مەیەرە ژوورەوە، عائیشە لای ئەبووبەکر سکاڵای کرد، ئەبووبەکر هات و وتی بۆ ریی نادەن؟ ئەسمائیش وتی فاطیمە خۆی فەرمانی کرد تەنها من و عەلی بیشۆین، ئەبووبەکریش وتی فاطیمە خۆی چۆنی وتووە وا بکەن.[3]

---

[1] - سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 128.

[2] - صحیح مسلم، الرقم 3391.

[3] - سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 128-129.

پلەو پایەی فاطیمە

**عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: هیچ کەسم نەدیوە هێندەی فاطیمە هەڵسوکەوت و قسەکردنی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێت، هەرکات فاطیمە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەری هەڵدەسا و ماچی دەکرد و بەخێرهاتنی دەکرد و دەستی دەگرت و لە پاڵ خۆیدا دایدەنیشاند، هەرکاتیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچوایە بۆ لای فاطیمە، فاطیمە لەبەری هەڵدەسا و ماچی دەکرد و دەستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەگرت و ماچی دەکرد.[1]**

**پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (إن أفضل نساء أهل الجنة خديجة بنت خويلد و فاطمة بنت محمد و مريم بنت عمران و آسية بنت مزاحم إمراة فرعون)،[2] (چاکترین ئافرەتانی بەهەشت بریتین لە خەدیجەی کچی خوەیلید و فاتیمەی کچی موحەممەد و مەریەمی کچی عیمران و ئاسیەی کچی موزاحیم کە ژنی فیرعەون بوو).**

**عائیشە دەڵێت لەکاتی نەخۆشکەوتنی پێغەمبەردا (ﷺ) فاتیمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بەرێدا دەتوت هەمان رێکردنی پێغەمبەرە (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاندا، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاتیمە گریا، وتم بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر (ﷺ)**

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 4561، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7784، صحيح ابن حبان، الرقم7063، سنن الترمذي، الرقم 3889 وقال حسن صحيح، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 5217.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7120، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3771، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8080، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2787، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18909، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 1507.

چپەیەکی تری بۆ کرد و فاتیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەك نزیك بن، وتم چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاطیمەش وتی نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، چووم هەمان پرسیارم کردەوە لە عائیشە، ئەویش وتی چپاندی بە گوێمدا (جیبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی (ئایا رازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت –یان گەورەی ژنانی باوەڕداران– بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[1]

حوذەیفە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (نَزَلَ مَلَكٌ مِنَ السَّمَاءِ فَاسْتَأْذَنَ اللَّهَ أَنْ يُسَلِّمَ عَلَيَّ لَمْ يَنْزِلْ قَبْلَهَا، فَبَشَّرَنِي أَنَّ فَاطِمَةَ سَيِّدَةُ نِسَاءِ أَهْلِ الْجَنَّةِ)،[2] (فریشتەیەك لە ئاسمانەوە دابەزی و داوای مۆڵەتی کرد لە خوا تا سەلامم لێ بکات، پێشتر دانەبەزیبوو، موژدەی پێدام کە فاطیمە گەورەی خەڵکی بەهەشتە).

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3446.

[2] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4669، صححه الذهبي في التلخيص.

فاطیمەی کچی ئەسەد(رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی ئەسەدی کوڕی هاشمی هاشمیە، هاوسەری ئەبووطالیب و دایکی عەلی و ئامۆژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەم ئافرەتە هەر لە مەککە موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ مەدینە و هەر لە مەدینەش وەفاتی کرد.[1]**

**عەلی بە فاطیمەی دایکی دەوت دایە گیان تۆ ئیشوکاری فاطیمەی –هاوسەرم– لە دەرەوە بکە، فاگیمەش ئیشی ماڵەوەو هەویر و نان ئامادە کردن لەبری تۆیش دەکات.[2]**

**پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو بۆ سەردانی فاطیمەی ئامۆژنی و لە ماڵی ئەویشدا خەوی پێش نیوەڕۆی دەکرد(قەیلولە).[3]**

**جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پارچە قوماشێکی دا بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و فەرمووی (بیکە بە سەرپۆش بۆ فاطیمەکان)، عەلیش کردی بە چەند پارچەیەکەوە، پارچەیەکی بۆ فاطیمەی دایکی و پارچەیەکی بۆ فاطیمەی هاوسەری و پارچەیەکیشی بۆ فاطیمەی کچی حەمزە.[4]**

**کاتێك فاطیمەی دایکی عەلی وەفاتی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) چوو لەلای سەریەوە دانیشت و وفەرمووی (رەحمەتی خوات لێ بێت دایە، تۆ دوای دایکم دایك بوویت بۆم، خۆت برسی دەکرد و منت تێر دەکرد، خۆت بێ بەرگ دەکرد و**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 60.

[2] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 125.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 60.

[4] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20715.

منت پۆشته دەكرد، خواردنی خۆشت لەخۆت زەوت دەكرد و دەتدا بە من، مەبەستت بەمەش لەپێناو خواو رۆژی دواییدا بوو)، دواتر فەرمانی كرد سێ جار شۆردرا، كاتێك ئاوی كۆتا ئامادەكرا كە كافووری تێدا بوو كە تێكەڵەی رووەكێكی بۆنخۆش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی ئاوەكەی بەسەردا كردو دواتر پێغەمبەر (ﷺ) جلەكەی خۆی داكەند و دای بەسەریدا و بەسەر ئەوەدا كفن كرا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) ئوسامەی كوڕی زەید و ئەبووئەییووبی ئەنصاری و عومەری كوڕی خەططاب و كۆیلەیەكی رەشپێستی بانگ كرد تا گۆڕی بۆ هەڵبكەنن، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ناو گۆڕەكەی و تیایدا راكشا وفەرمووی (خوا ئەو خوایەیە كە دەژیەنێت و دەمرێنێت و خۆیشی زیندووەو نامرێت، خوایە لە فاطیمەی كچی ئەسەدی دایكم خۆش بە و بەڵگەی بخەرە سەر زمان و گۆڕەكەی بۆ فراوان بكە، بە حەقی پێغەمبەرەكەت و پێغەمبەرانی پێش من، چونكە تۆ میهرەبانترینی میهرەبانانیت)، ئینجا چوار الله اكبری لەسەر كرد و پێغەمبەر (ﷺ) و عەبباس و ئەبووبەكری صدیق خستیانە ناو گۆڕەكەی.[1]

[1] - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 190.

فاطیمەی کچی حەمزە(رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبی هاشمیە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پارچە قوماشێکی دا بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و فەرمووی (بیکە بە سەرپۆش بۆ فاطیمەکان)، عەلیش کردی بە چەند پارچەیەکەوە، پارچەیەکی بۆ فاطیمەی دایکی و پارچەیەکی بۆ فاطیمەی هاوسەری و پارچەیەکیشی بۆ فاطیمەی کچی حەمزە.[1]**

فاطیمەی کچی خەططاب(رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی خەططابی کوڕی نوفەیلی قوڕەیشی عەدویە، خوشکی عومەری کوڕی خەططابە، ئەم ئافرەتە پێش عومەری برای موسڵمان بوو، هەر زوو لە مەککە هاودەم بە سەعیدی کوڕی زەیدی هاوسەری موسڵمان بوو، فاطیمە لە کوڕێکی لەم مێردەی بوو بە ناوی عەبدوڕەحمان.[2]**

**جارێك عومەر هەواڵی بیست کە پێغەمبەر (ﷺ) لە شوێنێکەو هاوەڵان لە دەوری خڕ بون، بڕیاری دا بچێت و بیکوژێت، لە ڕێدا نوعەیمی کوڕی عەبدولا گەیشت بە عومەر و وتی عومەر بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش وتی دەچم بۆ موحەممەد کە باری قوڕەیشی پەرت کردووەو هەرزەکارەکانی لەڕێ لاداوەو تانە لە دینی قوڕەیش دەدات و قسە بە خواکانی قوڕەیش دەڵێت، دەچم و دەیکوژم، ئەویش وتی بەخوا**

---

[1] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20715.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 62.

عومەر خۆت لێ گۆڕاوە، بۆ وادەزانیت دوای کوشتنی موحەممەد بەنی عەبدمەناف ئیتر دەهێڵن پێ بخەیتە سەرزەوی؟بۆ وریای خانەوادەی خۆت نیت؟ ئەویش وتی مەبەستت کامیانە؟ نوعەیم وتی سەعیدی زاواو ئامۆزات و فاتیمەی خوشکت کە موسڵمان بوون و شوێن موحەممەد کەوتون، بڕۆ وریای ئەوان بە، عومەریش خێرا گەڕایەوەو رووەو ماڵی خوشکەکەی چوو.[1]

خەبابی کوڕی ئەرەت دەچوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب کە لەگەڵ سەعیدی کوڕی زەیدی مێردی موسڵمان بووبوون، خەبباب لەوێ قورئانی فێری فاطیمەو مێردەکەی دەکرد، رۆژێك عومەری کوڕی خەططاب کە هێشتا موسڵمان نەبووبوو چوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی کاتێك بیستبووی خوشکەکەی موسڵمان بووە، کە نزیك بوویەوە گوێی لە قورئان خوێندنەکەی خەبباب بوو، کە چوویە ژوورەوە دای لە فاتیمەی خوشکی و خوێن لە دەموچاوی هات، عومەر کە ئەوەی بینی پەشیمان بوویەوە، پاشان داوای کرد ئەو قورئانەی دەیانخوێند بیدەنە دەستی، فاطیمە وتی تا خۆت نەشۆیت نایدەمە دەستت، عومەر خۆی شۆرد و قورئانەکەی وەرگرت و خوێندیەوە، وتی وتەکانی چەند جوانن، خەبباب کە ئەمەی بیست خێرا وتی ئەی عومەر سوێند بەخوا هیوانم هەیە خوای گەورە نزای پێغەمبەری بۆ گیرا کردبیت، چونکە من دوێنێ شەو گوێم لێ بوو نزای دەکرد و فەرمووی: خوایە بە موسڵمانبوونی ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام یان بە موسڵمان بوونی عومەری کوڕی خەططاب پاڵپشتی ئیسلام بکە(ئیسلام سەربخە)، دەی عومەر دەرفەتە لەدەستی مەدە، عومەریش وتی ئەی خەبباب دەی بمبە بۆ لای موحەممەد

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 80.

تا موسڵمان بم، خەبابیش پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێیە، عومەریش چوو و موسڵمان بوو.[1]

فاطیمەی کچی سەودە(رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی سەودەی جوهەنیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

فاطیمەی کچی صەفوان (رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی صەفوانی کوڕی ئومەییەیەو و هاوسەری عەمری کوڕی ئەبووئوحەیحەیەو هاودەم بە مێردەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشە و لەوێ کۆچی دوایی کرد.[3]

فاطیمەی کچی عامیر (رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی عامیری قورەیشی جومەحیەو خوشکی سەعیدی کوڕی عامیرە، هاوسەری موغیرەی کوڕی ئەبیلعاص بوو و کچێکی لێی بوو بە ناوی عائیشە.[4]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 79-80.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 63.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 64.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 67.

فاطیمەی کچی عەلقەمە(رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی عەلقەمەی کوڕی عەبدوڵای عامیریە، هاوسەرەکەی ناوی سەلیطی کوڕی عەمرە، فاطیمە هاودەم بە مێردەکەی زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچیان کرد بۆ حەبەشە.[1]**

فاطیمەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی عەمرە، جابیر دەڵێت کاتێك لە غەزای ئوحوددا باوکم کوژرا، من قوماشەکەم لەسەر سەری لادەبرد و دەگریام و هاوەڵانیش ڕێیان لێدەگرتم، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی لیّ نەدەگرتم، فاطیمەی کچی عەمریش بۆی دەگریا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بۆی بگریت یان بۆی نەگریت، بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان سێبەری بۆ دەکەن).[2]**

فاطیمەی کچی عوتبە(رضي الله عنها)

**ناوی فاطیمەی کچی عوتبەی کوڕی ڕەبیعەی قوڕەیشی عەبشەمیە، خوشکی هیندی کچی عوتبەو پووری موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانە، فاطیمە هاودەم بە هیندی خوشکی لە فەتحی مەککەدا چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتیان پێدا، فاطیمە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەرزەویدا ئاواتم لەناوچوونی خێوەتی تۆ بوو، ئێستاش ئاواتم مانەوەی خێوەتی تۆیە، پێغەمبەریش (ﷺ)**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 68.

[2] - صحيح مسلم، الرقم 4622، مسند احمد بن حنبل، الرقم 13903.

فەرمووی (هەرکام لە ئێوە باوەڕی نەهێناوە تا ئەو کاتەی منی لە خۆی لا خۆشەویستتر بێت).[1]

فاطیمەی کچی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی قەیسی کوڕی خالیدی قوڕەیشی فەهریە، خوشکی ضەححاکی کوڕی قەیسە، ئەم ئافرەتە لە دەستەی یەکەمی کۆچەران بوو، ئافرەتێکی زۆر جوان و ژیر بوو، هاوسەری ئەبووعەمری کوڕی حەفص بو، بەڵام تەڵاقی لێوەرگرت و دوای ئەوە شووی کرد بە ئوسامەی کوڕی زەید.[2]

کاتێك ئەبووعەمری هاوسەری تەڵاقی دا، هەر لە دوورەوەو بێ ئەوەی بێت بۆ لای فاطیمە تەڵاقی دا، ئینجا وەکیلی خۆی بە برێك گەنمەوە نارد بۆ فاطیمەو فاطیمەش تووڕە بوو، ئەویش وتی دەی بەخوا هیچت لای من نیە، فاطیمە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (خەرجیت لەسەر ئەو نیە)، ئینجا فەرمانی کرد بە فاطیمە لە ماڵی ئومموشەریك بمێنێتەوەو دواتر فەرمووی (تلك امرأة يغشاها أصحابي، اعتدي عند ابن أم مكتوم، فإنه رجل أعمى تضعين ثيابك، فإذا حللت فآذنيني)، (هاوەڵانم زۆر دەچن بۆ سەردانی ئەو ئافرەتە، بۆیە ماوەی عیددەکەت لای ئیبن ئوم مەکتووم تەواو بکە، چونکە ئەو کەسێکی نابینایە جلەکانت دابنێ، کە عیددەکەت تەواو بوو، ئاگادارم بکەرەوە)، ئەوەبوو کە تەواو بوو، پێغەمبەری خوای (ﷺ) ئاگادار کردەوە، ئینجا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و ئەبووجەهمی

[1] - أسد الغابة، ج7، ص 248.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 69.

خەطەبانی هاتون بۆ داوام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما أبو جهم، فلا يضع عصاه عن عاتقه، وأما معاوية فصعلوك لا مال له، انكحي أسامة بن زيد)، (ئەبووجەهم گۆچانەکەی سەرشانی دانانێت، موعاویەش دەست بەتاڵەو هیچ سامانێکی نیە، شوو بە ئوسامەی کوڕی زەید بکە)، منیش پێم خۆش نەبوو، هەمدی فەرمووی (شوو بکە بە ئوسامە)، منیش شووم پێکرد، ئەوەبوو خوای گەورە خێرێکی زۆری تێدا دانا و هیوام وابوو منیش وەك ئەو بوومایە.[1]

## فاطیمەی کچی موجەللیل(رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی موجەللیلی کوڕی عەبدوڵای قورەیشی عامیریە، کونیەکەی ئوموموجەمیلەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، هاودەم بە مێردەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ مێردەکەی مرد، ئینجا فاطیمە هاودەم بە دوو کوڕەکەی لەگەڵ جەعفەری مامی پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە.[2]

فاطیمە بەسەرهاتی گەڕانەوەی بۆ موحەممەدی کوڕی باس دەکات و دەڵێت، تۆم لە حەبەشەوە هێنایەوە، نزیکەی شەوێ دوو شەو ڕێ مابوو بگەینە مەدینە کە خواردنێکم بۆ ئامادە کردیت، کەچی دار نەما، چووم تا دارو چیلکە پەیدا بکەم، کەچی تۆ مەنجەڵەکەت بەسەر دەست و باڵی خۆتدا خستبوو، تۆم برد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە موحەممەدی حاطیبە، یەکەم منداڵە ناوی تۆی لێنراوە، پێغەمبەریش (ﷺ) تفی دا لە دەمت و دەستی

[1] - صحيح مسلم، الرقم 2687، صحيح ابن حبان، الرقم 4112، سنن أبي داود، الرقم 1957.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 70.

پێنا بەسەر سەرتدا و نزای بۆ کردیت و فەرمووی (اذهب البأس رب الناس، واشف أنت الشافي لا شفاء إلا شفاؤك شفاء لا يغادر سقما)، ئیتر هەر لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوویت کە دەستت چاك بوویەوە.[1]

فاطیمەی کچی مونقذ(رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی مونقذی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

فاطیمەی کچی وەلید(رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی وەلیدی کوڕی موغیرەی قورەیشی مەخزوومیە، خوشکی خالیدی کوڕی وەلیدە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

فاطیمەی کچی ئەبی حوبەیش (رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی ئەبی حوبەیشی کوڕی موطەلیبی قورەیشی ئەسەدیە، جارێك فاطیمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئافرەتێکم بەردەوام خوێنم هەیە و پاك نابمەوە، ئایا واز لە نوێژ بهێنم و هەر نەیکەم؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (لا، إنما ذلك عرق، وليس بحيض، فإذا أقبلت

---

[1] - صحيح ابن حبان، الرقم 3029، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26834، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20730، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8،ص 70.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 71.

حيضتك فدعي الصلاة، وإذا أدبرت فاغسلي عنك الدم ثم صلي)،[1] (نا، ئەوە تكانە و حەیز نیە، ئەگەر حەیزت هات نوێژ مەکەو ئەگەر نەما خوێنەکەت لە لەشت بشۆ و دواتر نوێژ بکە).

فاطیمەی کچی یەمان (رضي الله عنها)

ناوی فاطیمەی کچی یەمانی عەبسیە، خوشکی حوذەیفەی کوڕی یەمانە، فاطیمە دەڵێت لەگەڵ برێ ئافرەتدا چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینین قاپێ هەڵواسراوەو دڵۆپ دڵۆپ ئاو دەرژێ بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) تا تاکەی لابەرێت، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی داوا لە خوا ناکەیت ئازارت لابەرێت؟ ئەویش فەرمووی (إن أشد الناس بلاء الأنبياء، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم)،[2] (پێغەمبەران زیاترین ئازاریان هەیە، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان دێن، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان دێن، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان دێن).

فاکیهی کوڕی بیشر (رضي الله عنه)

ناوی فاکیهی کوڕی بیشری کوڕی فاکیهە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 225، صحيح مسلم، الرقم 527، صحيح ابن حبان، الرقم 1366، سنن أبي داود، الرقم 247، سنن ابن ماجة، الرقم 618، سنن الترمذي، الرقم 119، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 215، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 758، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23981.

[2] - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7358، قال ابن حجر في الإصابة، ج8، ص 72 إسناده قوي.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 351.

فاکیهی کوڕی سەکەن (رضي الله عنه)

ناوی فاکیهی کوڕی سەکەنی کوڕی خەنسائە، لە پشتیوانانەو لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[1]

فەروەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی فەروەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[2]

فەروە لەگەڵ زیادی کوڕی لەبیددا کەوتە شکاندنی بتەکانی بەنی بیاضە.[3]

کە پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان فەروەو عەبدوڵای کوڕی مەخرەمەوە، فەروە لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[4]

فەروە بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) مەزندەی خورمای خەڵکی مەدینەی دەکرد و زۆر ورد بوو و هیچ هەڵەیەکی تێدا نەدەکرد و ناوی دەرکردبوو لە شارەزایی لەو بوارەدا.[5]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 352.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 364.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 598.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 364.

[5] - مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم 6979، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15635، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5099.

فەروە کەسێکی خێرخواز بوو و هەموو ساڵێك لە باخە خورماکەی هەزار کۆڵ خێری دەکرد.[1]

فەروە لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد.[2]

لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا فەروە لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی جەمەلی کرد.[3]

### فەروەی کوڕی موسەیك(رضي الله عنه)

ناوی فەروەی کوڕی موسەیکی مورادیە، بە بنەڕەت خەڵکی یەمەن بوو و هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) کردی بە بەرپرسی هۆزی موراد و مذحجیش، هاوکات خالیدی کوڕی سەعیدی لەگەڵدا نارد و تا وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەوێ بوو.[4]

ماوەیەك پێش ئەوە جەنگێك لە نێوان هەمەدان و مورادیەکاندا روویدا کە پێی دەوترا جەنگی رەدم، فەروە دوای ئەوە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی فەروە ئەوەی تووشی قەومەکەت بوو لە رۆژی رەدم پێت ناخۆش بوو؟)، ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کێ هەیە هۆزەکەی

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 364.
[2] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 599.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 364.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 368.

سەختی وەك هۆزی منی تووش بێت و پێی ناخۆش نەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە لە موسڵمانبوونی قەومەکەت زیاد دەکات).[1]

فەروە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر چوویت بۆ لای قەومەکەت بانگهێشتیان بکە، هەرکەس وەڵامی دایەوە رازی بە، هەرکەسیش نەهات بدەم داواکەتەوە هیچ مەکە تا رایدەکێشیت بۆ لای من).[2]

فەروە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەویەکمان لا هەیە کە پێی دەوترێت ئەبین، بەڵام نەخۆشی زۆر زوو تیایدا پەخش دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دعها عنك، فإن من القرف التلف)،[3] (وازی لێ بهێنە، چونکە نزیکبوونەوە لە نەخۆشی بڵاوەبوو خۆلەناوبردنە).

## فەروەی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی فەروەی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزای خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

[1] - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 2108.

[2] - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32403.

[3] - سنن أبي داود، الرقم 3440، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15437، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و شعيف سنن أبي داود، الرقم 3923.

[4] - أسد الغابة، ج4، ص 383.

## فەضالەی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی فەضالەی کوڕی عوبەیدی کوڕی نافیذە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دایکی ناوی عوقبەی کچی موحەممەدە، فەضالە زۆر زوو موسڵمان بوو.[1]

فەضالە لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد، بەڵام دواتر لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد،[2] فەضالە یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[3]

لە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی شامدا بەشدار بوو، دواتر درێژەی بە بەشداری مەیدانی جیهاد دا و بەشداری فتووحاتی میصریشی کرد، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ شام و لەوێ مایەوەو موعاویە دوای ئەبوودەردا ء کردی بە دادوەری دیمەشق.[4]

رایەك دەڵێت دەستەیەك لە پشتیوانان بەیعەتیان نەدا بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، یەکێك لەوانە فەضالەی کوڕی عوبەید بوو.[5]

دوای ئەوە موعاویە کردی بە بەرپرسی سوپایەك و لە رێی دەریاوە جەنگی رۆمی کرد،[6] توانی چەند ناوچە فەتح بکات و دەستکەوتێکی زۆر بەدەستبخات.[7]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 371.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 371.
[3] - أسد الغابة، ج4، ص 385.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 371.
[5] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 227.
[6] - أسد الغابة، ج4، ص 385.
[7] - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 32.

دواجار فەضالە لە ساڵی پەنجاو سێی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ساڵی شەست و نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

فەضالەی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی فەضالەی کوڕی نوعمانی کوڕی قەیسە، برایەکی هەبوو بە ناوی سیماك کە پێکەوە هەردووکیان لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد.[2]

فەضلی کوڕی عەبباس(رضي الله عنه)

ناوی فەضلی کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کوڕە گەورەی عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، دایکی ناوی لوبابەی کچی حارث بوو.[3]

فەضل کەسێکی سپی رەنگی کەشخە بوو و قژی زۆر جوان بوو.[4]

کاتێك فەضل هاوسەرگیری کرد، پێغەمبەر (ﷺ) مارەییەکەی بۆ دابین کرد.[5]

فەضل هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری فەتحی مەککەی کرد، هەروەها لە غەزای حونەینیشدا بەشدار بوو و تیایدا رۆڵی کارای بینی و کاتێك موسڵمانان

---

[1] - أسد الغابة، ج4، ص 385.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 373.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 376.

[4] - صحيح ابن حبان، الرقم 4007.

[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 376.

شکان و بڵاوەیان لێکرد، فەضل لەو هاوەڵانە بوو کە لەلای پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەرگری دەکرد.[1]

لە حەجی ماڵئاواییدا پێغەمبەر (ﷺ) فەضلی لە دوای خۆیەوە سواری سوارەکەی کرد، جا ئافرەتێك هات پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد و فەچلیش تەماشای ئافرەتەکەی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) رووی فەضلی وەرچەرخاند بۆئەولا تا تەماشای نەکات.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، فەضل لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو، فەضل دەڵێت چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە نەخۆش بوو، پارچە پەڕۆیەکی سووریشی لابوو، فەرمووی ئامۆزا ئەو پەڕۆیە بگرەو سەرمی پێ ببەستە، منیش پەڕۆکەم لە سەری بەست، ئینجا خۆی دا بەسەر شانمدا تا بردم بۆ مزگەوت، لەوێ فەرمووی (ئەی خەڵکینە منیش کەسێکم وەك ئێوە، لەوانەیە کاتی رۆیشتنم لەنێوتاندا نزیك بووبێتەوە، جا هەرکەس زیانم بە بنەچە یان روخسار یان مووی یان شتێ لە سامانی هەبووبێت، ئەوە بنەچەو موو و روخسار و سامانی موحەممەدەو با هەستێت و تۆڵەی خۆی وەرگرێت، کەستان نەڵێت من دەترسم موحەممەد رق و دژایەتیم لێ وەرگرێت، ئەوانە لە سروشت و ئاکاری من نین)، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) چوو، بۆ بەیانی هەمدی هاتمەوە بۆ لای و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئامۆزا وانازانم قسەکانی دوێنێم بەس بووبن، ئەو پەڕۆیە بگرەو سەرمی پێ ببەستە)، هەمان شتی رۆژی پێشوو دووبارە بوویەوە، دوای وتارەکەی، کابرایەك هەستاو وتی ئەی

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 375.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 5882، صحيح مسلم، الرقم 2451، صحيح ابن حبان، الرقم 4058.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیرت دێت فلأنە رۆژ کەسێك هات داوای شتێکی کرد لێت و تۆیش فەرمووت کێ هەیە قەرزمان پێ بدات، منیش سێ درهەمم پێدایت بە قەرز، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی فەضل هەستەو بیدەرەوە، منیش سێ درهەمم پێدایەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆماڵی عائیشەو چی بە پیاوان فەرموبوو هەمان شتی بە ژنانیش فەرموو.[1]

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووزەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[2]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی فەضل، رایەك دەڵێت لە شام بە نەخۆشی تاعوون وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت لە جەنگی ئەجنادەیندا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت لە جەنگی یەرمووکدا شەهید بوو.[3]

ئیبن کەثیر هێناویەتی: لە ساڵی سیانزەی کۆچی و لە جەنگی ئەجنادەیندا فەضلی کوڕی عەبباس شەهید بوو.[4]

---

[1] - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4424.

2 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 376.

[4] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 31.

هەروەها لە شوێنێکی تردا هێناویەتی:

لە ساڵی هەژدەی کۆچی فەضلی کوڕی عەبباس بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کرد، هاودەم بەویش چەند گەورە هاوەڵێکی دی بەو نەخۆشیە وەفاتیان کرد، وەك موعاذی کوڕی جەبەل و ئەبووعوبەیدەو شورەحبیلی کوڕی حەسەنەو ئەبوجەندەل.[1]

دواتریش دەڵێت راستتر ئەوەیە لە ساڵی هەژدەی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[2]

فەلتانی کوڕی عاصیم(رضي الله عنه)

ناوی فەلتانی کوڕی عاصیمە، لەو هاوەڵانەیە کە دواتر لە کووفە نیشتجیێ بوو.[3]

فەلتان دەڵێت ئێمە لە مزگەوت لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووین، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای کەسێکی کرد بە مزگەوتدا تێپەڕ دەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی فلان شایەتی دەدەیت کە من پێغەمبەری خوام؟ وتی نا، فەرمووی ئایا تەورات دەخوێنیتەوە؟ وتی بەڵێ، فەرمووی ئینجیلیش دەخوێنیتەوە؟ وتی بەڵێ، فەرمووی قورئانیش؟ وتی سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر بمەوێت دەیخوێنمەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی دا و فەرمووی باسی منت لە تەوارات

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج6، ص 202.
[2] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 34.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 377.

و ئینجیلدا بەدیکردووە؟ ئەویش وتی نموونەی تۆ و ئوممەتەکەت و شوێنی دەرچوونتمان بەدیکردووەو هیوامان وابوو لە ئێمە بێت، بەڵام کە دەرچوویت ترساین تۆ بیت، سەیرمان کرد تۆ ئەو پێغەمبەرە نەبوویت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆچی؟ ئەویش وتی ئەو پێغەمبەرە حەفتا هەزار لە ئوممەتەکەی لەگەڵە کە هیچ لێپێچینەوەو سزایان لەسەر نیە، بەلام تۆ ژمارەیەکی کەمت لەگەڵە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فوالذي نفسي بيده لأنا هو، وإنها لأمتي، وإنهم لأكثر من سبعين ألفا وسبعين ألفا وسبعين ألفا)،[1] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە من ئەو پێغەمبەرەم، ئەوەش بۆ ئوممەتەکەمە و ژمارەی ئوممەتەکەشم لە حەفتا هەزار و حەفتا هەزار و حەفتا هەزاری تریش زیاترە).

فەلتان دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إني رأيت ليلة القدر فأنسيتها، فاطلبوها في العشر الأواخر وترا)،[2] (من شەوی قەدرم بینی، بەڵام لەبیرم برایەوە، دەی لە دە شەوی کۆتاییدا لە شەوە تاکەکاندا بۆی بگەڕێن).

فەیرووزی دەیلەمی (رضي الله عنه)

ناوی فەیرووزی دەیلەمیە، کونیەکەی ئەبووضەحاك یان ئەبوو عەبدوڕەحمانە، خەڵکی یەمەنەو لە نەوەی دەسەڵاتدارانی فارسەکانە.[3]

کیسرا فەیرووزی هاودەم بە ژمارەیەکی تر بە سوپایەکەوە ناردبوو تا هێرش ببەنە سەر حەبەشیەکان، ئەوەبوو لە یەمەن حەبەشیەکانیان دەرکردن، کاتێ

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6684، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15647، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 8548.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 379.

نامەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێگەیشت، فەیرووز هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

فەیرووز دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من دوو خوشکم پێکەوە مارە کردووە، ئەویش فەرمووی بە ویستی خۆت یەکێکیان تەڵاق بدە.[2]

فەیرووز دواتر گەڕایەوە بۆ یەمەن و لەوێ مایەوەو پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ کوشتنی ئەسوەدی عەنسی،[3] کاتێك ئەسوەد کوژرا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پیاوچاکێك کوشتی کە ئەویش فەیرووزی کوڕی دەیلەمیە.[4]

لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا جارێك فەیرووز چوویە خزمەت ئەمیری باوەڕداران، عومەریش وتی ئەوە فەیرووزە، بکوژی درۆزنەکە.[5]

فەیرووز لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا لە یەمەن کۆچی دوایی کرد،[6] رایەکیش دەڵێت لە سەردەم موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و لە ساڵی پەنجاو سێی کۆچیدا وەفاتی کرد.[7]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 533.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 1947، صحيح ابن حبان، الرقم 4216، سنن أبي داود، الرقم 1928، سنن الترمذي، الرقم 1085 و قال حديث حسن و جاء قول النبي (اختر أيتهما شئت)، سنن الدارقطني، الرقم 3232، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13146، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17699، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15636، حسنه شعيب الأرناؤوط، كما حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2243.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 380.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 533.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 381.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 533.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 381.

## فوجەیعی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی فوجەیعی کوڕی عەبدوڵای بوکائیە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[1]

فوجەیع دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم لە ئاژەڵی مردوو کامەمان بۆ حەڵاڵە؟ فەرمووی (خواردنتان چیە؟)، وتمان بەیانی و ئێوارە تەنها دەخۆینەوە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (ﷺ) مردارەوەبووی حەڵاڵ کرد بۆیان.[2]

## فوراتی کوڕی حەییان (رضي الله عنه)

ناوی فوراتی کوڕی حەییانی عەجلیە، فورات هاودەم بە سێ کەسی تر لە هۆزەکەی چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون.[3]

فورات ڕێنوێنی کاروانێکی بازرگانی ئەبووسوفیان بوو، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی بە ئەمیرایەتی زەیدی کوڕی حارثە نارد تا ڕێ بە کاروانێکی قورەیش بگرن، فوراتیان بە دیل گرت، کاتێك هێنرایەوە مەدینە،[4] فورات دای بە لای دەستەیەك لە پشتیواناندا و وتی من موسڵمانم، بۆیە یەکێك لە پشتیوانان هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو دەڵێت من موسڵمانم، پێغەمبەریش (ﷺ)

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 353.

[2] - سنن أبي داود، الرقم 3339، قال ابن حجر في الإصابة، ج5، ص 353 إسناده لا بأس به، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3817.

[3] - أسد الغابة، ج4، ص 372.

[4] - أسد الغابة، ج4، ص 372.

فەرمووی (إن منكم رجالا نكلهم إلى إيمانهم، منهم فرات بن حيان)،[1] (کەسانێك لە ئێوە هەن کە دەیاندەینە دەست ئیمانەکەیان، لەوانە فوراتی کوڕی حەییان).

بەپێی گێڕانەوەیەکی تر هاتووە کە رووداوی گرتنی فورات لە غەزای خەندەقدا بووە.[2]

دوای ئەوە فورات بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکانی دەکرد تا وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر رێزی لێ دەنا و لە یەمامەش پارچە زەویەکی بۆ بڕیەوە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) چوو بۆ مەککەو لەوێ نیشتەجێ بوو.[3]

فورەیعەی کچی حوباب(رضي الله عنها)

ناوی فورەیعەی کچی حوبابی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

فورەیعەی کچی خالید(رضي الله عنها)

ناوی فورەیعەی کچی خالیدە، لە پشتیوانانەو دایکی حەسسانی شاعیری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]

---

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2476، سنن أبي داود، الرقم 2294، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2652.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 357.

[3] - أسد الغبة، ج4، ص 372.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 73.

[5] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 372.

فورەیعەی کچی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی فورەیعەی کچی قەیسە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

فورەیعەی کچی مالیك(رضي الله عنها)

ناوی فورەیعەی کچی مالیکەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

فورەیعەی کچی مالیکی خودری (رضي الله عنها)

ناوی فورەیعەی کچی مالیکی کوڕی سینانی خودریەو خوشکی ئەبووسەعیدی خودریە، فورەیعە دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و داوام لێکرد بگەڕێمەوە بۆ ناوچەی هۆزەکە خۆم، چونکە هاوسەرەکەم چووە بە دوای هەندێ کۆیلەیدا کە یاخی بون و رایانکردووە، کاتێك گەیشت پێیان ئەوانیش کوشتیان، جا مێردەکەم نە موڵکێکی جێهێشتووەو نە سامانێك، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی دام، منیش کەوتمەڕێ تا چوومە لای مزگەوت، بانگی کردم و منیش چووم بۆ لای، فەرمووی چیت وت؟ منیش بەسەرهاتەکەم بۆ باسکردەوە، فەرمووی (لە ماڵی خۆت بمێنەوە تا وادەت تەواو دەبێت)، منیش چوار مانگ و دە رۆژ مامەوە.[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 73.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 73.

[3] - صحيح ابن حبان، الرقم 4354، سنن أبي داود، الرقم 1970، سنن الترمذي، الرقم 1161، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2300.

فوسحوم(رضي الله عنها)

**ناوی فوسحومی کچی ئەوسە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) وبەیعەتی پێداوە.[1]**

فوضەیلی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

**ناوی فوضەیلی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە، لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]**

فوکەیهەی کچی سەکەن (رضي الله عنها)

**ناوی فوکەیهەی کچی سەکەنە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) وبەیعەتی پێداوە.[3]**

فوکەیهەی کچی عوبەید(رضي الله عنها)

**ناوی فوکەیهەی کچی عوبەیدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) وبەیعەتی پێداوە.[4]**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 75.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 377.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 76.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 76.

فوکەیهەی کچی موطەلیب(رضي الله عنها)

**ناوی فوکەیهەی کچی موطەلیبە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

فوکەیهەی کچی یەسار (رضي الله عنها)

**ناوی فوکەیهەی کچی یەسارەو هاوسەری حصابی جومەحیە، زوو لە مەککە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بەپێفەمبەر (ﷺ) و هەردوو کۆچی حەبەشە و کۆچی مەدینەشی کرد.[2]**

فیراسی کوڕی نەضر (رضي الله عنه)

**ناوی فیراسی کوڕی نەضری کوڕی حارثی عەبدەریەو کونیەکەی ئەبووحارثە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، بەڵام باوکی بێباوەڕ بوو، باوکی موسڵمان نەبوو تا لە بەدردا بە بێباوەڕی کوژرا، کاتێك موسڵمانانێ لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، فیراسیش کۆچی کرد بۆ ئەوێ، دواتریش لەگەڵ موسڵمانان گەڕایەوە، دواجار لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]**

فیراسی (رضي الله عنه)

**ناوی فیراسیە، فیراسی دەڵێت بە پێغەمبەری خوام(ﷺ) وت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا داوا لە کەس بکەم؟ فەرمووی (لا فإن كنت لابد سائلا**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 76.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 76.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 360.

فاسأل الصالحين)،[1] (نا، بەڵام ئەگەر هەر ناچار بوویت داوا بکەیت ئەوە داوا لە پیاوچاکان بکە).

فیضضەی نوبییە(رضي الله عنها)

ناوی فیضضەی نوبیەیەو خزمەتکاری فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[2]

جارێك حەسەن و حوسەینی کوڕانی عەلی نەخۆش کەوتن، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانیان و خەڵکیش تریش هاتن بۆ لایان، وتیان ئەی ئەبولحەسەن بۆچی نەزرێك ناکەیت بۆ منداڵەکانت؟ ئەویش وتی نەزر بێت ئەگەر چاك ببنەوە سێ ڕۆژ وەك شوکرانە ڕۆژوو بگرم بۆ خوا، فاطیمەش هەر وای وت، فیضضەی نوبییەش وتی نەزر بێت لەسەرم ئەگەر ئەم دوو گەورەی من چاك ببنەوە، وەك شوکرانە بۆ خوا ڕۆژوو بگرم، ئەوەبوو هەردووکیان چاك بوونەوەو بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) هیچیان لا نەبوو، ئەوەبوو عەلی چوو بۆ لای شەمعوونی خەیبەری و سێ مشت گەنمی لێ قەرز کرد و فاتیمەش مشتێکی کرد بە ئارد و شێلای و کردی بە نان، عەلی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد و دواتر هاتەوە ماڵەوە، نان دانرا و هەژارێك هاتە بەردەرگا و داوای نانی کرد، ئەوەبوو عەلی فەرمانی کرد نانەکەی پێدرا، ئیتر ئەو شەوو ڕۆژە بە برسێتی مانەوەو تەنها ئاویان دەخواردەوە، بۆ ڕۆژی دووەم هەمدی فاتیمە نانی ئامادەکرد و لە کاتی نانخواردن هەژارێك کە کوڕە شەهیدێکی کۆچەری بوو هاتە بەر دەرگا و داوای نانی کرد و هەمدی نانەکەیان بەویش دا و بە برسێتی

---

[1] - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7409، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2339، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 2587.

[2] - أسد الغابة، ج7، ص 256.

مانەوە، بۆ ڕۆژی سێیەم هەمان شت ڕوویدا و نانەکەیان دا بەهەژارێکی تر و خۆیان بە برسێتی مانەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لایان و بینی حاڵیان چۆنە، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی (هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١ ... وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ٨ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ٩ ).[1]

[1] - أسد الغابة، ج7، ص 257.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ق) دەست پێدەکات

## قاریبی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی قاربیبی کوڕی ئەسوەدی کوڕی مەسعوودە، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو،[1] هەروەها لە حەجی ماڵئاواییشدا بەشداری کرد، قاریب دەڵێت لە حەجی ماڵئاواییدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (رەحمەتی خوا لەوانەی سەردەتاشن)، ئامازەشی کرد بە دەستی، جا هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەوانەی قژیان کورت دەکەنەوە؟ ئەویش فەرمووی (رەحمەتی خوا لەوانەی سەردەتاشن)، هاوەڵان هەمدی هەمان شتیان دووبارە کردەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) هەمدی فەرمووی (رەحمەتی خوا لەوانەی سەردەتاشن).[2]

## قەبباثی کوڕی ئەشیەم(رضي الله عنه)

ناوی قەبباثی کوڕی ئەشیەمە، سەرەتا لە غەزای بەدردا لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد، پاش غەزای خەندەق موسڵمان بوو، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای حونەین،[3] ئەم هاوەڵە تا خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان ژیا، جا خەلیفە عوثمان پرسیاری لێکرد ئەرێ تۆ گەورەتریت یان پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش وتی پێغەمبەر (ﷺ) گەورەترەو من بەتەمەنتر بووم.[4]

قەبباث دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (صلاة الرجلين يؤم أحدهما صاحبه، أزكى عند الله من صلاة أربعين تترى، وصلاة أربعة يؤم أحدهم صاحبه،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 402.

2 - مسند الحميدي، الرقم 903، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1412.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 408.

4 - سنن الترمذي، الرقم 3639 و قال حسن غريب، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3619.

أزكى عند الله من صلاة ثمانين تترى، وصلاة ثمانية يؤم أحدهم صاحبه، أزكى عند الله تعالى من صلاة مائة تترى)،[1] (نوێژی دوو کەس کە یەکێکیان بەرنوێژی بۆ هاوەڵەکەی بکات، لای خوا چاکتر و خاوێنترە لە نوێژی چل کەس کە یەك یەك بیکەن، نوێژی چوار کەس کە یەکێکیان بەرنوێژیان بۆ بکات، لای خوا چاکتر و خاوێنترە لە نوێژی هەشتا کەس کە یەك یەك بیکەن، وە نوێژی هەشت کەس کە یەکێکیان بەرنوێژییان بۆ بکات، لای خوا چاکتر و خاوێنترە لە نوێژی سەد کەس کە یەك یەك بیکەن).

## قەبیصەی کوڕی موخارق(رضي الله عنه)

ناوی قەبیصەی کوڕی موخارقی هیلالیەو کونیەکەی ئەبووبیشرە،[2] قەبیصە دەڵێت کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی (و أنذر عشيرتك الأقربين) پێغەمبەر (ﷺ) چوویە سەر تەپۆڵکەیەك و دواتر هاواری کرد(يا بني عبد منافاه إني نذير، إنما مثلي ومثلكم كمثل رجل رأى العدو، فانطلق يربأ أهله فخشي أن يسبقوه، فجعل يهتف يا صباحاه)،[3] ئەی بەنی عەبدمەناف من بێدارکەرەوەم، نموونەی من و ئێوە وەك کەسێکە دوژمنی دیبێت و بە راکردن بچێت بەرەو لای کەسوکاری و ترسی ئەوەی هەبێت دوژمن زووتر بگات، هاوار بکات هەستن بارەکە مەترسیدارە).

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6667، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15817، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4617، قال الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 412: حسن لغيره.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 409.

3 - صحيح مسلم، الرقم 332، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10391، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15609، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5164.

قەبیصە دەڵێت جارێك خوێن بایی کەسێکم گرتە ئەستۆی خۆم، ئینجا چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) تا داوای بەخششی لێ بکەم، ئەویش فەرمووی هەستە ئەی قوبەیصە تا صەدەقەم بۆ دێت ئەوکات فەرمان دەکەم پێت بدرێت، پاشان فەرمووی (يا قبيصة إن المسألة لا تحل إلا لأحد ثلاثة، رجل تحمل حمالة فحلت له المسألة حتى يصيبها ثم يمسك، ورجل أصابته جائحة اجتاحت ماله فحلت له المسألة حتى يصيب قواما من عيش –أو قال سدادا من عيش–، ورجل أصابته فاقة حتى يقوم ثلاثة من ذوي الحجا من قومه لقد أصابت فلانا فاقة، فحلت له المسألة حتى يصيب قواما من عيش – أو قال سدادا من عيش – فما سواهن من المسألة يا قبيصة سحتا يأكلها صاحبها سحتا)،[1] (ئەی قەبیصە داواکردن تەنها بۆ یەکێك لەم سێ کەسە دروستە، کەسێك خوێن بایی کەسێکی تر لە ئەستۆ بگرێت، بۆی ڕەوایە داوا لە خەڵك بکات تا تەواوی دەکات و دواتر دەستهەڵگرێت، یان کەسێك ئافات و ماڵوێرانیەکی تووش بێت بۆی ڕەوایە داوا لە خەڵك بکات تا بەشی ژیانی دەست دەکەوێت، کەسێکیش تووشی هەژاری و نەبوونیەك دەبێت، سێ کەس لە پیاوماقووڵانی قەومەکەی هەستن و بڵێن فلانەکەس تووشی نەبوونی و هەژاری بووە، بۆ ئەوەش داواکردن ڕەوایە تا بەشی بژێوی ژیانی دەست بکەوێت، جگە لەوانە ئەی قەبیصە هەر داواکردنێکی تر ناڕەوا و –تێرنەبوونە– و خاوەنەکەی بە ناڕەوا دەیخوات و لە تێرنەبوونیەتی).

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 1794، صحيح ابن خزيمة، الرقم 2196، صحيح ابن حبانن الرقم 3455، سنن أبي داود، الرقم 1410، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2332، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20085.

قەبیصەی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

**ناوی قەبیصەی کوڕی ئەسوەدەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بووە.[1]**

قەتادەی باوکی یەزید(رضي الله عنه)

**ناوی قەتادەیە و کوڕێکی هەبوو بە ناوی یەزید، قەتادە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین.[2]**

قەتادەی جەرشی (رضي الله عنه)

**ناوی قەتادەی کوڕی عەبباسی جەرشی یان رەهوایە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی هیشام،[3] قەتادە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەستم، منیش دەستیم گرت و ماڵئاواییم لێکرد، ئەویش فەرمووی (خوا تەقوا بکاتە توێشووت و لە تاوانت خۆش بێت و لە هەر کوێ بێت بەرەو خێرت ئاراستە بکات).[4]**

قەتادەی کوڕی میلحان (رضي الله عنه)

**ناوی قەتادەی کوڕی میلحانە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[5]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 409.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 419.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 418.
4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15763، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5193.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 416.

قەتادە کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدولمەلیك کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، عەبدولمەلیك لە قەتادەی باوکیەوە گێڕاویەتیەوە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدەکردین ڕۆژانی سیانزەو چواردەو پانزەی مانگ بەڕۆژوو بین.[1]

ئەبیلعەلائی کوڕی عومەیر دەڵێت کاتێك قەتادە لە سەرەمەرگدا بوو من لەلای بووم، کابرایەك تێپەڕ بوو و لە دەموچاوی قەتادەوە کابرام بینی، کاتێك سەیری ناوچاوانیم دەکرد دەتوت ڕۆن بە دەموچاویەوەیەتی، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنابوو بەسەر دەموچاویدا.[2]

قەتادەی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی قەتادەی کوڕی نوعمانی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لەگەڵ ئەبووسەعیدی خودریدا دایکیان یەك بوو، کونیەکەی ئەبووعەمر یان ئەبووعەبدوڵایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

واقیدی دەڵێت یەکێك بووە لەبەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، بەڵام ئیبن ئیسحاق بە بەشداربووی عەقەبەی دانەناوە.[4]

قەتادە لە غەزای بەدردا چاوی بریندار بوو و نێوچاوانی هاتەدەرەوە، ویستیان بیبڕن، پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی نا، بانگی کرد و

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2697، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7925، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19825، قال شعيب الأرناؤوط حسن لغيره و هذا إسناد ضعيف.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19823، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 416.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 333.

نێوچاوانی خستەوە شوێنی خۆی، ئیتر وا چاك بوویەوە نەدەزانرا كام چاوەی بووە پێكراوە.[1]

بەڵام بە گێڕانەوەی تریش هاتووە كە ئەو رووداوە لە غەزای ئوحوددا بووە.[2]

جارێك قەتادە چوو بۆ لای ئەبووسەعیدی برای، ئەبووسەعیدیش قاچی ئازاری هەبوو، قاچی لەسەر قاچ دانابوو و راكشابوو، نوعمان بە پێ تێیخوڕی و ئازاری دا، ئەبووسەعید وتی نازانیت پێم ئازاری هەیە؟ ئازارت دام، نوعمانیش وتی ئەی نازانیت پێغەمبەر (ﷺ) دوورەپەرێزی لێكردوین لەو قاچ خستنە سەر قاچە؟[3]

ئەبووهورەیرە دەڵێت شەوێكی زۆر تاریك قەتادەی كوڕی نوعمان چوو و پێغەمبەر (ﷺ) قەتادەی بینی و فەرمووی بەم شەوە هاتنت لە چیە ئەی قەتادە؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زانیم ئەمشەو خەڵكێكی كەم ئامادەی نوێژ دەبن، حەزم كرد ئامادەی نوێژەكە بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، (ئەگەر نوێژت كرد راوەستە تا دێم بۆ لات)، پێغەمبەر (ﷺ) عورجونێكی پێدا، فەرمووی (خذ هذا، فسيضيء لك أمامك عشرا وخلفك عشرا فإذا دخلت بيتك فرأيت سوادا في زاوية البيت فاضربه قبل أن تكلم فإنه الشيطان)،[4] (ئەوە بگرە، لەبەردەمتدا دە و لە دواتەوە دە رووناك دەكاتەوە بۆت، كە چوویتە ماڵەوە و لە كونجی ماڵەوە تاریكیت بینی ئەوە پێش ئەوەی قسە بكەیت لێی بدە چونكە ئەوە شەیتانە).

---

1 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1514، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1108،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 417.

3 - مسند أ09حمد بن حنبل، الرقم 11140، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

4 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1558،

قەتادە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إذا أحب الله عبدا حماه الدنيا كما يظل أحدكم يحمي سقيمه الماء)،[1] (ئەگەر خوا بەندەیەکی خۆش بوێت، ئەوە لە دنیا دەیپارێزێت وەك چۆن یەکێك لە ئێوە نەخۆشەکەی لە ئاو دەپارێزێت).

قەتادەی کوڕی نوعمان دەڵێت ماڵێك هەبوون ناسرابوون بە بەنو ئوبەیرق، ناویان بریتی بوو لە بیشر و بەشیر و موبەشیر، بەشیر کەسێکی دووڕوو بوو و شیعری دژ بە هاوەڵان دەوت و دواتر شیعرەکەی دەدایەوە پاڵ کەسێکی تر، زۆر دەستڕۆیش نەبوون و هەژار بوون، ...رەفاعەی کوڕی زەید کە مامی قەتادە بوو لە کاروانێکی شام بڕێ خواردنی کڕی و لەناو گۆزەیەکدا دایناو بڕێ چەکیشی لەگەڵدا بوو، شەو خواردنو چەکەکان برابوون، بۆ بەیانی رفاعە هاتو و وتی برازاکەم ئەمشەو شتەکانمان براون، دوای پرسیارکردن وتیان بینیمان ئەمشەو بەنی ئوبەیرق ئاگریان کردبوویەوەو وادەزانین خواردنەکەی ئێوەیان بردبوو، بەنوئوبەیرق وتیان بەخوا ئێمە لوبەیدی کوڕی سەهل شك ئەبەین کە پیاوچاك و ئیماندار بێت، با مەسەلەکە ببەینەوە لای ئەو، چونکە گومان بەو نابرێت، لوبەید کە ئەوەی بیست شمشێری هەڵکردو وتی من دزی بکەم؟ بەخوا دەبێت ئەو دزە دەربکەوێت یان ئەم شمشێرە خوێنتان تێکەڵ دەکات، ئەوانیش بێباکی خۆیان نیشان دا، دواتر رفاعە بە قەتادەی وت برازا بڕۆ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش چوو و بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە کە دزی لە رەفاعەی مامی کراوە، وتی ئەی پێغەمبەری خوا گوێمان لە خواردنەکە نیە، بەڵام با چەکەکانمان بۆ بگێڕنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فەرمان دەکەم بەوە،

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 670، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7531، سنن الترمذي، الرقم 2010 و قال حسن غريب، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15758، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2036.

کاتێ بەنو ئوبەیرق ئەوەیان بیست چوون بۆ لای کەسێك کە ناسرابوو بە ئوسەیدی کوڕی عوروە (ئوسەیری کوڕی عوروە)، لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵ کرد و چەند کەسێ لەسەر ئەوە رێککەوتن و چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا قەتادە و رفاعەی مامی کەسێکی ئێمەیان تۆمەتبار کردووە کە پیاوچاك و باوەڕدارەو بێ بەڵگە تۆمەتی دزی دەدەنە پاڵ، قەتادە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش پێی فەرموو رووت کردوەتە کەسیانك کە باسی چاکەو باوەڕدارییان دەکرێت، تۆمەتی دزییان دەدەیتە پاڵ بێ هیچ بەڵگەیەك، قەتادە گەڕایەوەو وتی خۆزگە برێ لە سامانم بفەوتایە بەڵام لای پێغەمبەر (ﷺ) قسەم نەکردایە، رەفاعەی مامی هات و وتی برازا چیت کرد، ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، رفاعە وتی خواپشت و پەنایە، ئەوەبوو هێندەی نەبرد ئایەت دابەزی (إنا أنزلنا إليك الكتاب بالحق لتحكم بين الناس بما أراك الله ولا تكن للخائنين خصيما....)، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) چەکەکەی لەوانە سەندەوەو گەڕاندیەوە بۆ ریفاعە.[1]

لە فەتحی مەککەشدا قەتادە بەشداری کرد و ئاڵای بەنی ظەفەری پێ بوو.[2]

قەتادە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد، تەمەنی شەست و پێنج ساڵان بوو،[1] ئەمەش لە ساڵی بیست و سێی کۆچیدا بوو و خودی خەلیفە دابەزیە ناو گۆڕەکەی.[2]

---

1 - تفسير ابن كثير: ج1، ص553، سنن الترمذي، الرقم 3045، المستدرك على الصحيحين، الرقم 8235، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15756، تأريخ المدينة لابن شبة، الرقم 715، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3036.
2 - اسد الغابة، ج4، ص 412.

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب  بەرەو شام چوو، قەتادە لە پێشەوەی ئەمیری باوەڕداران چوو.[3]

### قەتادەی کوڕی ئەعوەر (رضي الله عنه)

ناوی قەتادەی کوڕی ئەعوەری تەمیمیە، ماوەیەك پێش وەفاتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چوویە خزمەتی، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) نوسراوێکی بۆ نووسی و تیایدا ناوچەیەکی بۆ بڕیبوویەوە.[4]

### قەرەظەی کوڕی کەعب (رضي الله عنه)

ناوی قەرەظەی کوڕی کەعبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کردووە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیا و لە کووفە نیشتەجێ بوو و دواجار لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کۆچی دوایی کرد و خەلیفە نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو دوای وەفاتی عەلیش ژیا و پاش خیلافەتی حەسەنی کوڕی عەلی لەلایەن موعاویەوە کرا بە والی کووفە.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 417.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 333.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 332.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 62.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 432.

## قه‌ریبه‌ی كچی زه‌ید(رضي الله عنها)

**ناوی قه‌ریبه‌ی كچی زه‌یده‌، له‌ پشتیوانانه‌و چووه‌ته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و به‌یعه‌تی پێداوه‌.[1]**

## قه‌سامه‌ی كوڕی حه‌نظه‌له‌(رضي الله عنه)

**ناوی قه‌سامه‌ی كوڕی حه‌نظه‌له‌یه‌، چووه‌ته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و موسڵمان بووه‌.[2]**

## قه‌طه‌نی كوڕی حارثه‌(رضي الله عنه)

**ناوی قه‌طه‌نی كوڕی حارثه‌یه‌و هاوده‌م به‌ هۆزه‌كه‌ی هاتووه‌ته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و موسڵمان بووه‌و شیعرێكی پیاهه‌ڵدانی به‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ) هۆنیوه‌ته‌وه‌، پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) نووسراوێكی بۆ نووسی.[3]**

## قه‌طه‌نی كوڕی عه‌بدولعوززا (رضي الله عنه)

**ناوی قه‌طه‌نی كوڕی عه‌بدولعوززایه‌، له‌ فه‌رمووده‌یه‌كدا باسی هاتووه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی ده‌ججال هاوشێوه‌ی قه‌طه‌نی كوڕی عه‌بدولعوززایه‌، جا قه‌طه‌ن وتی ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئایا ئه‌و هاوشێوه‌بوونه‌ی بۆ من زیان به‌ من**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 82.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 441.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 448.

دەگەیەنێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نا، تۆ کەسێکی موسڵمانیت و ئەو کەسێکی بێباوەڕە).[1]

قەعقاعی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمیەو برایەکی هەبوو بە ناوی عاصیم، قەعقاع یەکێك بوو لە سوارچاکەکانی مەیدانی جیهاد.[2]

قەعقاع دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چیت ئامادە کردووە بۆ جیهاد؟ منیش وتم گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەسپ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە ئەوپەڕیەتی).[3]

قەعقاع لە جەنگی دژ بە فارس لە جەنگی قادسیەدا رۆڵێکی زۆر کارای هەبوو، ئەبووبەکر دەیوت دەنگی قەعقاع لەناو سوپادا لە هەزار کەس باشترە، دواتر قەعقاع ژیا تا لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی جەمەل و جەنگەکانی تری کرد و پشتیوانێکی گەورەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو.[4]

قەعقاعی کوڕی میعبەد (رضي الله عنه)

جارێك کە کاروانێکی بەنی تەمیم هاتبوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەبووبەکری صدیق وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەعقاعی کوڕی میعبەد بکە بە ئەمیر، عومەریش وتی بەڵکو ئەقرەعی کوڕی حابیس بکە بە ئەمیر، ئەبووبەکر وتی

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7699، مسند الطيالسي، الرقم 2644، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 450.

3 - معجم الصحابة لابن قانع، ج2، ص 367.

4 - أد الغابة، ج4، ص 433.

ئەتەوێ پێچەوانەی من بلێیت؟ عومەریش وتی پێچەوانە بوونی تۆم نەویستووە، دەنگیان لەیەك بەرزبوویەوە، لەم بارەیەوە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(یا أیها الذین ءامنوا لا تقدموا بین یدي الله و رسوله).[1]

قەووال(رضي الله عنه)

ناوی قەووالەو لە گێڕانەوەیەکدا باسی هاتووە کە بە تابعیەکانی دەوت ئێوە هەندێ تاوان دەکەن کە لەلاتان هێندەی تاڵە موویەکە، بەڵام ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بە تاوانی گەورەمان دەزانی.[2]

قەیسی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی جابیری ئەسەدیە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی کۆچەران بۆ مەدینە.[3]

قەیسی کوڕی جەحدەر (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی جەحدەرە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم4566، مسند أحمد بن حنبل، الرقم، 15810.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 456.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 456.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 459.

قەیسی کوڕی جەریر (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی جەریری کوری عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

قەیسی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی حارثی کوڕی عەددیە، مامی بەڕائی کوڕی عازبە، سەبارەت بە کاتی وەفاتی رایەك دەڵێت لە غەزای ئوحوددا شەهید بووە، رایەکیش دەڵێت لە جەنگی یەمامەدا شەهید بووە.[2]

قەیسی کوڕی حوذافە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی حوذافەی کوڕی قەیسی قوڕەیشی سەهمیە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، هاودەم بە عەبدوڵای برای کۆچی کرد بۆ حەبەشە،[3] لەوێوە گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە.[4]

قەیسی کوڕی حوصەین (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی حوصەینی کوڕی یەزیدی مازنیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی و تیایدا کردی بە بەرپرسی هۆزەکەی.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 462.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 460.
3 - أسد الغابة، ج4، ص 443.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 461.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 463.

### قەیسی کوڕی خەرەشە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی خەرەشەی قەیسیە، قەیس دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بەیعەتت پێ دەدەم لەسەرئەوەی لە حەقدا لەکەس نەترسم، پێغەمبەریش (ﷺ) زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی (لەوانەیە ئەگەر تەمەنت درێژ بێت، بگەیتە هەندێ والی کە نەتوانیت لەلایان حەق بڵێیت)، ئەوەبوو قەیس ژیا تا گەیشتە سەردەمی زیاد، زیاد وازی لێهێنا لەبەرئەوەی ئەو فەرموودەی بیستبوو، بەڵام دواتر کە عوبەیدوڵای کوڕی زیاد هات ناردی بە شوێنیدا و ویستی سزای بدات، بەڵام پێش ئەوەی تووشی هیچ بێت وەفاتی کرد.[1]

### قەیسی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی زەیدەو لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا بە دەستی حارثی کوڕی سوەید کوژرا.[2]

### قەیسی کوڕی زەیدی کوڕی حەی (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی زەیدی کوڕی حەییە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە و پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵای بەنی سەعدی کوڕی مالیکی داوەتە دەستی.[3]

---

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2385.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 470.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 468.

قەیسی کوڕی سائیب(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی سائیبی کوڕی عوەیمیرە، قەیس دەیوت فیدیەی رەمەزان بۆ کەسێك ناندانی کەسێکە بۆ هەر رۆژێك، جا بۆ من رۆژانە فیدیەی دوو کەس بدەن.[1]

قەیسی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کەسێکی بالآبەرزی کەشخە و بەخۆ بوو، زۆر بەخشندەو شارەزا بوو، ئالآی پشتیوانانی دەگرتە دەست، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[2]

جارێك پیرەژنێك لەبەردەم قەیسدا وەستاو سکالآی نەبوونی کرد، ئەویش وتی ئادەیماڵەکەی پڕ بکەن لە نان و گۆشت و رۆن و خورما.[3]

قەیس ماوەی دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کرد،[4] لە دەرچوونەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری دەکرد و خواردنی دەبەخشی بە خەڵکەکە.[5]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15716.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 473.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 106.

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5132، المطالب العالية لابن حجر، الرقم 107.

5 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 106.

قەیس لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا هاودەم بە عەلی بەشداری هەموو جەنگەکانی کرد و ماوەیەك والی عەلی بوو لە میصر، دوای ئەوەش هاوشان بە حەسەن مایەوە تا ئەو کاتەی لەگەڵ موعاویە رێککەوتن، دواتر قەیس گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ مایەوە و لە کۆتایی سەردەمی موعاویەدا وەفاتی کرد، مردنی لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا بوو.[1]

قەیس دەیوت ئەگەر لەبەر ئیسلام نەبوایە، ئەوە مەکر و فێڵێکم دەکرد کە عەرەب شتی وای نەدیبێت.[2]

قەیسی کوڕی سەعدی کیندی (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی ئەرقەمی کیندیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[3]

قەیسی کوڕی سەکەن (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی سەکەنە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، هەروەها یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) قورئانیان کۆدەکردەوە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 474.
2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 108.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 475.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 476.

### قەیسی کوڕی سەلەع (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی سەلەعە، لە پشتیوانانە، قەیس دەڵێت براکانم سکاڵایان لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کرد و وتیان قەیسی برامان زۆر سامان خەرج دەکات، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (ئەی قەیس چیە وا براکانت سکاڵایان هەیە لە دەستت و دەڵێن تۆ زۆر سامانت خەرج دەکەیت و دەستت لێ واڵا کردووە؟)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) من لە بەرهەم بەشی خۆم هەڵدەگرم و لە رێی خوادا دەیبەخشم و بەشی ئەوەش دەدەم کە لەگەڵمە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دای بەسەر سنگمدا و فەرمووی (أنفق ينفق الله عليك)، (ببەخشە، خوا پێت دەبەخشێت)، سێ جار ئەوەی فەرموو، دوای ئەوە لە رێی خوادا دەرچووم و سوارەکەمم پێ بوو، من لە هەموو براکانم سامان زیاتر و بارم ئاسانتر بوو.[1]

### قەیسی کوڕی سەلەمە (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی سەلەمەی کوڕی یەزیدە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوون و هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[2]

### قەیسی کوڕی صەعصەعە (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی صەعصەعەی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

---

1 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 8700، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5151.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 478.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 479.

## قەیسی کوڕی عاصم(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عاصمی نومەیریە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر دەموچاویدا و نزای بەرەکەتی بۆ خۆی و هاوەڵانی کرد.[1]

## قەیسی کوڕی عاصمی تەمیمی (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عاصمی تەمیمیە، قەیس دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و کە لێی نزیك بوومەوە، بیستم دەیفەرموو ئەوە گەورەی ئەهلی وەبەرە، جا کە دابەزیم و قسەم لەگەڵ کرد، من پرسیارم لێدەکرد و پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی دەدامەوە.[2]

قەیس پێش مردنی وەسیەتی کرد بۆ منداڵەکانی وتی ئەگەر مردم شیوەنم لەسەر نەکەن چونکە پێغەمبەر (ﷺ) شیوەنی لەسەر نەکرا.[3]

## قەیسی کوڕی عەبدوڵای کیندی (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کیندیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 482.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6607.

3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1957، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1345.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 488.

قەیسی کوڕی عەبدوڵای ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عەبدوڵای ئەسەدیە، هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و لە کۆچی دووەم بەرەو حەبەشە لەگەڵ بەرەکەی هاوسەریدا کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[1]

قەیسی کوڕی عەمری کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عەمری کوڕی قەیسی کوڕی زەیدە، دایکی ناوی ئومموحەرامی کچی میلحانە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەززای بەدر، رایش هەیە دەڵێت یەکەم غەزای بریتی بوو لە غەزای ئوحود، لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[2]

قەیسی کوڕی عەمری ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

قەیسی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عوبەیدی کوڕی حورەیزە، لە پشتیوانانەو لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد تا دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 488.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 495.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 492.
4 - أسد الغابة، ج4، ص 463.

## قەیسی کوڕی عیبایە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عیبایەی کوڕی عوبەیدی خەوەلانیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و لەو کاتەدا هێشتا تەمەنی کەم بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتی شامدا بەشداری کرد، دواجار لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.[1]

## قەیسی کوڕی غەربە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی غەربەی ئەحمەسیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، دواتر گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام.[2]

## قەیسی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی مالیکەو لەناو سریەکەی زەیدی کوڕی حارثەدا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلیددا بەشداری جەنگ و فتووحاتی کرد.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 488.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 493.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 499.

قەیسی کوڕی مالیکی ئەرحەبی (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی مالیکی ئەرحەبیە، پێغەمبەر (ﷺ) نامەی بۆ نووسی و ئەویش پاش نامەکە موسڵمان بوو، دواتر چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك لە مەککە بوو.[1]

قەیسی کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی مەخرەمەی قورەیشیە، هاوتەمەنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، پاش فەتحی مەککە موسڵمان بوو و یەکێك بوو لە دڵراگیرکراوان، کەسێکی دەنگ بەرز بوو و لە دووریەکی زۆرەوە دەنگی هاواری دەبیسترا.[2]

قەیسی کوڕی موخەللەد(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی موخەللەدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

قەیسی کوڕی میحصەن (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی میحصەنی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانەو لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[4]

1 - أسد الغابة، ج4، ص 469.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 501.
3 - أسد الغابة، ج4، ص 472.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 500.

### قەیسی کوڕی نوشبە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی نوشبەیە، مامی عەبباسی کوڕی میرداسە، دوای غەزای خەندەق هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی من نوێنەری هۆزەکەمم و بڕێك پرسیارت لێ دەکەم کە تەنها کەسێك دەیانزانێت سروشی بۆ هاتبێت، بڕێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش وەڵامی دایەوەو قەیسیش موسڵمان بوو و گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام.[1]

### قەیسی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی نوعمانە، نوعمان دەڵێت دیاریەکم برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش وەرینەگرت، منیش وتم ئێمە قەومێکین دلگران دەبین دیاریمان بەرپەرچ بدرێتەوە، ئەم هاوەڵە تا سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب ژیا و لەو سەردەمەدا لەناو خەڵکدا قورئانی دەخوێندەوە.[2]

### قەیسی کوڕی ئەبی صەعصەعە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی عەمری کوڕی یەزیدە، باوکی بە ئەبی صەعصەعە ناسراوە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدریشدا بەشداری کرد.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 503.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 505.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 479.

قەیس دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە چەند ڕۆژدا قورئان بخوێنم؟ فەرمووی لە پانزە ڕۆژدا، وتم من توانام لەوە زیاترە، فەرمووی هەموو هەینیەك، وتم توانام لەوە زیاترە، قەیس بەردەوام هەفتانە قورئانی دەخوێند تا پیر بوو، دواتر دەیوت خۆزگە پێشنیازەکەی پێغەمبەری خوام(ﷺ) قبووڵ بکردایە(پانزە ڕۆژ).[1]

قەیسی کوڕی ئەبی صەلت (رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی ئەبی صەلتی غیفاریە، لە غەزای بەدردا کە بێباوەڕان شکان، قەیس پەنای حارثی کوڕی هیشامی دا و بە وشترەکەی خۆی بردی تا گەیاندیە مەککە، پاش شکستی بێباوەڕان لە غەزای خەندەقدا قەیس موسڵمان بوو، دواتر لەگەڵ حارث کە یەکیان بینیەوەو هەردووکیان موسڵمان بووبوون، سوپاسی خوایان کرد کە خوا ڕێنموونی کردن بۆ ئیسلام.[2]

قەیسی کوڕی ئەبی غەرەزە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی ئەبی غەرەزەیە، قەیس دەڵێت ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بە سیمسارەکان ناسرابووین، پێغەمبەر (ﷺ) دای بەلاماندا و ناوێکی باشتری لێناین و فەرمووی ئەی گرۆی بازرگانان، فرۆشتن لەغو و سوێندی لەگەڵ دێت، بۆیە تێکەڵ بە صەدەقەی بکەن).[3]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5129، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1770.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 479.

3 - سنن أبي داود، الرقم 2907، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2080، سنن ابن ماجة، الرقم 2142، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4606، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15812، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3326.

قەیس دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لای کەسێکدا کە خواردنی دەفرۆشت، فەرمووی ئەی خاوەنی ئەم خواردنە ئایا خوارەوەشی وەك سەرەوەی وایە؟ کابرا وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەر کەس غەش لە موسڵمانان بکات لەوان نیە).[1]

قەیسی کوڕی ئەبی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی ئەبی کەعبەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

قەیسی کوڕی ئەبی وەدیعە(رضي الله عنه)

ناوی قەیسی کوڕی ئەبی وەدیعەیە، لە نەجرانەوە لەگەڵ وەفدێك هات بۆ مەدینە، وەفدەکە موسڵمان نەبوون و گەڕانەوە، بەڵام قەیس نەخۆش کەوت و لە مەدینە مایەوەو سەعدی کوڕی عوبادە بانگهێشتی کرد بۆ ئیسلام وقەیس موسڵمان بوو، دواتر قەیس گەڕایەوەو لە جەنگی ئەسوەدی عەنسیدا بەشداری کرد، دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینەو بیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کردووە.[3]

قەیظی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی قەیظی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دایکی ناوی لوبنای کچی رافیعە،[4] هاودەم بە سێ منداڵی (عوقبەو عەبدوڵا و عەبدوڕەحمان) لە غەزای

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15708، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 896.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 497.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 508.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 480.

ئوحوددا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە جەنگی ئەجنادەیندا شەهید بوو.[1]

قەیلە(رضي الله عنها)

ناوی قەیلەیەو دایکی بەنی ئەنمارە، قەیلە دەڵێت پێغەمبەری خوام(ﷺ) لە مەروە بینی و لەلای دانیشتم و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئافرەتێکم کڕین و فرۆش دەکەم، لەوانەیە بمەوێت شتێك بفرۆشم زیاد لەو نرخە دەڵێم کە دەمەوێت بیفرۆشم و دواتر لە نرخەکەی دادەبەزێنم تا بەوەی دەمەوێت شتەکەی خۆمی پێ بفرۆشم، ئەگەریش بمەوێت کاڵایەك بکڕم، کەمتر لەوەی دەمەوێت لێی وەربگرم پێی دەدەم، دواتر زیادی دەکەم تا بەوەی دەمەوێت وەریدەگرم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تفعلي يا قيلة إذا أردت أن تبيعي السلعة فاستامي بها الذي تريدين أن تبيعي به أعطيت أو منعت، وإذا أردت أن تشتري السلعة فأعطي بها الذي تريدين أن تأخذيها به أعطيت أو منعت)،[2] (وامەکە ئەی قەیلە، ئەگەر ویستت کاڵایەك بفرۆشیت بەو بەرامبەرە دایبنێ کە دەتەوێت بیفرۆشیت، پێت بدرێت یان نا، ئەگەریش ویستت کاڵایەك بکڕیت ئەوەی پێ بدە کە دەتەوێت بەو نرخە وەریبگریت، ئیتر پێت بدرێت یان نا).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 514.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20904، سنن ابن ماجة، الرقم 2201، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7173، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2204.

قەیلەی کچی مەخرەمە(رضي الله عنها)

**ناوی قەیلەی کچی مەخرەمەی عەنبەریە، قەیلە دەڵێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی دانیشتبوو و قاچەکانی نووساندبوو بە سکیەوەو دەستەکانی لە قاچەکانی توند کردبوو، کە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بەو بارە کزیەوە بینی لە ترسو خەما شڵەژام و تەزوو لەشی داگرتم.[1]**

قوتەیلەی کچی صەیفی (رضي الله عنها)

**ناوی قوتەیلەی کچی صەیفیە، قوتەیلە دەڵێت زانایەکی جوولەکە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئێوە هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن، دەڵێن ماشاء الله و شئت (خوا و تۆ بتانەوێت)، یان دەڵێن سوێند بە کەعبە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (بڵێن ماشاء الله دواتر تۆ بتەوێت، هەروەها بڵێن سوێند بە پەروەردگاری کەعبە).[2]**

قوتەیلەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

**ناوی قوتەیلەی کچی عەمری کوڕی هیلالی کینانیە، لە حەجیماڵئاواییدا بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]**

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 4228، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 5519، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4847.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4579، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7884، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 3773.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 79.

### قودامەی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه)

ناوی قودامەی کوڕی حاطیبە، قودامە دەڵێت کاتێك عوثمانی کوڕی مەظعوون وەفاتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد و چوار الله اکبری کرد.[1]

### قودامەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی قودامەی کوڕی مالیکەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[2]

### قودامەی کوڕی مەظعوون (رضي الله عنه)

ناوی قەتادەی کوڕی مەظعوونی کوڕی حەبیبی قوڕەیشی جومەحیە، کونیەکەی ئەبووعەمرە، برای عوثمانی کوڕی مەظعوونە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان و بەشداری هەردوو کۆچی حەبەشەو مەدینەش بوو و لە غەزای بەدریشدا بەشدار بوو، ژنەکەی ناوی صەفییە بوو کە خوشکی عومەری کوڕی خەططاب بوو.[3]

برایەکی تری ناوی عەبدوڵا بوو و کونیەکەی ئەبو موحەممەد بوو، یەکێك بوو لە موسڵمانبوانی مەککەو لە کۆچەرانی حەبەشەش بوو، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[4]

---

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج2، ص 359.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 423.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 423.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 239.

کچێکی هەبوو ناوی عائیشە بوو کە لە مەککە بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاودەم بە دایکی بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[1]

قودامە لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد.[2]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب قودامەی کوڕی مەظعوونی کرد بە والی بەحرەین، قودامە بە جوانی کارەکانی خۆی دەکرد و سکاڵای لەسەر نەبوو ئەوەندە نەبێت کە ئامادەی نوێژی جەماعەت نەدەبوو، جاروود کە ئەوکات گەورەی عەبدولقەیس بوو هات بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران قودامە مەی خواردوەتەوەو منیش حەددێك لە حەددەکانی خوا دەبینم کە پێویستە لەسەرم بیگەیەنم بە تۆ، عومەر وتی کێ شایەتی دەدات لەسەر ئەوە، جاروود وتی ئەبوهورەیرە شایەتی ئەوە دەدات، عومەریش نامەی نووسی بۆ قودامەو داوای کرد بێت بۆ لای، جاروود قسەی دەکرد بۆ عومەر و دەیوت پەیامی خوا لەم مەسەلەدا بەجێبگەیەنە، عومەریش پێی وت تۆ لەم مەسەلەدا شاهیدیت یان نەیاریت (لایەنی کێشەکە) جاروود وتی من شاهیدم، عومەر وتی دەی تۆ شایەتی خۆتت بەجێگەیاند، بۆیە جاروود بێدەنگ بوو، بەیانی هەمدی هاتەوە بۆ لای و بە عومەری وت حەددی خوا لەسەر ئەم کەسە جێبەجێ بکە، عومەریش وتی هەرچی سەیرت دەکەم تۆ نەیارو سکاڵاکاریت، تەنها یەك کەسیش هەیە شاهیدی لەسەر بدات، سوێند بەخوا یان زمانی خۆت رادەگریت یان توندیت لەڕوودا دەنوێنم، جاروودیش وتی سوێند

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 22.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5600.

بەخوا ئەوە حەق نیە ئامۆزاکەت مەی بخواتەوەو تۆش توندی بەرامبەر من بنوێنیت، عومەر لێی تووڕە بوو و ماوەیەك بە بەندی هێشتیەوە.[1]

دواجار قودامە لە ساڵی سی و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد،[2] رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ساڵی پەنجا و شەشی کۆچیدا وەفاتی کردووە، تەمەنی شەست و هەشت ساڵ بوو.[3]

## قودەدی کوڕی عەممار (رضي الله عنه)

ناوی قودەدی کوڕی عەمماری کوڕی مالیکە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، کەسێکی زۆر ژیر و جوان بوو، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) وەفاتی کرد.[4]

## قوڕڕەی کوڕی دعمووص(رضي الله عنه)

ناوی قوڕڕەی کوڕی دعمووصی کوڕی رەبیعەیە، هاودەم بە ژمارەیەك لە ئەندامانی هۆزەکەی چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[5]

قوڕڕە دەڵێت کە چوومە مەدینەو پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی لەناو هاوەڵانیدا دانیشتبوو، ویستم نزیك ببمەوە، نەمتوانی، وتم ئەی پێغەمبەری خوا

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 560-561.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5599.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 425.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 427.

5 - أسد الغابة، ج4، ص 425.

(ﷺ) داوای لێخۆشبوون بکە بۆ ئەم غوڵامە نومەیریە، ئەویش فەرمووی خوا لێت خۆش بێت.[1]

قوڕرەی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه)

ناوی قوڕرەی کوڕی عوقبەی کوڕی قوڕرەی ئەنصاریە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[2]

قوڕرەی کوڕی هوبەیرە(رضي الله عنه)

ناوی قوڕرەی کوڕی هوبەیرەی کوڕی عامیری کوڕی سەلەمەی قوشەیریە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەشداری حەجی ماڵئاواییشی کردووە.[3]

قوڕرە دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە پێشتر برێك پەرستراومان دەپەرست کە داوامان لێدەکردن وەڵامیان نەدەدایەوەو نزایان گیرا نەدەکردین، جا خوای گەورە بە هۆی تۆوە رێنموونی کردین، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (براوەیە ئەوەی عەقڵی پێ درابێت، براوەیە ئەوەی عەقڵی پێ درابێت)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو جلی خۆتم پێ ببەخشە کە لەبەرت کردبن، ئەویش پێی بەخشیم، جا لە حەجی ماڵئاواییدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوەی پێشتر وتت دووبارەی بکەرەوە بۆم، منیش

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6875، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20166، ضعفه شعيب الأرناؤوط.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة ج5، ص 436.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 437.

دووبارەم کردەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (براوەیە ئەوەی عەقڵی پێ درابێت).[1]

### قوڕڕەی کوڕی ئیاس(رضي الله عنه)

ناوی قوڕڕەی کوڕی ئیاسی کوڕی هیلالە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، قوڕرە یەکیك بوو لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، لە ساڵی شەست و چواری کۆچی و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی یەزیددا لە جەنگی دژ بە ئەزرەقیەکاندا شەهید کرا.[2]

### قوضاعی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی قوضاعی کوڕی عامیر یان کوڕی عەمری دیئلیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوی کردووە بە کاربەدەست لەسەر بەنی ئەسەد.[3]

### قوطبەی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی قوطبەی کوڕی عامیری کوڕی حەدیدەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووزەیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی هەردوو بەیعەتی یەکەم و دووەمی عەقەبە.[4]

1 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 4460، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1330، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5223.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 433.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 443.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 443.

قوطبە لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، لە غەزاکەدا بەردێکی فڕێ دایە نێو مەیدانەکەو وتی تا ئەو بەردە رانەکات منیش راناکەم، هەروەها لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا نۆ جار بریندار بوو، لە غەزای خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، لە فەتحی مەککەشدا ئاڵای بەنی سەلەمەی بەدەستەوە بوو.[1]

جابیری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت قوڕەیشیەکان بە ئەحمەسی ناودەبران و لەکاتی ئیحرامدا لە دەرگاوە دەچوونە ژوورەوە، بەڵام پشتیوانان و هەموو عەرەب لە دەرگاکانەوە نەدەچوونە ناو، جا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە باخێکدا بوو لە دەرگاکەوە هاتە دەرەوەو قوطبەش وایکرد، خەڵکی وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قوطبە کەسێکی لادەرەو لەگەڵ تۆ لە دەرگاوە هاتەدەرەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆچی واتکرد؟ ئەویش وتی تۆم بینی واتکرد، منیش وەك تۆم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی من ئەحمەسیم، قوطبە وتی دەی دینی من هەمان دینی تۆیە، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(ليس البر أن تأتوا البيوت من ظهورها و لكن البر من اتقى و اتوا البيوت من أبوابها).[2]

لە مانگی صەفەری ساڵی حەوتەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ)قوطبەی هاودەم بە بیست کەس نارد بۆ ناوچەیەکی خەثعەمیەکان،[3] فەرمانی کرد هێرش بباتە سەریان، جا کە گەیشتنە ئەوێ خەڵکەکە خەوتبوون، ئەوانیش هێرشیان بردە

---

1 - أسد الغابة، ج4، ص 429-430.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 1718.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4950.

سەریان و جەنگێکی سەخت روویدا و بریندار لە هەردوولا زۆر بوو، دواتر بە دەستکەوتەوە گەڕانەوە بەرەو مەدینە.[1]

قوطبە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا دواجار لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[2]

قوطبەی کوڕی عەبد(رضي الله عنه)

ناوی قوطبەی کوڕی عەبدی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[3]

قوطبەی کوڕی قەتادە(رضي الله عنه)

ناوی قوطبەی کوڕی قەتادەی کوڕی جەریری سدووسیە، کونیەکەی ئەبولحوەیصیلەیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتی عێراقدا هاودەم بە خالیدی کوڕی وەلید بەشداری کرد.[4]

قوطبە دەڵێت کاتێك خۆر ئاوا دەبوو پێغەمبەر (ﷺ) رۆژووی دەشکاند.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 162.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 430.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 445.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 445.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15779، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16396، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

## قوطبەی کوڕی قەتادەی عوذری (رضي الله عنه)

ناوی قوطبەی کوڕی قەتادەی عوذریە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای موئتە و تیایدا سەرکردایەتی بەشی ڕاستی سوپاکەی دەکرد و لەکاتی شکستی سوپای موسڵمانان‌دا قوطبە هاواری دەکرد و موسڵمانانی هاندەدا و دەیوت هەرکەس بجەنگێت و بەرەو پێشەوە بڕوات باشترە لەوەی جەنگی پاشەکشە بکات.[1]

## قوطبەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی قوطبەی کوڕی مالیکە، قوطبە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بەرنوێژی بۆ کردین و سوورەتی (ق) ی بۆ خوێندین تا گەیشتە (والنخل باسقات).[2]

قوطبەی کوڕی مالیك دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا دوای خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش مابوو، چونکە بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کە بەڵگەی ئەوەیە، قوطبە دەڵێت جارێك یەکێك لە ئەمیرەکان قسەی وت بە عەلی، زەیدی کوڕی ئەرقەم هەستاو وتی من دەزانم پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری دەکرد لە قسە وتن بە مردووەکان، جا عەلی مردووە ئیتر تۆ چۆن قسەی پێ دەڵێیت.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 446.

2 - صحيح مسلم، الرقم 724.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18866، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1355، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 11778، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4836.

قیسەبە (رضي الله عنه)

ناوی قیسەبەی کوڕی کولثومی کیندیە، چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ نەخشەڕێژی چەند مزگەوتێکی کرد.[1]

قیهطیمی کچی عەلقەمە(رضي الله عنها)

ناوی قیهطیمی کچی عەلقەمەی کوڕی عەبدوڵایە، هاوسەری سەلیطی کوڕی عەمرە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە مێردەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ مانەوە تا لەگەڵ جەعفەری مامی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[2]

ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ك) دەست پێدەکات

کەبشەی خوشکی حەسسان (رضي الله عنها)

ناوی کەبشەی کچی ثابتەو خوشکی حەسسانی شاعیری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کەبشە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لام و لە جامێکدا چی هەبوو بە پێوە خواردیەوە، منیش چووم شوێن دەمەکەیم بڕی و هەڵمگرت.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 513.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 83.

3 - سنن الترمذي، الرقم 1863 و قال حسن صحيح.

کەبشەی کچی ثابت (رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی ثابتی کوڕی عەتیکە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

کەبشەی کچی ثابتی ئەنصاری (رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی ثابتی کوڕی حارثەیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

کەبشەی کچی حاطیب(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی حاطیبەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

کەبشەی کچی عەبدعەمر (رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی عەبدعەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 90.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 90.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 91.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 91.

کەبشەی کچی فاکیه(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی فاکیهە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

کەبشەی کچی فەروە(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی فەروەیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

کەبشەی کچی مالیك(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی مالیکە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

کەبشەی کچی واقید(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشە یان کوبەیشەی کچی واقیدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 91.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 92.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 93.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 93.

## کەبشەی کچی ئەسعەد(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی ئەسعەدی کوڕی زورارەیە، هاوسەری عەبدوڵای کوڕی حەبیبەیە، ئەم ئافرەتە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

## کەبشەی کچی ئەوس(رضي الله عنها)

**ناوی کەبشەی کچی ئەوسە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

## کەبیرەی کچی ئەبووسوفیان (رضي الله عنها)

**ناوی کەبیرەی کچی ئەبووسوفیانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، کەبیرە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە سەردەمی نەفامیدا چوار کچی خۆم زیندەبەچاڵ کردووە، ئەویش فەرمووی دەی چوار کۆیلە ئازاد بکە، ئەوەبوو منیش ئەبووسەعید و مەیسەرەی کوڕی و ئومموومەیسەرەم ئازاد کرد.[3]**

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 90.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 90.

[3] - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1370.

کەثیری کوڕی زیاد (رضي الله عنه)

ناوی کەثیری کوڕی زیادی کوڕی شاسە، هاوەڵی پێغەمبەری (ﷺ) کرد و تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد.[1]

کەدەنی کوڕی عەبد (رضي الله عنه)

ناوی کەدەنی کوڕی عەبدە، کەدەن دەڵێت لە یەمەنەوە هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتم پێدا و لەسەر دەستی موسڵمان بووم.[2]

کەردەم (رضي الله عنه)

ناوی کەردەمەو کچێکی هەبوو بە ناوی مەیموونە کە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، مەیموونە دەڵێت لە حەجیماڵئاواییدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداریم کرد و باوکم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیك دەبوویەوەو گوێی بۆ فەرموودەکانی دەگرت.[3]

کەردەم دەڵێت ئامادەی سوپایەك بووم کە طاریقی کوڕی مورەققەع وتی کێ رمێکم پێ دەدات و پاداشتی بدەمەوە؟ منیش وتم پاداشتەکەی چیە؟ وتی یەکەم کچم ببێت مارەی دەکەم لێی، منیش رمەکەی خۆمم پێدا، دواتر نەمبینیەوە تا زانیم کچێکی بووەو کچەکەی پێگەیشتووە، منیش بە طاریقم وت ئەوە ژنی منەو ئامادەی بکەن بۆم، طاریق سوێندی خوارد شتی وا نابێت تا مارەییەکی نوێی بۆ دانەنێت، منیش سوێندم خوارد مارەیی تری بۆ دانانێم، پێغەمبەر (ﷺ) کە بەسەرهاتەکەی

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 570.
[2] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16173.
[3] - سنن أبي داود، الرقم 1812، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3314.

بیست، فەرمووی ئێستا لە تەمەنی چ ئافرەتێکدایە؟ ئەویش وتی تەمەنی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێم باشە وازی لێ بهێنیت، منیش لەوە تۆقیم و تەماشایەکی پێغەمبەرم(ﷺ) کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) شێوەی منی بینی، فەرمووی (گوناهبار نابیت و هاوڕێکەشت گوناهبار نابێت).[1]

مەیموونە دەڵێت من لە دوای باوکمەوە سوار بووبووم، باوکم پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و وتی من نەزرم کردبوو لە بوانە ئاژەڵێك سەرببڕم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بتی لێیە؟ باوکم وتی نا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نەزرەکەت بەجێبێنە).[2]

کەرکەرە

ناوی کەرکەرەیەو کۆیلەیەکی نووبی بوو کە هەوەذەی کوڕی عەلی بە دیاری بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ئازادی کرد، بەڵام کەرکەرە خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد، لە غەزای خەیبەردا سوارەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرتبوو.[3]

جا کاتێك وەفاتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەو لە دۆزەخدایە، هاوەڵان چوون تەماشایان کرد دەبینن بە نهێنی عەبایەکی بۆ خۆی شاردوەتەوە.[4]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 1812، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2103.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 2128، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2131.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 587.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2926.

کەعب(رضي الله عنه)

ناوی کەعبەو زانیاری لەبارەوە نەهاتووە، تەنها هێندە نەبێت کە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما من أمير عشرة إلا يؤتى به يوم القيامة مغلولا حتى يكون الله يرحمه أو يقضي فيه بغير ذلك)،[1] (هەرکەس ئەمیری دە کەس بێت لە رۆژی دواییدا بە کۆتکراوی دەهێنرێت تا خوا رەحمی پێ دەکات یان حوکمی تری لەسەر دەدات).

کەعبولئەعوەر (رضي الله عنه)

ناوی کەعبولئەعوەری کوڕی مالیکە، هاودەم بە هۆزەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[2]

کەعبی کوڕی حیممان (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی حیممانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

کەعبی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عەددیە، کەعب دەڵێت هاودەم بە وەفدی خەڵکی حیرە هاتمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش پێشنیازی موسڵمانبوونی بۆ کردین، ئێمەش موسڵمان بووین، دواتر گەڕاینەوە بۆ حیرەو زۆری نەبرد هەواڵی مەرگی پێغەمبەرمان (ﷺ) پێگەیشت، خەڵکەکە هەڵگەرانەوەو وتیان ئەگەر پێغەمبەر بوایە

[1] - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5278.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 610.
[3] - الإصابة في تمييز الحصابة، ج5، ص 591.

نەدەمرد، من وتم پێغەمبەرانی پێش ئەویش وەفاتیان کردووە، بۆیە بە موسڵمانی مامەوە، دواتر چووم بۆ مەدینە بۆ لای ئەبووبەکر و لەلای مامەوەو ئەویش منی نارد بۆ لای مقوقس و دواتر گەڕامەوە، دواتر عومەری کوڕی خەططابیش ناردمی بۆ لای مقوقس و منیش نامەکەی عومەرم بۆ برد، جا کە چووم بۆ لای جەنگی یەرمووك روویدابوو و من نەمزانیبوو، مقوقس وتی زانیوتە رۆم دوژمنیان شکاندووە؟ وتم نا وانیە، وتی چووزانیت؟ وتم چونکە خوا بەڵێنی داوە بە پێغەمبەرەکەی دینەکەی بەسەر هەموو دینەکانی تردا سەربخات، خواش لە بەڵێنی خۆی لانادات، ئەویش وتی پێغەمبەرەکەتان راستی پێ وتن، رۆم شکاوە، دواتر سەبارەت بە دیارترین هاوەڵان پرسیاری لێکردم و منیش وەڵامم دایەوە، ئینجا دیاریەکی نارد بۆ عومەر و بۆ ژمارەیەك لەو هاوەڵانەش، لەوانە دیاری نارد بۆ عەلی و عەبدوڕەحمان و زوبەیر.[1]

## کەعبی دەستبڕاو (رضي الله عنه)

ناوی کەعبەو هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا دەستی بڕدرا.[2]

## کەعبی کوڕی خوادریە(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی خوادریەیە لە بەنی ئەبی بەکری کوڕی کیلابەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە کە پرسیاری کردووە لە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

---

[1] - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 3246.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 614.

[3] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16216.

## کەعبی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی زەیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای خەندەقدا بەشداری کرد و تیایدا تیرێکی وێڵی بەرکەوت و شەهید بوو.[1]

## کەعبی کوڕی زوهەیر (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی زوهەیری موزەنیە، شاعیرێکی ناسراوەو هاوەڵی پێغەمبەرە(ﷺ)، کەعب هاودەم بە بوجەیری برای چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

بوجەیر لەپێش کەعبی برایدا موسڵمان بووە، جارێك بوجەیر و کەعب پێکەوە لای ئاژەڵ بوون، بوجەیر بە کەعبی وت لای ئەم مەڕانە بە تا دەچم بۆ لای ئەو پیاوە (موحەممەد)و گوێی لێ بگرم بزانم چی دەڵێت؟ بوجەیر چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) ئیسلامی بۆ باس کرد و پێشنیازی موسڵمانبوونی بۆ کرد، بوجەیریش موسڵمان بوو،[3] کاتێ کەعب بیستی بوجەیری برای موسڵمان بووە بە شیعرێ ناڕەزایی دەربڕی.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 596.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 501.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص149.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص593.

کەعبی کوڕی عاصم(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عاصمی ئەشعەریە، جیایە لە ئەبوومووسای ئەشعەری، کەعب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لیس من البر الصوم فی السفر)،[1] (ڕۆژوو لە سەفەردا چاکە نیە).

کەعبی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عەمری کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و لە خەندەقیشدا بەشدار بووە، دواتریش لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

کەعبی کوڕی عەمری ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عەمری کوری عەببادە، لە پشتیوانانە و کونیەکەی ئەبولیوسرەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و ڕۆڵێکی کارای بینی، هەر لەو غەزایەدا عەبباسی مامی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بەدیل گرت، کابرایەکی باڵاکورتی ورگن بوو، هەر لە مەدینە مایەوە تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و لە ساڵی پەنجا و پێنجی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

[1] - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1880، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1517، سنن ابن ماجة، الرقم 1660، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23047، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 1057.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 606.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 468.

ئەبولیوسر دەڵێت جارێك ژنی پیاوێك كە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەركێك ناردبووی هات تا خورمام لێ بكڕێت، منیش پێی سەرسام بووم، وتم لە ماڵەوە خورمای جوانترم هەیە، بۆیە چووینەوە ماڵەوەو تەواو شەیدای بووم و ماچێكم كرد، دواتر چووم بۆ لای ئەبووبەكر و مەسەلەكەم بۆ باسكرد، ئەبووبەكر وتی مەسەلەكە بشارەوەو تەوبە بكەو بۆ كەسی باس مەكە، بەڵام خۆم پێ رانەگیرا و چووم بۆ لای عومەر و بۆم باسكرد، ئەویش هەمان شتی پێ وتم، خۆم پێ رانەگیرا و چووم باسم كرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (بەوجۆرە هەڵوێستت نواند لەگەڵ ژنی كەسێك كە لەرێی خوادا چووە بۆ غەزا؟!!) منیش هێندە ترسام وامدەزانی دۆزەخیم و هەرگیز خوا لێم خۆش نابێت، وەزعەكە وابوو تا خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە( وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيْلِ ۚ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ﴿١١٤﴾ )، چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەو ئایەتەی بۆ خوێندمەوە، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئەوە تایبەتە بەو یان بۆ هەموو خەڵكیە؟ فەرمووی (بەڵكو بۆ هەموو خەڵكیە).[1]

عوبادەی كوڕی وەلید دەڵێت جارێك لەگەڵ باوكم چووین بۆ ناو پشتیوانان تا زانستیان لێ وەربگرین، یەكەم كەسی پێی گەیشتین ئەبولیوسر بوو، باوكم وتی تووڕەییەك بەنێوچاوانتەوە دیارە، ئەویش وتی بەڵێ، قەرزێكم لای فڵانەكەس بوو، چووم بۆماڵیان تا لێی وەربگرمەوە كەچی وتیان لە ماڵەوە نیە، دواتر كوڕێكی هاتە دەرەوەو وتم باوكت لە كوێیە؟ وتی لە ماڵەوەیە، كە دەنگی تۆی بیست چوویە

[1] - سنن الترمذي، الرقم 3123، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7084، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16102، قال الترمذي: حديث حسن غريب، كما حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3115.

ژوورەوە، منیش چوومەوە بەرماڵیان و وتم وەرە دەرەوە دەزانم لە ماڵەوەیت، ئەویش هاتە دەرەوە، وتم بۆچی خۆت شاردەوە؟ ئەویش وتی بەخوا پێت دەڵێم و درۆت لەگەڵ ناکەم، پێشتر بۆیە خۆم شاردەوە ترسام بێم بۆ لات و درۆت لەگەڵ بکەم و بەڵێنێ بدەم و نەیبەمە سەر، تۆیش هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوویت، من حاڵم سەختەو لەم وەزعەدا توانای قەرزدانەوەکەم نیە، منیش وتم توخوا وایە؟ وتی بەڵێ بەخوا، هەمدی سوێندم دا، ئینجا داوای نووسراوی قەرزەکەم کرد و ئەوەم بۆ زیاد کرد(ئەگەر توانیت قەرزەکە بدەیتەوە بیدەرەوە، ئەگەرنا گەردنت ئازاد بێت)، عوبادە دەڵێت ئەبولیوسر وتی چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من أنظر معسرا أو وضع له أظله الله في ظله)،[1] (هەرکەس چاوپۆشی لە کەسێك بکات باری گران بێت–توانای دانەوەی قەرزەکەی نەبێت– یان قەرزەکەی لەسەر لابەرێت ئەوە خوا لە ژێر سێبەری خۆیدا دایدەنێت).

کەعبی کوڕی عوجرە(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عوجرەی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەددی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە کووفە نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە و دواتر چوویەوە مەدینەو لە ساڵی پەنجاو یەك یان دوو یان سێ یان حەفتاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

کەعب دەڵێت لە حودەیبیە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین و ئیحرامیشمان بەستبوو، بێباوەڕان گەمارۆیان دابووین، ئەسپێ بەسەر دەموچاومدا دادەبارین،

---

[1] - صحيح مسلم، الرقم 5438، صحيح ابن حبان، الرقم 5121.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 599.

پێغەمبەر (ﷺ) دای بەلامدا و فەرمووی (أيؤذيك هوام رأسك)، (چیە، مێرووی سەرت ئازارت دەدات؟) وتم بەڵێ، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی (وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنْتُمْ فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَنْ لَمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿١٩٦﴾ )،[1] ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (احلق رأسك و صم ثلاثة أيام أو أطعم ستة مساكين أو انسك بشاة)،[2] (سەرت بتاشەو سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرە یان نانی شەش هەژار بدە یان مەڕێك سەرببڕە).

کەعبی کوڕی عوجرە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (معقبات لا يخيب قائلهن -أو فاعلهن- دبر كل صلاة مكتوبة، ثلاث وثلاثون تسبيحة، وثلاث وثلاثون تحميدة، وأربع وثلاثون تكبيرة)،[3] (چەند ویردێکی دوای نوێژ هەن هەر کەس دوای هەموو نوێژێکی فەرز بیانڵێت-یان بیانکات- بێهیوا نابێت، سی و سێ سوبحانەڵا و سی و سێی الحمد لله و سی و چوار الله اکبر).

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3969.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 1729، صحيح مسلم، الرقم 2155، صحيح ابن حبان، الرقم 4042.

[3] - صحيح مسلم، الرقم 969، صحيح ابن حبان، الرقم 2043، سنن الترمذي، الرقم 3420، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1249، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16000.

## کەعبی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عومەیری غیفاریە، پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی هەشتی کۆچیدا کردی بە بەرپرسی سریەیەك و لەو هێرشەدا موسڵمانان شکان و کەعبیش بریندار بوو و بە برینداری خۆی گەیاندەوە مەدینەو لەوێ وەفاتی کرد.[1]

## کەعبی کوڕی عیاض(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی عیاضی ئەشعەریە، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[2]

کەعب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لکل أمة فتنة و إن فتنة أمتي المال)،[3] (هەموو ئوممەتێك فیتنەیەکی هەیەو فیتنەی ئوممەتەکەی منیش سامانە).

کەعب دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (لو سئل لابن آدم واديان من مال لتمنى إليهما ثالثا ، ولا يشبع ابن آدم إلا التراب ، ويتوب الله على من تاب)،[4] (ئەگەر ئادەمیزاد دوو دۆڵ سامانی پێ بدرێت ئەوە ئاوات بە سێیەمیش دەخوازێت، تەنها خۆڵ ئادەمیزاد تێر دەکات و خواش لەوە خۆش دەبێت کە تەوبە دەکات).

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 607.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 608.

[3] - صحيح ابن حبان، الرقم 3282، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17137، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16136، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11364، سنن الترمذي، الرقم 2315 و قال حسن صحيح، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2336.

[4] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16138.

ئەم فەرموودەیە لە کتێبەکانی فەرموودەدا لە ئیبنوعەبباس و ئەنەسی کوڕی مالیکیشەوە گێردراوەتەوە.[1]

کەعبی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەك لە ئەبووبەشیر و ئەبووعەبدوڕەحمان و ئەبووعەبدوڵا هاتووە.[2]

ئەم هاوەڵە شاعیری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکێکە لەو سێ کەسەش کە لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن و خوا ئایەتی لەبارەیانەوە دابەزاند.[3]

کەعبی کوڕی مالیك دەڵێت لەگەڵ برێك لە حاجیانی هۆزەکەمان چووین بۆ مەککە...لەوێ هەواڵی پێغەمبەری خوامان (ﷺ)پرسی و هێشتا نەماندیبوو، هەواڵمان لە کەسێك پرسی، وتی دەیناسن؟ وتمان نەخێر، وتی ئەی عەبباسی مامی دەناسن؟ وتمان بەڵێ، چونکە عەبباسی مامی پێغەمبەرمان (ﷺ) دەناسی، ئەو لە کاری بازرگانیدا دەهات بۆ سەدانمان، کابرا وتی کە چوونە ژوورەوە، موحەممەد ئەو کەسەیە کە لەگەڵ عەبباس دانیشتووە، ئێمەش چووین و پێغەمبەرمان (ﷺ) بینی لەگەڵ عەبباس دانیشتبوو، پاش ئەوەی وادەمان دانا و لە عەقەبەدا بینیمان تا بەیعەتی پێبدەین و عەبباسی مامیشی ئامادە بوو، لە کۆتا وتەکاندا عەبباسی کوڕی عوبادە بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) وت: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە،

[1] - صحيح البخاري، الرقم 6080، صحيح مسلم، الرقم 1801، صحيح ابن حبان، الرقم 3295.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 611.
[3] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 523.

ئەگەر بتەوێت سبەینێ بە شمشێرەکانمانەوە دەدەین بەسەر خەڵکی مینادا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فەرمانی ئەوەم پێنەکراوە.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان کەعب و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاوە، یان دەوترێت بەڵکو برایەتی خستە نێوان کەعب و زوبەیرەوە.[2]

کەعب لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و دەڵێت من یەکەم کەس بووم زانیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیندووە، وتم ئەوەتا ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەویش بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم بێدەنگ بە، ئینجا جلە سەربازیەکەی خۆی کردە بەرم و ئەوەی منی کردە بەری خۆی.[3]

شاعیرەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ کەس بوون، حەسسان و عەبدوڵای کوڕی رەواحەو کەعبی کوڕی مالیك، جا کەعب لە شیعرەکانیدا بەسەر باڵاو توانای موسڵمانانداا هەڵیدەدا، حەسسانیش کەموکورتی دوژمنی دەخستەڕوو، عەبدوڵاش تانەی بێباوەڕیی لێدەدان.[4]

کەعب دەڵێت جارێك داوای قەرزێکم کردەوە لە ئیبن ئەبی حەدرەد، لە مزگەوت بوو داوای قەرزەکەم کردەوە، ئیتر دەنگمان بەرووی یەکدا بەرزبوویەوە تا ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی خۆیەوە –کە لەپاڵ مزگەوت بوو– دەنگی بیستین،

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15493، قال شعيب الأرناؤوط حديث قوي و هذا إسناد حسن.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 524.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15947.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 525.

هاتە دەرەوەو فەرمووی ئەی کەعب، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی ئەوەندە لە قەرزەکەت وەربگرە، بە دەستی ئاماژەی دا کە نیوەی وەربگرمەوە، منیش وتم باشە وادەکەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

کەعب لە غەزای تەبووکدا دواکەوت و بەشداری نەکرد، خۆی وردەکاری بەسەرهاتەکە باس دەکات و دەڵێت: من لە هیچ غەزایەکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دوانەدەکەوتم تەنها غەزای تەبووك نەبێت، هەروەها لە غەزای بەدر دواکەوتم بەڵام کەس لەسەر دواکەوتن لە غەزای بەدر سەرکۆنە نەکرا، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بە مەبەستی هێرش بۆ سەر کاروانی قورەیش چوو، بەڵام دواتر جەنگ روویدا، من بەشداری شەوی عەقەبە بووم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کە لەوێ لەسەر ئیسلام بەڵێنمان دا...لە غەزای تەبووکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی گەرمایەکی زۆردا ئەنجامی دا و رێیەکی دووورودرێژ و دوژمنیش ژمارەیان زۆر بوو، بۆیە دەرفەت درا موسڵمانان خۆیان بۆ ئەو غەزایە ئامادە بکەن، موسڵمانانێکی زۆر ئامادە بوون، هێندە زۆر بوون کە ناویان لە کتێبێکدا جێی نەدەبوویەوە، هەرکەس بیویستایە نەچێت وایدەزانی لەبەر زۆری خەڵکەکە ئەو دەرناکەوێت و کەس پێی نازانێت، کاتی غەزاکە کاتی چنینەوەی بەروبووم بوو، منیش کەوتمە خۆ ئامادەکردن بۆ غەزاکە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ بکەم گەڕامەوە، رۆژی دواتر هەمدی بەیانی زوو چووم تا خۆم ئامادە بکەم، کەچی هەروا گەڕامەوە، وەستام تا ئەوان چوون و منیش دواکەوتم، دواتر ویستم خۆم تەنها بە سوارێکەوە بچم بەدوایاندا و خۆزگەش وامبکردایە، بەڵام

[1] - صحيح البخاري، الرقم 447، صحيح مسلم، الرقم 2995، صحيح ابن حبان، الرقم 5125، سنن أبي داود، الرقم 3138، سنن ابن ماجة، الرقم 2426، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5783، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 10607، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26560، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15874.

قەدەرم وا نەبوو بچم، دواتر کە دەچوومە دەرەوە لە مەدینە هەرکەسم دەدی یان کەسێك بوو گومانی دووڕوویی لەسەر بوو، یان کەسێك بوو لەبەر بێتوانایی خوا مۆڵەتی مانەوەی دابوو، پێغەمبەر (ﷺ) منی بیر نەبوو تا گەیشتە تەبووك، لەوێ فەرموویبووی کەعب چی کرد؟ یەکێك لە بەنی سەلەمە وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) شمەك و بەرووبوومی نەیهێشت بێت، موعاذی کوڕی جەبەل وتی خراپ دوایت، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخوا ئێمە بەس چاکەمان لێ دیوە، پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، جا کە بیستم وا پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە، خەفەت دایگرتم و خەریك بوو بیر لەوە بکەمەوە وەك پۆزشێ بۆ دواکەوتنەکەم درۆیەك بکەم، بۆ ئەوەش پرسم بە چەند کەسێك کردو وتم چی بڵێم باشە، دواتر کە وتیان پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە، ئەو بیرە پووچەم نەما و زانیم بە درۆ رزگارم نابێت، بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشت، عادەتی وابوو کە دەهاتەوە خێرا دەچوو بۆ مزگەوت و دوو رکات نوێژی دەکرد و دواتر لەگەڵ خەڵکی دادەنیشت، ئەوەبوو ئەو کەسانەی دواکەوتبوون و ژمارەیان هەشتاو ئەوەندە کەس دەبوو، دەهاتن بۆ لای و بیانوویان دەهێنایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) بە رووکەش لێی قبووڵ دەکردن و بەیعەتی لێ وەردەگرتن و نزای لێخۆشبوونی بۆ دەکردن و نهێنی ناخیانی دەسپاردە دەست خوا، منیش چووم بۆ لای و سەلامم لێکرد، ئەویش بزەیەکی تووڕەیی کردو دواتر فەرمووی (وەرە)، منیش چووم تا لە خزمەتیدا دابنیشم، فەرمووی (بۆچی دواکەوتیت؟ مەگەر بارەکەتت نەفرۆشتبوو؟) وتم بەرێ وەڵا بەڵام بەخوا ئەگەر لای کەسێکی تری دنیایی بوومایە بە بیانوو خۆم رزگار دەکرد، بەڵام بەخوا دەزانم ئەمڕۆ درۆیەك بەرامبەرت بڵێم تا لێم رازی بیت، لەوانەیە خوا تووڕەییت بەسەرمدا داباریێنێ، ئەگەریش راستیەکەت پێ بڵێم، هیوام وایە خوا لێم خۆش بێت، نابەخوا هیچ

بیانوویەکم نیە و هیچکات هێندەی ئەمجارەم بەهێز و ئامادە نەبووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەمە راستی وت، دەی هەستە تا خوا حوکمت لەبارەوە دەدات، منیش هەستام و کەسانێك لە بەنی سەلەمە هاتن بەدوامدا و وتیان تۆیش نەتتوانی وەك ئەو خەڵکە بیانوویەك لای پێغەمبەر (ﷺ) بهێنیتەوە، هێندە بەس بوو بۆ تاوانەکەت تا پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێخۆشبوونت بۆ بکات، هێندە هانیان دام خەریك بوو بگەڕێمەوەو خۆم بە درۆ بخەمەوە، دواتر پێم وتن کەسی تر وەك منی بەسەرهاتووە؟ وتیان دوو کەسی تر وەك تۆیان وت و پێغەمبەریش (ﷺ) هەمان شتی بەوان فەرموو، وتم ئەوانە کێن؟ وتیان مورارەی کوڕی رەبیع و هیلالی کوڕی ئومەییەی واقیفی، زانیم ئەوانە دوو پیاوی چاکن و بەشداری بەدر بوون و پێشەنگ و سەرمەشق بوون، بۆیە کە ناوی ئەوانیان برد چووم، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) رێگری کرد لە موسڵمانان قسە لەگەڵ ئەو سیانەماندا بکەن، ئیتر خەڵکی کەناریان دەگرت لێمان، وام بەسەرهات بێزار بووم لەوەی لەسەر زەویم، پەنجا شەو لەو بارەدا بووین، دوو هاوڕێکەی ترم لەماڵەوە دانیشتن و دەگریان، بەڵام من تەمەنم کەمتر بوو و دەچووم بۆ نوێژ و لەگەڵ موسڵماناندا بەشداری نوێژم دەکرد و بە بازاڕدا دەگەڕام و کەسیش قسەی لەگەڵ نەدەکردم، دەچوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سەلامم لێدەکرد و لە دەروونی خۆمدا دەموت بڵێیت لێوی جووڵاندبێت، دواتر لە نزیکیەوە نوێژم دەکرد و بە تیلەی چاو سەیرم دەکرد، کە بەلای ئەودا دەمڕوانی پێغەمبەر (ﷺ) رووی وەردەچەرخاند، ئەو جەفاو وشکیەی خەڵك زۆر ماندووی کردم و چووم خۆم هەڵزنی بە دیواری باخەکەی ئەبووقەتادەی ئامۆزامدا کە خۆشەویسترین کەسم بوو، سەلامم لێکرد، بەخوا ئەویش وەڵامی نەدامەوە، وتم ئەی ئەبووقەتادە سوێندت دەدەم بەخوا پێت وایە خواو پێغەمبەری خوام خۆش بوێت؟ ئەویش بێدەنگ بوو و

وەڵامی نەدامەوە، دووبارە چوومەوە بۆ لای و سوێندم داو ئەویش وتی خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، ئیتر چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، پشتم هەڵکرد و هەڵزنیمە سەر دیوارەکە، چوومە بازاڕ و پیاسەم دەکرد کە کابرایەکی نەبەطی (کە لە شامەوە هاتبوو تا خۆراك لە مەدینەدا بفرۆشێت) دەیوت کێ رێی ماڵی کەعبی کوڕی مالیکم نیشان دەدات، خەڵکیش بە پەنجە ئاماژەیان بۆ دەکرد، کابرا هات بۆ لام و نامەیەکی پاشای غەسسانی پێدام کە تیایدا نووسیبووی: بیستوومە هاوڕێکەت زبری و ساردی بەرامبەر نواندویت، خوا تۆی بۆ زەبوونی و فەوتان دانەناوە، وەرە بۆ لای ئێمە پەناو دڵنەوا دەبین بۆت، کە نامەکەم خوێندەوە وتم ئەمەش نەگبەتیەکی تر، بردم خستمە ناو تەنوورەکەو سووتاندم، چل شەو لەو پەنجا شەوە تێپەڕ بووبوو کە نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لام و فەرمووی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانت پێ دەکات کەنار بگریت لە ژنەکەشت، وتم تەڵاقی بدەم؟ وتی نا بەڵکو کەنار بگرە لێی و نزیکی مەبەرەوە، وایشی بە هەردوو هاوڕێکەی ترم فەرموو، منیش بە ژنەکەمم وت بڕۆرەوە بۆ لای کەسوکارت و لەوێ لەلایان بە تا خوا حوکم لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدات، ژنەکەی هیلالی کوڕی ئومەییە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیلال پیرێکی پەککەوتەیە و خزمەتکاری نیە، پێت ناخۆش نیە خزمەتی بکەم؟ فەرمووی نا بەڵام نزیکت نەبێتەوە، ژنەکەی وتی بەخوا لەو کاتەوە جووڵەیەکیشی نیەو بەردەوام دەگری، منداڵێکم وتی جا با تۆیش لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتت وەربگرتایە بۆ ژنەکەت، وتم بەخوا داوای مۆڵەت ناکەم بۆی، چووزانم پێغەمبەر (ﷺ) چۆن وەڵامم دەداتەوە، ئینجا خۆ من گەنجم، ئیتر دە شەوی ترم بەسەر برد تا پەنجا شەو تەواو بوو، کە نوێژی بەیانیم کرد، دانیشتبووم لە هەمان ئەو بارەی وا پێشتر دانیشتبووم و ئەو نارەحەتیەم تووش

بوو، هاوارێکم بیست لە سەرە شاخی سەلعەوە بەوپەڕی دەنگی هاواری دەکرد ئەی کەعبی کوڕی مالیك موژدە بێت، منیش چووم بە سوجدەدا و زانیم دەرووم لێکراوەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی نوێژی بەیانیدا تەوبەی خوای بۆ راگەیاندین، خەڵکیش دەهاتن و موژدەیان پێدەداین، پێش من دوو هاوڕێکەم بە دڵخۆشیەوە چوون، کەسێك بە ئەسپەوە بەرە لام دەهات و یەکێك لەسەر شاخەکەوە هاواری کرد، هاوارەکە لە ئەسپەکە خێراتر گەیشت، کە کەسەکە هات و موژدەکەی پێدام، جلەکەی بەرمم پێ بەخشی، بەخوا ئەو کاتە تەنها ئەوەم هەبوو، دوو جلی ترم بە ئیستیعارە هێنا و کردمە بەرم و چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خەڵکیش دەستە دەستە پێمدەگەیشتن و پیرۆزبایی تەوبەکەیان لێدەکردم، دەیانوت پیرۆزت بێت خوا تەوبەی وەرگرتیت، کە چوومە مزگەوت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو و خەڵکی لەدەوری بوون، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا بە گورجی هات بەرەو رووم و تەوقەی لەگەڵ کردم و پیرۆزبایی لێکردم، بەخوا لەناو کۆچەراندا تەنها ئەو هات بۆ لام و ئەو هەڵوێستەشی لەبیر ناکەم، کە سەلامم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، دەموچاوی دەگەشایەوە لە خۆشیدا، فەرمووی (موژدەی خێرت لێ بێت لەو رۆژەی لەدایك بوویت تا ئێستات) وتم ئایا لە پێغەمبەری خواوەیە یان لە خوای گەورەوەیە؟ فەرمووی نا بەڵکو لە خواوەیە، پێغەمبەر (ﷺ) کە دڵخۆش بوایە دەگەشایەوە دەتوت مانگە، ئێمەش چاك ئەو بارەیمان دەناسیەوە، کە چوومە خزمەتی و دانیشتم، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەرامبەر تەوبەکەم چی سامانم هەیە دەیکەم بە خێر لەرێی خوادا، ئەویش فەرمووی هەندێ لە ماڵەکەت بهێڵەوە ئەوە باشترە بۆت، منیش وتم پشکەکەی خەیبەرم بەسە دەیهێڵمەوە، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورە بە راستگۆییەکەم رزگاری کردم، هەر لەبەر

تەوبەکەم مەرج بێت تا ماوم تەنها راستی بڵێم، خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزانە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی (لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾ وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓا۟ أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾).[1]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی رایەك دەڵێت لە ساڵی چلی کۆچیدا بووە، یان دەوترێت لە ساڵی پەنجا یان پەنجاو یەکی کۆچیدا بووە.[2]

## کەعبی کوڕی مورڕە(رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی مورڕەیە، دواتر لە بەضرە نیشتەجێ بوو و پاش ئەوەش چوو بۆ ئەردەن و لەوێ نیشتەجێ بوو.[3]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 4165، صحيح مسلم، الرقم 5079، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15485.

[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 526.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 612.

کەعب دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من رمى بسهم في سبيل الله كان كمن أعتق رقبة)،[1] (هەرکەس لەرێی خوادا تیرێك بهاوێژێت، وەك ئەوە وایە کۆیلەیەك ئازاد دەکات).

کەعب دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من شاب شيبة في الإسلام كانت له نورا يوم القيامة)،[2] (هەرکەس لە ئیسلامدا تاڵەموویەك سپی بکات دەبێتە رووناکی بۆی لە رۆژی دواییدا).

کەعبی کوڕی یەسار (رضي الله عنه)

ناوی کەعبی کوڕی یەساری عەبسیە، هاوەڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووەو تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ ماوەیەك کاربەدەست بوو تا دواتر عومەری کوڕی خەططاب مۆڵەتی دا واز لە پۆستەکەی بهێنێت.[3]

کەلەدەی کوڕی حەنبەل(رضي الله عنه)

ناوی کەلەدەی کوڕی حەنبەلە، لە یەمەنەوە هات و موسڵمان بوو،[4]

کەلەدە دەڵێت صەفوانی کوڕی ئومەییە منی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بڕێ شیر و گۆشت و میوەی پێدا ناردم بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) لە

---

[1] - صحيح ابن حبان، الرقم 4685، صححه شعيب الأرناؤوط.
[2] - سنن الترمذي، الرقم 1600، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 1634.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 613.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 619.

سەرووی مەککەوە بوو، من هێشتا موسڵمان نەبووبووم، کە چوومە خزمەتی فەرمووی (بگەڕێرەوەو بڵێ سەلامو عەلەیك).[1]

کەلثەمی کچی موحریز(رضي الله عنها)

ناوی کەلپەمی کچی موحریزی کوڕی عامیرە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

کەیسان (رضي الله عنه)

ناوی کەیسانەو مەولای بەنی مازن بوو، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بووە.[3]

کەیسانی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی کەیسانی کوڕی عەبدوڵایە، لە طائیف نیشتەجێ بوو، کەیسان دەڵێت لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بازرگانی مەیم دەکرد، جا لە شامەوە مەیم دەهێنا، چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەرابێکی زۆر چاکم بۆ هێناویت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی کەیسان ئەوە دوای تۆ حەرام کراوە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیفرۆشم؟ فەرمووی (ئەوە حەرام

[1] - سنن أبي داود، الرقم 4528، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 5176.
[2] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 423.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 631.

کراوەو بەهاکەشی حەرام کراوە)، کەیسانیش چوو چی مەی هێنابوو هەمووی رشت.[1]

کەیسانی کوڕی جەریر (رضي الله عنه)

ناوی کەیسانی کوڕی جەریرە، کوڕێکی هەبوو بەناوی عەبدوڕەحمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

کوەیسە(رضي الله عنها)

ئەم ئافرەتە ناوی کوەیسەیە و هەتیو بوو و پێغەمبەر (ﷺ) سەرپەرشتی دەکرد و لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) گەورە بوو.[3]

کودەیر (رضي الله عنه)

ناوی کودەیرە، کودەیر دەڵێت کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کارێکم پێ بڵێ کە بمباتە بەهەشتەوە، ئەویش فەرمووی (دادپەروەرانە بدوێ و زیادەی خۆت ببەخشە).[4]

---

[1] - مسند احمد بن حنبل، الرقم 18566، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16170، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 626.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 95.

[4] - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2331، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5331.

## کورزی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی کورزی کوڕی جابیرە، سەرەتا کەسێکی بێباوەڕ بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بیکوژێت بەڵام رزگاری بوو،[1] چونکە کورز دەیویست هاوکاری بێباوەڕان بکات، بەڵام دواتر هاوکاری نەکردن.[2]

دواتر کورز موسڵمان بوو و جارێکیش پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی کرد بە ئەمیری سریەیەك،[3] ئەمەش لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا بوو.[4]

کورز لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و رێگەکەی لێ ون بوو و کەوتە داوی بێباوەڕانەوەو کوژرا.[5]

## کورزی کوڕی عەلقەمە (رضي الله عنه)

ناوی کورزی کوڕی عەلقەمەی کوڕی هیلالی خوزاعیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، تەمەنێکی زۆری کرد و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کاتێك خەڵکی مەشخەڵەکانی حەرەمیان لێ تێکچوو، مەروان نامەی نارد بۆ موعاویە، ئەویش نامەی بۆ نووسی ئەگەر کورز لە ژیاندا ماوە پرسیار لەو بکە، کورزیش مەسەلەکەی روونکردەوە.[6]

---

[1] - مستخرج أبي عوانة، الرقم 5596.

[2] - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 35988.

[3] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6095.

[4] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 93.

[5] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 136.

[6] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 583.

کورزی کوڕی عەلقەمە دەڵێت کابرایەك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئیسلام کۆتایی هەیە؟ فەرمووی (بەڵێ، هەر ماڵێکی عەرەب یان عەجەم خوا خێری بوێت بۆیان ئیسلام دەباتە ناویان)، کورز وتی ئەی دواتر؟ ئەویش فەرمووی (دواتر فیتنە دێت وێنەی هەور و سێبەر)، کورز وتی نابەخوا ئینشەڵا شتی وا نایەت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (با سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، دواتر وێنەی مار دەدەن بەسەر یەکدا و لە گەردنی یەکدی دەدەن).[1]

کوعەیبەی کچی سەعید(رضي الله عنها)

ناوی کوعەیبەی کچی سەعیدی ئەسلەمیە، لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد و تیماری بریندارەکانیشی دەکرد، هەر ئەم بوو تیماری سەعدی کوڕی موعاذی دەکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر پشکی پیاوێکی بۆ بڕیەوە، واتە پیاوێك چەندەی بەردەکەوت ئەمیش بەریکەوت.[2]

کولەیبی جوهەنی (رضي الله عنه)

ناوی کولەیبی کوڕی ئیساف جوهەنیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

---

[1] - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15612، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 94.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 620.

کولەیبی کوڕی ئیساف(رضي الله عنه)

ناوی کولەیبی کوڕی ئیسافی کوری عوبەیدە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[1]

کولثومی کوڕی هەدم(رضي الله عنه)

ناوی کولثومی کوڕی هەدمی کوڕی ئیمرئولقەیسە، لە پشتیوانانە، کەسێکی خانەدان و ناسراو بوو، پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە موسڵمان بوو و ماڵەکەی خۆی کردە پێگەیەك کە بەردەوام کۆچەریەکان لەلای ئەو دادەبەزین، ماوەیەکی کەم پاش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە، کولثوم کۆچی دوایی کرد.[2]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 620.

[2] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 623.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ل) دەست پێدەکات

لاحیبی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی لاحیبی کوڕی مالیکە، لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو.[1]

لاحیقی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی لاحیقی کوڕی مالیکەو کونیەکەی ئەبووعەقیلە، ئەبووعەقیل دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (درۆ مەکەن بە دەممەوە، چونکە هەرکەس درۆ بکات بەدەم منەوە، ئەوە دەچێتە دۆزەخ).[2]

لەبیدی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی لەبیدی کوڕی رەبیعەی کوڕی عامیری عامیریە، شاعیرێکی گەورەو ناسراو بوو، هاودەم بە هۆزەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، دوای موسڵمانبوونی وازی هێنا لە شیعر و گرنگی دا بە قورئان، تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیش ژیا.[3]

لەبیسی کچی عەمر (رضي الله عنها)

ناوی لەبیسی کچی عەمرە، لە پشتیوانانەو هاوسەری قەیسی کوڕی قەیسە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 671.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 672.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 538-540.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 100.

## لەجلاجی عامیری (رضي الله عنه)

ناوی لەجلاجەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی خالید، لەجلاج دەڵێت لە بازاڕ دانیشتبووم کە ئافرەتێك بە منداڵێکەوە هات، خەڵکی لەگەڵی دەچوون، منیش کەوتمە دوایان تا چووینە لای پێغەمبەر (ﷺ)، دەیفەرموو (باوکی ئەمە کێیە کە لەگەڵتە؟) ژنەکەش بێدەنگ بوو، گەنجێك کە لە پاڵ ژنەکەوە بوو وتی من باوکی منداڵەکەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) دووبارەی کردەوە لە ژنەکەو گەنجەکەش هەمدی وتی من باوکی منداڵەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) سەیرێکی هاوەڵانی کرد و پرسیاری لەوان کرد سەبارەت بەو کوڕە، ئەوانیش وتیان تەنها خێر و چاکەی لێ دەزانین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ژنت هێناوە؟) کوڕەکە وتی بەڵێ، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد رەجم بکرێت، بردمان و خستمانە ناو چاڵێکەوە و بەردبارانمان کرد تا مرد، کەسێك هات و سەبارەت بەو کوڕە رەجم کراوە پرسیاری کرد، بردمان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتمان ئەمە هاتووە سەبارەت بەو پیسە پرسیار دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دڵنیابن ئەو لای خوا لە بۆنی میسك پاکترە)، بینیمان ئەو کابرا باوکی کوڕە رەجم کراوەکە بوو، هاوکاریمان کرد لەسەر شۆردن و کفن و دفنکردنی کوڕەکەی.[1]

## لەقیطی کوڕی صەبرە(رضي الله عنه)

ناوی لەقیطی کوڕی صەبرەیە، لەقیط دەڵێت لە وەفدی بەنیلمونتەقەدا بووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کە چووینە ئەوێ لە ماڵەوە نەبوو، عائیشە فەرمانی

1 - سنن أبي داود، الرقم 3869، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15629، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16230، حسنه شعيب الأرناؤوط، كما حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4435.

کرد خواردنێکیان بۆ هێنایین–گۆشت– و بڕێك خورمای هێنا و ئێمەش نانمان خوارد، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو فەرمووی هیچتان خواردووە یان بڵێم شتێکتان بۆ ئامادە بکەن؟ وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نانمان خواردووە، لە خزمەتیدا دانیشتین... وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنێکم هەیە زمانی باش نیە، فەرمووی دەی تەڵاقی بدە، وتم دەی منداڵێکم لێی هەیە، فەرمووی دەی ئامۆژگاری بکە ئەگەر خێری تیا بێت ئەوە قبوڵی دەکات، ئەو لێدانەی بۆ کەنیزەکەکەت بەکاری دێنیت هەمان لێدانت بۆ ژنەکەشت نەبێت، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە دەستنوێژ هەواڵم پێ بدە، ئەویش فەرمووی (أسبغ الوضوء وخلل الأصابع وبالغ في الاستنشاق إلا أن تكون صائما)،[1] (بە جوانی دەستنوێژ بگرەو ئاو بەر نێوان پەنجەکانت بکەوێت و زۆر ئاو لە دەمت رادە مەگەر ئەوەی بەڕۆژوو بیت).

## لەیثی کینانی (رضي الله عنه)

ناوی لەیثی کوڕی جەثامەی کینانیەو هاودەم بە براکانی لە غەزای خەیبەردا بەشدار بوو.[2]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 1060، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7157، سنن أبي داود، الرقم 125، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13812، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الارناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 142.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 691.

لەیلای کچی بیلال(رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی بیلالە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

لەیلای کچی ثابت (رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی ثابتە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

لەیلای کچی خوطەیم(رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی خوطەیمی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی هاتووم تا پێشنیازی خۆم بکەم بۆت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی رازی بووم، لەیلا گەڕایەوە ناو هۆزەکەی و وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بەهاوسەرگرت، ئەوانیش وتیان خراپت کرد، تۆ ژنێکیت غیرەت زۆرەو پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژنی زۆری هەیە و لەوانەیە غیرە بکەیت و ئەویش نزات لێ بکات، برۆ پەشیمان ببەرەوە، لەیلاش چوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەشیمان بوومەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی رازیم.[3]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 101.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 101.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 150.

لەیلای کچی رافیع(رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی رافیعە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.**[1]

لەیلای کچی ریبعی (رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی ریبعیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.**[2]

لەیلای کچی سیماك(رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی سیماکی کوڕی ثابتە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.**[3]

لەیلای کچی عوبادە(رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی عوبادەیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.**[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 104.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 104.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 105.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 105.

## لەیلای کچی قانف(رضي الله عنها)

ناوی لەیلای کچی قانفە، لەیلا دەڵێت من بەشداری شۆردنی تەرمی ئومموکولثومی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم، پێغەمبەر (ﷺ) لە بەردەرگا وەستابوو و کفنەکانی بەدەستەوە بوو و یەك یەك کفنەکانی دەدایە دەستمان.[1]

## لەیلای کچی ئەبی خەثمە(رضي الله عنها)

ناوی لەیلای کچی ئەبی خەثمەی قورەیشی عەدویە، مێردەکەی ناوی عامیری کوڕی رەبیعەیە، لەیلا زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و لە دەستەی یەکەمی کۆچەران بوو بۆ حەبەشە، دواتریش کە گەڕایەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك لە مەککە بوو هێشتا عومەری کوڕی خەططاب موسڵمان نەبووبوو و زۆر ئازاری لەیلای دەدا،[2] لەیلا دەڵێت بۆیە خۆم ئامادە کرد تا کۆچ بکەم بۆ حەبەشە، عومەر هات و وتی دایکی عەبدوڵا بۆ کوێ؟ منیش وتم لەسەر دینەکەمان ئازارمان دەدەن و ئێمەش دەچین بۆ شوێنێکی تر، ئەویش وتی خوا پشتیوانتان بێت، ئینجا عامیری هاوسەرم هات و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، عامیر وتی هیوات هەیە عومەر موسڵمان بێت؟ وتم بەڵێ، ئەویش وتی بەخوا مەگەر کەرەکەی خەططاب موسڵمان بێت ئینجا عومەر موسڵمان دەبێت.[3]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 2761، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26520، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7187، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في إرواء الغليل، الرقم 723.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 102.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20946.

لەیلای کچی ئەبی سوفیان (رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی ئەبی سوفیانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

لەیلای ئەنصاری (رضي الله عنها)

**ناوی لەیلای کچی ئیطنابەی کوڕی مەنصوورە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

لەبینە(رضي الله عنها)

**ئەم ئافرەتە ناوی لەبینەیە و شوێنی مزگەوتی قوباء هی ئەو بوو، جا شوێنەکەی دانابوو گوێدرێژی تێدا دەبەستەوە، دواتر ئەو شوێنەی بەخشی و کرا بە مزگەوت، ئەوەبوو خەڵکی مزگەوتی ضیرار وتیان نەبەخوا لە شوێنێ نوێژ ناکەین کە کەرەکەی لەبینەی تیا دەبەستڕایەوە، خۆمان مزگەوتێك دروست دەکەین تا ئەبوعامیر بێت لەوێ بەرنوێژیمان بۆ بکات، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە:**

(وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسۡجِدٗا ضِرَارٗا وَكُفۡرٗا وَتَفۡرِيقَۢا بَيۡنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَإِرۡصَادٗا لِّمَنۡ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبۡلُۚ وَلَيَحۡلِفُنَّ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّا ٱلۡحُسۡنَىٰۖ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ١٠٧ لَا تَقُمۡ فِيهِ أَبَدٗاۚ لَّمَسۡجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقۡوَىٰ مِنۡ أَوَّلِ يَوۡمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِۚ فِيهِ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 104.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 101.

رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَٰنَهُۥ عَلَىٰ
تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ
جَهَنَّمَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٩﴾ ).[1]

لوبابەی کچی ئەسلەم(رضي الله عنها)

**ناوی لوبابەی کچی ئەسلەمە، هاوسەری زەیدی کوڕی سەعدی ئەشهەلی بوو، ئەم ئافرەتە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

لوبنای کچی ثابت (رضي الله عنها)

**ناوی لوبنای کچی ثابتە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

لوبنای ئەنصاری (رضي الله عنها)

**ناوی لوبنای کچی خوطەیمە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و خوشکی قەیسی شاعیرە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، هاوسەری عەبدوڵای کوڕی نەهیکە.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 109، قال ابن حجر إسناده صحيح.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 97.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 449.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 100.

لوقمان (رضي الله عنه)

**ناوی لوقمانەو یەکێکە لە ئەندامانی وەفدی عەبەسیەکان کە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]**

لیبدەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

**ناوی لیبدەی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 684.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 672.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (م) دەست پێدەکات

ماریە(رضي الله عنها)

ناوی ماریەی قیبطیەو کەنیزەکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دایکی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئافرەتێکی سپی رەنگی جوان بوو.[1]

ماریە ئەو کەنیزەکە بوو کە لەگەڵ سیرینی خوشکیدا مقوقسی پاشای ئەسکەندەریە(میصر) پێشکەشی پێغەمبەری خوای کردن، پێغەمبەریش (ﷺ) ماریەی بۆ خۆی هێشتەوەو سیرینیشی دا بە حەسانی کوڕی ثابتی شاعیری،[2] پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ماریەی خۆشدەویست.[3]

لە ساڵی شەشی کۆچیدا پاش گەڕانەوە لە حودەیبیە لە مانگی ذیلقەعدەدا پێغەمبەر (ﷺ) حاطیبی وەك نوێنەر نارد بۆ لای مقوقسی بەرپرسی ئەسکەندەریە،[4] مقوقس بانگی کرد و وتی سەبارەت بەو هاورێیەت قسەم بۆ بکە، مەگەر ئەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیە؟ حاطیب وتی با ئەو نێردراوی خوایە، وتی ئەی بۆچی کاتێك هۆزەکەی دەریانکرد نزای نەکرد لە هۆزەکەی خۆی؟ ئەویش وتی ئەی تۆ شایەتی دەدەیت عیسای کوڕی مەریەم نێردراوی خوایە؟ ئەی بۆچی کاتێك هۆزەکەی ویستیان لەخاچی بدەن بۆچی نزای نەکرد لێیان تا ئەوەی خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی، مقوقس وتی زۆر جوانە، تۆ کەسێکی دانایت و لەلای دانایەکەوە هاتویت، ئەوەبوو بە حاطیبدا برێك دیاری نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، لەناو

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 111.
2 - أسد الغابة ج1ص62.
3 - الاستيعاب ج1 ص55، أسد الغابة ج1ص63.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 134.

ئەو دیاریانەدا ماریەی قیبطی و سیرینی قیبطی نارد کە هەردووکیان خوشك بوون، لەگەڵ کەنیزەکێکی تردا، هەموو ئەوانەی بە دیاری نارد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

حاطیب لەوێ کەوتە قسەکردن لەسەر ئیسلام بۆ ماریەو هانی دا تا موسڵمان بێت، ماریەش رازی بوو و موسڵمان بوو، ئینجا سیرینی خوشکیشی موسڵمان بوو.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ماریەی پێشکەش کرا ئەوی بردە ماڵی حارثەی کوڕی نوعمان و حارثە ئەو خانووەی چۆڵکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە ئەو خانووەی نزیك بوو لە مزگەوتەکەی پێغەمبەر (ﷺ).[3]

جا تۆمەتێك بڵاو کرایەوە گوایە مەئبوور دەستی تێکەڵ کردبێت لەگەڵ ماریەی کەنیزەکی پێغەمبەردا (ﷺ)، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) عەلی نارد و فەرمانی کرد بیکوژێت، کە عەلی چوو بۆ لای، بینی لە بیرێکدایە خۆی فێنك دەکاتەوە، عەلی پێی وت وەرە دەرەوە، دەستی گرت و هێنایە دەرەوە، دەبینێت گونی نیە، عەلی وازی لێهێنا و چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کەسە گونی نیە.[4]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە کاتێك عەلی بە شمشێرەوە چوو بۆی، مەئبوور لەسەر دارخورمایەك بوو، کە شمشێرەکەی بینی، ترس دایگرت و جلەکەی

1 - أسد الغابة، ج1، ص 529.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 212.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 212.

4 - صحيح مسلم، الرقم 5081، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13706.

فرێ دا و خۆی فڕێدایە خوارەوە، عەلی تەماشای کرد خەسێنراوە، بۆیە وازی لێهێنا و چوویەوە هەواڵی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا وا هاتووە کە مابوور زۆر دەچوو بۆ لای ماریە، پێغەمبەر (ﷺ) بەوە دلگران بوو و کاتێك عومەر گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) بە روخساریدا بینی بێتاقەتەو پرسیاری لێکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، عومەر شمشێرێکی هەلگرت و چوو بۆ لای ماریەو بینی خزمەکەی کە مابوورە لەوێیە، بە شمشێرەکەوە چوو بۆی، مابوور کە ئەوەی بینی ترسا و جلەکانی لەبەری لابرد و عومەر بینی کە گونی نیە گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵەکەی پێدا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (جبرائیل هات بۆ لام و هەواڵی پێدام کە خوا پاکی ماریەو خزمەکەشی نیشانداوەو لە سکی ماریەدا منداڵێك هەیە و ئەو منداڵەش لە هەموو کەس زیاتر لە من دەچێت و فەرمانیشی پێکردوم ناوی بنێم ئیبراهیم و کونیەی ئەبوئیبراهیمی لێناوم).[2]

چەند تێبینیەك لەسەر ئەم بەسەرهاتە:

یەکەم: قسەو قسەلۆکی خەلکی لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر بووە، جا دیارە کۆمەلگەی مەدینە دووڕووی زۆری تێدا بووەو ئەوانیش زۆر هەولیانداوە جەنگی ڕاگەیاندن دژ بە پێغەمبەر (ﷺ) بەکاربهێنن، چونکە زات و توانای شمشێر هەلگرتنیان نەبوو، بۆیە لە هەلوێستی وەك ڕووداوی ئیفك و ڕووداوگەلێکی تریشدا ئەم بارەیان نیشانداوە.

1 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 3774، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2767.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 700، قال ابن حجر و في سنده ابن لهيعة.

دووەم: ئەم رووداوە دوای رووداوی ئیفك روویداوە، بۆیە جێی گومانێکی زۆرە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لە رووداوی ئیفکدا ئەو هەمووە وەستا تا خوای گەورە بڕیاری لەسەردا و لەسەر بنەمای گومان هیچ حوکمێکی نەدا، ئێستا چۆن لەسەر قسەلۆکی خەڵك بڕیاری کوشتنی کەسێك دەدات سەبارەت بە ئابڕوو، یان دەکرێت بنەمای تر هەبووبێت بۆ رەوایی کوشتنی، کە ئەمەش ئەگەر وابوایە تەنها لەبەر خەسێنراویەکەی، عەلی وازی نەدەهێنا لە کوشتنەکەی.

سێیەم: خەڵکی لە رووداوی ئیفکەوە زانییان ئەگەر تۆمەتێك ببەخشنەوە چ سەخت لەسەریان دەکەوێت، بەتایبەت لەسەر خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە چۆن جارێکی دی هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە.

لە مانگی زیلحجەی ساڵی هەشتی کۆچی لە مەدینە لە ناوچەی (العالیة) ماریە منداڵی بوو،[1] لەو کاتەدا سەلمای مەولای ئەبوورافع لەوێ بوو، خێرا سەلما هەواڵەکەی گەیاند بە ئەبوورافع، ئەویش هەواڵەکەی گەیاند بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش بەندەیەکی پێبەخشی.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) ناوی منداڵەکەی نا ئیبراهیم وەك دەفەرموێت (سمیته باسم أبی إبراهیم)،[3] واتە(بەناوی ئیبراهیمی باوکمەوە ناوم ناوە).

ئوم بەردەی کچی مونذیری کوڕی زەیدی ئەنصاری کە ژنی بەرائی کوڕی ئەوس بوو هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای لێکرد تا شیرپێدانی ئیبراهیمی پێ

1 - الاستیعاب ج1 ص54، أسد الغابة ج1ص62.

2 - أسد الغابة ج1ص62، الاستیعاب ج1 ص54.

3 - صحیح مسلم، الرقم 4402، سنن أبي داود، الرقم 2768.

بسپێرێت، ئەم ئافرەتە ناوی خەولەی کچی مونذیر بوو لە بەنی مازن بوو، داوای کرد رۆژانە شیر بدات بە ئیبراهیم و دواتر بیباتەوە بۆ لای ماریەی دایکی، پێغەمبەریش (ﷺ) بەشە دارخورمایەکی هەبوو دای بە ئوم بەردە.[1]

پشتیوانان زۆر حەزیان دەکرد ئەرکی شیرپێدانی ئیبراهیم بگرنە ئەستۆ تا سەرقاڵی ماریە نەهێڵن چونکە دەیانزانی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ماریەی خۆشدەویت و تاسەی هەیە بۆی، بۆیە هەموان هەوڵیاندەدا ئەرکی شیرپێدانی بگرنەئەستۆ.[2]

ماریە تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا، ئەبووبەکری صدیق لە خیلافەتی خۆیدا بەخششی زۆری ماریەی دەکرد، دواتریش عومەر بەردەوام بەخششی دەکرد تا ئەوەی لە مانگی موحەڕەمی ساڵی شانزەی کۆچیدا ماریە وەفاتی کرد، عومەریش خەڵکی کۆکردەوە تا ئامادەی ئەسپەردەکردنی تەرمی ماریە بن لە بەقیع.[3]

ماریده (رضي الله عنها)

ناوی ماریدە یان ماریدیەیە، لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) رۆژێك وتاری دەدا بۆ ئافرەتان و ئامۆژگاری کردن و فەرمانی کرد لەخوا بترسن و گوێڕایەڵی پیاوەکانیان بن و خێر بکەن، ئینجا فەرمووی (هەتانە دەچێتە بەهەشت)، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پەنجەکانی کرد بەناو یەکدا و فەرمووی (زۆربەشتان سووتەمەنی دۆزەخن)، ماریدە یان ماریدیە وتی لەبەرچی ئەی

1 - الاستيعاب ج1 ص55،56.

2 - أسد الغابة ج1ص63، الاستيعاب ج1 ص55.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 112.

پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی (تكفرن العشير و تكثرن اللعن و تسوفن الخير)،[1] (چاکە بێ بەها دەکەن و زۆر نەفرەت دەکەن و خێر و چاکە دوادەخەن–ئەمڕۆ و سبەی پێ دەکەن– ).

ماعیز(رضي الله عنه)

ناوی ماعیزەو زانیاری وای لەبارەوە نەهاتووە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە دەڵێت پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) چ کارێك باشترینە؟ فەرمووی (إيمان بالله وحده، ثم الجهاد، ثم حجة برة تفضل سائر العمل كما بين مطلع الشمس إلى مغربها)،[2] (ئیمان بە خوای تەنها و دواتر جیهاد و دواتر حەجێکی وەرگیراو لە هەموو کارەکان باشترە وەك نێوانی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون).

ماعیزی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی ماعیزی کوڕی مالیکە، ماعیز هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاکم بکەرەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ماڵوێران بگەڕێرەوەو لای خوا داوای لێخۆشبوون بکەو بگەڕێرەوە بۆ لای خوا)، ئەویش گەڕایەوەو کەمێك چوو و دواتر هەمدی هاتەوەو هەمان داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش هەمان شتی پێ فەرموو، سێ جار ئەمە دووبارە بوویەوە، لە جاری چوارەمدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەسەر چی پاکت بکەمەوە؟ ئەویش وتی لە

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 3379، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 231، صححه شعيب الأرناؤوط.
2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 18616، صححه شعيب الأرناؤوط.

زینا، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە خەڵکەکە کرد ئەمە شێتیی لەگەڵ نیە؟ وتیان نا، فەرمووی مەی نەخواردوەتەوە؟ کەسێك هەستا و بۆنی کرد و بۆنی مەی نەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە ماعیزی فەرموو ئایا زینات کردووە؟ ماعیز وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد و رەجم کرا، جا خەڵکی دوو دەستە بوون، دەستەیەك دەیانوت ماڵوێران بوو تاوانی کرد و تاوانەکەی لەناوی برد، دەستەیەکیش دەیانوت چاکترین تەوبە ئەوەی ماعیزە، چونکە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و دەستی خستە دەستی و وتی بە بەرد بمکوژە، دوو سێ رۆژ خەڵکی ئاوا بوون، تا پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لایان و سەلامی کرد و دانیشت، فەرمووی (داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ ماعیزی کوڕی مالیك)، ئەوانیش نزایان بۆ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تەوبەیەکی کرد ئەگەر دابەش بکرایە بەسەر ئوممەتێکدا بەشی هەمووی دەکرد)،[1] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە فەرمووی (ئەگەر دابەش بکرایە بەسەر سەد کەسدا بەشی دەکرد).[2]

## مالیکی کوڕی رەبیعەی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی رەبیعەیە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، کونیەکەی ئەبووئوسەیدەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە فەتحی مەککەشدا ئاڵای بەنی ساعیدەی بەدەستەوە بوو.[3]

---

[1] - صحيح مسلم، الرقم 3293.

[2] - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6931.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 723.

مالیك دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بووین کە کەسێك لە بەنی سەلەمە هاتە خزمەتی و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش مەرگی دایك و باوکم هیچ چاکەیەکی تر دەمێنێت بەرامبەریان بینوێنم؟ فەرمووی (نعم، الصلاة عليهما والاستغفار لهما وإنفاذ عهودهما وإكرام صديقهما وصلة الرحم الذي لا رحم لك إلا من قبلهما)،[1] (بەڵێ، نوێژ لەسەرکردنیان و نزای لێخۆشبوون بۆیان و بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانیان و رێزگرتنی هاورێکانیان و پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ ئەوانەی تەنها بەهۆی دایك و باوکتەوە خزمتن).

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ ماڵی مالیك کاتێك منداڵێکیان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) منداڵەکەی گرتەکۆش و دواتر سەرقاڵ بوو بە شتێکی ترەوە، مالیك منداڵەکەی لابرد و بردیانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کە منداڵەکەی هاتەوە بیر فەرمووی کوا منداڵەکە؟ مالیك وتی برایەوە بۆ ماڵەوە، فەرمووی ناوی چیە؟ وتی ناوی ئەوەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵکو ناوی مونذیرە، ئەوەبوو ناوی نرا مونذیر.[2]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی راجیاییەکی زۆر هەیە، هەندێ دەڵێن لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کردووە، هەندێکی دی دەڵێنن لە ساڵی چلی کۆچیدا بووە، هەندێ دەڵێن لە ساڵی شەستی کۆچیدا بووەو تەمەنی لە کاتی وەفاتیدا حەفتاو پێنج یان حەفتاو هەشت ساڵان بووە.[3]

---

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 7330، صححه الذهبي في التلخيص.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 5845، صحيح مسلم، الرقم 4096، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5657.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 723.

## مالیکی کوڕی موڕارە

ناوی مالیکی کوڕی موڕارەیی رەهاویە، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) باسی ستەمی دەکرد و مالیکیش لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، مالیك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من کەسێکم وەك دەبینیت قۆزی زۆرم پێ بەخشراوەو حەز ناکەم کەس لە من بالاتر بێت، ئایا ئەوە لە ستەمە؟ فەرمووی (لیس لك بالبغي، إنما البغي من سفه الحق و غمط الناس)،[1] (ئەوە ستەم نیە، بەڵکو ستەم ئەوەیە کەسێك حەق بە کەم بگرێت و خەڵك بە کەم تەماشا بکات).

ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی موسلیمیشدا هاتووە بەڵام ناوی مالیك نەهاتووەو تەنها دەڵێت کەسێك وتی...[2]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی نووسی بۆ خەڵکی یەمەن و نامەکەی بە مالیکی کوڕی میرارەد نارد.[3]

## مالیکی کوڕی ثابت (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ثابتە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، واقیدی دەڵێت لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[4]

---

[1] - مسند احمد بن حنبل، الرقم 3911، صححه شعيب الأرناؤوط، قال أحمد شاكر في إسناده نظ و الراجح عندي أنه منقطع.

[2] - صحيح مسلم، الرقم 156.

[3] - سنن أبي داود، الرقم 2648، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3027.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 716.

مالیکی کوڕی جوبەیر (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی جوبەیری کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربووانی غەزای بەدر.[1]

مالیکی کوڕی حارثە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی حارثەی ئەسلەمیە، هاودەم بە شەش برای هەموو پێکەوە بەشداری بەیعەتی ریضوان بوون.[2]

مالیکی کوڕی حەیدە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی حەیدەیە، برایەکی هەبوو بە ناوی موعاویە، جارێك موعاویە بە مالیکی وت وەرە لەگەڵم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە ئەو تۆ دەناسێت و من ناناسێت، کەسێك لە دراوسێکانم لای ئەو دیلە، ئەوەبوو چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مالیك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من موسڵمان بووم و دراوسێکەشم موسڵمان بووە، دەی ئازادیان بکە، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، جاری دووەم دووبارەی کردەوەو پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوەو بە تووڕەییەوە هەستایەوەو فەرمووی (ئەگەر ئەوە بکەم خەڵکی دەڵێن خۆت فەرمان بە شتێك دەکەیت کەچی بۆ کەسی تر پەیڕەوی ناکەیت).[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 717.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 717.

[3] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6746، مسند احمد بن حنبل، الرقم 19549، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16419، حسنه شعيب الأرناؤوط.

## مالیکی کوڕی حوەیریث (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی حوەیریثی کوڕی ئەشیەمە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[1] مالیك دەڵێت هاودەم بە دەستەیەك لە هۆزەكەم هاتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ماوەی بیست شەو لەوێ ماینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) كەسێكی زۆر میهرەبان و نەرمونیان بوو، كە بینی تاسەی خزم و كەسوكار دەكەین فەرمووی (ارجعوا فكونوا فيهم وعلموهم وصلوا فإذا حضرت الصلاة فليؤذن لكم أحدكم وليؤمكم أكبركم)،[2] (بگەڕێنەوەو لەناو ئەواندا بن و فێریان بكەن و نوێژ بكەن، كە كاتی نوێژ هات با یەكێكتان بانگتان بۆ بدات و گەورەترینتان بەرنوێژیتان بۆ بكات).

## مالیکی کوڕی خەلەف (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی خەلەفە، لە غەزای ئوحوددا هاودەم بە نوعمانی برای لە پێشەوەی سوپا چوون تا هەواڵ وەربگرن، هەردووكیان لە غەزاكەدا شەهید بوون و لە یەك گۆڕیشدا پێكەوە ئەسپەردە كران.[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 719.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 610، صحيح مسلم، الرقم 1115.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 720.

## مالیکی کوڕی دوخشم (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی دوخشمە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و لە غەزاکەدا سوهەیلی کوڕی عەمری بەدیل گرت، جا تۆمەتی ئەوەی دەدرایە پاڵ کە مونافیقە، بەڵام ئەمە راست نیە.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو تا لە ماڵی عیتبانی کوڕی مالیکدا نوێژ بکات، هەموان کۆبوونەوەو مالیکی کوڕی دوخشوم ئامادە نەبوو، خەڵکەکە وتیان ئەو دوورووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (مەگەر شایەتی نادات کە هیچ پەروەردگارێ نیە جگە لە خوا و منیش نێردراوی خوام؟) وتیان با ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام ئەوەی لە دڵیدایە چی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا يشهد أحد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله فتطعمه النار)،[2] (کەس لە ئێوە نیە شایەتی بدات هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و من نێردروای خوام و دۆزەخ قووتی بدات).

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) مالیکی هاودەم بە میعەنی کوڕی عەددی نارد تا مزگەوتی ضیرار بسووتێنن.[3]

## مالیکی کوڕی رافیع (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی رافیعی زورقیە، برای ریفاعەی کوڕی رافیعە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، هاودەم بە ریفاعەی برای بەشداری غەزاکەی کرد.[4]

---

[1] - أسد الغابة، ج5، ص 23.

[2] - مستخرج أبي عوانة، الرقم 17.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 721.

[4] - سنن الدارمي، الرقم 1350.

## مالیکی کوڕی ڕەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی وەهبی قوڕەیشیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[1]

## مالیکی کوڕی ڕەبیعەی سەلولی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوری ڕەبیعەی سەلوولیەو کونیەکەی ئەبوومەریەمەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، مالیك دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو خوایە لەوانە خۆش بە کە سەریان دەتاشن-لە عومرەدا-، کەسێك هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانەش کە سەریان کورت کردوەتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی فەرمووی خوایە لەوانە خۆش بە کە سەریان دەتاشن؟ کابرا هەمدی دووبارەی کردەوە، تا سێ جار، لە جاری چوارەمدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەوانەش کە سەریان کورت دەکەنەوە.[2]

ئەم ڕووداوە لە عومرەی حودەیبیەدا بوو، لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێین مالیك لە بەیعەتی ڕیضوانیشدا بەشدار بووە.[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 724.

[2] - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 2973، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17262، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5410، صححه شعيب الأرناؤوط.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 724.

## مالیکی کوڕی زەمعە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی زەمعەی کوڕی قەیسی عامیریە، برای سەودەی دایکی باوەڕدارانە، یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی دووەمی حەبەشەو هاودەم بە خۆی ژنەکەشی بەشداری کۆچەکە بوو.[1]

## مالیکی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی سینانی کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە خودریەکان و باوکی ئەبووسەعیدی خودریە[2] و پێشتر لە پیتی (س) دا باسی ئەبووسەعیدی کوڕیمان کردووە کە ناوی سەعدە.

مالیك یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو،[3] لە غەزای ئوحوددا کە دەموچاوی پێغەمبەر (ﷺ) بریندار بوو، مالیك چوو خوێنەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لێسایەوە و قووتی دا، جا پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (کێ حەز دەکات کەسێك ببینێت کە خوێنم تێکەڵی بووە با تەماشای مالیکی کوڕی سینان بکات).[4]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 726.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 727.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 727.
[4] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6421، قال الذهبي اسناده مظلم.

### مالیکی کوڕی صەعصەعە (رضي الله عنه)

**ناوی مالیکی کوڕی صەعصەعەی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، فەرموودەی ئیسراو میعراجی گێڕاوەتەوە.[1]**

### مالیکی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

**ناوی مالیکی کوڕی عامیرەو لەو هاوەڵانەیە کە زۆر تەمەنی کردووەو کەسێکی شاعیریش بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، تا خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش ژیا و لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری کرد.[2]**

### مالیکی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه)

**ناوی مالیکی کوڕی عەبدوڵای کوڕی خەیبەریە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، مالیك دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی مەروان و ئیاس کە هەردووکیان شاعیر بوون.[3]**

### مالیکی کوڕی عەبدوڵای خوزاعی (رضي الله عنه)

**ناوی مالیکی کوڕی عەبدوڵایەو بەشداری غەزاکان بووە لە گەڵ پێغەمبەر (ﷺ)، مالیك دەڵێت من لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزا بوم، کەسم نەدیوە هێندەی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژە فەرزەکان بە کورتی بکات.[4]**

---

[1] - أسد الغابة، ج5، ص 28.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 729.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 730.

[4] - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 4592، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21393، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5424، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

## مالیکی کوڕی عەتاهیە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەتاهیەیە، مالیك دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (هەرکەستان بینی دەیەکی وەردەگرت بیکوژن).[1] مەبەست بەو کەسانەیە کە لەو زەکاتەی کۆیان دەکردەوە دەیەکیان دەبرد بۆ خۆیان.

مالکی کوڕی عەتاهیە دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[2]

## مالیکی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەمرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

## مالیکی کوڕی عەمری تەمیمی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەمری تەمیمیەو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[4]

## مالیکی کوڕی عەمری عەدوی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەمری عەدویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

---

[1] - مسند احمد بن حنبل، الرقم 17717، مسند الروياني، الرقم 1444، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16426، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 734.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 736.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 737.

[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 739.

مالیکی کوڕی عەمری عدوانی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەمری عداونیەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

مالیکی کوڕی عەمری نەجاری (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەمری کوڕی عەتیکە، لە پشتوانانە لە بەنی نەجار، ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچێت بۆ غەزای ئوحود مالیك وەفاتی کرد و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد.[2]

مالیکی کوڕی عەمری ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەرمی ئەسەدیەو زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[3]

مالیکی کوڕی عەوف (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عەوفی کوڕی سەعدە، کونیەکەی ئەبووعەلیە، لە غەزای حونەیندا سەرکردەی بێباوەڕان بوو، لەوێ ژن و منداڵ و سامانی دەستی بەسەردا گیرا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر بە موسڵمانی بهاتایە بۆ لام، ژن و منداڵ و سامانەکەیم بۆ دەگێڕایەوە)، مالیکیش ئەوەی بیستەوەو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك لە جەعرانە بوو، لەوێ موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ)

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 738.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 736.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 737.

بەڵێنەکەی بردە سەر، هەروەها سەد وشتری پێدا وەك چۆن بە دڵراگیرکراوانی تری دەبەخشی، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کردی بە بەرپرسی هۆزەکەی خۆی، مالیك دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی قادسیە و فەتحی دیمەشقیشدا بەشداری کرد.[1]

## مالیکی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی عومەیرە، ئەم هاوەڵە شاعیر بوو، مالیك دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری فەتحی مەککەو غەزای خەیبەر و طائیفیش بووم، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە شیعر فەتوام بۆ بدە، ئەویش فەرمووی (لأن یمتلئ ما بین لبتك إلی عاتقك قیحا خیر من أن یمتلئ شعرا)، (ئەگەر نێوانی قورقوراگەت تا سەرشانت رشانەوە بێت باشترە لەوەی پڕ بێت لە شیعر) منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستت بهێنە بەسەر سەرمدا، ئەویش دەستی هێنا بەسەر سەرمدا، دوای ئەوە دێرە شیعرێکیش چیە نەموتووە، مالیك تەمەنێکی زۆری کرد تا پیر بوو کەچی شوێن دەستەکەی پێغەمبەر (ﷺ) سپی نەبووبوو.[2]

## مالیکی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی قەیسی کیلابیەو هاودەم بە عەمری کوڕی هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوون.[3]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 742-743.
[2] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16410،
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 746.

## مالیکی کوڕی قودامە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی قودامەی کوڕی عورفجەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

## مالیکی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی مەسعوودە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

## مالیکی کوڕی نەضلە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی نەضلەیە، مالیك دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (الأيدي ثلاثة، فيد الله العليا، ويد المعطي التي تليها ويد السائل السفلى، فأعط الفضل، ولا تعجز عن نفسك)،[3] (دەستەکان سێ دەستن، دەستی خوا بالآیە، دەستی بەخشندە بەدوایدا دێت و دەستی داواکاریش لەخوارەوەیە، دەی زیادە ببەخشەو خۆیشت پەك مەخە).

مالیکی کوڕی نەضلە دەڵێت من کەسێك بووم شێواوی و دیمەنی جلی شڕ و سەرقاڵیم پێوە دیاربوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم سامانت هەیە؟ وتم بەڵێ،

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 745.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 751.

[3] - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2270، صحيح ابن حبان، الرقم 3421، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1420، سنن أبي داود، الرقم 1419، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15584، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1649.

فەرمووی لە چ سامانێ وتم لە هەرچیەك خوا پێی بەخشیوم، چ وشتر و چ کۆیلە و چ مەڕومالآت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إذا آتاك الله مالا فلير عليك)،[1] (ئەگەر خوا سامانێکی پێ بەخشیت با پێتەوە دیار بێت)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەگەر چووم بۆ لای کەسێك و ڕێزی نەگرتم و جوان پێشوزای نەکردم، کە ئەو هات بۆ لای من، منیش هەمان وەڵامی بدەمەوە چۆنە؟ فەرمووی (نا بەڵکو جوان پێشوازی لێ بکە).[2]

## مالیکی کوڕی نومەیلە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی نومەیلەیە، لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو.[3]

## مالیکی کوڕی هوبەیرە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی هوبەیرەی کوڕی خالیدی سکوونیە، کونیەکەی ئەبووسەعیدە، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو، تا سەردەمی مەڕوانی کوڕی حەکەم ژیا و لەو سەردەمەدا وەفاتی کرد.[4]

---

[1] - صحيح ابن حبان، الرقم 5493، سنن الترمذي، الرقم 1978 و قال حسن صحيح، سنن أبي داود، الرقم 3559، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9239، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15581، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2006.

[2] - صحيح ابن حبان، الرقم 5493، صححه شعيب الأرناؤوط.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 754.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 756.

مالیکی کوڕی هوبەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ما من مسلم یموت فیصلي علیه ثلاثة صفوف من المسلمین إلا أوجب)،[1] (هەر موسڵمانێك بمرێت و سێ ریز لە موسڵمانان نوێژی لەسەر بکەن ئەوە واجب دەبێت بۆی–بەهەشت).

مالیکی کوڕی ئەبی خەولی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ئەبی خەولی کوڕی عەمرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[2]

مالیکی کوڕی ئەحمەر (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ئەحمەرە، مالیك دەڵێت کاتێك بیستم پێغەمبەر (ﷺ) گەڕاوەتەوە، چووم بۆ لای و موسڵمان بووم، داوام لێکرد نامەیەکم بۆ بنووسێت، پێغەمبەریش (ﷺ) لەسەر پارچە پێستەیەك بۆی نووسیم.[3]

مالیکی کوڕی یەسار (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی یەساری سەکوونی عەوفیە، مالیك دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إذا سألتم الله فاسألوه ببطون أكفكم، ولا تسألوه بظهورها)،[4] (ئەگەر داواتان لە خوا کرد ئەوە بەناو لەپی دەستتان داوا بکەن نەك بە پشتی دەستتان).

---

[1] - سنن أبي داود، الرقم 2769، حسنه شعيب الأرناؤوط، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3166.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 721.

[3] - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 6940.

[4] - سنن أبي داود، الرقم 1284، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1486 حسن صحيح.

## مالیکی کوڕی ئەوس (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانەو یەکیکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزای خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) هاودەم بە عومەیری برای پێکەوە بەشداری جەنگی یەمامە بوون و تیایدا هەردووکیان شەهید بوون.[1]

## مالیکی کوڕی یوخامیر (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی یوخامیر یان ئوخامیرە، مالیك دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (خوا لە ڕۆژی دواییدا تەوبە و تکا لە صوقور وەرناگرێت)، وتمان صوقور کێیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەو کەسەی پیاوان دەچنە ژوورەوە بۆ لای ژنەکەی).[2]

## مالیکی کوڕی ئومەییە (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەمرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 712.

[2] - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 10354.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 708.

## مالیکی کوڕی ئیاس (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی ئیاسە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[1]

## مالیکی کوڕی هەدم (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی کوڕی هەدمی تجیبیە، مالیك دەڵێت لە غەزایەکدا کە عەمری کوڕی عاص ئەمیرمان بوو و عومەری کوڕی خەططاب و ئەبووعوبەیدەش لەگەڵمان بوون تووشی نارەحەتیەکی سەخت بووین، ئیبن حەجەر دەڵێت ئەوەش غەزای ذاتوسەلاسیل بوو لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ).[2]

## مالیکی هەمەدانی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی نەمەطی کوڕی قەیسی هەمەدانی ئەرحەبیە، هاودەم بە وەفدی هەمەدانیەکان هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[3]

## مالیکی هیلالی (رضي الله عنه)

ناوی مالیکی هیلالیە، مالیك دەڵێت کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی ئەعراف کێن؟ فەرمووی (قوم خرجوا في سبيل الله عز وجل بغير إذن آبائهم، فاستشهدوا فمنعتهم الشهادة أن يدخلوا النار، ومنعتهم المعصية أن يدخلوا الجنة)،[4]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 712.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 757.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 752.

[4] - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3684، مسند الحارث، الرقم 700.

(قەومێکن لە ڕێی خوادا بێ مۆڵەتی باوکانیان دەرچون و شەهید بوون و شەهیدیەکەیان ڕێ نادات بچنە دۆزەخ و سەرکەشیەکەشیان ڕێ نادات بچنە بەهەشت).

مەثعەب (رضي الله عنه)

ناوی مەثعەبە، مەثعەب دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزا بووم، هەر چەند کەسەو سوارێکیان پێ بوو و بەسەرە سوار دەبوون، بەڵام من سوارم نەبوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) جارجارە دادەبەزی و بە منی دەفەرموو سەرکەوە، منیش دەموت توانام هەیە بە پێ بچم، چەند جارێ ئەوەی دەکرد، دواجار فەرمووی (تۆ دەڵێیت ڕێڕەوی ئاوی–مەثعەبیت–)، ئیتر ئەو ناوە جوانترین ناو بوو لەلام.[1]

مەحموودی کوڕی ڕەبیع (رضي الله عنه)

ناوی مەحموودی کوڕی ڕەبیعی کوڕی سوراقەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[2] مەحموود دەڵێت من تەمەنم پێنج ساڵان بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) ئاوی لە دەمی رادا و رشتی بەسەر دەموچاومدا.[3]

مەحموود دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستنوێژی دەگرت، هاوەڵان خەریك بوو بنەونە شەڕ لەسەر زیادەی ئاوی دەستنوێژەکەی.[4]

[1] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17629.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 39.
[3] - صحيح البخاري، الرقم 77.
[4] - صحيح البخاري، الرقم 185.

مەحموودی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی مەحموودی کوڕی عومەیری کوڕی سەعدە، لە پشتیوانانە، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە تایبەتە بە عیتبانی کوڕی مالیك.[1]

مەحموودی کوڕی لەبید (رضي الله عنه)

ناوی مەحموودی کوڕی لەبیدە، مەحموود دەڵێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (ئەی خەڵکینە وریای شیرکی نهێنی بن)، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) شیرکی نهێنی چیە؟ فەرمووی (کەسێك هەستێت و بە جوانی و وردی نوێژەکەی بکات لەبەر ئەوەی دەبینێت خەڵکی تەماشای دەکەن، ئەوە شیرکی نهێنیە).[2]

مەحموودی کوڕی مەسلەمە (رضي الله عنه)

ناوی مەحموودی کوڕی مەسلەمەیەو برای موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، ئەم هاوەڵە لە ژیانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بەشداری غەزاکانی کرد و شەهید بوو، مەحموود لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و لە حودەیبیە و خەیبەریشدا بەشداری کرد و لە خەیبەردا شەهید بوو، لەسەر دەستی مەرحەبی جوولەکە بریندار کرا و ماوەی سێ ڕۆژ بە برینداری مایەوە تا دواتر وەفاتی کرد، دواتر موحەممەدی برای مەرحەبی جوولەکەی کوشت.[3]

---

[1] - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10500.

[2] - صحيح ابن خزيمة، الرقم 888.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص42-43.

مەحمیە (رضي الله عنه)

ناوی مەحمیەی کوڕی جەزئە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوەو کۆچی کرد بۆ مەدینە، یەکەم غەزای کە تیایدا بەشداری کرد بریتی بوو لە غەزای مورەیسیع.[1]

مەحیاتی کچی ئەبی نائیلە(رضي الله عنها)

ناوی مەحیاتی کچی ئەبی نائیلەیە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

مەخرەبەی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه)

ناوی مەخرەبەی کوڕی ثەعلەبەی عەبدیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[3]

مەخرەبەی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی مەخرەمەی کوڕی عەددیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 44.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 117.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص48.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص48.

### مەخرەمەی کوڕی قاسم (رضي الله عنه)

ناوی مەخرەمەی کوڕی قاسمی قوڕەیشیە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کۆڵ خورمای بۆ بڕیەوە.[1]

### مەخرەمەی کوڕی نەوفەل (رضي الله عنه)

ناوی مەخرەمەی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئوهەیبە، دایکی ناوی روقییەی کچی ئەبی صەیفیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەیندا نزیکەی سەد وشتری بەخشی بە مەخرەمە وەك چۆن بە دڵراگیرکراوانی تری بەخشی.[2]

### مەخلەدی کوڕی پەعلەبە (رضي الله عنه)

ناوی مەخلەدی کوڕی پەعلەبەی کوڕی مازنە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

### مەخلەدی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی مەخلەدی کوڕی عەمری کوڕی جەمووحە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای موئتەو لەو غەزایەدا شەهید بوو.[4]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص49.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 50-51.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص53.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص54.

مەدلووك (رضي الله عنه)

ناوی مەدلووکە، مەدلووك دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووم، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەرمدا.[1]

مەرثەدی کوڕی ظەبیان (رضي الله عنه)

ناوی مەرثەدی کوڕی ظەبیانی کوڕی سەلەمەی سەدووسیە، یەکێکە لە کۆچەران و لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[2]

مەرثەد دەڵێت نامەیەکی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) پێگەیشت، کەسمان دەست نەکەوت بیخوێنێتەوە بۆمان تا کەسێك لە بەنی ضوبەیعە بۆی خوێندینەوەو تیایدا هاتبوو (لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆ بەکری کورشی وائیل، موسڵمان بن پارێزراو دەبن).[3]

مەرثەدی کوڕی ئەبی مەرثەد(رضي الله عنه)

ناوی مەرثەدی کوڕی ئەبی مەرثەدی غەنەویە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون و هەردووکیان لە غەزای بەدردا بەشدار بوون.[4]

مەرثەد دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إن سركم أن تقبل صلاتكم فليؤمكم خياركم فإنهم وفدكم فيما بينكم وبين ربكم عز وجل)،[5] (ئەگەر پێتان خۆشە

[1] - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5754.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 68.

[3] - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20140، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5603.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص70.

[5] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4933، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17559.

نوێژەکانتان قبووڵ بکرێن ئەوە با چاکترینەکانتان بەرنوێژیتان بۆ بکەن، چونکە ئەوانە وەفدی ئێوەن لەنێوان خوا و پەروەردگارتاندا).

مەرزەبانی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی مەرزەبانی کوڕی نوعمانی کیندیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

مەرزووق (رضي الله عنه)

ناوی مەرزووقەو یەکێکە لەوانەی لە طائیف دابەزین بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هەموویانی ئازاد کرد، ژمارەشیان سەروو سیانزە کۆیلەیەك دەبوو.[2]

مەڕوانی کوڕی جیذع (رضي الله عنه)

ناوی مەڕوانی کوڕی جیذعە، مەڕوان هاودەم بە باوکی موسڵمان بوو، هەروەها مەڕوان ئەمینداری پێغەمبەر (ﷺ) بوو لەسەر پشکەکانی خەیبەر.[3]

مەڕوانی کوڕی قەیسی دەوسی (رضي الله عنه)

ناوی مەڕوانی کوڕی قەیسی دەوسیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، مەڕوان کاتێك ویستی کۆچ بکات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، بە وشترێکی ثەقەفیەکانەوە دەرچوو، ئەوانیش کەوتنە دوای و وشترەکەو چی پێ بوو لێیان

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 76.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 77.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 81.

سەند، کە پێغەمبەر (ﷺ) لە حونەین هاتەوە مەڕوان سکاڵای حاڵی خۆی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو دوو غوڵام لە هەوەزانیەکان ببە کە گەیشتیت پێیان، ئەوەبوو مەڕوان چوو و دوو مێردمنداڵی لەوان برد و ئەوانی هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی بۆ من دەبن، پاش گفتگۆ و بەسەرهاتێکی زۆر مەڕوان هەردووکیانی ئازاد کرد.[1]

### مەڕوانی کوڕی قەیسی ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی مەڕوانی کوڕی قەیسی ئەسەدیە، مەڕوان دەڵێت کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم وەفاتی کردووەو مەرجی لەسەر خۆی دانابوو کە بە پیادە بچێت بۆ مەککەو لەوێ قوربانیەك بکات، بەڵام هیچ سامانی پاش خۆی جێنەهێشتووە، ئایا دەکرێت ئێمە لە سامانی خۆمان لەبری ئەو مەرجەکەی بەجێ بێنین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نعم اقض عنه وانحر وامش، أرأيت لو كان على أبيك دين لرجل فقضيت عنه من مالك ألیس يرجع الرجل راضيا؟ والله أحق أن يرضى)،[2] (بەڵێ لەبری ئەو بیکەو قوربانیەکە بکەو بە پیادە برۆ، ئایا ئەگەر باوکت قەرزی پیاوێکی لابێت و تۆیش لە سامانی خۆت بیدەیتەوە کابرای خاوەن قەرز رازی نابێت؟ دەی خوا شیاوترە بە رازی بوون).

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص83-84.

[2] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17625.

مەسرووقی کوڕی وائیل (رضي الله عنه)

**ناوی مەسرووقی کوڕی وائیلەو لەناو وەفدی حەضرەمیەکاندا چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]**

مەسعوودی خزمەتکار (رضي الله عنه)

**ناوی مەسعوودەو خزمەتکاری فەروە بوو، بەشدار بوو لە غەزای مورەیسیعدا و ڕێنوێنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە کاتی کۆچی بۆ مەدینە.[2]**

**مەسعوود دەڵێت لە کاتی چوون بەرەو مەدینە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر دایان بەلامدا و ئەبووبەکر وتی ئەی مەسعوود بڕۆ بە گەورەکەت بڵێ با ڕێنوێنێکمان لەگەڵ بنێرێت هاودەم بە وشترێك و بڕێ توێشوو، منیش چووم پێم وت، ئەویش منی نارد و وشترێك و بڕێك شیریشی پێدا ناردم، چووم بۆ لایان و پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد و ئەبووبەکریش لە دوایەوە لە ڕاستەوە بوو، منیش لەدوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەستام، پێغەمبەر (ﷺ) بە دەستی پاڵی نا بە سنگی ئەبووبەکرەوە تا بێتە دواوە، ئیتر هەردووکمان لە دواوە وەستاین.[3]**

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص92.

[2] - أسد الغابة، ج5، ص 174.

[3] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17566.

مەسعوودی کوری روخەیلە (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی روخەیلەی ئەشجەعیە، لە غەزای ئەحزابدا هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر موسڵمان بوو و بە دروستی باوەڕی هێنا.[1]

مەسعوودی کوڕی خالید (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی خالیدە، مەسعوود دەڵێت جارێك بەرخێکم نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر چووم بۆ ئیشێك، پێغەمبەر (ﷺ) نیوەی گێڕابوویەوە، کە هاتمەوە بۆ لای ئومموخوناس دەبینم گۆشتیان لایە، وتم ئەی ئومموخوناس ئەوە چیە؟ وتی خۆشەویستت ئەوەی لەو بەرخە بۆ ناردینەوە کە بۆت ناردبوو، منیش وتم ئەی بۆچی لە بەیانیەوە دەرخواردی منداڵەکانت نەداوە؟ ئەویش وتی ئەوە لێیان ماوەتەوەو هەموویان خواردوویانە.[2]

مەسعوودی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عەمرە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمەوە، دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ پێغەمبەر (ﷺ) کە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان مەسعوود و عوبەیدی کوڕی تیهانەوە، مەسعوود لە غەزای

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 98.

[2] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17576، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5560.

بەدردا بەشداری کرد، لەساڵی سی کۆچیدا وەفاتی کرد و تەمەنی سەروو شەست ساڵان دەبوو.[1]

مەسعوودی کوڕی زوراره (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی زورارەیەو برای ئەسعەدی کوڕی زورارەیە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[2]

مەسعوودی کوڕی سەعد (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی سەعد یان کوڕی عەبدسەعدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

مەسعوودی کوڕی سەعدی زورقی (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی سەعدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد و لە غەزای خەیبەردا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[4]

---

[1] - أسد الغابة، ج5، ص 169.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص98.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص99.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص99.

مەسعوودی کوڕی سوەید (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی سوەیدی قورەیشی عەدویە، یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی بەنی عەددی کە حەفتا کەس بوون، لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[1]

مەسعوودی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی سینانی کوڕی ئەسوەدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، هەروەها بەشداربوو لە کوشتنی ئیبن ئەبیلحوقەیقدا، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

مەسعوودی کوڕی عەبدە (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی عەبدەیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی نیار، باوك و کوڕ پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد.[3]

مەسعوودی کوڕی وائیل (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی عەمری قاریئە، زۆر زوو موسڵمان بوو و بەردەوام لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوو، لە غەزای حونەیندا بەشدار بوو و سەرپەرشتی دەستکەوتەکانی دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد لە جەعرانە کەنیزەك و سامانەکان بپارێزێت.[4]

---

[1] - أسد الغابة، ج5، ص 171-172.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص100.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص101.
[4] - أسد الغابة، ج5، ص 173.

## مەسعوودی کوڕی وائیل (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی وائیلە، مەسعوود چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پاشان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەز دەکەم کەسێك بنێریت بۆ ناو هۆزەکەم تا بانگیان بکات بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا ڕێنموونییان پێ ببەخشێت، پێغەمبەریش (ﷺ) بە موعاویەی فەرموو بۆی بنووسە، موعاویە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن بۆی بنووسم؟ فەرمووی بنووسە: بسم الله الرحمن الرحيم، لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە...[1]

## مەسعوودی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی ئەسوەدی قوڕەیشی عەدویەو ناسراوە بە ئیبنولعەجما،[2] مەسعوود دەڵێت کاتێك ئافرەتێك جلێکی لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) دزی، ئەوەمان لا قورس بوو، چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و قسەمان لەگەڵ کرد و وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە چل ئۆقیە قەرەبووی دەکەینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (پاك ببێتەوە باشترە بۆی)، ئێمەش کە ئەوەمان بیست ئوسامەی کوڕی زەیدمان نارد بەڵکو سکاڵا بکات، کە پێغەمبەر (ﷺ) بینی زۆر لەسەری دەچین، هەستا و فەرمووی (يا أيها الناس ما إكثاركم في حد من حدود الله وقع على أمة من إماء الله والذي نفس محمد بيده، لو كانت فاطمة بنت محمد نزلت

[1] - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5561.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 93.

بالذي به هذه المرأة لقطع محمد يدها)،[1] (ئەی خەڵکینە، چیە بۆ وا زۆر لەسەر حەددێکی خوایی دەچن کە لەسەر ئافرەتێك لە بەندەکانی خوا پەیڕەو بکرێت، سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئەگەر فاطیمەی کچی موحەممەد ئەوەی بکردایە کە ئەو ئافرەتە کردوویەتی ئەوە موحەممەد دەستی فاطیمەی دەبڕی).

مەسعوود یەکێك بوو لە کۆچەران و یەکێکیش بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[2]

## مەسعوودی کوڕی ئەوس (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی ئەوسی کوڕی ئەصرەمە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد،[3] لە فەتحی میصردا بەشداری کرد،[4] رایەك دەڵێت لە خیلافەتی عومەردا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیا و لەناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[5]

---

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 8216، سنن ابن ماجة، الرقم 2544، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17574، صححه الذهبي في التلخيص، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2548.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص93.

[3] - أسد الغابة، ج5، ص 166.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص96.

[5] - أسد الغابة، ج5، ص 166.

مەسعوودی لەخمی (رضي الله عنه)

ناوی مەسعوودی کوڕی ضەححاکی لەخمیە، مەسعوود دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ناوی گۆڕیم بە موطاع و فەرمووی تۆ لەناو هۆزەکەتدا گوێڕایەڵ کراویت، ئینجا منی ناردەوە بۆ ناو هۆزەکەم و ئاڵایەکیشی دایە دەستم.[1]

مەسلەمەی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی مەسلەمەی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، مەسلەمە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (استشرت جبريل عليه السلام في اليمين مع الشاهد فأمرني بها)،[2] (راوێژم کرد بە جیبریل سەبارەت بە سوێند لەگەڵ شاهیددا، ئەویش فەرمانی پێکردم وابکەم).

مەسلەمەی کوڕی موخەللەد (رضي الله عنه)

ناوی مەسلەمەی کوڕی موخەللەدە، مەسلەمە دەڵێت کە پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەدینە لەدایك بووم، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنم دەساڵان بوو.[3]

مەسلەمە لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و بەشێکی سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا والی میصر بوو و هەم میصر و هەم مەغریبی ئیسلامیشی بەدەستەوە بوو، لە ساڵی شەست و دووی کۆچی لە میصر وەفاتی کرد، رایەکیش

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص100.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5479.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16800، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 35937.

دەڵێت بەڵکو گەڕایەوە بۆ مەدینەو لە ساڵی شەست و دووی کۆچیدا لە مەدینە وەفاتی کرد.[1]

مەطەری کوڕی هیلال (رضي الله عنه)

ناوی مەطەری کوڕی هیلالەو هاودەم بە زاریع و ئەشەج هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).[2]

مەعبەدی کوڕی عەبباد (رضي الله عنه)

ناوی مەعبەدی کوڕی عەببادی کوڕی قوشەیرە، لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدر[3] و ئوحوددا بەشداری کرد.[4]

مەعبەدی کوڕی خالید (رضي الله عنه)

ناوی مەعبەدی کوڕی خالیدی جوهەنیە، زۆر زوو موسڵمان بوو، یەکێکیش بوو لە بەشداربوانی فەتحی مەککەو ئاڵایەکی هۆزەکەی بە دەستەوە بوو.[5]

مەعبەدی کوڕی عەبدسەعد (رضي الله عنه)

ناوی مەعبەدی کوڕی عەبدسەعدە، لە پشتیوانانەو لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و هاودەم بە خۆیشی تەمیمی کوڕیشی بەشداری کرد.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 117.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص129.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص166.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 544.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص165.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص166.

مەعبەدی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی مەعبەدی کوڕی قەیسی کوڕی صەخرە، لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

مەعبەدی کوڕی مەخرەمە (رضي الله عنه)

ناوی مەعبەدی کوڕی مەخرەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

مەعبەدی کوڕی وەهب (رضي الله عنه)

ناوی مەعبەدی کوڕی وەهبی عەبدیە، لە پشتیوانانە، لە سەردەمی نەفامیدا زۆر دەچوو بۆ حەج، دواتر موسڵمان بوو و یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر و بە دوو شمشێر جەنگی دەکرد.[3]

مەعدانی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی مەعدانی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی سەلەمەی کیندیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص168.
2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج3، ص 1428.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص171.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص176.

### مەعقیلی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی مەعقیلی کوڕی سینانەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پارچە زەویەکی بۆ بڕیەوە، مەعقیل لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و ئاڵای هۆزەکەی بەدەستەوە بوو.[1]

### مەعقیلی کوڕی موقەرین (رضي الله عنه)

ناوی مەعقیلی کوڕی موقەرینی موزەنیە، شەش برای تری هەبوو کە هەموویان هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، دواتر چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو.[2]

### مەعقیلی کوڕی مونذیر (رضي الله عنه)

ناوی مەعقیلی کوڕی مونذیری کوڕی سەرحە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

### مەعقیلی کوڕی یەسار (رضي الله عنه)

ناوی مەعقیلی کوڕی یەساری کوڕی عەبدوڵایە، پێش ڕێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو و بەشداری کرد لە بەیعەتی ریضواندا، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا وەفاتی کرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 181-182.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 183.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص184.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص184-185.

مەعقیل دەڵێت خوشكێكی خۆمم بەشوودا، دواتر مێردەكەی تەڵاقی دا، جا كە ماوەكەی تەواو بوو مێردەكەی هاتەوە تا داوای بكاتەوە، منیش رازی نەبووم و وتم بەخوا هەرگیز نایبەیتەوە، كابراش كابرایەكی خراپ نەبوو، خوشكەكەشم دەیویست بچێتەوە بۆ لای مێردەكەی، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۗ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٢﴾)، منیش وتم ئێستا رازیم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش فەرمووی دەی مارەی بكە لێی.[1]

مەعقیل لە سەرەمەرگیدا بوو كە فەرموودەیەكی گێڕایەوەو وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ما من وال يلي رعية من المسلمين فيموت وهو غاش لهم، إلا حرم الله عليه الجنة)،[2] (هەر بەرپرسێك خوای گەورە كاری برێك موسڵمانی پێ بسپێرێت، ئەو رۆژەی دەمرێت و غەشی كردبێت لەو موسڵمانانە، ئەوە خوا بەهەشتی لەسەر حەرام دەكات).

1 - صحيح البخاري، الرقم 4838.

2 - صحيح البخاري، الرقم 6751، صحيح مسلم، الرقم 229.

### مەعقیلی کوڕی ئەبی مەعقیل (رضي الله عنه)

ناوی مەعقیلی کوڕی ئەبی مەعقیلی ئەسەدیە، مەعقیل دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێکردین لە کاتی چوونەسەرئاو رووبکەینە قیبلە.[1]

مەعقیل دەڵێت دایکم ویستی حەج بکات، بەڵام وشترەکەی لەڕ و لاواز بوو، جا ئەوە باس کرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (اعتمري في رمضان، فإن عمرة في رمضان كحجة)،[2] (لە رەمەزاندا عومرە بکە، چونکە عومرەیەك لە رەمەزاندا وەك حەجێك وایە).

### مەعمەری سەهمی (رضي الله عنه)

ناوی مەعمەری کوڕی حارثی کوڕی قەیسی قورەیشی سەهمیە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[3]

### مەعمەری کوڕی حارث (رضي الله عنه)

ناوی مەعمەری کوڕی حارثی کوڕی مەعمەری قورەیشی جومەحیە، پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتەماڵی ئەرقەمەوە ئەم هاوەڵە موسڵمان بوو، لە کۆچی حەبەشەو غەزای بەدردا بەشداری کرد.[4]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 9، سنن ابن ماجة، الرقم 317، سنن الترمذي، الرقم 8، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17506، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 8.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17507، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص186.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص186.

### مەعمەری کوڕی حەبیب (رضي الله عنه)

ناوی مەعمەری کوڕی حەبیبە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

### مەعمەری کوڕی حەزم (رضي الله عنه)

ناوی مەعمەری کوڕی حەزمی کوڕی یەزیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان و دواتریش لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە لەگەڵ نۆ کەسی تردا ناردی بۆ بەصرە.[2]

### مەعمەری کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی مەعمەری کوڕی رەبیعەی کوڕی هیلاە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش بەشداری غەزاکان بوو و لە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە ساڵی سی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

### مەعمەری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه)

ناوی مەعمەری کوڕی عەبدوڵای قورەیشی عەدویە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هەردوو کۆچی حەبەشە و مەدینەشی کرد.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج5، ص 247.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص187.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص188.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص188.

مەعمەر دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (لا يحتكر إلا خاطىء)،[1] (هەرکەس ئیحتیکار–قۆرخکاری– بکات ئەوە هەڵەکارە).

مەعمەری کوڕی عوثمان

ناوی مەعمەری کوڕی عوثمانی کوڕی عەمرە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەو هاودەم بە خۆیشی عەبدوڵای کوڕیشی موسڵمان بوو.[2]

مەعنی کوڕی حەرمەلە

ناوی مەعنی کوڕی حەرمەلەیە و دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

مەعنی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی مەعنی کوڕی عەددی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان مەعنی کوڕی عەددی و زەیدی کوڕی خەططاب ەوە، لە غەزای بەدر و ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 3098، صحيح ابن حبان، الرقم 2497، سنن الدارمي، الرقم 2497، سنن ابن ماجة، الرم 2151، سنن الترمذي، الرقم 1225، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15453.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص190.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 191.

4 - أسد الغابة، ج5، ص 251.

مەعنی کوڕی فەضالە (رضي الله عنه)

ناوی مەعنی کوڕی فەضالەیەو هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا، موعاویەش کردی بە والی یەمەن.[1]

مەعنی کوڕی یەزید (رضي الله عنه)

ناوی مەعنی کوڕی یەزیدی کوڕی ئەخنەسە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو، بەشداری فەتحی دیمەشق و هەنگاوەکانی تری فتووحاتی کرد.[2]

مەعن دەڵێت من و باوکم و باپیرم بەیعەتمان دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، داوای کچم کردو لێی مارە کردم، باوکم بڕێ دیناری دانابوو بۆ خێر و لای کەسێك لە مزگەوت دابنابوو، منیش چووم و پارەکەم هەڵگرت و هێنام، باوکم وتی بەخوا بۆ تۆم نەبوو، منیش چووم لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵام کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئەی یەزید ئەوەت بۆ هەیە کە نیەتت لێ هێناوە، ئەی مەعن تۆیش ئەوەت بۆ هەیە کە هەڵتگرت).[3]

1 - أسد الغابة، ج5، ص 251.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 192.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1367، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15555.

مەلەکان (رضي الله عنه)

ناوی مەلەکانی کوڕی عەبدەیە، لە پشتیوانانە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەردا سی کۆڵی پێ بەخشی.[1]

مەندووس (رضي الله عنه)

ناوی مەندووسەو فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە، مەندووس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لو كان الدين معلقا بالثريا لتناوله قوم من أبناء فارس)،[2] (ئەگەر دین هەڵواسرابێت بە ثورەییاوە ئەوە دەستەیەك لە نەوەکانی فارس دەستی پێ دەگەیەنن).

مەنصووری کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی مەنصووری کوڕی عومەیرە، کونیەکەی ئەبورومە، برای موصعەبی کوڕی عومەیرە، ئەم هاوەڵە زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێوە گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو بەشداری کرد لە غەزای ئوحوددا،[3] دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتدا بەشداری کرد و لە جەنگی یەرمووکدا کوژرا.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص210.
2 - معجم الصحابة لان قانع، ج3، ص 129.
3 - أسد الغابة، ج5، ص 286.
4 - أسد الغابة، ج6، ص 121.

مەنظووری کوڕی لەبید (رضي الله عنه)

ناوی مەنظووری کوڕی لەبیدی کوڕی عوقبەیە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەبدولئەشهەل، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[1]

مەهین (رضي الله عنه)

ناوی مەهینی کوڕی هەیثەمی کوڕی نابیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[2]

مەئبوور (رضي الله عنه)

ناوی مەئبووری قیبطیەو کەسێکی نزیك بە ماریە بوو، کەسێکی پیر و بە تەمەن بوو، لە میصرەوە هاودەم بە ماریە هات بۆ مەدینە،[3] مەئبوور کەسێکی خەسێنراو بوو، لە رێی هاتنیان بەرەو مەدینە حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، ئەوەبوو ماریەو سیرینی خوشکی موسڵمان بوون، بەڵام مەئبوور موسڵمان نەبوو، دواتر کە هاتنە مەدینە مەئبووریش موسڵمان بوو.[4]

تۆمەتێك بڵاو کرایەوە گوایە مەئبوور دەستی تێکەڵ کردبێت لەگەڵ ماریەی کەنیزەکی پێغەمبەردا (ﷺ)، پێشر لە ژیانی ماریە و هەر لەم بەرگەدا ئەم مەسەلەمان باسکردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص224.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص234.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 699.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 212.

مەیثەم (رضي الله عنه)

ناوی مەیثەمەو هاوەڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووە.[1]

مەیسەرەی کوڕی مەسرووق (رضي الله عنه)

ناوی مەیسەرەی کوڕی مەسرووقی عەبسیە، یەکێکە لە ئەندامانی وەفدی عەبەسیەکان، لە حەجیماڵئاواییدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد، دواتریش بەشداری فتووحاتی شام بوو.[2]

مەیموون (رضي الله عنه)

ناوی مەیموونەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە کە دەڵێت داوای پارچە زەویەکم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) لە شام و هێشتا شام فەتح نەکرابوو، ئەویش پێی بەخشیم، جا کە عومەر شامی فەتح کرد چووم و وتم پێغەمبەر (ﷺ) زەویەکی لە فلآنە شوێن پێ بەخشیوم، عومەریش وتی سێ یەکی بۆ رێبوار و سێ یەکی بۆ بنیاد و سێ یەکیشی بۆ ئێمە دەبێت.[3]

مەیموونەی خزمەتکار (رضي الله عنها)

ناوی مەیموونەی کچی ئەبی عەسیبەو خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد، مەیموونە دەڵێت ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی عائیشە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص238.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 238.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص242.

نزایەکی پێغەمبەری خوام(ﷺ) پێ بگەیەنە کە ئارامیم پێ ببەخشێت، ئەویش نزاکەی پێ وت.[1]

مەیموونەی کچی حارث(دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها)

ناوی مەیموونەی کچی حارثی کوڕی حەزەنی هیلالیە، سەرەتا ناوی بەڕرە بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا مەیموونە، پێشتر هاوسەری ئەبی روهمی کوڕی عەبدولعوززا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لە مانگی ذیلقەعیدەی ساڵی حەوتی کۆچی و لە عومرەی دوای حودەیبیەدا بەهاوسەری گرت، جا دەوترێت پێغەمبەر (ﷺ) جەعفەری ئامۆزای ناردووە بۆ داوای و ئەویش مۆڵەتی لە عەبباس خواستووەو عەبباسیش مارەی کردووە لە پێغەمبەر (ﷺ)، دەشوترێت بەڵکو عەبباس وەسفی مەیموونەی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دوای ئەوەی مێردەکەی وەفاتی کردبوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو مەیموونە خۆی پێشنیازی هاوسەرگیری کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[2]

پێغەمبەر (ﷺ) پێش دەرچوونی لە مەدینەوە بۆ مەککە بە نیازی عومرە، هەریەك لە ئەبوو رافعو ئەوسی کوڕی خەولی نارد بۆ لای عەبباس تا داوای مەیمونەی بۆ بکەن، عەبباسیش رازی بوو مەیموونە بدات بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەو دوو هاوەڵەش گەڕانەوە بەڵام وشترەکانیان ون بوون، بۆیە چەند رۆژێك لە (بطن رابغ)

---

1 - الدعاء للطبراني، الرقم 1035، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7198.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 126-128.

مانەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) لە ناوچەی (قدید) گەیشت پێیان کە وشترەکانیان دۆزیبوونەوە، ئیتر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چوون بۆ مەککە.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ عومرەی پاش حودەیبیە جەعفەریشی لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) جەعفەری نارد بۆ داوای مەیموونەی کچی حارث، مەیموونەش مەسەلەکەی دایە دەست عەبباس کە مێردی خوشکەکەی بوو، عەبباسیش مەیموونەی لە پێغەمبەر (ﷺ) مارە کرد.[2]

کاتێك زیادی کوڕی عەبدوڵا کە خوشکەزای دایکی باوەڕداران مەیموونەی کچی حارث بوو، هات بەرەو مەدینەو گەیشتە ئەوێ، راستەوخۆ چوو بۆ ماڵی دایکی باوەڕداران مەیموونەی پووری، ئەوکات زیاد لە تەمەنی گەنجیدا بوو، لەوێ لای دایکی باوەڕداران مایەوە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ئەوێ و زیادی بینی تووڕە بوو و گەڕایەوە، خێرا مەیموونە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە خوشکەزامە، پێغەمبەریش (ﷺ) چوویە ژوورەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ مزگەوت، زیادیش لەگەڵیدا چوو، نوێژی نیوەڕۆی کرد، زیادی لە خۆی نزیك کردەوەو دەستی هێنا بەسەر سەریدا و دواتر دەستی هێنا بەسەر لووتیدا.[3]

ئیبن عەبباس دەڵێت شەوێك لە ماڵی مەیموونەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) مامەوە کە پوورم بوو، راکشام و پێغەمبەریش (ﷺ) راکشا، لە نیوەی شەودا لە خەو هەستاو بە دەستەکانی خەوی لە چاوانی دەتۆراند، دواتر دە ئایەتی کۆتای

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص132، الإصابة في تميز الصحابة، ج8، ص127.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 229.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 310.

سورەتی ئالی عیمرانی خوێند، دواتر هەستاو دەستنوێژی گرت و دەستی کرد بە نوێژ کردن، منیش هەمان چەشنی ئەوم کرد، دواتر لە کەناریەوە وەستام، دەستی راستی خستە سەر سەرم و بە دەستی گوێی راستی گرتم و دەیپرواند، دوانزە رکات نوێژی کرد، دواتر یەك رکاتی کرد، ئینجا راکشا تا بانگبێژ هات، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و دوو رکاتی کورت نوێژی کرد، ئینجا نوێژی بەیانی کرد.[1]

مەیموونە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لەلای من گۆشتی باڵی ئاژەڵی خوارد و دواتر بێ ئەوەی دەستنوێژی نوێ بکاتەوە نوێژی کرد.[2]

مەیموونە دەڵێت جێی خەوی من لەپاڵ شوێنی نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، جار هەبوو جلەکەی دەکەوت بە سەرمدا و منیش لەناو جێگەکەمدا بووم.[3]

مەیموونە دەڵێت لە رۆژی عەرەفەدا خەڵکی گومانیان هەبوو لە رۆژووی پێغەمبەر (ﷺ)، منیش بڕێك شیرم بۆ نارد ئەوکات لە عەرەفە وەستابوو، پێغەمبەر (ﷺ) لە شیرەکەی خواردەوەو خەڵکیش تەماشایان دەکرد.[4]

مەیموونە پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و دواجار لە ساڵی چل و نۆ یان پەنجاو یەك یان شەست و سێ یان شەست و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد، بەڵام راستتر ئەوەیە لە ساڵی پەنجاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد.[5]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1155، صحيح مسلم، الرقم 1315.

2 - صحيح البخاري، الرقم 206.

3 - صحيح البخاري، الرقم 504.

4 - صحيح البخاري، الرقم 1905.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 128.

مەیموونەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی مەیموونەی کچی سەعدەو خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد، مەیموونە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی مەیموونە پەنا بگرە بەخوا لە سزای ناوگۆڕ)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە راستەو هەیە؟ فەرمووی (بەڵێ، -یەکێ- لە سەختترین سزای ناو گۆڕیش لەبەر غەیبەت و میزە).[1]

مەیموونە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما من امرأة تخرج في شهرة من الطيب، فينظر الرجال إليها، إلا لم تزل في سخط الله حتى ترجع إلى بيتها)،[2] (هەر ئافرەتێك بە بۆنێکی خۆش و زەقەوە بچێتە دەرەوەو پیاوان بۆی بڕوانن، ئەوە تا دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی بەر تووڕەیی خوا دەکەوێت).

مەیموونەی کچی کەردەم(رضي الله عنها)

ناوی مەیموونەی کچی کەردەمە، مەیموونە دەڵێت لە حەجی ماڵئاواییدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداریم کرد و باوکم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیک دەبوویەوەو گوێی بۆ فەرموودەکانی دەگرت.[3]

---

1 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 6434.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20969، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 3033.

3 - سنن أبي داود، الرقم 1812، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3314.

مندوسی کچی عوبادە(رضي الله عنها)

**ناوی مندووسی کچی عوبادەیە، لە پشتیوانانەو خوشکی سەعدی کوڕی عوبادەیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

مندووسی کچی خەللاد(رضي الله عنها)

**ناوی مندووسی کچی خەللادە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

مندووسی کچی عەمر (رضي الله عنها)

**ناوی مندووسی کچی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

مندووسی کچی قطبە(رضي الله عنها)

**ناوی مندووسی کچی قطبەیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 125.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 124.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 125.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 125.

موبەرریحی کوڕی شیهاب (رضي الله عنه)

ناوی موبەرریحی کوڕی شیهابەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[1]

موبەشیری کوڕی بەڕرا ء (رضي الله عنه)

ناوی موبەشیری کوڕی بەڕرائی کوڕی مەعروورە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[2]

موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه)

ناوی موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیرە، لە پشتیوانانە، برای ئەبوو لوبابەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا شەهید بوو.[3]

موثەننای کوڕی حارثە (رضي الله عنه)

ناوی موثەننای کوری حارثەی کوڕی سەلەمەی شەیبانیە، لە ساڵی نۆ یان دەیەمی کۆچیدا موسڵمان بوو و هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، کەسێکی دلێر و نەترس و ژیر بوو، لە سەردەمی خیلافەتی راشیندیندا رۆڵێکی کارای هەبوو لە مەیدانی جیهاد و فتووحاتی ئیسلامیدا،[4] لێرەدا ئەو وردەکاریانە باس ناکەین، چونکە لایەنی گرنگتر لای ئێمە لەم نووسینەدا مەیدانی ژیانی هاوەڵانە لەگەڵ

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 762.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 762.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 762.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 766.

پێغەمبەر (ﷺ) و بەشێکی کورت لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، مەسەلەی وردەکاری فتووحاتیش نووسینی زۆری لەسەر بە زمانی کوردی، بۆیە ئەو بابەتە جێ دێڵین تا خوێنەر لە کتێبەکانی تایبەت بە فتووحات یان نووسینەکانی ماوەی خیلافەتی راشیدیندا بیخوێنێتەوە.

موجاشیعی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی موجاشیعی کوڕی مەسعوودە، لە دوای فەتحی مەککە موجاشیع موجالیدی برای هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەوە موجالیدی برامە هاتووە بەیعەتی هیجرەتت پێ بدات، ئەویش فەرمووی (دوای فەتحی مەککە هیجرەت نیە، بەڵام لەسەر ئیسلام بەیعەتی لێ وەردەگرم).[1]

موجاشیع دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا سەرکردایەتی سوپایەکی دەکرد کە شاری تەوەجیان گەمارۆ دابوو و دواجار فەتحیان کرد، لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا هاودەم بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بوو و کوژرا، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە جەنگی جەمەلدا کوژرا.[2]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2930، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17548.

[2] - أسد الغابة، ج5، ص 62.

## موجاعەی کوڕی میرارە (رضي الله عنه)

**ناوی موجاعەی کوڕی میرارەی حەنەفی یەمامیە، یەکێك بوو لە سەرکردەکانی بەنی حەنیفە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[1] موجاعە دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و داوای خوێن بابی براکەمم کرد کە بەنوو سەدووس کوشتبوویان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر خوێن بابیم بۆ بێباوەڕێ دابنایە ئەوە بۆ براکەی تۆ دامدەنا، بەڵام لەبری ئەوە قەرەبووت پێدەبەخشم)، پێغەمبەر (ﷺ) سەد وشتری بۆ نووسی کە ئەگەر لە پێنج یەکی دەستکەوتی هۆزی بکوژەکە وەرگیرا، ئەوەبوو بڕێك لەو وشترانەی وەرگرت و دواتر هۆزەکە موسڵمان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و دواتر موجاعە نامەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) برد بۆ ئەبووبەکر و داوای بڕەکەی تری کرد، ئەبووبەکریش نامەی بۆ نووسی لە صەدەقەی یەمامە دوانزە هەزار صاعی پێ بدرێت، چوار هەزاری گەنم و چوار هەزاری جۆ و چوار هەزاری خورما.[2]**

## موجالیدی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

**ناوی موجالیدی کوڕی مەسعوودە، برای موجاشیعە، لە دوای فەتحی مەککە موجاشیع موجالیدی برای هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەوە موجالیدی**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 768.

[2] - سنن أبي داود، الرقم 2612، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5717، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2990.

برامە هاتووە بەیعەتی هیجرەتت پێ بدات، ئەویش فەرمووی (دوای فەتحی مەککە هیجرەت نیە، بەڵام لەسەر ئیسلام بەیعەتی لێ وەردەگرم).[1]

موجالید دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جەمەلدا بەشداری کرد و تیایدا کوژرا.[2]

### موجەذەری کوڕی زیاد (رضي الله عنه)

ناوی موجەذەری کوڕی زیادی کوڕی عەمری بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

لە غەزای بەدردا موجەذەر گەیشت بە ئەبلبوختەری، پێی وت خۆت بدە بەدەستەوە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە تۆ نەکوژین، ئەبولبوختەری وتی دەبێت پەنای هاوڕێکەشم بدەیت، موجەذەر وتی نابەخوا پێغەمبەر (ﷺ) تەنها بۆ تۆ فەرمانی کردووە، بۆیە ئەبولبوختەری رازی نەبوو، موجەذەریش هەردووکیانی کوشت.[4]

موجەذەری کوڕی زیاد لە سەردەمی نەفامیدا لە جەنگی بوعاثدا سوەیدی کوڕی صامتی کوشت، دواتر مجذەر موسڵمان بوو، لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد، حارثی کوڕی سوەیدیش لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو، حارث دەمێك بوو بۆ

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2930، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17548.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 770.
[3] - أسد الغابة، ج5، ص 65.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 771.

دەرفەت دەگەڕا تا مجذەری دەست بکەوێت و بیکوژێت، بۆیە کە لەویٚ ئەوی دەست کەوت لە پشتەوە چوو بۆی و کوشتی، ئەوەبوو جبریل سەلامی خوای لیٚ بێت هەواڵی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە حارث موجەذەری کوشتووەو فەرمانی کرد بکوژرێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد حارث بکوژرێتەوە، بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) عوەیمی کوڕی ساعیدە لەبەردەرگای مزگەوتی قوبائدا حارثی کوشت.[1]

## موجەممیعی کوڕی جاریە (رضي الله عنه)

ناوی موجەممیعی کوڕی جاریەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان.[2]

موجەممیع دەڵێت هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری حودەیبیە بووین.. کە خەڵکی کۆبوونەوە پێغەمبەر (ﷺ) ئایەتی (انا فتحنا لك فتحا مبينا) ی خوێندەوە بۆ خەڵکەکە، کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئەوە فەتحە؟ فەرمووی (بەڵیٚ سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئەوە فەتحە).[3]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 552.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 776.

3 - سنن أبي داود، الرقم 2373، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2526، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12034، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15173، صححه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2736.

موحاریبی کوڕی مزیدە (رضي الله عنه)

ناوی موحاریبی کوڕی مەزیدەی کوڕی مالیکی موحارییبیە، هاودەم بە باوکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

موحەللیمی کوڕی جەثثامە (رضي الله عنه)

ناوی موحەللیمی کوڕی جەثثامەیە، موحەللیم یەکێك لە ئەشجەعیەکانی کوشت، جا ئەقرەعی کوڕی حابیس هەوڵی دەدا بە خوێن بایی رێکبکەون، بەڵام عویەینەی کوڕی حیصن دەیوت دەبێت بکوژرێتەوە، دەمەقاڵێ زۆر قورس بوو و پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە نێوانیانەوە تا رێککەوتن لەسەر خوێن بایی سەد وشتر، پەنجای لە سەفەرەکەیاندا وەربگرن و پەنجاکەی تری کاتێك گەڕانەوە ناو مەدینە.[2]

موحەممەدی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی جابیری کوڕی عورابی عەککیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

موحەممەدی کوڕی جەعفەر (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبە، باوکی یەکێکە لە خۆشەویستەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، موحەممەد لە خاکی حەبەشە لەدایك بوو

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 777.

[2] - سنن أبي داود، الرقم 3925، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4503.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 7.

و یەکەم کەس بوو لە کۆچەران کە ناوی نرا موحەممەد، دوای سەردەمی پێغەمبەرش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەگەڵ عەلی مامیدا بەشداری جەنگی صفینی کرد و دەوترێت لەو جەنگەدا کوژرا، رایەکیش دەڵێت لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت لە جەنگی توستوردا شەهید بوو.[1]

### موحەممەدی کوڕی جید (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی جیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانەو پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا موحەممەد.[2]

### موحەممەدی کوڕی حاطیب (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی حاطیبی قورەیشی جومەحیە، دایکی ناوی ئوممو جەمیلی کوڕی موجەللی عامریە، باوك و دایکی کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو لەوێ موحەممەد لەدایك بوو، لەوێ باوکی وەفاتی کرد و دواتر موحەممەد هاودەم بە دایکی لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبدا گەڕایەوە بۆ مەدینە.[3]

فاطیمەی دایکی کە بە ئوممو جەمیل ناسراوە بەسەرهاتی گەڕانەوەی بۆ موحەممەدی کوڕی باس دەکات و دەڵێت، تۆم لە حەبەشەوە هێنایەوە، نزیکەی شەوێ دوو شەو رێ مابوو بگەینە مەدینە کە خواردنێکم بۆ ئامادە کردیت، کەچی دار نەما، چووم تا دارو چیلکەپەیدا بکەم، کەچی تۆ مەنجەڵەکەت بەسەر دەست و

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص8.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص7.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص9.

باڵی خۆتدا خستبوو، تۆم برد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە موحەممەدی حاطیبە، یەکەم منداڵە ناوی تۆی لێنراوە، پێغەمبەریش (ﷺ) تفی دا لە دەمت و دەستی هێنا بەسەر سەرتدا و نزای بۆ کردیت و فەرمووی (اذهب البأس رب الناس، واشف أنت الشافي لا شفاء إلا شفاؤك شفاء لا يغادر سقما)، (خوای خەڵکی خراپە لابەرەو شیفای بدە چونکە تۆ شیفا بەخشیت، شیفایەك نەخۆشی لابەرێ)، ئیتر هەر لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوویت کە دەستت چاك بوویەوە.[1]

موحەممەد تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش ژیا و لە ناو سوپای عەلیدا لە جەنگی جەمەلدا بەشداری کرد، موحەممەد دەڵێت کە لە جەنگەکە بووینەوە، عەلی و حوسەینی کوڕی و عەمماری کوڕی یاسر و صەعصەعەی کوڕی صوحان و ئەشتەر و موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر بەناو کوژراوەکاندا دەگەڕان، حەسەن چاوی کەوت بە کوژراوێك بەسەر دەمدا کەوتبوو، خستی بەسەر پشتدا و وتی انا لله و انا اليه راجعون، باوکی وتی کوڕم چی بوو؟ حەسەن وتی موحەممەدی کوڕی طەلحەیە، ئەویش وتی انا لله و انا اليه راجعون، هێندەی من دەمناسی گەنجێکی چاك بوو، ئینجا بە خەمباریەوە لەلایەکەوە دانیشت.[2]

[1] - صحيح ابن حبان، الرقم 3029، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26834، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20730، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5587.

## موحەممەدی کوڕی خەلیفە (رضي الله عنه)

**ناوی موحەممەدی کوڕی خەلیفەیە، سەرەتا ناوی عەبدمەنات بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا موحەممەد، موحەممەد لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد.[1]**

## موحەممەدی کوڕی سولەیمان (رضي الله عنه)

**ناوی موحەممەدی کوڕی سولەیمانی کوڕی ریفاعەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتی عێراقدا بەشداری کرد، لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە جەنگی صفیندا کوژرا.[2]**

## موحەممەدی کوڕی صەفوان (رضي الله عنه)

**ناوی موحەممەدی کوڕی صەفوانە، لە پشتیوانانە، موحەممەد دەڵێت دوو کەروێشکم راو کرد و بە بەردێکی سپی سەرم بڕین، لەو بارەوە پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمانی کرد گۆشتەکەیان بخۆم.[3]**

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص14.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص15.

[3] - صحيح ابن حبان، الرقم 5971، سنن الدارمي، الرقم 1990، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7648، سنن أبي داود، الرقم 2454، سنن ابن ماجة، الرقم 3241، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4357، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15567، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2822.

### موحەممەدی كوڕی صەیفی (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی كوڕی صەیفیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، موحەممەد دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی عاشوورائدا هات بۆ لامان و فەرمووی ئەمڕۆتان بە ڕۆژوو بوون؟ هەندێ وتیان بەڵێ و هەندێ وتیان نا، فەرمووی دەی ئەوەی لە ڕۆژەكەتان ماوە ڕۆژوو بگرن.[1]

### موحەممەدی كوڕی ضەمرە (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی كوڕی ضەمرەی كوڕی ئەسوەدە، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا موحەممەد، هەروەها دەوترێت لە فەتحی مەككەدا بەشداری كرد،[2] جا بەو پێیە بێت هێشتا تەمەنی دە ساڵی تەواو نەكردووە بەشداری فەتحی مەككە بووە، بۆیە ئەمەش جێی تێبینیەو پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزاكانی پێشوودا ئەوانەی گێڕاوەتەوە كە تەمەنیان كەم بووەو نەیهێشتووە بەشداری غەزاكان بكەن.

### موحەممەدی كوڕی طەلحە (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی كوڕی طەلحەی كوڕی عوبەیدوڵایە، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا موحەممەد، موحەممەد دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و هێندە سەرقاڵی پەرستش بوو كە بە

---

[1] - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1945 و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 3677، سنن ابن ماجة، الرقم 1731، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2588، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19017.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص17.

سەجاد ناسرابوو، لە جەنگی جەمەلدا شمشێرەکەی خستەوە ناو کالان و جەنگی نەکرد تا کوژرا، کاتێك عەلی دای بە لای تەرمەکەیدا وتی ئەمە سەجادە، چاکەکردنی لەگەڵ باوکی بوویە هۆی کوژرانی.[1]

موحەممەدی کوڕی عەبباس (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی عەبباسەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی نا موحەممەد، دەوترێت بەشدار بووە لە فەتحی مەککەدا،[2] جا بەو پێیە بێت هێشتا تەمەنی دە ساڵی تەواو نەکردووە بەشداری فەتحی مەککە بووە، بۆیە ئەمەش جێی تێبینیەو پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزاکانی پێشوودا ئەوانەی گێڕاوەتەوە کە تەمەنیان کەم بووەو نەیهێشتووە بەشداری غەزاکان بکەن.

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوری مجدعەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، لە غەزاکانی دواتردا بەشداری کردووە.[3]

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەحشی ئەسەدیە، برازای زەینەبی دایکی باوەڕدارانە، دایکی ناوی فاطیمەی کچی ئەبی حوبەیشەو دایکی یەکێك بوو لە

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص18.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص20.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص23.

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، لە ساڵی پێنجەمی پێش کۆچی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بووە، واتە هەشت ساڵ پاش هاتنی ئیسلام.[1]

موحەممەد دەڵێت جارێك کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر لە ڕێی خوادا بکوژرێم چیم بۆ هەیە؟ فەرمووی بەهەشت، کە کابرا ویستی بڕوات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (جگە لە قەرز، ئێستا جیبریل بە چپە پێی وتم).[2]

لە غەزای ئوحوددا عەبدوڵای باوکی شەهید بوو، جا وەسیەتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری موحەممەد بێت، پێغەمبەریش (ﷺ) لە خەیبەر موڵکێکی بۆ کڕی و لە مەدینەش خانوویەکی بۆ دابین کرد.[3]

موحەممەد دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە بە بڕی چوار هەزار مووچەی بۆ بڕیەوە.[4]

### موحەممەدی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی قەیسی کوڕی شورەحبیلەو زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[5]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص21.

[2] - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 11811، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16911، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16297، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره و هذا إسناد حسن.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص21.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص21.

[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص31.

موحەممەدی کوڕی مەسلەمە (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە، پێش هاتنی ئیسلام بە بیست و دوو ساڵ لەدایك بوو.[1]

موحەممەد دە کوڕی و شەش کچی هەبوو، کەسێکی ئەسمەری باڵابەرزی نەرمونیان بوو.[2]

موحەممەد لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد جگە لە غەزای تەبووك کە ئەویش بە مۆڵەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ مایەوە.[3]

موحەممەدی کوڕی مەسلەمە دەڵێت دام بە لای پێغەمبەردا (ﷺ) کاتێك لە صەفا بوو و دواتر چوو، دوای کەمێك منی بانگ کرد، منیش چووم بۆ لای، فەرمووی ئەی موحەممەدی کوڕی مەسلەمە بۆچی سەلام ناکەیت؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا بینیم تۆ بەرامبەر فلانەکەس واتکرد کە بەرامبەر بە کەسی تر واتنەکردووە، بۆیە حەزم نەکرد قسەکەت ببڕم، ئەوە چیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (جیبریل، ئەگەر سەلامت بکردایە وەڵاممان دەدایتەوە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی پێ فەرموویت؟ فەرمووی (لم یزل یوصیني بالجار،

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص33.

[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 370.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص34.

حتى كنت أنتظر أنه يأمرني أن أورثه)،[1] (بەردەوام لەسەر دراوسێ وەسیەتی بۆ دەکردم تا چاوەڕێی ئەوە بووم فەرمانم پێ بکات لە میراتیدا بەشی بۆ دیاری بکەم).

موحەممەد پێش موسڵمانبوونی سەعدی کوڕی موعاذ لەسەر دەستی موصعەبی کوڕی عومەیر موسڵمان بوو، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە برایەتی خستە نێوان موحەممەد و ئەبووعوبەیدەوە.[2]

کەعبی کوڕی ئەشرەف بە زمانی ئازاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەدا، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری کوشتنی دا و فەرمووی کێ کەعبی کوڕی ئەشرەف دەکوژێت؟ چونکە ئازاری خوا و پێغەمبەرەکەی دەدات، موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، موحەممەد وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەز دەکەیت بیکوژم؟ فەرمووی بەڵێ، وتی دەی مۆڵەتم بدە هەرچی پێویست بوو بیڵێم، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دا، ئەوەبوو چوو بۆ لای کەعب و لەوێ لۆمەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لا ئەکرد تا کەعب گومان نەبات و بەردەوام دواندی و دواجار وادەی دانا بچێتەوە بۆ لای و شەو چوویەوە بۆ لای کەعب و هاودەم بە خۆیشی ئەبوونائیلەی برد کە برای شیری کەعب بوو، کەعب هاتە خوارەوە بۆ لایان، ژنەکەی وتی بەم شەوە بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش وتی ئەوە موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئەبوونائیلەی برامە، ژنەکەی وتی دەنگی دڵۆپەی خوێن دەبیستم، موحەممەد دوو کەسی تری لەگەڵ خۆی هێنابوو، بەوانی وتبوو کە بینیتان من بۆنی قژیم کرد ئێوە لە پشتەوە لێی بدەن، کەعب بۆنێکی زۆری لە خۆی دابوو،

---

[1] - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 2803، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 2995.

[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 3701.

موحەممەد وتی مۆڵەتم دەدەیت بۆنی سەرت بکەم؟ وتی بەڵێ، بۆنی سەری کرد و سەری گرت و هاوەڵانی بانگ کرد و ئەوانیش کوشتیان، دواتر چوونەوەو هەواڵیان بردەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[1]

موحەممەد هەندێ جار شاهید دەبوو بۆ نووسینەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ خەڵك و هۆزەکان.[2]

موحەممەدی کوڕی مەسەلەمە لە عومرەی پاش رێککەوتنی حودەیبیەدا بەشداری کرد و هەواڵی دا بە قورەیشیەکان کە وا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕێوەیە، چونکە ئەو پێش پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو تا بزانێت هیچ مەترسیەك نیە.[3]

لە غەزای بەنوقورەیظەدا موحەممەدی کوڕی مەسلەمە شەوانە سەرپەرشتی پاسەوانەکانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد.[4]

لە غەزای خەیبەردا موحەممەد هاودەم بە مەحموودی برای بەشدار بوو، مەحموودی برای لەسەر دەستی مەرحەبی جوولەکە بریندار کرا و ماوەی سێ رۆژ بە برینداری مایەوە تا دواتر وەفاتی کرد، دواتر موحەممەدی برای مەرحەبی جوولەکەی کوشت.[5]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3829، صحيح مسلم، الرقم 3447، سنن أبي داود، الرقم 2402، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8367.

[2] - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 348.

[3] - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 231.

[4] - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 121.

[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص42-43.

کاتێك مەرحەبی جوولەکە دابەزی و دەیوت کێ هەیە جەنگی رووبەرووم لەگەڵ بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ دەچێت بۆی؟ موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو چوو بۆی و کوشتی.[1]

لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە ئەرکی کۆکردنەوەی زەکاتی جوهەینەی پێ سپارد، هەروەها هەرکات سکاڵایەك لەسەر کاربەدەستێك هەبوایە، خەلیفە عومەر موحەممەدی دەنارد تا بڕوات و مەسەلەکە دڵنیا بکاتەوە و بزانێت وایە یان نا.[2]

هەروەها لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا موحەممەد بەشداری فتووحاتی میصری کرد.[3]

موحەممەدی کوڕی مەسلەمە لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا کەناری گرت و بەشداری جەنگی جەمەل و صفینی نەکرد، بەڵکو دوای وەفاتی عوثمان چوو لە رەبذە نیشتەجێ بوو، دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ لە مانگی صەفەری ساڵی چل و شەشی کۆچی و لە تەمەنی حەفتاو حەوت ساڵیدا وەفاتی کرد، یان دەوترێت لە ساڵی چل و سێی کۆچیدا بە دەستی

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 189.
[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 370.
[3] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 371.

کابرایەکی ئەردەنی لە ماڵی خۆیدا کوژرا،[1] مەڕوانی کوڕی حەکەم نوێژی لەسەر کرد.[2]

دوای وەفاتی عوثمان موحەممەد چوو لە دار شمشێرێکی دروست کرد و هەڵیگرت و چوو بۆ ناوچەی ڕەبذەو ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە.[3]

حوذەیفەی کوڕی یەمان دەیوت کەسێك دەناسم فیتنە زیانی پێ ناگەیەنێت ئەویش موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەفەرموو (فیتنە زیانت پێ ناگەیەنێت).[4]

## موحەممەدی کوڕی ئەبی حوذەیفە

ناوی موحەممەدی کوڕی ئەبی حوذەیفەی کوڕی عوتبەی عەبشەمیە، دایکی ناوی سەهلەی کچی سوهەیلە، باوك و دایکی کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو لەوێ موحەممەد لەدایك بوو، لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا باوکی شەهید بوو، ئیتر عوثمانی کوڕی عەففان سەرپەرشتی موحەممەدی دەکرد، لە خیلافەتی عوثماندا موحەممەد داوای مۆڵەتی لە عوثمان کرد تا بچێت بۆ میصر، ئەویش مۆڵەتی دا، کەچی دوایی بوو بە یەکێك لەوانەی خەڵکیان هاندەدا دژی عوثمان، دواتر خەڵکی میصر بەیعەتیان دا بە موحەممەد تا والی میصر بێت تەنها چەند کەسێك نەبێت، لەولاشەوە کەوتە ئامادەکردنی ئەو سوپایەی چوون بۆ

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 34.
[2] - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 354.
[3] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 369.
[4] - سنن أبي داود، الرقم 4065، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4663.

گەمارۆدانی عوثمان، کە عوثمان شەهید کرا ئەوانەی بەیعەتیان نەدابوو بە موحەممەد کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد و موحەممەدیش سوپایەکی ئامادەکرد بۆ لەناوبردنیان، دواتر عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ئەوی لەو پۆستە هێشتەوە تا دواتر موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری نارد بۆ شوێن گرتنەوەی، کاتێك موعاویە هات بەرەو میصر و لەوێ لەگەڵ موحەممەد دانووستانی کرد تا رێکبکەون لەسەر بەدەستەوەدانی بکوژانی عوثمان، بەڵام موعاویە بە پلانێك خودی موحەممەدیشی بەدیل گرت و بەندی کردو دواتر کوشتی.[1]

### موحەممەدی کوڕی ئەبی عومەیرە (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی ئەبی عومەیرەیە، هاوەڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووە.[2]

### موحەممەدی کوڕی ئەنەس (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی ئەنەسە، لە پشتیوانانە، موحەممەد دەڵێت کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە من برام بۆ لای و دەستی هێنا بەسەر سەرمدا و ناوی نام موحەممەد و فەرمووی (ناوی منی لێ بنێن بەڵام کونیەی منی لێ مەنێن).[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص10-11.

[2] - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17316، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16302.

[3] - معجم الصحابة لابن قانع، ج3، ص 24.

### موحەممەدی مەولا (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدەو مەولای پێغەمبەر(ﷺ) بوو، سەرەتا ناوی ماناهیە بوو و کەسێکی مەجووسی بوو و سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو، کاتێك باسی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست، لە مەروەوە چوو بەرەو مەدینەو لەوێ موسڵمان بوو و پێغەمبەریش (ﷺ) ناوی نا موحەممەد، ئیتر بە موسڵمانی گەڕایەوە بۆ مەڕو.[1]

### موحەممەدی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی موحەممەدی کوڕی ئەبی دزەی ئەنصاریەو یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککە.[2]

### موحتەفیری کوڕی ئەوس (رضي الله عنه)

ناوی موحتەفیری کوڕی ئەوسی کوڕی زیادە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دواتر موحتەفیر هاودەم بە بیشری کوڕی بەشداری فتووحات بوون و لە خوراسان لەناو سوپای عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورەدا بەشدار بوون.[3]

### موحرەرە (رضي الله عنه)

ناوی موحرەرە یان موحریری کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص38.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص14.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 778.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 781.

موحریزی کوڕی نەضلە (رضي الله عنه)

ناوی موحریزی کوڕی نەضلەی کوڕی عەبدوڵای ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

هەروەها ئەو کاتەی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع وشترەکانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە دوژمن وەرگرتەوە باس لە ڕۆڵی موحریز دەکات، سەلەمە هاواری کرد بۆ یارمەتی، هاوارەکەی ئیبنولئەکوەع گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش هاوەڵانی ئاگادار کردەوەو برێ لە هاوەڵان دەنگی پێغەمبەریان (ﷺ) بیست خێرا چوونە خزمەتی، لەوانە موحریزی کوڕی نەضلە، پێغەمبەر (ﷺ) سەعدی کوڕی زەیدی کرد بە ئەمیریان، یەکەم کەس گەیشت بەو شاڵاوبەرانە موحریز بوو، موحریز سواری ئەسپێ ببوو کە هی مەحمودی کوڕی مەسلەمە بوو،[2] کاتێ گەیشت بە دوژمن پێی وتن بوەستن ئەی گرۆی بەنی لوکەیعە تا کۆچەران‌و پشتیوانان کە بەدواتانەوەن پێتان ئەگەن.[3]

موحریشی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه)

ناوی موحریشی کوڕی عەبدوڵایە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە جیعرانە دابەزی، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عومرە کەوتەڕێ، دابەزی و هاودەم بەو موحریشیش دابەزی بۆ ناو شیوەکە تا گەیشتنە شوێنێ کە پێی دەوترا ئەشقاب، پێغەمبەر

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 782.

2 - البداية والنهاية لإبن كثير، ج4، ص150.

3 - البداية والنهاية لإبن كثير، ج4، ص151.

(ﷺ) فەرمووی (ئەی موحریش ئاوی ئەم شوێنە تا کورە-یان تا کوددە- بۆ خالید -تا بیپارێزێت-و ئەوەی لە شیوەکە مایەوە بۆ تۆ ئەی موحریش).[1]

موحیببەی کچی رەبیع(رضي الله عنها)

ناوی موحیببەی کچی رەبیعەو خوشکی سەعدی کوڕی رەبیعە، لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، موحیببە هاوسەری عامیری کوڕی زەید بوو و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی بیلال.[2]

موخەیریق (رضي الله عنه)

ناوی موخەیریقە و لە بەنی قەینووقاعە، موخەیریق موسڵمان بوو و وەسیەتی کرد سامانی لای پێغەمبەر (ﷺ) بێت، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (موخەیریق پێشکەوتووی جوولەکەیە و سەلمان پێشکەوتووی فارسەو بیلال پێشکەوتووی حەبەشەیە).[3]

موختاری کوڕی حارثە (رضي الله عنه)

ناوی موختاری کوڕی حارثەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[4]

[1] - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3985، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2203.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 115.
[3] - أخبار المدينة لابن شبة، ج1، ص 110.
[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 47.

موراره‌ی كوڕی ره‌بیع (رضي الله عنه)

ناوی موراره‌ی كوڕی ره‌بیعه‌، له‌ پشتیوانانه‌ له‌ ئه‌وسیه‌كان، یه‌كێكه‌ له‌ به‌شداربوانی غه‌زای به‌در، یه‌كێكه‌ له‌و هاوه‌ڵانه‌ی له‌ غه‌زای ته‌بووك دواكه‌وت و دواتر خوای گه‌وره‌ لێیان خۆش بوو.[1]

كه‌عبی كوڕی مالیك ورده‌كاری به‌سه‌رهاته‌كه‌ باس ده‌كات و له‌ ژیانی كه‌عبدا به‌سه‌رهاته‌كه‌مان هێناوه‌و لێره‌دا دووباره‌ی ناكه‌ینه‌وه‌.

مورای كوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی موڕای كوڕی سینانه‌و یه‌كێكه‌ له‌ به‌شداربوانی غه‌زای ئوحود، هه‌رچه‌نده‌ ته‌مه‌نی كه‌م بوو و پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) رێی نه‌دا به‌شداری بكات، به‌ڵام مورا تكای زۆری كرد و دواجار پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) مۆڵه‌تی دا به‌شداری بكات، دواتریش له‌ به‌یعه‌تی ریضواندا به‌شداری كرد، هه‌رچه‌نده‌ له‌ غه‌زای خه‌یبه‌ردا به‌شدار نه‌بوو، به‌ڵام پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پشكی بۆ حساب كرد.[2]

موڕره‌ی كوڕی حارث (رضي الله عنه)

ناوی موڕره‌ی كوڕی حارثی به‌لویه‌، رایه‌ك هه‌یه‌ ده‌ڵێت له‌ غه‌زای به‌دردا به‌شداری كردووه‌، یه‌كێكه‌ له‌ به‌شداربوانی غه‌زای ئوحود.[3]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص65.
[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 85.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 77.

موڕڕەی کوڕی کەعب (رضي الله عنه)

ناوی موڕڕەی کوڕی کەعبە، یان دەوترێت کەعبی کوڕی موڕڕەیە، یان دەوترێت ئەو دوانە دوو هاوەڵی جیاواز بون،[1] موڕرە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە نوێژە بارانەی دەکرد، لە نزاکەیدا دەیفەرموو (اللهم اسقنا غيثا مغيثا مريئا سريعا غدقا طبقا عاجلا غير رائث نافعا غير ضار).[2]

موسەووەر (رضي الله عنه)

ناوی موسەووەری کوڕی یەزیدی ئەسەدی مالیکیە، موسەووەر دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم لە نوێژدا شتێکی بیر چوو و نەیخوێند، دواتر کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ئایەتەو ئەو ئایەتەت بیر چوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی با بیرت بخستمایەتەوە.[3]

موسەییەبی کوڕی حەزەن (رضي الله عنه)

ناوی موسەییەبی کوڕی حەزەنی کوڕی ئەبی وەهبی قوڕەیشی مەخزوومیە، هەم خۆی و هەم باوکی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، موسەییەب کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعید، موسەییەب یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، بەڵام رایەکی تر دەڵێت موسەییەب و باوکیشی دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوون.[4]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص81.

[2] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 1159.

3 - سنن أبي داود، الرقم 785، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1547، صحيح ابن حبان، الرقم 2265، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16373، ضعفه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 907.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص121.

### موسەییەبی کوڕی ئەبی سائیب (رضي الله عنه)

ناوی موسەییەبی کوڕی ئەبی سائیبی کوڕی عەبدوولای قورەیشیە، کۆچی کرد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لە حودەیبیەدا بەشدار بوو.[1]

### موستەوریدی کوڕی خیلان (رضي الله عنه)

ناوی موستەوریدی کوڕی خیلانە، لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، ئەبوو ئومامە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (نێوانی ئێوەو ڕۆم چوار ئاگربەست دەبێت و چوارەمیان لەسەر دەستی کەسێکی هیرەقل دەبێت کە حەوت ساڵ دەخایەنێت)، کەسێك لە عەبدولقەیس کە ناوی موستەوریدی کوڕی خیلان بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوکات کێ پێشەوای خەڵکە؟ فەرمووی (کەسێکی چل ساڵەیە کە دەموچاوی دەڵێیت هەسارەی درەوشاوەیە، لە کوڵمی ڕاستیدا خاڵێکی ڕەش هەیە...)[2]

### موستەوریدی کوڕی شەداد (رضي الله عنه)

ناوی موستەوریدی کوڕی شەدادی کوڕی عەمری قورەیشی فەهری مەککیە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، لە کووفە نیشتەجێ بوو، دواتر چوو بۆ ئیسکەندەریەو لەوێ مایەوە تا لە ساڵی چل و پێنجی کۆچیدا لەوێ وەفاتی کرد.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص122.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 7323.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص90.

موستەورید دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (والله ما الدنيا في الآخرة إلا مثل ما يجعل أحدكم إصبعه هذه –وأشار يحيى بالسبابة– في اليم فلينظر بم ترجع)،[1] (بەخوا دنیا لەچاو ئاخیرەتدا وەك ئەوە وایە یەکێکتان پەنجە بکات بە رووبارێکدا، دواتر چەندە لە ئاوەکەی لەگەڵ دەمێنێتەوە؟).

موسلیمی باوکی رائیطە (رضي الله عنه)

ناوی موسلیمەو کیچێکی هەبوو بە ناوی رائیطە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، موسلیم دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری غەزای حونەین بووم، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم ناوت چیە؟ وتم ناوم غورابە، فەرمووی بەڵکو تۆ موسلیمیت.[2]

موسلیمی کوڕی خەیشەنە (رضي الله عنه)

ناوی موسلیمی کوڕی خەیشەنەی کینانیە، برای ئەبووقورصافەیە، براکەی دەڵێت براکەم منداڵێ بوو کە بردمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، براکەم رایکرد، چووم و هێنامەوەو ئەویش موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ناوی نا موسلیم، سەرەتا ناوی موقسیم بوو.[3]

---

[1] - صحيح مسلم، الرقم 5209، صحيح ابن حبان، الرقم 4394، سنن الترمذي، الرقم 2301، سنن ابن ماجة، الرقم 4105، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11366، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17671.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16790.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 108.

### موسلیمی کوڕی شەیبە (رضي الله عنه)

**ناوی موسلیمی کوڕی شەیبە حەجبیە، موسلیم دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر خەڵکی لە شوێنی خۆیان دانیشتن و کەسێك براکەی بانگ کرد و ڕێی بۆ فراوان کرد لە شوێنی خۆیدا ئەوە با دابنیشێت چونکە ئەوە ڕێزێکە، ئەگەریش ڕێی بۆ فراوان نەکرد با بڕوانێت چ شوێنێ فراوان هەیە لەوێ دابنیشێت).[1]**

### موسلیمی کوڕی عەبدوڕەحمان (رضي الله عنه)

**ناوی موسلیمی کوڕی عەبدوڕەحمانە، موسلیم دەڵێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی لە ساڵی فەتحدا بەیعەتی لە خەڵك وەردەگرت، ئافرەتێك هات دەستی دەتوت دەستی پیاوە، پێغەمبەر (ﷺ) ڕازی نەبوو بەیعەتی لێ وەربگرێت تا ئافرەتەکە چوو ڕەنگی دەستی گۆڕی، پیاوێکیش هات خاتەمێکی ئاسن لە دەستیدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا دەستێك پاك ناکاتەوە کە خاتەمی ئاسنی تێدا بێت).[2]**

### موسلیمی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

**ناوی موسلیمی کوڕی عومەیرە، موسلیم دەڵێت گۆزەیەکی گڵێنەی سەوز بە دیاری هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە کافوور–گیایەکی بۆنخۆش– ی تێدا بوو،**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص109.

2 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 1120.

ئەویش دابەشی کرد بەسەر کۆچەران و پشتیوانەکاندا و فەرمووی ئەی ئوممو سولەیم لەوەدا نەبیذ–شەربەتی میوە–مان بۆ ئامادە بکە.[1]

موسلیمی کوڕی ئەسلەم (رضي الله عنه)

ناوی موسلیمی کوڕی ئەسلەمە، کەسێکی پیر و بەتەمەن بوو، موسلیم کە دەچوویە بازاڕی مەدینە دەگەڕایەوە ماڵەوەو عەباکەی دادەنا، دواتر بیری دەکەوتەوە لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نەکردووە، بۆیە دەیوت بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووین (هەرکامتان لەو گوندەوە دابەزی با نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە تا لەم مزگەوتەدا دوو رکات نوێژ بکات ئینجا بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی).[2]

موشەمریجی کوڕی خالید (رضي الله عنه)

ناوی موشەمریجی کوڕی خالیدەو لە ناو وەفدی عەبدولقەیسدا چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) عەبایەکی پیّ بەخشی.[3]

موصعەبی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی موصعەبی کوڕی عومەیری کوڕی هاشمی عەبدەریە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، موصعەب زۆر زوو موسڵمان بوو هێشتا پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی ئەرقەم بانگەوازی دەکرد، بەڵام لە ترسی دایکی ئیمانداریەکەی خۆی شاردەوە تا ئەوەی عوسمانی کوڕی طەلحە پێی زانی و بە دایك

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16798.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16795.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4582.

و کەسانی وت کە موصعەب موسڵمان بووە، ئەوەبوو ئەوانیش موصعەبیان لەماڵەوە بەستەوە تا دەرفەتی بۆ گونجا و رایکرد و کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[1]

موصعەب دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو دوای ئەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[2]

پشتیوانان داوایان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کەسێکیان بۆ بنێرێ تا قورئانیان فێر بکات، ئەویش موصعەبی کوڕی عومەیری نارد، موصعەبیش لە ماڵی ئەسعەد دابەزی،[3] ئیتر بوونە هاریکاری یەکتر بۆ خزمەتی پەیامی خواو ریشەکێکردنی رەگی بتپەرستی.

بەرائی کوڕی عازب دەڵێت یەکەم کەس کۆچی کرد بۆ لامان موصعەبی کوڕی عومەیر و ئیبن ئوم مەکتووم بوو و ئەو دوانە قورئانیان فێری خەڵك دەکرد.[4]

جارێك ئەسعەد موصعەبی برد بۆ لای بەنی عەبدولئەشهەل تا لەسەر ئیسلام قسەیان بۆ بکات، گەیشتنە ناو باخێکی بنی ظفر و لای بیرێ دانیشتن، برێ لە خەڵکی هۆزی ئەسلەم لە دەوریان کۆبوونەوە، هێشتا سەعدی کوڕی موعاذو ئوسەیدی کوڕی حوضەیر کە گەورەی هۆزەکانیان بوون موسڵمان نەبووبوون، کاتێ قسەکانی ئەسعەدو موصعەبیان بیست سەعد بە ئوسەیدی وت هەی بێباوك بڕۆ بۆیان، سەیرکە چۆن هاتوونەتە خاکمان تا هەرزەکارەکانمان لەخشتەبەرن، بڕۆ بەریان پێ بگرەو مەهێڵە بێنە ناوچەی ئێمە، ئوسەیدیش بە خەنجەرێکەوە هات،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص123.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص123.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص149.
4 - صحيح البخاري، الرقم 3730.

ئەسعەد بە موصعەبی وت ئەمە گەورەی هۆزەکەیەتی، دێت بۆ لات، راست پەیامی خوای پێ بڵێ، موصعەب وتی ئەگەر دابنیشێ قسەی لەگەڵ ئەکەم، ئوسەید بە قسەوتنەوە هاتەبەردەمیان، وتی بۆچی هاتون بۆ لامان تا هەرزەکارەکانمان لەخشتەبەرن، ئەگەر گیانی خۆتانتان لا خۆشەویستە دووربگرن لێمان، موصعەب پێی وت بۆچی دانانیشیت تا گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت نەبوو وازدێنین، ئەویش وتی قسەکەت جوانە، خەنجەرەکەی دەستی داچەقاند بەناو زەویداو لەبەردەمیاندا دانیشت، موصعەب باسی ئیسلامی بۆ کردو قورئانی بۆ خوێندەوە، خێرا ئومێدی موسڵمانبوونیان لە روخساریدا بەدیکرد، ئوسەید وتی چەند جوانو چاك ئەڵێن، باشە ئەگەر بتانەوێ بچنە ناوئەم ئاینە چی دەکەن؟ ئەوانیش پێیان وت خۆت بشۆو جلەکانت بشۆو دواتر شایەتومانی حەق بهێنەو دواتر نوێژ بکە، ئەویش وایکرد، دواتر ئوسەید وتی من کەسێکم لەدوای خۆم جێهێشتووە ئەگەر ئەویش شوێنتان بکەوێ چی کەسی ناو هۆزەکەی هەیە شوێنتان ئەکەون، ئێستا ئەینێرم بۆ لاتان، ئەویش سەعدی کوڕی موعاذە، ئینجا ئوسەید خەنجەرەکەی هەڵگرتو چوو بۆ لای سەعدو هۆزەکەشی چاوەڕوان بوون، سەعد پێی وت چیت کرد؟ ئوسەید وتی من قسەم لەگەڵ کردن بەخوا وای نابینم خراپ بن، رێم لێگرتن، ئەوانیش وتیان چیت پێ خۆشە وادەکەین، بەنی حارثە ویستیان بچن ئەسعەدی کوڕی زورارە بکوژن، ئەشزانن پوورزای تۆیە، وادەکەن وەك سووکایەتی بە تۆ، سەعد بە توورەییو خێرایی هەستاو چوو بۆ لایان، کە چوو بینی هەردووکیان بێخەم دانیشتون زانی ئوسەید ویستوویەتی گوێیان لێ بگرێ، بە قسەوتنەوە (جنێودانەوە) لەبەردەمیاندا راوەستا، بە ئەسعەدی کوڕی زرارەی وت بەخوا لەبەر خزمایەتی نێوانمان نەبوایە ئەمەت بەسەردا تێنەئەپەڕی، موصعەب پێی وت بۆچی دانانیشیت

گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت بوو باشە، ئەگەر بەدڵت نەبوو لێت دووردەکەوینەوە، سەعد وتی قسەکەت جوانە، دانیشتو خەنجەرەکەی داچەقاند بە زەویداو گوێی لێگرتن، هەمان شتیش بۆ ئەم روویدا، کە سەعد گەڕایەوە، هۆزەکەی وتیان بەوخوایە سەعد بەدەموچاوێکی ترەوە هاتوەتەوە، کاتێ سەعد گەیشتە لایان وتی ئەی بەنی عەبدولئەشهەل منتان لا چۆنە؟ وتیان گەورەو شارەزاو بەڕێزترینی ئێمەیت، ئەویش وتی دەی دەنگم لە ژنو پیاوتان هەڵدەگرم تا کاتێ باوەر دێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، بەوە هەرهەموو بەنی عەبدولئەشهەل موسڵمان بوون جگە لە چەند کەسێ، پاشان ئەسعەد موصعەبی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان خالیدی کوڕی زەید و موصعەبی کوڕی عومەیرەوە.[2]

هاوسەرەکەی موصعەب ناوی حەمنەی کچی جەحشی ئەسەدی بوو کە خوشکی زەینەبی کچی جەحشی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) و دایکی باوەڕداران بوو.[3]

جارێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و پێغەمبەر (ﷺ) پێکەوە لای مزگەوت بوون کە موصعەب بە جلێکی پینەکراوەوە چوو بۆ لایان، لەکاتێکدا پێشتر موصعەب لە هەموان ژیانی خۆشتر بوو، کە پێغەمبەر (ﷺ) بینی موصعەب لە چ حاڵێکدایەو دەیهێنایە بەرچاو پێشتر لە چ بارێکدا بوو چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك.[4]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص152-153.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 234.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 78.

4 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 479.

موصعەب یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و ئاڵای موسڵمانانی بەدەستەوە بوو و تیایدا شەهید بوو.[1]

لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی دابوویە دەست عەلی کوڕی ئەبووطالیب، بەڵام دواتر ئاڵاکەی لەو وەرگرت و دای بە موصعەبی کوڕی عومەیر.[2]

موصعەب لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دەجەنگا تا کوژرا، کابرایەك کوشتی کە وایزانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کوشتووە و بەپەلە بە قوڕەیشیەکانی وت موحەممەدم کوشت، کەچی موصعەبی شەهید کردبوو، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵاکەی دایەوە دەست عەلی.[3]

کاتێك غەزای ئوحود تەواو بوو و پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لای تەرمی موصعەبدا، وەستا و نزای بۆ کرد و دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە (مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ )، دواتر فەرمووی (شایەتی دەدەم ئەمانە لای خوا لە ڕۆژی دواییدا شەهیدن).[4]

کە موصعەب شەهید بوو جلێکی وا نەبوو بۆ کفنەکەی بەکار بێت، تەنها دوو جلی جێهێشتبوو، کە سەریان دادەپۆشی قاچی دەردەکەوت و کە قاچیان

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص123.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص 20.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 148.

4 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2909، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1159، قال الذهبي في التلخيص أحسبه موضوعا.

دادەپۆشی سەری دەردەکەوت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە گەڵا قاچی دابپۆشن.[1]

حەمنە دەڵێت –لە جەنگی ئوحوددا– پێم وترا براکەت کوژرا، وتم إنا لله و إنا إليه راجعون، وتیان مێردەکەشت کوژرا، وتم ئای چەند بەداخ و خەفەتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن للزوج من المرأة لشعبة ما هي لشيء)،[2] (ئافرەت هاوخۆبوونێکی هەیە بۆ پیاو کە بۆ کەسی تر نیەتی)، پێغەمبەر (ﷺ) بە حەمنەی فەرموو بۆچی وات وت بۆ موصعەبی مێردت؟ ئەویش وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئاخۆ هەتیوکەوتنی منداڵەکەیم هاتەبەرچاو.[3]

حەمنە لە موصعەب کچێکی هەبوو بە ناوی زەینەب.[4]

## موضەریسی کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی موضەریسی کوڕی سوفیانی کوڕی خەفاجەیە، لە غەزای حونەیندا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد.[5]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7129، صححه ابن حجر في الإصابة، ج6، ص 123.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6971، سكت عنه الذهبي، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6724، سنن ابن ماجة، الرقم 1585، ضعفه الألباني في صحيحي و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1590.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 241.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 148.

5 - أسد الغابة، ج5، ص 194.

موطەریفی کوڕی خالید (رضي الله عنه)

ناوی موطەریفی کوڕی خالیدەو پاش فەتحی مەککە هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی.[1]

موطەلیبی سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی موطەلیبەو یەکێکە لە بەشداربوانی بیئر مەعوونە کە پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە مونذیری کوڕی عەمر ناردی بۆ ڕێنوێنییان.[2]

موطەلیبی کوڕی حەنطەب (رضي الله عنه)

ناوی موطەلیبی کوڕی حەنطەبەو کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، لە غەزای بەدردا لە ناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، دواتر کە ئازاد بوو موسڵمان بوو.[3]

موطەلیبی کوڕی ئەبی وداعە (رضي الله عنه)

ناوی موطەلیبی کوڕی ئەبی وداعەی قوڕەیشی سەهمیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص127.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص133.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص132.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 132.

موطەلیب دەڵێت پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی لە پەنا روکنی ئەسوەددا نوێژی دەکرد و ژن و پیاو بە بەردەمیدا دەڕۆیشتن و سوترەش لە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و ئەواندا نەبوو.[1]

موطەلیبی کوڕی ئەزهەر (رضي الله عنه)

ناوی موطەلیبی کوڕی ئەزهەری کوڕی عەبدعەوفە، زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ وەفاتی کرد و میراتی بۆ عەبدوڵای کوڕی جێهێشت، ئەمەش یەکەم میراتی بوو لە ئیسلامدا.[2]

موطعیمی کوڕی عوبەیدە (رضي الله عنه)

ناوی موطعیمی کوڕی عوبەیدەی بەلویە، ئیسحاقی کوڕی رەبیعە دەڵێت لە ماوەی فیتنەدا چووم بۆ لای موطعیم، ئەویش وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) رایسپاردم تا گوێرایەڵ بم با ئەگەر سەرکردەکەم رەشپێستێکی سەررووتاویش بێ.[3]

موطیعە(رضي الله عنها)

ناوی موطیعەی کچی نوعمانە، لە پشتیوانانەو سەرەتا ناوی عاصیە بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا موطیعە.[4]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 2395.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص131.
3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5677.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 119.

موطیعی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی موطیعی کوڕی عامیری کوڕی عەوفی کیلابیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) خوا (ﷺ)، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ناوی پرسی، وتی ناوم عاصیە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا موطیع.[1]

موطیعی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی موطیعی کوڕی ئەسوەدی قوڕەیشی عەدویە، سەرەتا ناوی عاصی بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی، ئەم هاوەڵە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[2]

موطیع دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا دەیفەرموو (لا يقتل قرشي صبرا بعد هذا اليوم إلى يوم القيامة)،[3] (لەمڕۆ بەدوا تا ڕۆژی دوایی هیچ قوڕەیشیەك بە ئەشکەنجەو هێشتنەوە ناکوژرێت).

موظەهیری کوڕی رافیع (رضي الله عنه)

ناوی موظەهیری کوڕی رافیعی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە خەیبەر شەهید کرا.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص135.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص134.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3421، صحيح ابن حبان، الرقم 3778، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15110.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص135.

موظطەجیع (رضي الله عنه)

ناوی موظطەجیعی کوڕی ئەثاثەیەو برای میسطەحە، ئیبن عوقبە دەڵێت یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

موعاذە(رضي الله عنها)

ناوی موعاذەیەو لەتاو بێزاری لە پیاوەکەی رایکرد، نەضلە دەڵێت کابرایەك کە پێی دەوترا ئەعشا ژنێکی لابوو کە پێی دەوترا موعاذە، چوویە دەرەوەو ژنەکەی رایکرد و چوو بۆ لای کەسێك بە ناوی میطرەف و ئەویش پەنای دا، دواتر پیاوەکەی داوای ژنەکەی کردەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) نامەی نووسی تا ژنەکەی بداتەوە دەست، ئەویش کە نامەکەی خوێندەوە ژنەکەی دایەوە دەست پیاوەکەی.[2]

موعاذەی کچی عەبدولا (رضي الله عنها)

ناوی موعاذەی کچی عەبدوڵای کوڕی عەمرە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

موعاذی کوڕی حارث (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی حارثی کوڕی ریفاعەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و بە ئیبن عەفراء ناسراوە، دایکی ناوی عەفرائە، موعاذ یەکێکە لە دەستەی یەکەمی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص126.
2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6705.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 119.

پشتیوانان کە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوانە یەکەم دەستە بوون کە گەیشتن بە پێغەمبەر.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان موعەممەری کوڕی حارث و موعاذ ی کوڕی عەفرائەوە.[2]

موعاذ لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و رۆڵی هەبوو لە کوشتنی ئەبووجەهلدا، لە بەدردا بریندار بوو، جا رایەك دەڵێت بەو برینەوە مرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو دواتریش ژیا،[3] ئیبن سەعد دەڵێت پاش کوژرانی عوثمانی کوڕی عەففان موعاذ وەفاتی کرد.[4]

عەبدوڕەحمان دەڵێت لە بەدردا لە ریزدا وەستابووم، تەماشای راست و چەپی خۆم کرد، دوو منداڵی پشتیوانانم بینی، یەکێکیان وتی مامە گیان ئەبووجەهل دەناسیت؟ وتم بەڵێ، بۆچیتە برازاکەم؟ وتی بیستوومە قسەی وتووە بە پێغەمبەر (ﷺ)، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەگەر ببینم وازی لێ ناهێنم تا دەیکوژم یان دەمکوژێت، ئەوی تریش هەمان شتی پێ وتم، منیش نیشانم دان و ئەوانیش کوشتیان و دواتر هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی کامتان کوشتی؟ هەرکامیان وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەستان شمشێرەکەتان سڕیوە؟

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص140.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 491.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص140.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 491.

وتیان نا، سەیری هەردوو شمشێرەکەی کرد و فەرمووی هەردووکتان کوشتووتانە، ئەو دوانەش بریتی بوون لە موعاذی کوڕی عەمر و موعاذی کوڕی عەفراء.[1]

موعاذی کوڕی ریفاعە (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی ریفاعەیە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەنی قورەیظە.[2]

موعاذی کوڕی زورارە (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی زورارەی کوڕی عەمرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و هاودەم بە خۆیشی هەردوو کوڕەکەی (ئەبوونەملەو ئەبووبوردە) بەشداری ئەو غەزایە بوون.[3]

موعاذی کوڕی صیممە (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی صیممەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و هاودەم بە خۆیشی خراشی برایشی بەشداری کرد، لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد و دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە رووداوی الحرة دا کوژرا.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2989، صحيح مسلم، الرقم 3383، صحيح ابن حبان، الرقم 4917.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص140.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 141.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 141.

موعاذی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووحە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و یەکێك بوو لەوانەی ئەبووجەهلی کوشت.[1]

عەمری کوڕی جەمووح کە کەسایەتیەکی گەورەی پشتیوانان بوو، لەماڵەوە بتێکی هەبوو بە ناوی مەناف، زۆر خۆشی دەویست و پاکی رادەگرت و بۆنی خۆشی لێدەدا، جا کە برێك لە گەنجانی پشتیوانان موسڵمان بوون، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و موعاذی کوڕی عەمر–کوڕەکەی خۆی– و بەشداربووی بەیعەتی عەقەبە بوون، شەو دەچوون بتەکەی عەمریان فڕێ دەدایە ناو زبڵدانەوە، بۆ بەیانی عەمر هەڵسا و هاواری لێهەستا و وتی کێ ئەمشەو هێرشی بردوەتەسەر خواکانمان، پاکی کردەوەو بۆنی خۆشی لێدا، ئەوانیش هەمدی وایان لێکردەوە، ئەمجار عەمر کە پاکی کردەوە شمشێرێکی پێدا هەڵواسی و وتی بەخوا من نازانم کێیە وات لێدەکات، جا ئەگەر خۆت خێرێکت تیایە بەم شمشێرە بەرگری لە خۆت بکە، بۆ شەو ئەوانیش هەمدی بتەکەیان برد و شمشێرەکەیان لابرد و لە شوێنیدا سەگێکیان بەستەوە بە ملی بتەکەوەو خستیانە ناو زبڵدانێکی بەنی سەلەمەوە، عەمر بەیانی هەستا بتەکەی نەدی، چوو تا بەو شێوەیە دۆزیەوە، ئیتر راچڵەکی و وازی لە بتپەرستی هێنا و موسڵمان بوو.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص143.

2 - أسد الغابة، ج4،ص 220.

عەبدوڕەحمان دەڵێت لە بەدردا لە ریزدا وەستابووم، تەماشای راست و چەپی خۆم کرد، دوو منداڵی پشتیوانانم بینی، یەکێکیان وتی مامە گیان ئەبووجەهل دەناسیت؟ وتم بەڵێ، بۆچیتە برازاکەم؟ وتی بیستوومە قسەی وتووە بە پێغەمبەر (ﷺ)، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەگەر بیبینم وازی لێ ناهێنم تا دەیکوژم یان دەمکوژێت، ئەوی تریش هەمان شتی پێ وتم، منیش نیشانم دان و ئەوانیش کوشتیان و دواتر هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی کامتان کوشتی؟ هەرکامیان وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەستان شمشێرەکەتان سڕیوە؟ وتیان نا، سەیری هەردوو شمشێرەکەی کرد و فەرمووی هەردووکتان کوشتووتانە، ئەو دوانەش بریتی بوون لە موعاذی کوڕی عەمر و موعاذی کوڕی عەفراء.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەبووبەکر پیاوێکی زۆر چاکە، عومەر پیاوێکی زۆر چاکە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح پیاوێکی زۆر چاکە، ثابتی کوڕی قەیس پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی عەمر پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی زۆر چاکە، سەهلی کوڕی بەیضاء پیاوێکی زۆر چاکە).[2]

موعاذ دەڵێت کە ئەبووجەهلم بینی چووم بۆی و قاچێکیم بڕی، عیکریمەی کوڕی هات بۆم و دای لەسەر شانم و دەستی بڕیم بەڵام هەر بە پێستەکەی بە هەڵواسراوی پێمەوە مایەوە، منیش بەستمەوەو ئەو رۆژە بەردەوام جەنگم کرد، کە دەستم زۆر ئازاری دام قاچم خستە سەری و توند کێشام تا فڕێم دا.[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2989، صحيح مسلم، الرقم 3383، صحيح ابن حبان، الرقم 4917.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7957.

3 - سير أعلام النبلاء، ج 1، ص 250-251.

موعاذ تا خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا و لە کۆتاییەکانی خیلافەتی عومەردا وەفاتی کرد.[1]

موعاذی کوڕی عەمری خەزرەجی (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی عەمری کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزای خەندەق و غەزاکانی تردا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیا و لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیق و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

موعاذی کوڕی ماعیص (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی ماعیصە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد، لە ڕووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[3]

موعاذی کوڕی ئەنەس (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی ئەنەسی جوهەنیە، کوڕێکی هەبوو بەناوی سەهل کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، موعاذ دەڵێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

1 - سير أعلام النبلاء، ج 1، ص 250.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 144.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص144.

دوورەپەرێزی کرد لە کاتی وتاری پێشەوا لە هەینیدا لە دانیشتنێ کە قاچەکان لەگەڵ سکدا پێکەوە کۆدەکاتەوە.[1]

موعاذ دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەرکەس خواردنێکی خوارد و دواتر فەرمووی الحمد لله الذي أطعمني هذا الطعام ورزقنيه من غير حول مني ولا قوة ئەوە خوا لە تاوانی پێش و دواتری خۆش دەبێت، هەرکەسیش جلێ بپۆشێت و بڵێت الحمد لله الذي كساني هذا الثوب ورزقنيه من غير حول مني ئەوە خوا لە تاوانی پێش و دواتری خۆش دەبێت).[2]

موعاذی کوڕی جەبەل (رضي الله عنه)

ناوی موعاذی کوڕی جەبەلی کوڕی عەمری کوڕی ئەوسە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانەو یەکێکە لە هاوەڵە گەورە و دیارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، کەسێکی باڵابەرز و کەشخە بوو، چاوەکانی گەورەو سپی رەنگ بوو، دایکی ناوی هیندی کچی سەهلە.[3]

کاتێك موعاذ موسڵمان بوو، هێشتا تەمەنی هەژدە ساڵان دەبوو.[4]

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1701، سنن الترمذي، الرقم 496، سنن أبي داود، الرقم 949، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15329، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17192، حسنه شعيب الأرناؤوط، كما حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 514.

2 - سنن أبي داود، الرقم 3523، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1808، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1456، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4023.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 444-445.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 445.

موعاذ یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو هاودەم بە حەفتا کەسەکە بەشداری کرد.[1]

کاتێك موعاذ موسڵمان بوو، هاودەم بە ژمارەیەك گەنجی ناو پشتیوانان هەوڵیان دەدا گەورەکانی هۆزەکانیان تێبگەیەنن کە بتپەرستی هەڵەیە، بۆیە دەکەوتنە شکاندنی بتەکان بە نهێنی، تا خەڵکی بزانن ئەو بتانە هیچیان بۆ ناکرێت و تەنانەت ناتوانن بەرگری لە خۆیشیان بکەن.

هەریەك لە موعاذی کوڕی جەبەل و ثەعلەبەی کوڕی عەنمەو عەبدوڵای کوڕی ئەنیس پێکەوە دەچوون بتەکانی بەنی سەلەمەیان دەشکاند.[2]

عەمری کوڕی جەمووح کە کەسایەتیەکی گەورەی پشتیوانان بوو، لە ماڵەوە بتێکی هەبوو بە ناوی مەناف، زۆر خۆشی دەویست و پاکی رادەگرت و بۆنی خۆشی لێدەدا، جا کە برێك لە گەنجانی پشتیوانان موسڵمان بوون، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و موعاذی کوڕی عەمر-کوڕەکەی خۆی- و بەشداربووی بەیعەتی عەقەبە بوون، شەو دەچوون بتەکەی عەمریان فڕێ دەدایە ناو زبڵدانەوە، بۆ بەیانی عەمر هەڵسا و هاواری لێهەستا و وتی کێ ئەمشەو هێرشی بردوەتەسەر خواکانمان، پاکی کردەوەو بۆنی خۆشی لێدا، ئەوانیش هەمدی وایان لێکردەوە، ئەمجار عەمر کە پاکی کردەوە شمشێرێکی پێدا هەڵواسی و وتی بەخوا من نازانم کێیە وات لێدەکات، جا ئەگەر خۆت خێرێکت تیایە بەم شمشێرە بەرگری لە خۆت بکە، بۆ شەو ئەوانیش هەمدی بتەکەیان برد و شمشێرەکەیان لابرد و لە شوێنیدا سەگێکیان بەستەوە بە

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 444.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 583.

ملی بتەکەوەو خستیانە ناو زبڵدانێکی بەنی سەلەمەوە، عەمر بەیانی هەستا بتەکەی نەدی، چوو تا بەو شێوەیە دۆزیەوە، ئیتر راچڵەکی و وازی لە بتپەرستی هێنا و موسڵمان بوو.[1]

کاتێك جوولەکەکان پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ پشتیوانەکان قسەیان دەکرد دەیانوت بەم زوانە کۆتای پێغەمبەران دێت، کەچی کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بەرامبەری بێباوەڕ بوون، ئەوەبوو برێك لە پشتیوانان ئامۆژگاری جوولەکەکانیان دەکرد کە بۆچی وان، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و بیشری کوڕی بەڕراء و داوودی کوڕی سەلەمە، دەیانوت ئەی گرۆی جوولەکەکان لەخوا بترسن و موسڵمان بن، ئێوە پێشتر باسی هاتنی ئەم پێغەمبەرەتان بۆ ئێمە دەکرد.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان موعاذی کوڕی جەبەل و عەبدوڵای کوڕی مەسعوودەوە.[3]

موعاذ یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر و ئەوکات تەمەنی بیستساڵان بوو.[4]

موعاذ لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کرد و لە تاکە غەزایەکیش دوانەکەوت،[5] موعاذ لە غەزای

---

1 - أسد الغابة، ج4،ص 220.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 383.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 95.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 444.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص136.

تەبووکیشدا بەشدار بوو، ئەوەتا دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چووین بۆ غەزای تەبووك، پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆ و عەسری پێکەوە دەکرد و نوێژی ئێوارەو عیشایشی پێکەوە دەکرد.[1]

موعاذ یەکێك بوو لەوانەی لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) قورئانیان کۆدەکردەوە.[2]

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت جارێك موعاذی کوڕی جەبەل پێش نوێژی بۆ هۆزەکەی دەکرد، حەرامیش هاتە ژوورەوەو دەیشیویست ئاوی دارخورماکانی بدات، بەڵام چووە مزگەوت تا پێشتر نوێژەکەی بکات، لە نوێژەکەدا دەبینی موعاذ زۆر درێژە بە نوێژەکەی دەدات – لە گێڕانەوەکەی ئەبوو نوعەیمدا هاتووە کە سوورەتی بەقەرەی دەخوێند– بۆیە حەرام کەناری گرت و خۆی نوێژەکەی تەواو کرد و چوو بۆ ئاودانی دارخورماکانی، کاتێك موعاذ نوێژەکەی تەواو کرد پێی وترا خۆ حەرام هاتە ژوورەوە، کە بینی تۆ درێژەت دا بە نوێژەکەت کەناری گرت و نوێژی خۆی کرد و چوو بۆ ئاودانی باخە خورماکەی، موعاذیش وتی دەی بە دڵنیاییەوە ئەو مونافیقە، لەپێناو خورماکانیدا پەلە دەکات لە نوێژدا؟!! حەرام چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موعاذیش لەوێ بوو، حەرام وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ویستم ئاوی باخە خورماکەم بدەم، بۆیە چوومە مزگەوت تا لەگەڵ خەڵکەکە نوێژ بکەم، بەڵام کە بینیم موعاذ نوێژەکە درێژ دەکاتەوە، من نوێژەکەم کرد و درێژم نەکردەوەو چووم بۆ ئاودانی باخە خورماکەم، کەچی موعاذ بانگەشەی ئەوەی کردووە من مونافیقم،

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 1184.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص137.

پێغەمبەر (ﷺ) رووی وەرچەرخاند بە رووی موعاذدا و فەرمووی (أفتان أنت، أفتان أنت، لا تطول بهم، اقرأ بسبح اسم ربك الأعلى و الشمس و ضحاها)،[1] (ئەرێ تۆ پەکخەریت، ئەرێ تۆ پەکخەریت؟! نوێژەکەیان بۆ درێژ مەکەرەوە، ئەم ئایەتانەو هاوشێوەی بخوێنە سبح اسم ربك الأعلى، والشمس و ضحاها).

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا ناوی حەرام نەهاتووەو دەڵێت پیاوێك هات، ئینجا لە کۆتاییشەوە هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) بە موعاذی فەرموو (فلولا صليت بسبح اسم ربك والشمس وضحاها، والليل إذا يغشى، فإنه يصلي وراءك الكبير والضعيف وذو الحاجة)،[2] (با کە نوێژت کرد ئەمانەت بخوێندایە، سبح اسم ربك، والشمس و ضحاها، والليل إذا يغشى، چونکە لە دوای تۆوە کەسی بەتەمەن و لاواز و خاوەن ئیشی گرنگ هەن نوێژ دەکەن).

موعاذ –بۆ نوێژی عیشا– دەهات بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد و دواتر دەگەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و بەرنوێژی بۆ ئەوانیش دەکرد.[3]

جارێك سولەیم هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەخەوین ئینجا موعاذی کوڕی جەبەل دێت بۆ لامان، لە ڕۆژیشدا لە کاتی کارماندا کە کاتی نوێژ دێت، دێت و نوێژێکی زۆر دوورودرێژمان پێ دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (يا معاذ بن جبل، لا تكن فتانا، إما أن تصلي معي، و إما أن تخفف

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12005، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11224، صححه شعيب الأرناؤوط و قال إسناده صحيح على شرط الشيخين.

2 - صحيح البخاري، الرقم 684.

3 - صحيح البخاري، الرقم 680.

علی قومك)، (ئەی موعاذ خەڵك لە دین رامەفڕێنە، یان نوێژ لەگەڵ من بکە، یان نوێژت بۆ هۆزەکەت کورت بێت).[1]

جارێك موعاذی کوڕی جەبەل هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زۆر بە سەختی دەگریا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی موعاذ ئەوە بۆچی دەگریت؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەنجێك شێوە جوانی کەشخەی جل و بەرگ پاك لەبەردەرگایە و چۆن دایکێکی جگەرسووتاو بۆ جگەرگۆشەکەی دەگریت ئاوا بۆ گەنجیەکەی دەگری، دەیەوێت بێتەژوورەوە بۆ لای تۆ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەی موعاذ گەنجەکە بێنەرە ژوورەوەو لەبەر دەرگا مەیوەستێنە، موعاذیش گەنجەکەی هێنایە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی گەنج بۆچی دەگریت)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نەگریم لەکاتێکدا هێندە تاوانم کردووە کە ئەگەر تەنها بە هەندێکیان سزا بدرێم ئەوا بە هەتایی لە دۆزەخدا دەمهێڵنەوە، دەشبینم ئەو تاوانانەم لەسەر حسابن و دەمبەنە دۆزەخ....دواتر گەنجەکە بە گریانەوە چوو تا چوویە لای شاخێکی مەدینە، خۆی ون کرد و بە زنجیر دەست و گەردنی پێکەوە بەستەوەو هاواری دەکرد خوایە ئەی مەولا و گەورەم ئەوە بوهلوولی کوڕی ذوئەیبە بە دەستبەستراوی کۆت کراوی دان دەنێت بە تاوانەکانیدا).[2]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20173، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 311، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 331.

کاتێك فەتحی مەککە کرا پێغەمبەر (ﷺ) موعاذی لە مەککە جێهێشت تا خەڵکی فێری قورئان خوێندن بکات.[1]

چوون بۆ یەمەن:

موعاذ دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی نارد و فەرمووی (إنك تأتي قوما من أهل الكتاب ، فادعهم إلى شهادة أن لا إله إلا الله وأني رسول الله، فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة، فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة تؤخذ من أغنيائهم فترد في فقرائهم، فإن هم أطاعوا لذلك فإياك وكرائم أموالهم، واتق دعوة المظلوم فإنه ليس بينها وبين الله حجاب)،[2] (تۆ دەچیت بۆ لای خەڵکێك لە ئەهلی کیتاب، جا بانگیان بکە بۆ شایەتی ئەوەی هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، ئەگەر گوێڕایەڵت بوون بۆ ئەوە، ئەوکات فێریان بکە کە خوا لە هەموو شەو و ڕۆژێکدا پێنج نوێژی فەرزی لەسەریان واجب کردووە، ئەگەر لەوەشدا گوێڕایەڵت بوون ئەوە فێریان بکە کە خوا صەدەقەی لەسەریان داناوە تا لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگیرێت و بدرێتەوە بە هەژارانیان، ئەگەر لەوەشدا گوێڕایەڵت بوون ئەوە وریابە چاکترینی سامانیان نەبەیت، لە نزای ستەملێکراویش بترسە چونکە پەردە نیە لە نێوان نزای ستەم لێکراو و خوادا).

موعاذ دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد بۆ یەمەن، لەگەڵم هات و وەسیەتی بۆ دەکردم، من لەسەر سوارەکەم بووم و پێغەمبەریش (ﷺ) بە پیادە،

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 447.

2 - صحيح مسلم، الرقم 52.

دواتر فەرمووی ئەی موعاذ لەوانەیە دوای ئەمساڵ بە من نەگەیتەوە، لەوانەیە بدەیت بەلای مزگەوت و گۆڕەکەمدا، منیش لەتاو جیابوونەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەستم کرد بە گریان.[1]

سوفیانی کوڕی وەهب دەڵێت موعاذی کوڕی جەبەل هات بۆ یەمەن بۆ لامان و وتی من نێردراوی پێغەمبەری خوام(ﷺ)، تا پێتان بڵێم خوا بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن، گوێڕایەڵم بن لە چاکەدا، سەرەنجام بۆ لای خوایە و بەهەشت و دۆزەخ هەیە، لەوێ مانەوەی هەتایی و نەمردن هەیە.[2]

پاش ئەوەی نەخەعیەکان لە یەمەن موسڵمان بوون و بەیعەتیان دا بە موعاذی کوڕی جەبەل کە نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، ئینجا لە نیوەی موحەڕەمی ساڵی یانزەی کۆچیدا دووسەد کەس لە نەخەعیەکان بە وەفد هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[3]

موعاذی کوڕی جەبەل بە والیەتی یەمەن مایەوە تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد.[4]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 648، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21478، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17060، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 2927.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 346.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 450.

پلەوپایەی موعاذ

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[1] واتە:(بە رەحمترینی ئوممەتەکەم بە ئوممەتم ئەبووبەکرەو بەهێزترینیان لە ئاینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرز زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

عەوفی کوڕی مالیك دەڵێت شەوێك لەرێی سەفەرماندا دابەزین و هەرکەس چوویە شوێنی خۆی، لە نیوەی شەودا هەستام دەبینم وا وشترەکەی پێغەمبەرە(ﷺ) و کەس لە لای نیە، چووم بە دوای پێغەمبەردا (ﷺ) بگەڕێم، کەچی بینیم موعاذی کوڕی جەبەل و عەبدوڵای کوڕی قەیس وەستاون، وتم پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوا؟ وتیان نازانین، بەڵام لەوپەری شیوەکەوە دەنگێکمان

[1] - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص17، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم 154، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12707، صحيح، بەڵام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحيح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادته، 897.

بیست، کەمێك وەستاین و پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو فەرمووی (کەسێك لای پەروەردگارمەوە هات و سەرپشکی کردم لەنێوان ئەوەی نیوەی ئوممەتەکەم بخاتە بەهەشت یان شەفاعەتم بۆ هەبێت، منیش شەفاعەتم هەڵبژارد)، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندت دەدەین لەبەر خوا و لەبەر هاوەڵیمان بۆت ئێمەش لە دەستەی شەفاعەتەکەت بین، فەرمووی ئێوە لە دەستەی شەفاعەتمن، دواتر کە چوون فەرمووی (فإني أشهد من حضر أن شفاعتي لمن مات لا يشرك بالله شيئا من أمتي)،[1] (ئامادەبوان بە شایەت دەگرم شەفاعەتم بۆ هەر کەسێکە لە ئوممەتەکەم کە مرد هیچ هاوەڵێکی بۆ خوا بڕیار نەدابێت).

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە (خذوا القرآن من أربعة من عبدالله بن مسعود وسالم مولى أبي حذيفة ومعاذ بن جبل وأبي بن كعب)[2] واتە (قورئان لە چوار کەس وەربگرن، لە عەبدوڵای کوڕی مەسعوود و سالمی مەولای ئەبووحوذەیفەو موعاذی کوڕی جەبەل و ئوبەی کوڕی کەعب).

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەبووبەکر پیاوێکی زۆر چاکە، عومەر پیاوێکی زۆر چاکە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەڕاح پیاوێکی زۆر چاکە، ثابتی کوڕی قەیس پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی عەمر پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی زۆر چاکە، سەهلی کوڕی بەیضاء پیاوێکی زۆر چاکە).[3]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 211، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23363، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3632 و 4733، صحيح مسلم، الرقم 4631، سنن الترمذي، الرقم 3906، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6365 و 6637 و 6641 و 6648، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7011، الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص15.

3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7957.

لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چوار کەس لە مزگەوتی پێغەمبەردا (ﷺ) فەتوایان دەدا کە بریتی بوون لە عومەری کوڕی خەططاب و عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و موعاذی کوڕی جەبەل وئەبوو مووسای ئەشعەری.[1]

لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا موعاذ هاتەوە مەدینەو کۆیلەیەکی زۆری پێ بوو، عومەر وتی ئەو کۆیلانە چین؟ وتی بە دیاری پێم دراون، عومەر وتی بیاندە بە ئەبووبەکر، موعاذ رازی نەبوو، دواتر شەو خەوی بینی بەرەو دۆزەخ رادەکێشرێت و عومەریش ناهێڵێت، بۆیە کە لەخەو هەستا چوو بۆ لای عومەرو وتی بەگوێی تۆ دەکەم، کۆیلەکانی دا بە ئەبووبەکر، ئەویش وتی بۆ خۆت بن، دواتر موعاذ چوو دەبینێت کۆیلەکانی نوێژ دەکەن، وتی نوێژ بۆ کێ دەکەن؟ وتیان بۆ خوا، وتی دەی ئێوەش بۆ خوا ئازاد بن.[2]

کاتێك موعاذ ویستی بەشداری فتووحات بکات لە شام، جا عومەر زۆر هەوڵیدا ئەبووبەکر رازی بکات تا موعاذ نەچێت و سوودی زانستی هەبێت بۆ خەڵکی مەدینە، بەڵام ئەبووبەکر رازی نەبوو و وتی کەسێك خۆی تاسەی شەهیدی هەبێت چۆن رێی لێ بگرم.[3]

کا موعاذ بەوپەڕی تواناوە بەشداری جیهادی کرد و موسڵمانانی هاندەدا تا بە هیچ شێوەیەك لە مەیدانی جیهاددا رانەکەن و بە دوای شەهیدیدا بگەڕێن.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 389.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 454.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 452.
4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 8.

جارێك لە خیلافەتی عومەری كوڕی خەططابدا ئافرەتێك دوو ساڵ لەلایەن مێردەكەیەوە تەنها خرابوو، كە كابرا هاتەوە ئافرەتەكەی بینی سكی هەیە چوو بۆ لای عومەر، عومەر ویستی رەجمی بكات، موعاذ وتی ئەگەر بۆ ژنەكە بەڵگەیەكت هەبێت بۆ منداڵەكەی ناو سكی چی؟ عومەر وازی هێنا تا ئافرەتەكە منداڵەكەی بوو، منداڵەكە تەواو لە باوكی دەچوو، كابرا وتی ئەوە منداڵی منە، عومەر سەرسامی شارەزایی موعاذ بوو و وتی ئافرەتان ناتوانن كەسی وەك موعاذ بێننە دنیا، ئەگەر موعاذ نەبوایە عومەر ماڵوێران دەبوو.[1]

جارێك عومەر بە خزمەتكارێكدا چوارسەد دیناری نارد بۆ موعاذ و وتی بزانە چی پێ دەكات، كە خزمەتكارەكە بردی موعاذ وتی ماڵت ئاوا بێت دەتوانیت ئەوەندەی ببەیت بۆ فلانە ماڵ و ئەوەندەتی تری بدەیت بە فلان، لەو كاتەدا ژنەكەی موعاذ سەرێكی كێشا و وتی بەخوا ئێمەش هەژارین دەی بەشی ئێمەش بدە، تەنها دوو دینار مابوویەوە، بۆیە ئەو دوو دینارەی دا بە ژنەكەی، خزمەتكارەكە گەڕایەوە بۆ لای عومەر و بەسەرهاتەكەی بۆ باس كرد، عومەر زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی ئەوانە برای یەكدین.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری كوڕی خەططابدا كاتێك موسڵمانان شامیان فەتح كرد، خەلیفە هەریەك لە عوبادەی كوڕی صامیت و موعاذی كوڕس جەبەل و

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 452.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 456.

ئەبوودەردائی نارد بۆ شام تا خەڵکی فێری قورئان بکەن و شارەزایان بکەن بە ئیسلام.[1]

ئەبووعوبەیدە پێش ئەوەی وەفات بکات، لە کاتی نەخۆشیەکەیدا، لە شوێنی خۆیدا موعاذی کوڕی جەبەلی دانا تا ئەمیرایەتی خەڵکەکە بکات.[2]

جا خەڵکەکە وتیان ئەی موعاذ لەخوا بپارێرەوە بەڵکو ئەم دەرد و پیسیەمان لەسەر لاببات، موعاذیش وتی ئەوە دەرد و پیسی نیە، بەڵکو نزای پێغەمبەرەکەتان و مەرگی پیاوچاکانەو شەهیدیەکە خوا تایبەتی دەکات بەهەرکامتان کە بتانەوێت...ڕۆژێك دێت ناحەقی تیایدا زاڵە، ڕۆژێ دێت خەڵکی دەڵێن بەخوا نازانم من کێم، نە لەسەر بەرچاوڕوونی دەژی و نە لەسەر بەرچاوڕوونی دەمرێت.[3]

ئینجا موعاذ فەرموودەیەکی گێڕایەوە بۆ خەڵکەکە سەبارەت بەو نەخۆشیەو وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ستهاجرون إلی الشام فیفتح لکم ویکون فیکم داء کالدمل أو کالحرة یأخذ بمراق الرجل یستشهد الله به أنفسهم، ویزکي به أعمالهم)، (دواتر کۆچ دەکەن بۆ شام و فەتح دەکرێت بۆتان، لەنێوتاندا دەردێك دەردەکەوێت وەك دومەڵ یان حەررە و خوار ناوکی کەسەکە دەبات، خوا بەوە شەهیدی دەبەخشێت پێیان و بەوە کرداریان پاك رادەگرێت)، خوایە ئەگەر دەزانیت موعاذ ئەمەی لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە دەی خوایە پشکی گەورەی ئەو

1 - أسدالغابة، ج3، ص 159.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 127.
3 - سیر أعلام النبلاء، ج1، ص 457.

نەخۆشیە ببەخشە بە خۆی و ژن و منداڵەکانی، ئەوەبوو تاعوون تووشی هەموویان بوو و هەموویان بەو هۆیەوە مردن.[1]

لە ساڵی هەژدەی کۆچی موعاذی کوڕی جەبەل بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کرد، هاودەم بەویش چەند گەورە هاوەڵێکی دی بەو نەخۆشیە وەفاتیان کرد، وەك فەچلی کوڕی عەبباس و ئەبووعوبەیدەو شورەحبیلی کوڕی حەسەنەو ئەبوجەندەل.[2]

عومەری کوڕی خەططاب لە کاتی بریندار‌بوونیدا دەیوت ئەگەر موعاذ بمایە دەمکردە جێنشین، دواتر بگەیشتمایەتەوە بە پەروەردگارم و بیفەرموایە کێت کرد بە جێنشین لەسەر ئوممەتی موحەممەد؟ دەموت بیستوومە لە پێغەمبەرو بەندەکەت دەیفەرموو (موعاذی کوڕی جەبەل لەبەردەم زانایاندا بە جیاو تەنها دێت).[3]

موعاذ لەنێو هاوەڵاندا هێندە رێزی هەبوو کە ئەگەر لە کۆڕێکدا ئەوی تێدا بوایەو هاوەڵێك قسەی بکردایە وەك رێز و گەورەیی چاوی تەنها لەسەر موعاذ دەبوو.[4]

موعاذی کوڕی جەبەل دەڵێت لە دوای پێغەمبەری خواوە(ﷺ) لە سەر گوێدرێژێك سواربووبووم کە پێی پێی دەوترا عوفەیر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی موعاذ ئایا دەزانیت مافی خوا بەسەر بەندەکانیەوەو مافی بەندەکانی خوا بەسەر

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21512، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج6، ص 202.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 446.
4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 453.

پەروەردگارەوە چیە؟) وتم خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی (فإن حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئا، وحق العباد على الله أن لا يعذب من لا يشرك به شيئا)، (مافی خوایە بەسەر بەندەکانەوە تا بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەن، مافی بەندەکانیشە بەسەر خواوە تا خوا هیچ کەسێ سزا نەدات کە هیچ هاوەڵێکی بۆ خوا بڕیار نەداوە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بچم موژدە بەو خەڵکە بدەم، ئەویش فەرمووی (لا تبشرهم فيتكلوا)،[1] (نا موژدەیان پێ مەدە هەتا پشتوێنی لێ نەکەنەوە).

جا ئەمە موژدەیەکی زۆر گەورەو ناوازەیە بۆ موسڵمانان ئەگەر بەهەڵەدا نەچن و ئەو بارە نەگرنەبەر کە پێغەمبەر (ﷺ) لێی دەترسا، ئەویش دەست لێ بەردان و پشتوێن لێکردنەوەیە، چونکە کەسانێك هەن بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕێن تا پینەی کەمتەرخەمی خۆیان بکەن لە بەجێگەیاندنی ئەرك و پەرستشەکانیاندا.

موعاذ دەڵێت ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستی گرتم و فەرمووی ئەی موعاذ بەخوا من تۆم خۆش دەوێت، منیش وتم بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم بەخوا منیش تۆم خۆشدەوێت، فەرمووی ئەی موعاذ وەسیەتت بۆ دەکەم، لە دوای هیچ نوێژێکەوە بیرت نەچێت بڵێیت اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك.[2]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2721، صحيح مسلم، الرقم 69.

2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 726، صحيح ابن حبان، الرقم 2044، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9594، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21541، المستدرك على الصحيحين، الرقم 946، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 1303.

موعاذ دەڵێت پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و وتم کارێکم پێ بفەرمووە کە بمباتە بەهەشتەوە، ئەویش فەرمووی (بخ بخ سألت عن أمر عظيم وهو يسير لمن يسره الله به، تقيم الصلاة المكتوبة، وتؤتي الزكاة المفروضة، ولا تشرك بالله شيئا)،[1] (بەخ بەخ پرسیاری شتێکی گەورەت کرد لەکاتێکدا ئاسانە بۆ کەسێك خوا بۆی ئاسان بکات، نوێژە فەرزەکان بەجێ بگەیەنەو زەکاتی فەرزکراو بدەو هیچ هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار مەدە).

موعاویەی کوڕی ثەور (رضي الله عنه)

ناوی موعاویەی کوڕی ثەوری کوڕی عوبادەی عامیری بەکائیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی بیشر، موعاویە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی.[2]

موعاویەی کوڕی حەکەم (رضي الله عنه)

ناوی موعاویەی کوڕی حەکەمی سولەمیە، موعاویە دەڵێت من لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژم دەکرد کە کەسێك پژمی، منیش وتم یەرحەموکەڵاه، خەڵکەکە بە چاو خێسەیان لێدەکردم، منیش وتم دایکم ڕۆ بۆ وادەکەن؟ بۆ وا سەیرم دەکەن؟ ئەوانیش بە دەستیان دەیاندا بەسەر ڕانیاندا، کە زانیم بێدەنگم دەکەن بێدەنگ بووم، کە پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژەکەی بوویەوە بە دایك و باوکمەوە بەقوربانی بم کە هیچ مامۆستایەکم نەدیبوو و نەدیوە وەك ئەو جوان کەسێ فێر بکات، بەخوا نە خێسەی لێکردم و نە لێیدام و نە قسەی پێ وتم، ئینجا فەرمووی (إن

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 214، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 145.

هذه الصلاة لا يصلح فيها شيء من كلام الناس، إنما هو التسبيح والتكبير وقراءة القرآن)، (ئەم نوێژە نابێت قسەی خەڵکی تێدا بکرێت، بەڵکو سوبحانەڵا و الله اکبر و قورئان خوێندنە)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من تازە موسڵمان بووم و خەڵکیێ لای ئێمە دەچن بۆ لای کاهینان، فەرمووی نەچیت بۆ لایان...[1]

موعاویەی کوڕی حەیدە (رضي الله عنه)

ناوی موعاویەی کوڕی حەیدەیە و برای مالیکی کوڕی حەیدەیە، موعاویە کوڕێکی هەبوو بە ناوی حەکیم کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، حەکیم لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە جارێك موعاویە بە مالیکی وت وەرە لەگەڵم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە ئەو تۆ دەناسێت و من ناناسێت، کەسێك لە دراوسێکانم لای ئەو دیلە، ئەوەبوو چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مالیك وتی ەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من موسڵمان بووم و دراوسێکەشم موسڵمان بووە، دەی ئازادیان بکە، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، جاری دووەم دووبارەی کردەوەو پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوەو بە تووڕەییەوە هەستایەوەو فەرمووی (ئەگەر ئەوە بکەم خەڵکی دەڵێن خۆت فەرمان بە شتێك دەکەیت کەچی بۆ کەسی تر پەیڕەوی ناکەیت).[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 868، سنن أبي داود، الرقم 808، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23124.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6746، مسند احمد بن حنبل، الرقم 19549، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16419، حسنه شعيب الأرناؤوط.

موعاویە دەڵێت جارێك وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاکە لەگەڵ کێ بکەم؟ فەرمووی دایکت، دواتر دایکت، دواتر دایکت، دواتر باوکت، دواتر کەسی زۆر نزیکت، دواتر کەسی نزیکت).[1]

موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان (رضي الله عنه)

ناوی موعاویەی کوڕی صەخری کوڕی حەربی کوڕی ئومەییەی قوڕەیشی ئومەویە، پێنج یان حەوت یان سیانزە ساڵ پێش دابەزینی سروش لەدایك بووەو رای راستتر ئەوەیە پێنج ساڵ پێش دابەزینی سروش لەدایك بووە.[2]

موعاویە ژنبرای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، چونکە ئوموحەبیبەی کچی ئەبووسوفیان هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

موسڵمانبوونی موعاویە

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی راجیایی هەیە، واقیدی دەڵێت دوای رێککەوتنی حودەیبیە موعاویە موسڵمان بوو، بەڵام موسڵمانبوونەکەی خۆی شاردەوە تا لە فەتحی مەککەدا ئاشکرای کرد.[3]

---

1 - سنن الترمذي، الرقم 1868، سنن أبي داود، الرقم 4494 واللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19563، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7312، صححه الذهبي في التلخيص، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود حسن صحيح.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 151.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص151.

لە دوای ڕێککەوتنی حودەیبیە عومەری کوڕی خەططاب دوو ژنی خۆی تەڵاق دا کە بێباوەڕ بوون، ئەوەبوو موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان یەکێکیانی بە هاوسەرگرت.[1]

ئیبن سەعد گێڕانەوەیەکی هێناوە کە موعاویە دەڵێت لە دوای ڕێککەوتنی حودەیبیە ئیسلام لە دڵمدا چەسپاو ئەوەم بۆ دایکم باس کرد، دایکم وتی وریابە پێچەوانەی باوکت نەکەیت، بۆیە موسڵمانبوونی خۆمم شاردەوە، سوێند بەخوا کە پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیە دەرچوو من بڕوام پێ هێنابوو، کە بۆ عومرەی دوای حودەیبیە هاتە مەککە من موسڵمان بووم و باوکیشم بە موسڵمانبوونی منی زانیبوو، ڕۆژێك پێی وتم براکەت لە تۆ باشترە چونکە لەسەر ئایینی منە، ئەوەبوو لە فەتحی مەککەدا موسڵمانبوونی خۆمم ئاشکرا کرد و پێغەمبەریش (ﷺ) پێشوازی لێکردم و بووم بە نووسەری بەردەستی.[2]

بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا کە لە موسلیمدا هاتووە سەعد باس لە عومرەی پاش حودەیبیە دەکات و دەڵێت ئەوکات موعاویە بێباوەڕ بوو.[3]

جا ئیبن حەجەر دەڵێت ئەگەر گێڕانەوەی یەکەم ڕاست بێت–کە دوای حودەیبیە موسڵمان بووە– لەوانەیە سەعد لەبەرئەوە وای وتبێت کە ئاگادار نەبووە

1 - صحيح البخاري، الرقم 2601.

2 - سير أعلام النبلاء، ج 3، ص 122.

3 - صحيح مسلم، الرقم 2227، صحيح ابن حبان، الرقم 3986، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1508.

بە موسڵمانبوونی موعاویە لەبەرئەوەی موعاویە موسڵمانبوونی خۆی–لەو ماوەدا– شاردبوویەوە.[1]

موعاویە یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای حونەین و دوای غەزاکەش پێغەمبەر (ﷺ) سەد وشتر و چل ئۆقیەی بەخشی بە موعاویە.[2]

بەڵام ذەهەبی دەڵێت کە موعاویە پێشتر موسڵمان بووبێت ئیتر بۆچی پێغەمبەر (ﷺ) وەك دڵراگیرکراوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات و ئەوەی پێ ببەخشێت، هەروەها ئەگەر ئەوەی پێ بەخشیوە، بۆچی کاتێك موعاویە چوویە داوای فاطیمەی کچی قەیس پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی موعاویە گیرفان بەتاڵەو هیچ سامانێکی نیە.[3]

کاتێك ئەبووعەمر فاطیمەی کچی قەیسی هاوسەری تەڵاقدا، هەر لە دوورەوەو بێ ئەوەی بێت بۆ لای فاطیمە تەڵاقی دا، ئینجا وەکیلی خۆی بە بڕێك گەنمەوە نارد بۆ فاطیمەو فاطیمەش تووڕە بوو، ئەویش وتی دەی بەخوا هیچت لای من نیە، فاطیمە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (خەرجیت لەسەر ئەو نیە)، ئینجا فەرمانی کرد بە فاطیمە لە ماڵی ئومموشەریك بمێنێتەوەو دواتر فەرمووی (تلك امرأة يغشاها أصحابي، اعتدي عند ابن أم مكتوم، فإنه رجل أعمى تضعين ثيابك، فإذا حللت فآذنيني)، (هاوەڵانم زۆر دەچن بۆ سەردانی ئەو ئافرەتە، بۆیە ماوەی عیددەکەت لای ئیبن ئوم مەکتووم تەواو بکە،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 151.
2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 122.
3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 122.

چونکە ئەو کەسێکی نابینایە جلەکانت دابنێ، کە عیددەکەت تەواو بوو، ئاگادارم بکەرەوە)، ئەوەبوو کە تەواو بوو، پێغەمبەری خوای (ﷺ) ئاگادار کردەوە، ئینجا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و ئەبووجەهمی خەطەبانی هاتون بۆ داوام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما أبو جهم، فلا يضع عصاه عن عاتقه، وأما معاوية فصعلوك لا مال له، انكحي أسامة بن زيد)، (ئەبووجەهم گۆچانەکەی سەرشانی دانانێت، موعاویەش دەست بەتاڵەو هیچ سامانێکی نیە، شوو بە ئوسامەی کوڕی زەید بکە)، منیش پێم خۆش نەبوو، هەمدی فەرمووی (شوو بکە بە ئوسامە)، منیش شووم پێکرد، ئەوەبوو خوای گەورە خێرێکی زۆری تێدا دانا و هیوام وابوو منیش وەك ئەو بوومایە.[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت لەگەڵ منداڵاندا یاریم دەکرد کە پێغەمبەر (ﷺ) هات و منیش لە پشت دەرگایەکەوە خۆم شاردەوە، هات و سووکێك رایوەشاندم و فەرمووی (بڕۆ و موعاویەم بۆ بانگ بکە)، منیش چووم و هاتمەوەو وتم خەریکی خواردن بوو، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بڕۆ موعاویەم بۆ بانگ بکە)، چووم و هاتمەوەو هەمدی وتم خەریکی خواردنە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (لا أشبع الله بطنه)،[2] (خوا سکی تێر نەکات).

1 - صحيح مسلم، الرقم 2687، صحيح ابن حبان، الرقم 4112، سنن أبي داود، الرقم 1957.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4818.

نەوەوی دەڵێت مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) بەو نزایە نزالێکردن نەبووە، بەڵکو راهاتنی زمان بووە بەو وتانەی لەسەر زاری عەرەب هەبون وەك (لا كبرت سنك) (عەمرکورت بیت) ئەگەرنا ئەوانەی ئەوەیان وتووە مەبەستیان نزا نەبووە.[1]

ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەو نزایەی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر موعاویە رەزای خوای لێ بێت گیرا بوو و لە ماوەی ئیمارەتیدا تێر نەدەبوو،[2] پاشان ئەمە بە فەزڵ و بەخشش دەزانێت لە دوو روانگەوە: لە روانگە دنیاییەکەیەوە ئاواتی پاشاکان بوونی گەدەیەکی باشە تا زۆر بخۆن، ئەمەش بەر موعاویە کەوت، روانگەکەی دوارۆژیش ئەوەیە کە پاداشتی بەردەکەوێت بە پێی ئەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت (اللهم فأيما مؤمن سببته، فاجعل ذلك له قربة إليك يوم القيامة)،[3] (خوایە هەر باوەڕدارێك قسەم پێ وتبێ بیکەیت بە نزیکبوونەوە لە خۆت لە رۆژی دواییدا).[4]

عەبدورەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە موعاویەی فەرموو (اللهم اجعله هاديا مهديا و اهد به)،[5] (خوایە بیکەیتە رێنموونی کراو و رێنموونی کەر و خەڵکی بەهۆیەوە رێنموونی بکە).

پێغەمبەر (ﷺ) موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانی بە نووسەری بەردەستی خۆی دانا.[6]

---

1 - شرح النووي على صحيح مسلم، ج16، ص 152.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 169.

3 - صحيح البخاري، الرقم 6009، صحيح مسلم، الرقم 4814.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 119.

5 - سنن الترمذي، الرقم 3859، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17566، صححه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم 6235.

6 - أسد الغابة، ج5، ص 221.

پاش فەتحی مەککە ئەبووسوفیان چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ شت هەن پێم ببەخشە، فەرمووی باشە، وتی من چاکترین و جوانترین کچم هەیە کە ئوممو حەبیبەیە مارەی دەکەم لە تۆ، فەرمووی باشە، ئەبووسوفیان وتی موعاویەش بکە بە نووسەری بەردەستی خۆت، فەرمووی باشە، وتی پۆستێکیشم پێ بدەیت تا جەنگی بێباوەڕان بکەم لەبری ئەوەی پێشتر جەنگی موسڵمانانم دەکرد، فەرمووی باشە.[1]

موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من یرد الله به خیرا یفقهه في الدین، وإنما أنا قاسم والله یعطي، ولن تزال هذه الأمة قائمة علی أمر الله، لا یضرهم من خالفهم حتی یأتي أمر الله)،[2] (هەرکەس خوا خێری بۆی بوێت ئەوە شارەزای دەکات لە دیندا، هەروەها من دابەشکارم و خوا بەخشەرە، بەردەوام ئەم ئوممەتە لەسەر فەرمانی خوا راوەستاون و ئەوەی پێچەوانەیان دەوەستێت زیانیان پێ ناگەیەنێت).

لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا

موعاویە لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا رۆڵێکی زۆر گەورەی نەبوو وەك ئەوەی لە دواتردا دەرکەوت، بەڵام وەك هاوەڵانی تر بەشداری ساتە گرنگەکانی بەرگری لە ئیسلام بوو، لەوانە لە جەنگی یەمامەدا دژ بە موسەیلەمەی درۆزن بەشداری کرد.[3]

---

1 - صحیح مسلم، الرقم 4661، صحیح ابن حبان،الرقم 7316، المعجم الکبیر للطبراني، الرقم 12666.

2 - صحیح البخاري، الرقم 71.

3 - البدایة والنهایة لابن کثیر، ج 8، ص 117.

له خیلافه‌تی عومه‌ری کوڕی خه‌ططابدا

کاتێك یه‌زیدی کوڕی ئه‌بووسوفیان وه‌فاتی کرد، عومه‌ری کوڕی خه‌ططاب موعاویه‌ی له شوێنیدا دانا، موعاویه به‌رده‌وام له ماوه‌ی خیلافه‌تی عومه‌ری کوڕی خه‌ططابدا والی شام بوو.[1]

جارێك موعاویه هات بۆ لای عومه‌ری کوڕی خه‌ططاب و جلێکی جوانی سه‌وزی له‌به‌ر بوو، عومه‌ر که ئه‌وه‌ی بینی به داره‌که‌ی ده‌ستی که‌وته لێدانی، موعاویه وتی بۆ خاتری خوا ئه‌ی ئه‌میری باوه‌ڕداران، عومه‌ریش وازی لێهێنا، دواتر خه‌ڵکه‌که وتیان ئه‌ی ئه‌میری باوه‌ڕداران بۆچی لێتدا له‌کاتێکدا نموونه‌ی نیه، ئه‌ویش وتی به‌خوا به‌س چاکه‌م لێ دیوه‌و ته‌نها چاکه‌م له‌سه‌ر بیستووه، ئه‌گه‌ر وانه‌بوایه ئه‌وه‌ی بینیتان پێمکرد هیچ نه‌بوو، به‌ڵام حه‌زم کرد که‌مێك له‌و سه‌رسامیه‌ی دابه‌زێنم.[2]

له خیلافه‌تی عوثمانی کوڕی عه‌ففاندا

موعاویه له خیلافه‌تی عوثمانی کوڕی عه‌ففانیشدا له هه‌مان پۆستی خۆیدا مایه‌وه‌و والی شام بوو.[3]

جا گله‌ییه‌کی زۆر کراوه‌و ئه‌مڕۆش خه‌ڵکێك ده‌یڵێنه‌وه که عوثمان له‌به‌ر خزمایه‌تی موعاویه‌ی له‌و پۆسته داناوه، له‌کاتێکدا پێشتر موعاویه له‌لایه‌ن عومه‌ره‌وه دانرابوو و تا کاتی وه‌فاتیشی هه‌ر له‌و پۆسته‌ی هێشتیه‌وه، چونکه

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 118.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 125.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 118.

کەسێکی زۆر لێهاتوو و بەتوانا بوو، پێشتر لە باسی ژیانی عوثمانی کوڕی عەففاندا ئەو باسەمان روونکردوەتەوە.

لە ساڵی بیست و حەوتی کۆچیدا موعاویە بۆ یەکەم جار لەناو موسڵماناندا جەنگی دەریایی ئەنجامدا و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، ئەوەش بە دەقی فەرموودە پێشتر ئاماژەی بۆ کرابوو.[1]

لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

کاتێك عوثمان شەهید کرا دوای ئەوە بەیعەتی خیلافەت درا بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو بەیعەتەکە هەموو موسڵمانانی لەخۆنەگرت، بەڵکو بەهۆی راجیایی سەبارەت بە خوێنی عوثمان فیتنەیەك لەنێوان هاوەڵاندا روویدا، ئەویش بوویە هۆی رووداني هەردوو جەنگی جەمەل و صفین، دواجاریش کێشەکە هەر بەو بارەیەوە مایەوە تا لەسەر دەستی حەسەنی کوڕی عەلی فیتنەکە کوژایەوە.

بەو بەیعەتدانە موعاویە لە شام و خەڵکی شام مانەوەو بەیعەتیان نەدا بە عەلی، جگە لەوەی تەلحەو زوبەیرو دایکی باوەڕداران عائیشەش ئیجتیهادیان وابوو دەبێت بکوژانی عوثمان یەکسەر بکوژرێنەوە، بەڵام عەلی کوڕی ئەبووطالیب رای وابوو پەلە نەکرێت لە کوشتنەوەیان چونکە ئەوان لەناو مەدینەدان و سەربازانی دەوڵەتی ئیسلامیش لە دەرەوەن و ئەگەر هەیە خێرا بکرێت لە لێدانیان بتوانن مەدینە بگرن.

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 223.

بەهەرحاڵ ئەمە بوویە هۆی کەوتنەوەی فیتنەیەکی گەورە کە ئەنجامێکی دڵتەزێنی هەبوو بۆ موسڵمانان و تا ئەمڕۆش ئاهی داخی ئەو فیتنەیە لای موسڵمانان گەرمەو هێشتا خەفەتیان بەو فیتنەیە دانەمرکاوەتەوەو بووە بە چەکێك بەدەست دوژمنانی ئیسلام و مێژووی ئیسلامی و هاوەڵانەوە تا داخی دڵی خۆیان بڕژن.

پاش شەهیدکردنی عوثمانی کوڕی عەففان، موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان هەڵوێستی تۆڵەسەندنەوەی هەڵبژارد و شوێن راکەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب نەکەوت و بەیعەتی نەدا بە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیب.

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە خەلیفە، ئیبن عەبباسی کرد بە والی شام و وتی بڕۆ بۆئەوێ، بەڵام ئیبن عەبباس رازی نەبوو و وتی ئەگەر موعاویە نەمکوژێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەندم دەکات، پاشان بە عەلی وت موعاویە بکە بە کاربەدەستی خۆت و دواتر لایبەرە، بەڵام عەلی بەو رایەی ئیبن عەبباس رازی نەبوو.[1]

کاتێك عەلی ویستی کەسێك بنێرێت بۆ لای موعاویە تا بەیعەتی لێ وەربگرێت، جەریری کوڕی عەبدوڵا بە نامەیەکی عەلی کوڕی ئەبووطالیبەوە چوو بۆ لای موعاویە کە داوای کردبوو بەیعەت بدات،[2] ئینجا جەریر خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا داوای لە موعاویە کرد گوێڕایەڵی بنوێنێت و ناکۆکی نەنێتەوەو نەبێتە هۆی جەنگی نێوان موسڵمانان، موعاویەش داوای کرد پەلەی لێ نەکات تا رای خەڵکی شام وەربگرێت،[3] کە جەریر نامەکەی دا بە موعاویە، موعاویە

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 353.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 127.

عەمری کوڕی عاص و گەورەکانی خەڵکی شامی کۆکردەوەو راوێژی کرد بە هەموویان، ئەوانیش وتیان تا بکوژانی عوثمان نەکوژرێنەوە بەیعەت نادەین یان دەبێت بکوژەکانی عوثمانیان بدرێنە دەست، ئەگەرنا جەنگی لەگەڵ دەکەن و بەیعەتی پێ نادەن، ئەوەبوو جەریر گەڕایەوەو هەواڵەکەی دا بە عەلی.[1]

## هەڵوێستی هاوەڵان بەرامبەر بە ئیجتیهادەکەی عەلی

**هەڵوێستی هاوەڵان سەبارەت بە ئیجتیهادی عەلی بۆ چارەسەری پرسی شەهیدکردنی عوثمان جیاواز بوو، لە ژیانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا باسمان کردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.**

## ململانێی هاشمی و ئومەویەکان

**یەکێك لەو گومانانەی کە لە مێژوی ئیسلامیدا زەقکراوەتەوە، بریتیە لە مەسەلەی ململانێی نێوان هاشمی و ئومەویەکان، واش هاتووە کە ئەمە ریشەیەکی کۆنی پێش هاتنی ئیسلامی هەبووەو دواتریش هەر ماوەتەوە، پێشتر لە ژیانی صەخری کوڕی حەربدا (ئەبووسوفیان) باسمان کردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.**

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.

## جەنگی صفین

لە ساڵی سی و حەوتی کۆچیدا پاش ئەوەی موعاویە ئامادە نەبوو بەیعەت بدات بە عەلی و نەگەیشتە ئەنجام، هەردوو لا لە سوپای عەلی و موعاویە لە ناوچەیەك کە پێی دەوترا صفین بەرامبەر یەك وەستانەوە، ماوەی چەند رۆژێك رۆژانە دەجەنگان، جار هەبوو کەمێك و جاریش هەبوو دوو جار لە رۆژێکدا سووکە جەنگێك دەکرا، هەرچەندە هەوڵ درا بگەنە ئەنجامێك، بەڵام دواجار جەنگێکی سەخت لەنێوان هەردوولادا روویدا و تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هەردو ولا کوژران، کاتێك خەریك بوو دەستەی عەلی سەرکەون، خەڵکی شام قورئانیان بەرز کردەوەو داوایان کرد هەردوو لا بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری قورئان، ئەوانیش رازی بوون و بەوە جەنگەکە کۆتایی هات.[1]

لە رۆژی هەینیدا سوپای عێراق بە سەرکردایەتی عەممای کوڕی یاسیر و سوپای شام بە سەرکردایەتی عەمری کوڕی عاص بەریەککەوتن و جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا روویدا، دواتر گەڕانەوە، ئینجا لە رۆژی شەممەشدا دووبارە جەنگ روویدا، بەو جۆرە چەند رۆژێك جەنگ روویدا تا دواجار عەممار شەهید کرا.[2]

سەبارەت بە بکوژەکەی عەممار راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت ئەبولغادیەی موزەنی بووە، شمشێرێکی داوە لە عەممار و دواتر کەسێکی تر خۆی دا بەسەریدا و سەری عەمماری لێکردەوەو دواتر هەرکامیان دەیوت من کوشتوومە، عەمری کوڕی عاصیش وتی بەخوا ئەمانە لەسەر دۆزەخ جەنگیانە، خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 258-284.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 262-268.

دەمردم، رایەکیش دەڵێت بەڵکو عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی و عەمری کوڕی حارث و شریکی کوڕی سەلەمە پێکەوە کوشتیان.[1]

سەبارەت بە کاتی شەهیدکردنەکەشی، لە ساڵی سی و حەوتی کۆچیدا بوو، لە جلەکانی خۆیدا کفن کرا، کاتێك عەممار شەهید کرا تەمەنی نزیکەی نەوەدو یەك یان نەوەد و سێ یان نەوەدو چوار ساڵ دەبوو.[2]

قەیسی کوڕی عەبباد دەڵێت بە عەممارەم وت ئەرێ ئەم بەرگریەتان لە عەلی رایەکی خۆتانە یان بەڵێنێکە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) پێتان درا؟ ئەویش وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها ئەو بەڵێنەشی بۆ ئەو داوە کە بۆ هەموو خەڵکی داوە، واتە هیچی تایبەت نەکرد بە عەلی.[3]

کاردانەوەکانی شەهیدبوونی عەممار

خوزەیمەی کوڕی ثابت لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، ئەوەبوو لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[4] بەڵام کاتێك لە جەنگی صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، ئەو دەیوت جەنگ ناکەم تا بزانم کێ عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی باغی و سەرکەش عەممار دەکوژن، ئیتر کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی وا

1 - أسد الغابة، ج4، ص 145.
2 - أسد الغابة، ج4، ص 145.
3 - صحيح مسلم، الرقم 5089.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 259.

گومڕایی و نەپێکانم بۆ روون بوویەوە، بۆیە شمشێری لە کالان دەرکردەو جەنگا تا کوژرا،[1] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پێ رەوا و دروست بوو و لەناو ریزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[2]

کاتێك عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی چی بووە؟ عەمر وتی عەممار کوژرا، موعاویە وتی جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (دەستەی یاخی بوو دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پێ وت و وتی مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[3]

عەبدوڵای کوڕی عەمر لای موعاویە سەرکۆنەی زۆری کردن کە بکوژی عەممار بوون و ئەوان دەستەی یاخی بوون، ئیتر موعاویە وتی جا کە وایە بۆچی لەگەڵ ئێمەیت؟ ئەویش وتی چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم گوێڕایەڵی باوکم بم، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە لەگەڵت نەدەهاتم.[4]

هاوەڵان زۆر رێزی عەممارییان لابوو، جارێك کەسێك پرسیاری کرد لە ئەبووهورەیرە، ئەویش وتی پرسیار لە من دەکەیت لە کاتێکدا زانایانی هاوەڵانی

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5641.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2595، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17444، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15615، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط،

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 269.

پێغەمبەر (ﷺ) لەناوتاندان و کەسێ کە پەنادراوە لە شەیتان لەناوتاندایە کە عەمماری کوڕی یاسیرە ![1]

عەممار کەسێك بوو زۆر کەم قسەی دەکرد، کە قسەشی دەکرد زۆر بە کورتی قسەی دەکرد.[2]

ئیبن کەثیر دەڵێت: بە کوژرانی عەممار ئەوە روون بوویەوە کە عەلی حەقەو موعاویە یاخیبووە.[3]

مەسەلەی دادوەری

مەسەلەی تەحیکم (دادوەری) بە وردی لە ژیانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا باس کراوە و لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

بەڵام مەسەلەیەکی دی هەیە کە ئەویش ئەوەیە موعاویە بەهێزی و لێزانی عەمری لا روون بووو دەیزانی خەڵکی میصر چەندە هەواداری ئەون، بۆیە لە ساڵی سی و هەشتی کۆچیدا عەمری نارد بۆ میصر تا لەدەست موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکری صدیقی وەربگرێتەوەو خۆی ببێت بە والی ئەوێ، عەمریش چوو و هەمان کاری کرد و موحەممەدی کوشت–چونکە نەیاری عوثمانی کوڕی عەففان بوو– و خۆی بوو بە والی میصر تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد.[4]

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 418.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 424.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 267.
4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 313-323.

سێ کەس لە خەواریجەکان کە بریتی بوون لە ئیبنولمولجەم و بەرکی کوڕی عەبدولّا و عەمری کوڕی بەکر کۆبوونەوەو باسی کوشتاری هاوڕێکانیان لە نەهرەوان کرد، بۆیە بڕیاری تۆڵەیان دا و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەرکامیان و یەکێك لە سەرکردەکان بکوژێت، ئیبنولمولجەم وتی من عەلی دەکوژم، بەرك وتی منیش موعاویە دەکوژم، عەمریش وتی منیش عەمری کوڕی عاص دەکوژم، ئەوەبوو هەرسێیان بەڵێنیان بە یەکدی دا و شمشێرەکانیان ژەهراوی کرد و وادەی حەڤدەی رەمەزانیان دانا.[1]

حەق لەنێوان عەلی و موعاویەدا

سەبارەت بەوەی لەو ناکۆکیەی نێوان موعاویەو عەلیدا حەق لای کێ بوو، ئەوە بەپێی دەقی قورئان و سوننەت و رای زانایانیش سەلماوە کە حەق لای عەلی بوو و موعاویە نەیپێکا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٩ )، ئەوەبوو سوپای عەلی و سوپای موعاویە جەنگان، دەستەی یاخیبووش بەپێی فەرموودەی صەحیح کە دواتر باسی دەکەین دەستەکەی موعاویە بوو، دواتر عەلی لەگەڵیان جەنگا تا موعاویە رازی بوو بگەڕێتەوە بۆ حوکمی قورئان، عەلیش رازی بوو و جەنگەکەی وەستاند، بۆیە عەلی هەموو هەنگاوە شەرعیەکانی گرتەبەر.

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 324-328.

کاتێك بڕیار درا مزگەوتی مەدینە دروست بکرێت، هاوەڵان هەموو ئیشیان تێدا دەکرد، هەموان یەك یەك خشتیان دەبرد، بەڵام عەممار دوو دوو خشتی هەڵدەگرت، جا پێغەمبەر (ﷺ) کە عەمماری بینی خۆڵەکەی سەر شان و دەموچاوی دەتەکاند و دەیفەرموو (ویح عمار، تقتله الفئة الباغية، يدعوهم إلى الجنة، ويدعونه إلى النار)، (هاوار بۆ عەممار، دەستەی یاخی بوو دەیکوژن، عەممار بانگیان دەکات بۆ بەهەشت و ئەوانیش بانگی دەکەن بۆ دۆزەخ)، عەمماریش دەیوت پەنا دەگرم بە خوا لە فیتنە.[1]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (عمار ما عرض عليه أمران إلا اختار الأرشد منهما)،[2] (عەممار هەر کات دوو پرسی بۆ بخرێتە روو، ئەوە دروستترینیان هەڵدەبژێرێت).

کاتێك عەممار کوژرا، عەمری کوڕی حەزم چوو بۆ لای عەمری کوڕی عاص و وتی وا عەممار کوژرا و پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی یاخی ئەو دەکوژن، عەمری کوڕی عاصیش خێرا راچڵەکی و خۆی کرد بە ژووردا بۆ لای موعاویەو موعاویە وتی چی بووە؟ عەمر وتی عەممار کوژرا، موعاویە وتی جا کوژرا چی بوو؟ عەمر وتی بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (دەستەی یاخی بوو

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 438، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1075.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 147واللفظ له، سنن الترمذي، الرقم 3816، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8001، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 24266، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 148.

دەیکوژن)، موعاویە قسەیەکی پیێ وت و وتی مەگەر ئێمە کوشتمان، بەڵکو عەلی و هاوەڵانی کوشتیان کە هێنایان تا خستیانە بەر رمەکانمان.[1]

خوزەیمەی کوڕی ثابت لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، ئەوەبوو لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[2] بەڵام کاتێك لە جەنگی صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، ئەو دەیوت جەنگ ناکەم تا بزانم کێ عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو دەستەی باغی و سەرکەش عەممار دەکوژن، ئیتر کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی وا گومڕایی و نەپێکانم بۆ روون بوویەوە، بۆیە شمشێری لە کالان دەرکردەو جەنگا تا کوژرا،[3] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پیێ رەوا و دروست بوو و لەناو ریزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[4]

عەبدوڵای کوڕی عەمر لای موعاویە سەرکۆنەی زۆری کردن کە بکوژی عەممار بوون و ئەوان دەستەی یاخی بوون، موعاویە وتی جا کە وایە بۆچی لەگەڵ ئێمەیت؟ ئەویش وتی چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم گوێڕایەڵی باوکم بم، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە لەگەڵت نەدەهاتم.[5]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2595، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17444، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15615، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط،

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 259.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5641.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.

5 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 269.

ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەوەی لە نێوان عەلی و موعاویە روویدا پاش کوژرانی عوثمان، لەسەر بنەمای راو ئیجتیهاد بوو، حەق و پێکان و راستی لەگەڵ عەلی بوو، موعاویەش بە رای زۆرینەی زانایان پۆزشی بۆ هەیە، فەرموودە صەحیحەکانیش شایەتی ئیسلامەتی هەردوولا دەدەن.[1]

هەروەها دەڵێت: بە کوژرانی عەممار ئەوە روون بوویەوە کە عەلی حەقەو موعاویە یاخیبووە.[2]

پلەبەرزی نێوان عەلی و موعاویە

سەبارەت بەوەی ئایا پلەوپایەی عەلی بەرزترە یان پلەوپایەی موعاویە، ئەوا دەڵێین بە دڵنیاییەوە پلەی عەلی بەرزترە، هەرچەندە هەردووکیان خوا بەڵێنی خێری پێداون، بەڵگەش بۆ ئەم بڕیارە بریتیە لە:

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب لە یەکەمین موسڵمانبووەکانە، لەکاتێکدا موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان زۆر زوویش موسڵمان بووبێت پاش رێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بووە.

عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەشداری کۆچی کردووەو پاداشتی کۆچەرانی هەیە، موعاویە لەوە بێبەش بوو.

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 126.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 267.

عەلی بەشداری غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و بەیعەتی ریضوان و فەتحی مەککە بوو، بەلاَم موعاویە لە هەموو ئەوانە بێبەش بوو.

عەلی موژدەپێدراوی بەهەشتەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بەهەشتی بۆ داوە، بەلاَم موعاویە موژدەی بەهەشتی پێ نەدراوە.

جا پاش ئەم بەرچاوڕوونیانە فەرمایشتی خوا دەخەینەڕوو تا بزانین خوا چ حوکمێك دەدات:

(لا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلاً وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ).[1]

واتە:(یەکسان نین لە ئێوە ئەوانەتان کە پێش فەتحی مەککە بەخشیتانو جەنگتان کرد، ئەوانەپاداشتیان زۆر گەورەترە لەوانەی دوای فەتحی مەککە بەخشییانو جەنگیان کرد، وە هەمووشیان–هەموو هاوەلاَن– خوا بەلێنی چاکەی پێداون، خواش زاناو ئاگادارە بەوەی دەیکەن).

بەمجۆرە دلنیا دەبینەوە پلەوپایەی عەلی بە چەندین جار لە موعاویە زیاترە، هاوکات موعاویەش پلەوپایەی تایبەتی خۆی هەیە.

1 - الحديد: 10.

موعاویە لە سەردەمی خیلافەتی حەسەنی کوڕی عەلیدا

**پاش وەفاتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب، موعاویە یەزیدی نارد بۆ لای ئیبن عەبباس بۆ سەرەخۆشی لە وەفاتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب، دواتر ئیبن عەبباس چوو بۆ لای موعاویە، موعاویەش ڕێزێکی زۆری گرت و سەبارەت بە مەرگی عەلیش سەرەخۆشی لێکرد و ئەوپەڕی خەمباری خۆی بۆ نواند، ئیبن عەبباسیش سوپاسی هەڵوێستەکەی کرد.[1]**

**پاش ئەوەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب شەهید کرا، بەیعەتی خیلافەت درا بە حەسەنی کوڕی عەلی، وەك پێشتریش هێنامان ئەوە بە بڕیاری عەلی نەبوو، بەڵکو ئەو وتی نە فەرمانتان پێ دەکەم بەیعەتی پێبدەن و نە ڕێگریشتان لێ دەکەم.**

**لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە عەلی وتی من بەو بارەوە جێتان دێڵم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جێی هێشتن–واتە کەستان بۆ دیاری ناکەم–، جا ئەگەر خوا خێری بوێت بۆتان لەسەر چاکترینتان کۆتان دەکاتەوە وەك چۆن دوای پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر چاکترینتان کۆی کردنەوە.[2]**

**یەکەم کەس بەیعەتی دا بە حەسەن قەیسی کوڕی عوبادە بوو کە پێی وت دەستت بێنە تا لەسەر کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بەیعەتت پێبدەم،**

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 300.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 14.

حەسەنیش بێدەنگ بوو، ئەوەبوو بەیعەتی پێدا و بە دوایدا خەڵکی تریش بەیعەتیان پێدا.[1]

حەسەن مەرجی دانابوو لەسەر خەڵکی ئینجا رازی بوو بەیعەتی پیٚ بدرێت، ئەوەتا هیلالی کوڕی خەباب دەڵێت حەسەن کەسە دیارەکانی خەڵکی عێراقی کۆکردەوە لە کۆشکی مەدائیندا و وتی ئێوە بەو بڕیارە بەیعەتتان پیٚ داوم کە لەگەڵ ئەوە ئاشتی بکەن کە من ئاشتی لەگەڵ دەکەم و لەگەڵ ئەوە بجەنگن کە من لەگەڵی دەجەنگم.[2]

خەڵکی زیاتر لە عەلی حەسەنیان خۆشدەویست و زۆر پێی سەرسام بوون.[3]

## ناچارکردنی حەسەن بە جەنگ

حەسەن قەیسی کوڕی سەعدی دانابوو بە ئەمیری ئاذەربایجان، بەڵام قەیس بەردەوام زۆری دەکرد لە حەسەن تا بچێت بۆ جەنگی شام، بۆیە حەسەن بڕیاری دا قەیس لابەرێت و لە شوێنیدا عوبەیدوڵای کوڕی عەبباسی دانا، هەرچەندە حەسەن نیازی جەنگی نەبوو، بەڵام زۆرێك لە دەوری زۆریان لێکرد و ناچاریان کرد بڕیاری جەنگ بدات، بۆیە سوپایەکی گەورەی پێکهێنا و قەیسی کوڕی سەعدی لە پێشەوە دانا و دوانزە هەزار سەربازی دایە دەست، خۆیشی بە سوپاوە کەوتەڕیٚ تا بڕوات

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 14.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

3 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 6.

جەنگی موعاویە و خەڵکی شام بکات تا رازی بن بەیعەت بدەن، لە نزیك مەدائین بوو کە هەواڵێك هات وترا قەیس کوژراوە، هەر بەم هەواڵە سەرجەم سەربازان شڵەژان و کەوتنە تالان و بڕی،[1] دەوروبەرەکەی کەوتنە دزینی شمەکەکانی حەسەن، ئەوەی مابوویەوە بەڕەکەی ژێری بوو، ئەویشیان برد، ئینجا یەکێك لە خەواریجەکان کە لەوێ بوو خەنجەرێکی دا لە حەسەن و برینداری کرد، خێرا خەڵکەکە ئەو کابرایان کوشت، ئەو خەنجەرەش ژەهراوی بوو، ماوەی نزیکەی مانگێك حەسەن بەو برینەوە مایەوە، دواتر خوا شیفای دا و برینەکەی چاك بوویەوە،[2] حەسەن بەوە زۆر بێزار بوو لەو سوپایەو متمانەی پێیان نەما و چوو لە کۆشکی سپی ناو مەدائین دانیشت، هێشتا برینەکەشی چاك نەبووبوویەوە، یەکێك لەوانەی لەوێ بوو ناوی موختاری کوڕی ئەبی عوبەید بوو، بە والی مەدائین (سەعدی کوڕی مەسعوود)ی وت بۆچی شتێك ناکەیت هەم ببیتە خاوەن پۆست و هەم دەوڵەمەندیش بیت؟ وتی چی بکەم؟ وتی حەسەن بگرەو بینێرە بۆ موعاویە، ئەویش پێی وت خوا خۆت و بیرۆکەکەت بێزراو بکات، ناپاکی بنوێنم بەرامبەر بە کچەزای پێغەمبەری خوا؟!![3]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 14.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 6.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 14.

هەنگاونان بەرەو ڕێککەوتن لەگەڵ موعاویە

**حەسەنی کوڕی عەلی بڕیاریدا لەگەڵ موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیاندا ڕێکبکەوێت، جا هەر دەستەیەك و باس لە هۆکارێك دەکەن بۆ ئەو ڕێککەوتنە.**

**ئەمەشی لە ناچاری و لاوازیدا نەکرد، بەڵکو تەنها لەپێناو کوژاندنەوەی فیتنەو ڕێکخستنی نێوان دوو دەستەی موسڵماناندا بوو وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا ئاماژەی بەوە دابوو حەسەن کارێکی وا دەکات، ئەبی بەکرە دەڵێت ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) حەسەنی هێنا و لەگەڵ خۆی بردیە سەر مینبەر و فەرمووی (ابني هذا سيد و لعل الله أن يصلح به بين فئتين من المسلمين)،[1] (ئەم کوڕەم سەییدەو هیوام وایە خوای گەورە بەهۆیەوە نێوانی دوو دەستەی موسڵمانان ڕێکبخات).**

**عەبدوڵای کوڕی جەعفەر دەڵێت حەسەنی کوڕی عەلی وتی ڕایەکم هەیە حەز دەکەم تۆیش شوێنم بکەویت، وتم چیە؟ وتی دەمەوێت بچمەوە مەدینەو لەوێ دابنیشم و دەسەڵات جێبهێڵم بۆ موعاویە، چونکە فیتنە هەر ناکوژێتەوەو خوێن زۆر ڕژاوە و ڕێ بڕاوە، منیش وتم خوا لەسەر ئوممەتی موحەممەد پاداشتی خێرت بداتەوە، ئینجا حەسەن ناردی بە شوێن حوسەیندا و هەمان قسەی بۆ کرد و زۆر مشتومڕی لەگەڵ کرد تا حوسەینی ڕازی کرد.[2]**

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3450 و اللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4064، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1699، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11140، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19891.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

موعاویە دەیزانی حەسەن لە هەموان زیاتر رقی لە فیتنەو ئاشووبە، هەر بۆیە ڕێککەوتنی لەگەڵ کرد.[1]

جارێك حەسەن کە بە کووفەدا دەگەڕا، یەکێك سەلامی بۆ کرد و وتی سەلاموعەلەیك ئەی سەرشۆڕکەری باوەڕداران، ئەویش وتی من سەرشۆڕکەری باوەڕداران نیم، بەڵکو نەمویست لەسەر دەسەڵات بەکوشتتان بدەم.[2]

حوسەینی برای نارازی بوو لەو هەڵوێستەی حەسەنی برای کە لە ڕێککەوتنی لەگەڵ موعاویە نواندی و وتی تو خوا وا نەکەیت قسەی باوکم پشتگوێ بخەیت و قسەی موعاویەت لا راست بێت، حەسەنیش پێی وت بێدەنگ بە من لە تۆ شارەزاترم بەم مەسەلەیە.[3]

ڕێککەوتنی حەسەن و موعاویە

لە ساڵی چل و یەکی کۆچیدا حەسەنی کوڕی عەلی لەگەڵ موعاویە دانیشتنی کرد و گەیشتنە ڕێککەوتن، بەوپێیە حەسەن وازی لە خیلافەت هێنا بۆ موعاویە، بۆیە بەو ساڵە دەوترێت عام الجماعە (ساڵی کۆدەنگی)، کۆبوونەوەکەی حەسەن و موعاویە لە خاکی عێراق بوو لە ناوچەی ئەنبار، ئەمەش لە مانگی ڕەبیعولئاخیر یان لە مانگی جەمادیلئوولادا بوو، لەوێ ڕێککەوتن و حەسەن دەسەڵاتی دایە دەست موعاویە.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 6.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 28.

4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 5.

ناپاکی و نیازی خراپی ناو سوپاکەی حەسەن وایکرد حەسەن نامە بنووسێت بۆ موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان تا رێککەوتن بکەن، موعاویەش هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی عامیر و عەبدورەحمانی کوڕی سەمورەی نارد بۆ لای تا چی سامانی دەوێت پێی ببەخشن، حەسەنیش مەرجی دانا لە بەیتولمالی کووفە پێنج ملیۆن درهەم ببات و خەراجی ئەبجەرد بۆ ئەو بێت و قسە نەوترێت بە عەلی باوکی، بەرامبەر بەوە واز لە خیلافەت بێنێت بۆ موعاویە و رژانی خوێنی موسڵمانان بوەستێت، حوسەینی برای زۆر بەمە نارازی بوو و سەرکۆنەی حەسەنی دەکرد، بەڵام حەسەن سوور بوو لەسەر راکە، هەواڵی نارد بۆ قەیس تا گوێڕایەڵ بێت و واز بێنێت لە جەنگ، بەڵام قەیس رازی نەبوو، دواتر هاتە سەر بار و بەیعەتی دا بە موعاویە.[1]

ئینجا موعاویە هات بۆ عێراق و لەوێ رێککەوتن، موعاویە هات تا لەناو خەڵکەکەدا وتار بدات، بەڵام پێشنیاری بۆ کرا داوا بکات تا حەسەن وتار بدات بۆ خەڵکەکەو پێیان بڵێت وازی لە دەسەلات هێناوە بۆ موعاویە، حەسەنیش هەستا و دەستی کرد بە وتارەکەی، سەرەتا بە سوپاس و ستایشی خوا دەستی پێکرد، ئینجا صەلەواتی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا فەرمووی:

ئەی خەڵکینە خوای گەورە بە هۆی پێشینانمانەوە ئێوەی رێنموونی کرد و بەهۆی دواییینەکانیشمانەوە خوێن رشتنی نەهێشت، ئەم بارە ماوەیەکی هەیە و دنیاش ماوە ماوەیە، خوای گەورەش فەرموویەتی بە پێغەمبەرەکەی (وإن أدري لعله

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 14-15.

فتنة لكم و متاع إلى حين)، کە ئەمەی وت موعاویە تووڕە بوو و داوای کرد حەسەن دابنیشێت.[1]

خەڵکێك رازی نەبوون بەیعەت بدەن بە موعاویە، بۆیە حەسەن کەسە دیارەکانی خەڵکی عێراقی لە کۆشکی مەدائیندا کۆکردەوە و وتی ئێوە بەو بڕیارە بەیعەتتان پێ داوم کە لەگەڵ هەر کەسێ ئاشتی بکەن کە من ئاشتی لەگەڵ دەکەم و لەگەڵ هەرکەسیش بجەنگن کە من لەگەڵی دەجەنگم، وا منیش بەیعەتم داوە بە موعاویەو ئێوەش گوێڕایەڵی بن.[2]

مەرجەکانی رێککەوتنەکە

موعاویە زۆر دڵخۆش بوو بەو دەستپێشخەریەی حەسەن بۆ رێککەوتن، چونکە دەیزانی حەسەن لە هەموان زیاتر رقی لە فیتنەو ئاشووبە،[3] بۆیە پەڕەیەکی سپی بۆ نارد و پێی وت چ مەرجێکت دەوێت بینووسە،[4] لە خوارووی پەڕەکەشەوە مۆری خۆی لێدابوو.[5]

حەسەن مەرجی دانا موعاویە بەپێی قورئان و سوننەت و ئەزموونی خەلیفە راشیدینەکان بجووڵێتەوە.

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 18.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

4 - المنتظم لابن الجوزي، ج 5، ص 183.

5 - تأريخ ابن خلدون، ج2، ص 648.

نابێت موعاویە دوای خۆی کەس دابنێت بۆ خیلافەت، بەڵکو بە شوورا بێت.

خەڵکی پارێزراو و دڵنیا بن لە هەردوو لا، خۆیان و سامان و ژن و منداڵیان.

نابێت حەسەن و حوسەین و ئالوبەیت ژێربەژێر ناپاکی بنوێنن.[1]

حەسەن داوای ئەوەی کرد دوای موعاویە ئەگەر هاتو حەسەن مابوو بەیعەت بدرێتەوە بە حەسەن،[2] موعاویە بەڵێنی دا بە حەسەن ئەگەر ئەو پێش مەرگی حەسەن شتێکی تووش بوو و مرد، ئەوا پۆستی خیلافەت بگەڕێتەوە بۆ حەسەن.[3]

هەروەها حەسەن مەرجی دارایی دانا تا ئەو سامانەی لایانە لێیان نەسەنرێتەوە،[4] مەرجی دانا لە بەیتولماڵی کووفە پێنج ملیۆن درهەم ببات و خەراجی ئەبجەرد بۆ ئەو بێت،[5] بەپێی رێککەوتنەکە دەبوو موعاویە قەرزەکانی حەسەن بداتەوە.[6]

هەروەها حەسەن مەرجی دانا کە ئیتر خوێنی موسڵمانان نەڕژێت و بیر نەکرێتەوە لە رشتنی خوێنی موسڵمانان، ئەوانەی بەشدار بون تۆڵەیان لێ

1 - الصواعق المحرقة، ج2، ص 399.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 5.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

4 - البدايةو النهاية لابن كثير، ج6، ص 219.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 14.

6 - الصواعق المحرقة على أهل الرافضة لابن حجر الهيثمي، ط1، مؤسسة الرسالة (لبنان-1997)، ج2، ص 398.

نەکرێتەوە، واتە ئەو بۆیە وازی هێنا تا خوێن نەڕژێت، بۆیە مەرجی وەستاندنی ڕژانی خوێنی موسڵمانانی دانا.[1]

ئەمەش دەقی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە حەسەن نووسی:

(بسم الله الرحمن الرحيم هذا ما صالح عليه الحسن بن علي رضي الله عنهما معاوية بن أبي سفيان، صالحه على أن يسلم إليه ولاية المسلمين على أن يعمل فيهم بكتاب الله تعالى وسنة رسول الله وسيرة الخلفاء الراشدين المهديين وليس لمعاوية بن أبي سفيان أن يعهد إلى أحد من بعده عهدا بل يكون الأمر من بعده شورى بين المسلمين وعلى أن الناس آمنون حيث كانوا من أرض الله تعالى في شامهم وعراقهم وحجازهم ويمنهم وعلى أن أصحاب علي وشيعته آمنون على أنفسهم وأموالهم ونسائهم وأولادهم حيث كانوا وعلى معاوية بن ابي سفيان بذلك عهد الله وميثاقه وأن لا يبتغي للحسن بن علي ولا لأخيه الحسين ولا لأحد من أهل بيت رسول الله غائلة سرا ولا جهرا ولا يخيف أحدا منهم في أفق من الآفاق، أشهد عليه فلان وفلان بن فلان وكفى بالله شهيدا).[2]

(بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئەمە ڕێککەوتنی حەسەنی کوڕی عەلیە لەگەڵ موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیاندا، لەگەڵی ڕێککەوت لەسەر ئەوەی دەسەڵاتداری موسڵمانانی بداتەدەست بەرامبەر بەوەی —موعاویە— لەناویاندا بە پێی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خواو ڕێڕەوی خەلیفە ڕاشیدینە ڕێنموونەکان بجووڵێتەوە، موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان بۆی نیە دوای خۆی کەس ڕاسپێرێت بۆ دەسەڵات،

---

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 15.

2 - الصواعق المحرقة، ج2، ص 399.

بەڵکو دەبێت دوای ئەوە بە شوورای نێوان موسڵمانان بێت و خەڵکیش لە هەر ناوچەیەکی زەوی خوادا بن دڵنیا و بێخەم بن، چ لە شام یان عێراق یان حیجاز یان یەمەندا بن، هەروەها دەبێت هەوادارانی عەلی لە خۆیان و سامان و ژن و منداڵیان دڵنیا و پارێزراو بن لە هەر کوێ بن، موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان دەبێت بۆ ئەمە بەڵێن و پەیمانی خوا بدات، حەسەنی کوڕی عەلی و حوسەینی برای و هیچ کام لە ئالوبەیتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆیان نیە بە نهێنی و ئاشکرا ناپاکی بنوێنن و هیچ کام لەوانەش لە هیچ ئاسۆیەك ترسیان لەسەر نەبێت، هەریەك لە فڵانە کەس و فڵانی کوڕی فڵان شاهید بوون، هێندەش بەسە کە خوا شاهید بێت).

ئایا مەرجی قسە نەوتن بە عەلی تێدایە؟

لەو بارەوە هەندێ سەرچاوە هێناویانە یەکێك لە مەرجەکان ئەوە بووە لەوەودوا موعاویە بە ئاشکرا قسە نەڵێت بە عەلی باوکی حەسەن، بەڵام ئەمە لای زانایانی ئەهلی سوننە بە قبووڵ نەکراو هاتووە، چونکە پێیان وایە موعاویە کەسێکی وا نەبووە قسە بڵێت بە عەلیەك کە موژدەپێدراوی بەهەشت و زاوای پێغەمبەر (ﷺ) بووە، خواش زاناترە.

دواتر حەسەن و دارودەستەو نزیکەکانی بڕیاریان دا بەرەو حیجاز بگەڕێنەوەو رووەو حیجاز کووفەیان بەجێهێشت،[1] خەڵکی کووفەش بە گریانەوە ماڵئاواییان لێکرد.[2]

---

1 - البدايتو النهاية لابن كثير، ج8، ص 22.

2 - تاريخ ابن خلدون، ط5، دار القلم (بيروت-1984)، ج2، ص 649.

حەسەن تا دە ساڵ دوای ئەم رێککەوتنە ژیا و ساڵانەش لەلایەن موعاویەوە ملیۆنێك درهەمی پێدەدرا ،[1] ئەویش بەشی زۆری ئەو پارەی دەبەخشی.[2]

خەڵکێك هەبوون بەو رێککەوتنەی حەسەن نارازی بوون و ئەوەیان بە زەلیلی دادەنا، بۆیە جارێك حەسەن کە بە کووفەدا دەگەڕا، یەکێك سەلامی بۆ کرد و وتی سەلاموعەلەیك ئەی سەرشۆڕکەری باوەڕداران، ئەویش وتی من سەرشۆڕکەری باوەڕداران نیم، بەڵکو نەمویست لەسەر دەسەڵات بەکوشتتان بدەم.[3]

هەیانبوو پێی دەوت ئەی ئابڕووبەری موسڵمانان، ئەویش دەیوت ئابڕووچوون باشترە لە چوونە دۆزەخ.[4]

بەمە نارەحەتیەکەی حەسەن زۆر سەختتر بوو، لەگەڵ ئەوەی لەپێناو موسڵماناندا مافێکی خۆی وازلێهێنابوو، کەچی هێشتا موسڵمانان سووکایەتییان بەرامبەری دەنواند.

بەمجۆرە حەسەن پێنجەم خەلیفەی راشیدین بوو و بە وازهێنانی حەسەنی کوڕی عەلی لە خیلافەت ئیتر ماوەی خیلافەتی راشیدین تەواو بوو، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە سەفینەی خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە ماوەی خیلافەتی راشیدین گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 264.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 261.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 6.

4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 5.

(الخِلَافَةُ فِي أُمَّتِي ثَلَاثُونَ سَنَةً ثُمَّ مُلْكٌ بَعْدَ ذَلِكَ)[1] واتە:(خیلافەت لە ئوممەتەکەمدا سی ساڵ دەبێت، دواتر دەبێتە پاشایەتی).

ماوەی خیلافەتی حەسەنیش حەوت مانگ و شتێك بوو،[2] هەرچەندە رای تر هەیە دەڵێت شەش مانگ یان حەوت مانگ یان هەشت مانگ بووە.

دەسەڵاتداری موعاویەش سەرەتای پاشایەتی بوو و موعاویە بوو بە یەکەم پاشای موسڵمانان و چاکترینی پاشایانی موسڵمانیش بوو.[3]

حەسەن زۆربەی ئەوەی هەیبوو لە ڕێی خوادا دەیبەخشی، عەلی کوڕی زەید دەڵێت حەسەن سێ جار لەپێناو خوادا چی هەبووە کردوویەتی بە دوو بەشەوەو بەشێکی بەخشیوە.

هەروەها دەڵێت حەسەن نزیکەی پانزە حەجی کردووە کە بە پیادە —لە مەدینەوە— چووە و ئەو حەجەی کردووە.[4]

1 - سنن الترمذي، الجامع الصحيح، الرقم 2246، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21447، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6330، صحيح ابن حبان، الرقم 7069، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4680، صححه الألباني في الجام الصغير و زيادته، الرقم 5568 و في السلسلة الصحيحة، الرقم 459.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 263.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 19.

4 - المنتظم لابن الجوزي، ج5، ص 225.

حەسەن کە چوویەوە مەدینە جار جارە سەردانی موعاویەی دەکرد، جارێك کە سەردانی موعاویەی کرد، موعاویە پێی وت ئەی حەسەن دیاریەکت پێ دەدەم کە کەس پێش من بە کەسی نەدابێت، ئەوەبوو چوارسەد هەزاری پێدا.[1]

ساڵانە حەسەن دەچوو بۆ لای موعاویەو سەد هەزار درهەمی وەردەگرت، ساڵێکیان حەسەن نەچوو، موعاویەش پارەکەی بۆ نەنارد، حەسەن داوای کرد پەڕەی بۆ بێنن تا نامەیەك بنووسێت بۆ موعاویەو پێی بڵێت، بەڵام خەوی لێکەوت و پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی کە گلەیی لێکرد چۆن داوا لە بەندەیەك دەکەیت و لە خوا داوا ناکەیت، ئەویش وتی ئەی چی بکەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ ئەویش نزایەکی فێر کرد تا بیڵێت، حەسەنیش هەستا و ئەو نزایەی دەخوێند، هێندەی نەبرد بە موعاویە وترابوو حەسەن ئەمساڵ نەهاتووە، ئەویش فەرمانی کرد دووسەد هەزار درهەمی بۆ بنێردرێت.[2]

یەکێکی تر لە مەسەلە هەستیارەکان سەبارەت بە ژیانی حەسەن بریتیە لە جۆری مردنەکەی حەسەن، چونکە لە چەند سەرچاوەیەکدا هاتووە کە حەسەن ژەهرخوارد کراوەو بەهۆی ئەو ژەهرەوە مردووە، ئەوەتا ئیبن حەجەر هێناویەتی کە حەسەن لە سەرەمەرگیدا وتوویەتی من چەند جار ژەهرخوارد کراوم، بەڵام هیچکام وەك ئەم ژەهرەی ئەمجارە نەبوو، حوسەین هات بۆ لای و وتی کێ ژەهرخواردی کردیت؟ ئەویش ئامادە نەبوو بڵێت کێیە،[3] ئەیوت بۆ چیتە؟ بۆ ئەوەی بیکوژیت؟حوسەین

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 154.

2 - تأريخ دمشق، ج13، ص 166.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 73.

وتی بەڵێ، حەسەن وتی ئەگەر ئەو کەسە بێت کە گومانم بۆی ئەچێت ئەوە سزای خوا زۆر سەختترە، ئەگەریش ئەو نەبێت حەز ناکەم بە ناحەق بکوژرێت.[1]

یان گێڕانەوەیەکی تر هاتووە دەڵێت یەزیدی کوڕی موعاویە بە جەعدەی ژنی حەسەنی وت حەسەن ژەهرخوارد بکە با بمرێت، دواتر خۆم بەهاوسەرت دەگرم، کاتێك ئەوەی کرد و حەسەن مرد یەزید وتی ئێمە بۆ حەسەن تۆمان پێ باش نەبوو ئێستا بۆ خۆمان.[2]

ئیبن کەثیر دەڵێت بە رای من ئەو گێڕانەوە راست نیە، چ ئەوەی بە ناوی یەزیدەوە هاتووە کە وای کردبێت، چ ئەو گێڕانەوەی بە ناوی موعاویەوە هاتووە کە فەرمانی وای کردبێت.[3]

رایەکیش دەڵێت ژنەکەی ژەهری پێداوە لەبەر ئەوەی تەڵاق دراوە بۆیە وایکردووە.[4]

گێڕانەوەیەکی تر هاتووە کە موعاویە فەرمانی کردووە بە ئەشعەثی خەزووری حەسەن تا بە کچەکەی بڵێت حەسەن ژەهرخوارد بکات، ئیبن تەیمیەش وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی دەداتەوەو دەڵێت: ئەشعەثی کوڕی قەیس لە ساڵی چلی کۆچیدا مردووە، بۆیە لە رێککەوتنی نێوان حەسەن و موعاویەدا (کە بە ساڵی کۆدەنگی

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36675.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 43.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 43.

4 - المنتقى من منهاج الإعتدال لأبي عبدالله الذهبي، ج1، ص 266

ناوبراوە) ناوی نەهاتووە کە ئەویش ساڵی چل و یەکی کۆچیە، .. جا ئەگەر ئەو نزیکەی دە ساڵ پێش حەسەن کۆچی دوایی کردووە ئیتر چۆن ئەم فەرمانەی کرد بە کچەکەی،[1] بەم پێیە بێت دەبێت ئەشعەث لەناو گۆڕەکەیدا هەستابێتەوەو چووبێت بۆ لای کچەکەی و پێی وتبێت حەسەن ژەهرخوارد بکات، یان دەکرێت چووبێتە خەوی کچەکەی و پێی وتبێت!!!

ئیبنولعەرەبی سەبارەت بە ژەهرخواردکردنی حەسەن بە پیلانی یەزید دەڵێت: ئەمە لە دوو رووەوە راست نیە، یەکەمیان ئەوەیە کە حەسەن ترسی لەسەر نەبوو چونکە خۆی دەسەڵاتی دابوویە دەست موعاویە، دووەمیش ئەوەیە کە ئەو مەسەلەیە غەیبە و بەس خوا دەیزانێت، ئیتر چۆن دەیدەنەوە پاڵ کەسێك.[2]

ئیبن خەلدوونیش ئەو تۆمەتە بەرپەرچدەداتەوە کە دەڵێت موعاویە فەرمانی وایکردووەو دەڵێت ئەوە قسەلۆکی شیعەیە و موعاویە پاك و بەدوورە لە شتی وا.[3]

پاش وەفاتی حەسەن، مەڕوانی کوڕی حەکەم نامەیەکی نووسی بۆ موعاویەو وتی گومانم هەیە لەوەی حوسەین نیازی ئاشووبەیەکی هەبێت، بۆیە موعاویە نامەی نووسی بۆ حوسەین و تیایدا وتی:

ئەوەی بەڵێنی سوێندی دابێت بە خوا شیاوی ئەوەیە وەفای پێ بکات، بیستوومە خەڵکێ لە کووفە داوایان لێکردویت دووبەرەکی بنێیتەوەو جیا بیتەوە، تۆ

---

1 - المنتقى من منهاج الإعتدال لأبي عبدالله الذهبي، ج1، ص 266.

2 - العواصم من القواصم لابن العربي، تحقيق محب الدين الخطيب، ص 160.

3 - تاريخ ابن خلدون، ط5، دار القلم (بيروت- 1984)، ج2، ص 649.

ئەوانەت بۆ تاقی بوەتەوە کە چۆن خراپ بوون بەرامبەر باوکت و براکەت، دەی لە خوا بترسەو بیری ئەو بەلێنەت بێت.

لە وەلامدا حوسەین نامەی نووسی بۆ موعاویەو تیایدا هاتبووو:

نامەکەت گەیشتە دەستم، من سەرقالی ئەوە نیم کە بۆت باسکراوەو نامەوێت نە لەگەلت بجەنگم و نە دژرایەتیت بکەم، پێم وانیە لای خوا بیانوویەکم هەبێت بۆ ئەوەی وازم هێناوە لە جیهاد بەرامبەرت و پێم وایە دەسەلاتداری تۆ گەورەترین فیتنەیە.[1]

موعاویە پێش مردنی یەزیدی بانگ کرد و ئامۆژگاری کرد، وتی وریای حوسەین بە چونکە خۆشەویستترین کەسە لە ناو خەلکدا، بەردەوام سەردانی بکەو لەگەلی نەرم و نیان بە، ئەگەریش بەزمێکی هەبوو بەرامبەری ئەوە خوات بەسە تا بە هۆی ئەوانەی باوکیان کوشت و پشتی براکەیان بەردا لە تۆی دوور بخاتەوە.[2]

سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان

سەبارەت بە سەردەمی دەسەلاتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان لەبەر بوونی نووسینی زۆر لەو بارەوە لێرەدا باسی ناکەین، چونکە پێویستی بە سەدان لاپەڕە هەیە، بۆیە خوازیارین خوێنەری ئازیز خۆی لە سەرچاوەکانی دیکەوە وردەکاری ماوەی دەسەلاتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان بخوێنێتەوە، لە گرنگترین ئەو بوارانەی پێویستە خوێنەر ئاگاداریان بێت بریتین لە:

---

1 - - البداية والنهاية، ج8، ص162، سير أعلام النبلاء، ج3، ص 295.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 295.

یەکەم: مەیدانی فتووحات لەو سەردەمەدا.

دووەم: مەیدانی زانستی سەردەمەکە.

سێیەم: ئاستی پێشکەوتنی ژیاری.

چوارەم: پێگەی هاوەڵان.

پێنجەم: پێگەلی ئالوبەیت.

شەشەم: پێکهاتەی کارگێڕی دەوڵەتەکە.

حەوتەم: بەیعەت وەرگرتن بۆ یەزیدی کوڕی.

ئەمانەو چەندین بابەتی دی کە پێویستە خوێنەر بەدواداچوونیان بۆ بکات.

لە مانگی رەجەبی ساڵی شەستی کۆچیدا موعاویە بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، ماوەی دەسەڵاتەکەشی نۆزدە ساڵ و سێ مانگ بوو، تەمەنیشی حەفتاو سێ یان حەفتاو پێنج یان حەفتاو هەشت یان دەوترێت هەشتاو پێنج ساڵان بوو.[1]

موعاویەی هوذەلی (رضي الله عنه)

ناوی موعاویەی هوذەلیە، موعاویە دەڵێت دووڕوو رۆژوو دەگرێت و خوا بە درۆی دەخانەوە، نوێژ دەکات و خوا بە درۆی دەخاتەوە، خێر دەکات و خوا بە درۆی دەخاتەوە...[2]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 115-116.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5495.

موعاویەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی موعاویەی کوری عەمرەو کۆچی کرد بۆ مەدینەو دواتر گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆی، جا کاتێك پاشاکانی کیندە یەکدەنگ بوون لەسەر هەڵگەڕانەوە، موعاویەی کوڕی عەمر داوای کرد تەوبە بکەن و وریابن تا خوێن رژان روونەدات، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، ئەویش بە تووڕەییەوە ناوچەکەی جێهێشت.[1]

موعەتتیبی کوڕی عەوف (رضي الله عنه)

ناوی موعەتتیبی کوڕی عەوفی کوڕی عامیری خوزاعی سەلولیە، ناسراوە بە ئیبنولحەمراء، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێشەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان موعەتتیب و ثەعلەبەی کوڕی حاطیبی ئەنصاریەوە، موعەتتیب لە مەدینە مایەوەو لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

موعەتتیبی کوڕی عوبەید (رضي الله عنه)

ناوی موعەتتیبی کوڕی عوبەیدی کوڕی ئیاسی بەلەویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 157.
2 - أسد الغابة، ج5، ص 236.
3 - أسد الغابة، ج5، ص 236.

### موعەتتیبی کوڕی ئەبوولەهەب (رضي الله عنه)

ناوی موعەتتیبی کوڕی ئەبوولەهەبە، دوای فەتحی مەککە رایکرد، پێغەمبەر (ﷺ) عەبباسی نارد بە شوێنیدا و ئەویش هاتەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی کرد بۆ ئیسلام و ئەویش موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو بە موسڵمانبوونی، دواتر موعەتتیب لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[1]

### موعەیقیب (رضي الله عنه)

ناوی موعەیقیبی دەوسیەو زۆر زوو موسڵمان بوو، ئەم هاوەڵە یەکێك بوو لە کۆچەرانی حەبەشەو دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو کۆچی کرد بۆ مەدینە، بەشداری زۆربەی غەزاکان بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بەرپرسی بەیتولمال بوو، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا مۆرەکەی خەلیفەی بەدەستەوە بوو و لەو سەردەمەشدا وەفاتی کرد.[2]

موعەیقیب دەڵێت سەبارەت بە تەختکردنی شوێنی سوجدە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر واتکرد یەکجار بیکە).[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص175.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص193.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1163، صحيح مسلم، الرقم 883.

## موغیث (رضي الله عنه)

ناوی موغیثەو هاوسەری بەریرە بوو، بەریرە موغیثی جێهێشتبوو، جا موغیث بەدوایدا دەچوو و دەگریا و فرمێسك بەسەر ریشیدا دەهاتە خوارەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبباسی فەرموو (ئەی عەبباس سەرت سوڕنامێنێت لە خۆشەویستی موغیث بۆ بەریرەو لە رقی بەریرە بۆ موغیث)، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بە بەریرەی فەرمووی خۆزگە دەچوویتەوە بۆ لای، بەریرە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئەوە فەرمانە؟ فەرمووی من تەنها تکا دەکەم، بەریرە وتی دەی من هیچ پێویستیەکم نیە بەو پیاوە.[1]

## موغیرەی کوڕی شوعبە (رضي الله عنه)

ناوی موغیرەی کوڕی شوعبەی کوڕی ئەبی عامیرە، کونیەکەی ئەبووعیسا یان ئەبوومحەممەد یان ئەبووعەبدوڵایە، کەسێکی کەڵەگەت و بەخۆ بوو، پێش رێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو و بەشداری کرد لە بەیعەتی ریضواندا.[2]

کاتێك وەفدی ثەقیف هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە نزیکەی سیانزە کەسێك زیاتر دەبوون، دوای قسەکانیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردن بتی لات لەناوبەرن، بەڵام ئەوان وتیان ئێمە زاتی ئەوەمان نیەو دەترسین سزامان بدات، بۆیە تۆ خۆت ئەو بتە لەناوبەرە، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی ئامادە کرد و

1 - صحيح البخاري، الرقم 4981، صحيح ابن حبان، الرقم 4335، سنن ابن ماجة، الرقم 2071، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5791، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 11747.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص198.

خالیدی کوڕی وەلیدی کردە بەرپرسیان، لە نێویشیاندا موغیرەی کوڕی شوعبە هەبوو، کە چوونە ئەوێ بتەکەیان لەناوبرد و گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[1]

بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە دوای موسڵمان بوونی خەڵکی تائیف، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوسوفیان و موغیرەی کوڕی شوعبەی نارد تا بتی لات لەناوبەرن.[2]

موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، دەمی بەیان پێغەمبەر (ﷺ) لە خەڵکەکە دوورکەوتەوەو منیش بەدوایدا چووم و لە دوورییەوە چاوەڕوان بووم، کە هاتەوە فەرمووی کارت هەبوو ئەی موغیرە؟ وتم نا، فەرمووی ئایا ئاوت پێیە؟ وتم بەڵێ، دەستنوێژێکی تەواوەتی گرت و مەسحی سەر خوفەکانی کرد، کە گەیشتینەوە بە خەڵکەکە نوێژ دابەسرابوو، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بەرنوێژی دەکرد، رکاتێکی کردبوو و لە رکاتی دووەمدا بوو، ویستم بڕۆم بە عەبدوڕەحمان بڵێم دەست هەڵگرێت ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێکردم، ئێمەش ئەو رکاتەمان لە دوایەوە کرد و دوای سەلامدانەوەی عەبدوڕەحمان رکاتەکەی ترمان تەواو کرد.[3]

ئیبن کەثیر دەڵێت ئەوەش لە غەزای تەبووکدا بوو.[4]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 34.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 48.

3 - صحيح مسلم، الرقم 436واللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17790، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1541، صحيح ابن حبان، الرقم 1363.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 22.

موغیرە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و خەریك بوو بیخەنە ناو گۆڕەکەی، خاتەمەکەی دەستم خستە ناو گۆڕەکەوە، ئینجا وتم ئەی عەلی خاتەمەکەم، ئەویش وتی بڕۆ هەڵیبگرەوە، منیش دابەزیمە ناو گۆڕەکەو دەستم هێنا بەسەر کفنەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) و هاتمە دەرەوە.[1]

موغیرە لە جەنگی یەمامەدا بەشدار بوو، دواتریش لە فتووحاتی عێراق و شامیشدا بەشداری کرد و ڕۆڵی کارای هەبوو،[2] لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد و تیایدا چاوێکی پێکرا.[3]

موغیرە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا والی بەصرە بوو، لەو ماوەدا فتووحاتێکی زۆری کرد، دواتر لە والیەتی بەصرە لایبرد و کردی بە والی کووفە و تا وەفاتی خەلیفە لەو پۆستەدا مایەوەو ماوەیەکیش لە خیلافەتی عوثماندا لەو پۆستەدا مایەوە.[4]

موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت فەرموودەیەکم گێڕایەوە بۆ عومەر، ئەویش وتی یان بەڵگە دەهێنیتەوە بۆ ئەو فەرموودەت یان سزات دەدەم، ئەوەبوو تا وادەی حەجی ساڵ مۆڵەتی دام، تا ئەوەی شەریکی کوڕی وائیل هات و ئەو فەرموودەی گێڕایەوە.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 26.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص198.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص199.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 198.

5- الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 343.

موغیرە کۆیلەیەکی فارسی هەبوو بە ناوی ئەبوولوئلوئە کە دواتر ئەو کۆیلەیە عومەری کوڕی خەططابی شەهید کرد، کاتێك عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت بڕۆ بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەبوولوئلوئەی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە تۆی کوشت، عومەریش وتی سوپاس بۆ خوا کە مەرگی منی بە دەستی کەسێك نەهێنا کە تاکە سوجدەیەکیشی بردبێت بۆ خوا.[1]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە، پاش ماوەیەك کەوتە گۆڕانکاری لە هەندێ پۆستدا و هەندێ لە والیەکانی گۆڕی، لەوانە موغیرەی کوڕی شوعبەی لەسەر والیەتی کووفە لابرد و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی دانا، ئەمەش لەبەر وەسیەتی عومەری کوڕی خەططاب کە داوای کردبوو خەلیفەی دوای خۆی ئەرکی پێ بسپێرێت چونکە کەسێکی پاك و لێهاتووە.[2]

موغیرە لە ماوەی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کەناری گرتبوو تا لە مەسەلەی دادوەریدا ئامادە بوو، پاش شەهیدبوونی عەلی و دوای کەنارگرتنی حەسەن لە دەسەڵات ئەوکات موغیرە بەیعەتی دا بە موعاویە، موعاویەش ئەوی کرد بە والی کووفە، ئیتر موغیرە بەردەوام والی کووفە بوو تا لە ساڵی پەنجای کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

---

1 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 447.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 149.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص198.

جارێك موغیرە نامەی نووسی بۆ موعاویەو تیایدا نووسی من بیستوومە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (إن الله كره لكم ثلاثا: قيل وقال، وإضاعة المال، وكثرة السؤال)،[1] (خوا سێ شتی پێ خۆش نیە بۆتان، وتی و وتیان و بەهەدەردانی سامان و زۆر پرسیارکردن).

## موقنع (رضي الله عنه)

ناوی موقنعەو یەكێك بوو لە ئەندامانی وەفدی سولەمیەكان كە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

## موكەیتیل (رضي الله عنه)

ناوی موكەیتیلەو لە فەرموودەیەكدا باسی هاتووە كە لە كێشەی خوێن باییەكدا بەشدار بووەو چەكێكی بەسەر شانەوە بووە، موكەیتیل وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەرەتای ئیسلامەوە شتی وەك ئەمەم نەدیوە، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) صولحی نێوان هەردوولای كرد و رێككەوتن.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 1418، صحيح مسلم، الرقم 3324.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص205.

3 - سنن أبي داود، الرقم 3925، سنن ابن ماجة، الرقم 2621، مسند احمد بن حنبل، الرقم 20577، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4503.

موکریم (رضي الله عنه)

**ناوی موکریمەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، سەرەتا ناوی موهان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ناوت چیە، وتی ناوم موهانە، فەرمووی بەڵکو ناوت موکریمە.[1]**

مولەیکە(رضي الله عنها)

**ناوی مولەیکەی کچی ثابتی کوڕی فاکیهە، موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

مولەیکەی کچی سەهل(رضي الله عنها)

**ناوی مولەیکەی کچی سەهلە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

مولەیکەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

**ناوی مولەیکەی کچی عەمری جوعفیە، مولەیکە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن ألبانها شفاء و سمنها دواء و لحمها داء)،[4] (شیری مانگا شیفایە و چەوریەکەی دەرمانەو گۆشتەکەی دەردە).**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص207.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 356.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 122.

4 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 18197، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20977، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7207، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته.

مولەیکەی کوژراو (رضي الله عنها)

**ناوی مولەیکەیەو بە دەستی هەوێکەی کوژراوە، لە بەسەرهاتێکدا هاتووە دوو ئافرەت پێکەوە جەنگان و یەکێکیان دای لەوی تریان و ژنەکەو کۆرپەکەی سکیشی کوشت، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) حوکمی بەوەدا ژنەکە بکوژرێتەوەو لە بری کۆرپەکەش کۆیلە یان کەنیزەکێك بدرێت،[1] جا ئەو دوو ژنەی کە جەنگیان کرد هەردووکیان ژنی حەمەل بوون، یەکێکیان ناوی مولەیکە بوو و ئەوی تریش ناوی ئوممو عەفیف بوو،[2] ئوممو عەفیف بە دارێك دای لە مولەیکەو کوشتی،[3] ئەوەبوو حەمەل هات بۆ لای باوکی ژنە بکوژەکەو وتی خوێن بایی ژنەکەم و منداڵەکەمم دەوێت، باوکیشی وتی منداڵەکانی خوێن بابیەکەی ئەدەن، ئەوەبوو سکاڵا برایە لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (خوێن بایی لەسەر کەسوکارە و بۆ کۆرپەلەش کۆیلە یان کەنیزەکێك دەدرێت).[4]**

مولەیکەی نەنکی ئەنەس(رضي الله عنها)

**ناوی مولەیکەیەو دایەگەورەی ئەنەسی کوڕی مالیك بوو، ئەنەس دەڵێت جارێك مولەیکەی نەنکم خواردنێکی ئامادە کرد و پێغەمبەری خوای (ﷺ) بانگ**

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6113، سنن الدارمي، الرقم 2339، سنن أبو داود، الرقم 3982، سنن ابن ماجة، الرقم 2637، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6728، سنن الدارقطني، الرقم 2806، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14886، مسند احمد بن حنبل، الرقم 3313، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 3891.

3 - فتح الباري، ج10، ص 218.

4 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15237.

کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لە خواردنەکەی خوارد و دواتر فەرمووی هەستن با بەرنوێژیتان بۆ بکەم، حەسیرێکمان هەبوو هێنام و ئاوپرژێنم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) وەستا و من و هەتیوێکیش لە دوایەوە وەستاین و پیرەژنەش لە دوای ئێمەوە وەستا، پێغەمبەر (ﷺ) دوو رکاتی بۆ کردین و دواتر چوو.[1]

مولەیکەی ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی مولەیکەی کچی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

مولەیل (رضي الله عنه)

ناوی مولەیلی کوڕی وەبرەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

مونبەعث (رضي الله عنه)

ناوی مونبەعثە، سەرەتا ناوی موظطەجیع بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەمارۆی طائیفی دابوو دابەزیە خوارەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) ناوی گۆڕی.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 376، صحيح مسلم، الرقم 1088، صحيح ابن حبان، الرقم 2229، سنن أبي داود، الرقم 522، سنن الترمذي، الرقم 222، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 860.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 123.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص210.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص210.

مونەیبیق (رضي الله عنه)

ناوی مونەیبیقی کوڕی حاطیبی جومەحیە، ئیبن عوقبە دەڵێت یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بووە.[1]

مونذیری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی مونذیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی نەوفەلە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای تائیف و تیایدا شەهید بووە.[2]

مونذیری کوڕی عەبدوڵای خەزرەجی (رضي الله عنه)

ناوی مونذیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی قەوواله، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای طائیف و تیایدا شەهید بوو.[3]

مونذیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی مونذیری کوڕی عەمری کوڕی خونەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە ساعیدیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان مونذیری کوڕی عەمر و طولەیبی کوڕی عومەیرەوە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص227.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص216.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص216.

4 - أسد الغابة، ج5، ص 283-284.

پێغەمبەر (ﷺ) کە دەستەیەك لە هاوەڵانی نارد تا قورئان فێری هۆزەکانی لیحیان و ریعل و ذەکوان و عوصەییە بکەن، مونذیری کرد بە ئەمیریان، ئەوەبوو لەو رووداوی بیئر مەعوونەدا مونذریش شەهید بوو.[1]

مونذیری کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی مونذیری کوڕی قەیسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کردو دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا شەهید بوو.[2]

مونذیری کوڕی قودامە (رضي الله عنه)

ناوی مونذیری کوڕی قودامەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە جەنگی بەنوقەینوقاعدا چاودێری دیلەکانی دەکرد.[3]

مونذیری کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه)

ناوی مونذیری کوڕی موحەممەدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و کونیەکەی ئەبووعوبەیدەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتر لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[4]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5588.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص218.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص218.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص219.

### مونسی کوڕی فەضالە (رضي الله عنه)

**ناوی مونسی کوڕی فەضالەیە، لە پشتیوانانە، خۆی و ئەنەسی برای پێکەوە بەشداربوون لە غەزای ئوحوددا.[1]**

### مونقەع (رضي الله عنه)

**ناوی مونقەعەو فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە، مونقەع دەڵێت زەکاتی وشترەکانی هۆزەکەمانم هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو وشتری تێدایە کە دیارین بۆ تۆ، دیاریەکە لە زەکاتەکە جیا کرایەوە، ئینجا خەڵکی بڕێك قسەیان کرد کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) خالید دەنێرێت بۆ میصر تا زەکاتیان لێ وەربگرێت، منیش وتم بەخوا ئەمە هەموو زەکاتی هۆزەکەمە، ئینجا چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بینیم لەسەر وشترێك بوو، سپیایی بن باڵیم بینی، بەسەرهاتەکەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باسکرد، ئەویش فەرمووی (خوایە من مۆڵەتم نەداون درۆ بە دەم منەوە بکەن)، مونقیع دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد.[2]**

### مونقیذی کوڕی نەباتە (رضي الله عنه)

**ناوی مونقیذی کوڕی نەباتەیی ئەسەدیە، یەکێکە لە کۆچەران.[3]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص236.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17491.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص224.

### مونکەدیر (رضي الله عنه)

ناوی مونکەدیری کوڕی عەبدوڵایەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، مونکەدیر دەڵێت شەوێك پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژی عیشا دواکەوت و خەڵکیش لە مزگەوت چاوەڕێی بوون، پێغەمبەر (ﷺ) کە چوویە مزگەوت فەرمووی چاوەڕێی چین؟ وتیان چاوەڕێی نوێژین، فەرمووی (ئێوە بەردەوام لە نوێژدان تا کاتێك چاوەڕێی نوێژ بکەن).[1]

### موهاجیری کوڕی ئەبی ئومەییە (رضي الله عنه)

ناوی موهاجیری کوڕی ئەبی ئومەییەی مەخزوومیە، برای ئومموسەلەمەی هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، لە غەزای بەدردا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد، سەرەتا ناوی وەلید بوو، کاتێك موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆری و ناوی نا موهاجیر و کردی بە بەرپرسی زەکاتی صەنعاء، دواتر ئەسوەدی عەنەسی لە دژی راپەڕی، ئەبووبەکری صدیقیش هەمان ئەرکی پێ راسپارد.[2]

### موهاجیری کوڕیی قونفوذ (رضي الله عنه)

ناوی موهاجیری کوڕی قونفوذی کوڕی عومەیری قورەیشی تەیمیە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانان، کاتێك ویستی کۆچ بکات بێباوەڕەکان گرتیان و زۆر سزایان دا، دواتر لە دەستیان رایکرد و خۆی گەیاندە مەدینە، پێغەمبەریش (ﷺ)

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 7606، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5925.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص228.

فەرمووی ئەمە بە حەق موهاجیرە–بە راستی ئەمە موهاجیرە–، رایەکیش دەڵێت بەڵکو دوای فەتحی مەککە موسڵمان بووە.[1]

موهاجیر دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە دەستنوێژی دەگرت و سەلامم لێکرد و وەلامی نەدامەوە تا دەستنوێژەکەی تەواو بوو، دواتر پۆزشی هێنایەوەو فەرمووی (پێم خۆە تەنها لەسەر پاکێتی ناوی خوا بهێنم).[2]

موهاجیری خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی موهاجیرە و خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووە، موهاجیر دەڵێت چەند ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوام(ﷺ) کرد هەرگیز پێی نەوتم بۆچی ئەوەت کرد و بۆچی ئەوەت نەکرد، موهاجیر دواتر لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو.[3]

میحجەن

ناوی میحجەنەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی بوسر کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، میحجەن دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووم و پێغەمبەر (ﷺ) چوو تا بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، دواتر گەڕایەوەو میحجەن لە شوێنی خۆی بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆچی لەگەڵ خەڵك نوێژت نەکرد؟ مەگەر تۆ کەسێکی موسڵمان نیت؟ منیش وتم با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بەلام

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص229.

2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 206، صحيح ابن حبان، الرقم 803، سنن أبي داود، الرقم 16، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم 467.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص230.

من لە ماڵەوە نوێژم کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر هاتیت لەگەڵ خەڵك نوێژ بکە با نوێژیشت کردبێت).[1]

میحجەنی کوڕی ئەدرەع (رضي الله عنه)

ناوی میحجەنی کوڕی ئەدرەعی ئەسلەمیە، زۆر زوو موسڵمان بوو.[2]

میحجەن دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مزگەوت و کەسێك نوێژی تەواو کردبوو و لە شایەتوماندا ئەم نزایەی دەکرد(اللهم إني أسألك بالله الواحد الصمد الذي لم يلد ولم يولد، ولم يكن له كفوا أحد أن تغفر لي ذنوبي إنك أنت الغفور الرحيم)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لێخۆشبوونی بۆ بوو)، سێ جار ئەوەی فەرموو.[3]

دەوترێت میحجەن تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیاوەو لەو سەردەمەدا وەفاتی کردووە.[4]

میخنەفی کوڕی سولەیم (رضي الله عنه)

ناوی میخنەفی کوڕی سولەیمە، میخنەف دەڵێت ئێمە لە عەرەفات لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) وەستابووین فەرمووی (ئەی خەڵکینە هەمووماڵێك هەموو ساڵێك

---

[1] - صحيح ابن حبان، الرقم 2436، موطأ مالك، الرقم 299، المستدرك على الصحيحين، الرقم 838، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 914، حسنه شعيب الارناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 857.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 778.

[3] - صحيح ابن خزيمة، الرقم 699، المستدرك على الصحيحين، الرقم 922، سنن أبي داود، الرقم 848، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7408، مسند احمد بن حنبل، الرقم 18580، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17482، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الذهبي في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 985.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 778.

قوربانیەك و عەتیرەیەكی لەسەرە، دەزانن ئەو عەتیرەیە چیە؟ ئەوەی خەڵكی پێی دەڵێن رەجەبیە).[1]

### میدعەم

ناوی میدعەمە و كۆیلەیەك بوو كە بە دیاری بەخشرابوو بە پێغەمبەر (ﷺ)، میدعەم لە فەتحی خەیبەردا بەشداری كرد و تیایدا تیرێكی وێڵی بەركەوت و كوژرا، خەڵكی وتیان شەهیدی پیرۆز بێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەڵكو سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەو –عەبایەی– شەملەی لە رۆژی خەیبەر لە دەستكەوتەكاندا بردی و لە دابەشكردندا بەری نەكەوتبوو ئاگری بەسەردا هەڵدەكات).[2]

### میدلاج (رضي الله عنه)

ناوی میدلاجی كوڕی عەمرە و لە غەزای بەدر و هەموو غەزاكانی تردا بەشداری كرد و پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە ساڵی پەنجای كۆچیدا وەفاتی كرد.[3]

---

[1] - سنن أبي داود، الرقم 2421، سنن ابن ماجة، الرقم 3122، سنن الترمذي، الرقم 1478، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4419، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17559، ضعفه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم 1478.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 4006، صحيح ابن حبان، الرقم 4928، سنن أبي داود، الرقم 2350.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص61.

میرداسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه)

**ناوی میرداسی کوڕی مالیکی غەنەویە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر دەموچاویدا و نزای خێری بۆ کرد و نووسراوێکی بۆ نووسی و کردی بە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی هۆزەکەی خۆی.[1]**

میرداسی کوڕی عوروە (رضي الله عنه)

**ناوی میرداسی کوڕی عوروەیە، میرداس دەڵێت کەسێك برایەکی خۆی کوشت و رایکرد، ئێمەش بەدوایدا گەڕاین تا لای ئەبووبەکری صدیق دۆزیمانەوە، بردمان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لەبری کوژراوەکە کوشتی.[2]**

میرداسی کوڕی عوقفان (رضي الله عنه)

**ناوی میرداسی کوڕی عوقفانی تەمیمی عەنبەریە، میرداس دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش نزای بەرەکەتی بۆ کردم.[3]**

میرداسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه)

**ناوی میرداسی کوڕی مالیکی ئەسلەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[4]**

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص73.

[2] - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14890، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17489.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 72.

[4] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص73.

میرداس دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (يذهب الصالحون، الأول فالأول ويبقى حفالة كحفالة الشعير أو التمر لا يباليهم الله بالة)،[1] (پیاوچاکان یەك دوای یەك دەچن، تا ئەوەی تەنها بێ فەڕ و پەستەکان دەمێننەوە وەك چۆن ماوەو زیادەی خراپی گەنم و جۆ یان خورما دەمێنێتەوە، خوا هیچ گرنگی و باکێکی پێیان نیە).

میسطەحی کوڕی ئەثاثە (رضي الله عنه)

ناوی میسطەحی کوڕی ئەثاثەی موطەلیبیە، باوك و دایکی زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوون، خزمی ئەبووبەکری صدیق بوو، ئەبووبەکر دەستگرۆیی دەکرد لەبەرئەوەی خزمایەتییان هەبوو و دەستکورت بوو، بەڵام لە ڕووداوی ئیفکدا بەشدار بوو لە تۆمەت بەخشینەوە بۆ دایکی باوەڕداران عائیشە، بۆیە ئەبووبەکر بڕیاریدا ئیتر یارمەتی نەدات، بەڵام خوای گەورە بە ئایەت ڕێنموونی بەخشی کە ئەبووبەکر درێژە بدات بە یارمەتیەکەی.[2]

ئەبووبەکر کە پێشتر بە پارە یارمەتی میسطەحی کوڕی ئەثاثەی دەدا، وتی بەخوا ئیتر لەمەودوا تا ماوم هیچ یارمەتی نادەم مادەم سەبارەت بە عائیشە وای دەوت، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە( وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْۗ أَلَا

[1] - صحيح البخاري، الرقم 6078، صحيح ابن حبان، الرقم 6962، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17389، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17488.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص93.

تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ )، ئیتر ئەبووبەکر وتی بەڵی خوایە من ئەوەم پێ خۆشترە لێم خۆش بیت، بۆیە دەستی کردەوە بە یارمەتیدانی میسطەح.[1]

میسطەح دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و رایەك دەڵێت لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای خەلیفەدا بەشداری جەنگی صفیی کردووەو لە هەمان ساڵدا وەفاتی کردووە.[2]

میسوەری کوڕی مەخرەمە (رضي الله عنه)

ناوی میسوەری کوڕی مەخرەمەی کوڕی نەوفەلی قورەیشی زوهریە، میسوەر لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا لەدایك بوو و پاش فەتحی مەککە چوو بۆ مەدینە کە ئەوکات تەمەنی تەنها شەش ساڵان دەبوو، میسوەر لە سەردەمی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا بەر مەنجەنیق کەوت و کوژرا.[3]

میعوەذی کوڕی حارث (رضي الله عنه)

ناوی میعوەذی کوڕی حارثە، لە پشتیوانانە، گەنجێك بوو کە لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و هاودەم بە موعاذی برای لە کوشتنی ئەبووجەهلدا بەشدار بوو، دواتریش جەنگا و زۆر بریندار بوو تا دواجار شەهید بوو.[4]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2539، صحيح مسلم، الرقم 5080، صحيح ابن حبان، الرقم 7208، سنن الترمذي، الرقم 3186، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8656، مسند احمد بن حنبل، الرقم 25051، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19038،

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص93.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص119.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص193.

## میقدادی کوڕی مەعدیەکریب (رضي الله عنه)

**ناوی میقدادی کوڕی مەعدیەکریبی کوڕی عەمرە، کونیەکەی ئەبووکەریمە یان ئەبوویەحیایە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو، چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، دواجار لە ساڵی هەشتاو سێ یان هەشتاو شەش یان هەشتاو حەوتی کۆچی و لە تەمەنی نەوەدو یەك ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[1]**

**سولەیمی کوڕی عامیر دەڵێت وتمان ئەی میقداد خەڵکی دەڵێن تۆ پێغەمبەری خوات (ﷺ) نەدیوە، وتی بەرەوەڵا بینیومەو پێغەمبەر (ﷺ) نەرمایی گوێی گرتوم کاتێك لەگەڵ مامێکم دەچووم بەڕێدا.[2]**

## میقدادی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

**ناوی میقدادی کوڕی عەمرە، بەڵام بە میقدادی کوڕی ئەسوەد ناسراوە چونکە دراوەتەوە پاڵ ئەسوەدی کوڕی عەبدیەغووث، رایەك دەڵێت لەبەرئەوەی لە ماڵی ئەودا گەورە بوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لەبەرئەوەی کۆیلەیەکی رەشی بوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە کیندە کەسێکی کوشتبوو و چوو بۆ مەککەو لەگەڵ ئەسوەد هاوپەیمانی بەست.[3]**

**ئەم هاوەڵە زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککە، بەڵام نەیتوانی کۆچ بکات بۆ مەدینە، دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، سریەیەکی بە سەرکردایەتی عوبەیدەی**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص204.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17448.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 386.

کوڕی حارث نارد و سریەکە گەیشتن بە دەستەیەکی بێباوەڕان کە عیکریمەی کوڕی ئەبی جەهل سەرکردایەتی دەکرد، میقداد و عوتبەی کوڕی غەزوانیش لەگەڵ بێباوەڕاندا دەرچووبوون تا خۆیان بگەیەنن بە موسڵمانان، کە هەردوولا بەیەکگەیشتن و جەنگ رووی نەدا، میقداد و عوتبە دایانە پاڵ موسڵمانان.[1]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە یەکەم ئەو کەسانەی موسڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا کرد و راگەیاند بریتی بوون لە حەوت کەس: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبووبەکر و عەممار و سومەییەی دایکی عەممار و بیلال و صوهەیب و میقداد، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر بە هۆی هۆزەکانیانەوە خوا پاراستنی لە زیانی بێباوەڕان، بەڵام ئەو پێنجەکەی تر لەلایەن بێباوەڕانەوە سزا دەدران، بەرگی ئاسنینیان دەکرایە بەر و دەبرانە بەر گەرمای خۆر، دواجار هەریەك لەوانە داوای دوژمنیان هێنایەدی–واتە بە ناچاریو بە رووکەش داواکەی بێباوەرانیان قبووڵ کرد– جگە لە بیلال کە ئامادەیی نەبوو داواکەیان قبووڵ بکات.[2]

ضوباعەی کچی زوبەیر کە ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، هاوسەری میقدادی کوڕی ئەسوەد بوو و کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە دواتر لە جەنگی جەمەلدا لەناو سوپای عائیشەدا بوو و کوژرا.[3]

---

1 - أسد الغابة، ج5، ص 265.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7192، سنن ابن ماجة، الرقم 149، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15717، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3698، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5203، قال الحكام صحيح الإسناد و لم يخرجاه و وافقه الذهبي، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 150 حسن صحيح.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 3.

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان میقداد و جەبباری کوڕی صەخرەوە.[1]

میقداد یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر و ئەسپێکی پێ بوو، لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[2]

لە غەزای بەدردا زوبەیری کوڕی عەووام ئەسپێکی پێ بوو و لە بەرەی راستەوە بوو، میقدادی کوڕی ئەسوەدیش بە ئەسپێکەوە لە باڵی چەپەوە بوو.[3]

ئیبن مەسعوود دەڵێت لەگەڵ میقدادی کوڕی ئەسوەد بووم کە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) نزای دەکرد لە بێباوەڕان، میقدادیش وتی ئێمە قسەکەی قەومی مووسا ناکەینەوە بڵێین برۆ خۆت و خواکەت بجەنگن، بەڵکو لە راست و چەپ و پێش و دواتەوە دەجەنگین، پێغەمبەریش (ﷺ) لە خۆشی ئەو قسەی دەموچاوی دەگەشایەوە.[4]

سەعد دەڵێت لە غەزای ئوحوددا کە خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) تەکینەوە، منیش کەنارم گرت و وتم خۆم دەدەمە بەر ئەو لێشاوە، یان شەهید دەبم یان رزگار دەبم تا دەگەم بە پێغەمبەر (ﷺ)، لەو بارەدا بووم کە کەسێکی دەموچاو هەڵبەستراوم بینی نەمدەزانی کێیە، بێباوەڕان هاتن، وتم ئێستا پێی دەگەن، کەچی ئەو دەستی پڕ کرد لە وردەچەو و وەشاندی بەرووویاندا و هەموو

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 161.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 386.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 46.
4 - صحيح البخاري، الرقم 3756، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3570.

گەڕانەوە، چەند جار ئەوەی کرد، تەنها میقدادی کوڕی ئەسوەد لە نێوان من و ئەودا هەبوو، ویستم بڵێم میقداد ئەوە کێیە، میقداد وتی ئەی سەعد ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بانگت دەکات، وتم لە کوێیە؟ میقدادیش بە ئاماژە پێی نیشان دام، منیش چووم بۆ لای.[1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هەواڵی خوبەیبی پێ گەیشت، هەریەك لە میقداد و زوبەیری نارد تا تەرمی خوبەیب لە دارخورماکە دابگرن، کە گەیشتنە ناوچەی تەنعیم دەبینن چل کەس لەوێن، هەرچۆنێك بێت تەرمەکەی خوبەیبیان داگرت، زوبەیر تەرمەکەی خستە سەر ئەسپەکەی و تەرمەکەشی هیچ تێك نەچووبوو، بەڵام بێباوەڕەکان پێیان زانین، کاتێك کەوتنە شوێنیان زوبەیر تەرمەکەی خستە خوارەوە، ئەوەبوو زەوی تەرمەکەی خوبەیبی قووتدا و تەرمەکەی دیار نەماو نەکەوتە دەست بێباوەڕان.[2]

میقداد دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر لەگەڵ کەسێکی بێباوەڕ بەیەك گەیشتین و ئەو بە شمشێر دەستێکی منی پەڕاند، دواتر درەختێك کەوتە نێوانمان و دوای ئەوە وتی من موسڵمان بووم، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا دوای ئەو وتەی بیکوژم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نا مەیکوژە)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستیشی پەڕاندبم؟ فەرمووی (لا تقتله، فإن قتلته فإنه بمنزلتك قبل أن تقتله وإنك بمنزلته قبل أن يقول كلمته التي قال)،[3] (مەیکوژە،

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4257، صحه الذهبي في التلخيص و قال على شرط مسلم.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 263.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3813، صحيح مسلم، الرقم 164، صحيح ابن حبان، الرقم 4823، سنن أبي داود، الرقم 2287، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8317، مسند احمد بن حنبل، الرقم 23179.

ئەگەر کوشتت ئەوە تۆ دەچیتە شوێنی ئەو پێش ئەوەی بیکوژێت و ئەویش دەچێتە شوێنی تۆ پێش ئەوەی ئەو قسەی بڵێت).

میقداد دەڵێت جارێك من و دوو هاوڕێم لە تاو ماندوویی و برسێتی چاو و گوێمان لەدەست دابوو، چووین تا میوانی هاوەڵانێکی پێغەمبەر (ﷺ) بین، بەڵام کەس نەیبردینەوە، چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش ئێمەی بردەوەماڵەوە، سێ بزنیان هەبوو فەرمووی ئەو شیرە لە نێوانماندا دابەش بکەن، هەرکاممان بەشی خۆی دەخوارد، بەشەکەی پێغەمبەریشمان (ﷺ) برد بۆی، چەند جار ئاوامان دەکرد، شەو دەهاتەوەو سەلامێکی دەکرد کە خەوتووی بێدار نەدەکردەوەو بێداریش دەیبیست، ئینجا دەچوویە مزگەوت و نوێژی دەکرد و دواتر دەهاتەوە شیرەکەی دەخواردەوە، شەوێك شەیتان هاتە بنکلێشەم و کە بەشەکەی خۆمم خواردەوە پێی دەوتم موحەممەد دەچێت بۆ لای پشتیوانان و ئەوانیش زۆر رێزی دەگرن و چی پێویست بێت پێی دەبەخشن، بۆیە چووم بەشەکەی پێغەمبەریشم(ﷺ) خواردەوە، جا کە شیرەکە گەیشتە ناو گەدەم و دڵنیا بوومەوە کە هیچ رێیەکی گەڕانەوەی نیە، پەشیمان بوومەوەو شەیتانیش رێی پەشیمانی دەخستە بەرم، پێی دەوتم ماڵوێران چیت کرد؟ شیرەکەی موحەممەدت خواردەوە؟ جا خۆ ئێستە دێتەوەو دەبینێت شیرەکەی نەماوە نزات لێ دەکات و دنیا و ئاخیرەتیشت دەفەوتێت، منیش بەرگێکم دەدا بەخۆمدا، کە بمدایە بەسەر سەرمدا قاچم دەردەکەوت و ئەگەر بمدایە بەسەر قاچمدا سەرم دەردەکەوت، خەویش لە چاوانم تۆرابوو، بەڵام دوو هاوڕێکەی ترم خەوتن و ئەوەی من کردم ئەوان نەیانکرد، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەو وەك جاران سەلامێکی نەرمی کرد، ئینجا چوویە مزگەوت

و نوێژی کرد و دواتر هات تا شیرەکەی بخواتەوە، کەچی بینی نەماوە، سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، وتم بەخوا ئێستا نزام لێ دەکات و ماڵ وێران دەبم، ئینجا فەرمووی (خوایە ئەوەی خواردنم پێ دەدات خواردنی پێ بدەیت، ئەوەی خواردنەوەم پێ دەدات خواردنەوەی نۆش بکەیت)، منیش توند بەرگەکەم دا بەسەر خۆمدا و چەقۆیەکم هەڵگرت و چووم بۆ لای بزنەکان تا بزانم کامیان قەڵەوترە سەری ببڕم بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینم هەر سێ بزنەکە گوانیان پڕە لە شیر، چووم قاپێکی ماڵی پێغەمبەرم(ﷺ) هێنا و پڕم کرد لە شیر، بردم بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەمشەو شیرەکەی خۆتان خواردەوە؟)، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی بخۆرەوە، ئەویش شیرەکەی خواردەوە، دواتر هەندێکی هێشتەوەو دای بە من، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بخۆرەوە، ئەویش هەمدی لێی خواردەوەو هەندێکی مابوو دای بە من، کە زانیم پێغەمبەر (ﷺ) تێری خواردەوەو نزاکەی منی گرتەوە، ئەوەندە پێکەنیم تا کەوتمە سەر زەویەکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خەریکە داوێنت دەرکەوێت ئەی میقداد)، وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بارو مەسەلەکە ئاوەها بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە تەنها رەحمەتێ بوو لە خواوە، بۆچی پێت نەوتم تا دوو هاوڕێکەی تریشمان بێدار بکردایەتەوەو ئەوانیش لێیان بخواردایەتەوە).[1]

لە فەرموودەیەکدا کە بورەیدە گێڕاویەتیەوە هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (فەرمانم پێکراوە بە خۆشەویستی چوار لە هاوەڵانم و خوا هەواڵی پێداوم کە ئەوانی خۆش دەوێت)، بورەیدە دەڵێت وتم ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەر

1 - صحيح مسلم، الرقم 3924.

(ﷺ)، فەرمووی (عەلی و ئەبووذەری غیفاری و سەلمانی فارسی و میقدادی کوڕی ئەسوەدی کیندی).[1]

کاتێك حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بە نهێنی نامەیەکی نووسی بۆ مەککە تا هەواڵی هێرشی پێغەمبەریان (ﷺ) پێ بدات، خوای گەورە ئەوەی ئاشکرا کرد، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیر و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بە شوێن ئەو ژنەی نامەکەی بردووەو ئەوانیش ژنەکەیان گرت و نامەکەیان لێ سەندەوەو گەڕانەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) من و زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی نارد و فەرمووی (انطلقوا حتى تأتوا روضة خاخ ، فإن بها ظعينة معها كتاب ، فخذوا منها)، (بڕۆن تا دەگەنە باخچەی خاخ لەوێ ئافرەتێکی لێیە کە نامەیەکی پێیە، ئەو نامەی لێ وەربگرن)، ئێمەش خێرا چووین تا گەیشتینە ئەوێ و بینیمان ئافرەتێکی لێیە، پێمان وت نامەکە دەرکە، ئەویش وتی نامەم پێ نیە، وتمان یان نامەکە دەردەکەیت یان بەرگت پێوە ناهێڵین–واتە بەزۆر خۆمان لێت

---

1 - مسند الروياني، الرقم 29، مسند احمد بن حنبل، الرقم 22355، سنن ابن ماجة، الرقم 148، سنن الترمذي، الرقم 3738، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4598، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 2171، حسنه ابن حجر في الإصابة، ج6، ص 203.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2866.

دەسەنین–،[1] ئافرەتەکە وتی مەگەر ئێوە موسڵمان نین؟ چۆن شتی وا دەکەن؟ ئەوانیش وتیان با موسڵمانین، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێداوین کە تۆ نامەیەکت پێیە، ئافرەتەکە نامەکەی لە پرچەکانی دەرهێنا،[2] بینیمان لە نامەکەدا نووسرابوو: (لە حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەوە)، نامەکەی نووسیبوو بۆ بێباوەڕانێکی ناو مەککەو هەندێ زانیاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێگەیاندبوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی حاطیب ئەمە چیە؟) وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەلەم لێ مەکە، من لەناو قورەیشدا کەسێکی پاشکۆ و بێدەسەڵات بووم، چونکە کەسێك نەبوم لە خودی قورەیشیەکان، تۆ کۆچەرانێکت لەگەڵە کە خزم و کەسیان هەیە لە مەککەو ئەو خزمانەیان ژن و منداڵ و ماڵ و سامانیان دەپارێزن، منیش وتم مادەم هیچ کەس و پشتێکم نیە لەوێ، با بەمە پارێزگاری لە خۆم بکەم، ئەمەشم هەرگیز لەوەوە نەکردووە کە وازم هێنابێت لە ئایینەکەم و لە رازیبوونم نەبووە بە کوفر پاش ئەوەی خوا ئیسلامی پێ بەخشیم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما إنه قد صدقكم)، (ئەو راستی پێ وتن)، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێم بدە بدەم لە گەردنی ئەو دووڕووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إنه قد شهد بدرا و ما يدريك لعل الله اطلع على من شهد بدرا فقال اعملوا ما شئتم قد غفرت لكم)، (ئەو

[1] - صحيح البخاري، الرقم 4037، صحيح مسلم، الرقم 4654، سنن أبي داود، الرقم 2293، سنن الترمذي، الرقم 3310، صحيح ابن حبان، الرقم 6592، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11135، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17138، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 580، مسند الشافعي، الرقم 1388، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 378.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 45، قال الذهبي إسناده صالح و أصله في الصحيحين.

بەشداربووی بەدرە، تۆ چووزانیت خوا ئاگادارە بە بەشداربوانی بەدر و فەرموویەتی چی دەکەن بیکەن من لێتان خۆش بوم)، ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(یا ایها الذین امنوا لا تتخذوا عدوي وعدوكم اولياء تلقون اليهم بالمودة وقد كفروا بما جاءكم من الحق يخرجون الرسول واياكم ان تؤمنوا بالله ربكم ان كنتم خرجتم جهادا في سبيلي وابتغاء مرضاتي تسرون اليهم بالمودة وانا اعلم بما اخفيتم وما اعلنتم ومن يفعله منكم فقد ضل سواء السبيل)،[1] ئەمەش هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە بوو.[2]

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[3]

1 - الممتحنة: 1.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4037، صحيح مسلم، الرقم 4654، سنن أبي داود، الرقم 2293، سنن الترمذي، الرقم 3310، صحيح ابن حبان، الرقم 6592، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11135، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17138، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 580، مسند الشافعي، الرقم 1388، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 378.

3 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.

پێشتر لە ژیانی جوندوبی کوڕی جونادەدا باسمان کردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

کاتێك عەمری کوڕی عاص داوای یارمەتی سوپایی کرد لە عومەری کوڕی خەططاب و داوای سێ هەزار سوارەی کردبوو، خەلیفە خاریجەی کوڕی حوذافە و زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بۆ پشتیوانی عەمر،[1] لەگەڵ هەریەك لەوانەدا دەستەیەك لە سوپای نارد.[2]

جوبەیری کوڕی نوفەیر دەڵێت رۆژێك لە خزمەت میقدادی کوڕی ئەسوەددا دانیشتبووین، کەسێك دای بەلایدا و وتی خۆزگە بەو دوو چاوە کە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بینیوە، بەخوا ئێمەش حەزمان دەکرد ئەوەی تۆ بینیت ئێمەش بمانبینیایە و ئەوەی تۆ ئامادەی بوویت ئێمەش ئامادەی بووینایە، میقداد تووڕەیی گرتی، منیش سەرم سوڕما چونکە دەموت خۆ کابرا خراپی نەوت، دواتر میقداد تەماشای کرد و وتی کابرا بۆچی ئاوات بە ساتێ دەخوازێت کە خوا نەیویستووە ئەوی تێدا بێت، چووزانێت ئەگەر لەوێ بوایە چی دەکرد، بەخوا کەسانێك لە لای پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە بوون کە خوا لەسەر روو بەرەو دۆزەخی بردن لەبەرئەوەی نەهاتن بەدەم بانگەوازی پێغەمبەرەوە(ﷺ) و بڕوایان پێ نەکرد، بۆچی سوپاسی خوا ناکەن کە هەر بە لەدایك بوونتان پەروەردگاری خۆتان دەناسن و بڕواتان هێناوە

1 - أسد الغابة، ج2، ص 103.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 618.

بەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی، خوا لە بری ئێوە کەسانی تری خستە بەر تاقیکردنەوەو ئێوە رزگارتان بوو، بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) لە سەختترین حاڵدا نێردرا، بارێکی نەفامی کە پێیان وانەبوو ئەم دینەی ئێمە باشتر بێت لە بتپەرستی، پێغەمبەر (ﷺ) جیاکەرەوەیەکی هێنا کە حەق و ناحەقی جیادەکردەوە، باوك و کوڕی لەیەك دەکرد تا ئەوەی کەسی وا هەبوو وای دەبینی براکەی یان کوڕی یان باوکی بێباوەڕە، خوا دڵی بە ئیمان واڵا کردبوو و دەیزانی ئەگەر ماڵوێران بێت بەرەو دۆزەخ دەچێت، کەچی دڵی ئارامی نەدەگرت کاتێك دەیبینی ئازیزەکەی لە دۆزەخدایە، لەکاتێکدا ئەو ئازیزەی ئەو کەسەیە کە خوا باسی دەکات (الذین یقولون ربنا هب لنا من أزواجنا و ذریاتنا قرة أعین).[1]

میقداد پێش وەفاتی وەسیەتی کرد لە سامانەکەی سی و شەش هەزار بدرێت بە حەسەن و حوسەین و بۆ هەریەك لە دایکانی باوەڕدارانیش حەوت هەزار درهەم بدرێت.[2]

دواجار میقداد لە ساڵی سی و سێی کۆچی و لە خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان و لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[3]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6646، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23172، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17382، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 389.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 203.

## میهجەع (رضي الله عنه)

ناوی میهجەعەو خزمەتکاری عومەری کوڕی خەططاب بوو، یەکێك بوو لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان، عومەر لەپێناو خوادا ئازادی کرد،[1] ئەم هاوەڵە بە بنەڕەت خەڵکی یەمەن بوو، میهجەع کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و یەکەم شەهیدی ئەو غەزایە بوو،[2] تیرێکی وێڵ کوشتی.

## میهران (رضي الله عنه)

ناوی میهرانەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، میهران دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إنا آل محمد لا تحل لنا الصدقة)،[3] (ئێمەی بنەماڵەی موحەممەد صەدەقە –زەکات–مان بۆ حەڵاڵ نیە).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص231.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36057.

3 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 15406، قال شعيب الأرناؤوط حديث صحيح بشواهده و هذا إسناد حسن.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ن) دەست پێدەکات

ناجیە(رضي الله عنه)

ناوی ناجیەی کوڕی ئەعجەمی ئەسلەمیە، لە ڕێککەوتنی حودەیبیەدا بەشدار بوو، هەروەها لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو و ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو، لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.[1]

ناجیەی کوڕی جوندوب(رضي الله عنه)

ناوی ناجیەی کوڕی جوندوبی کوڕی عومەیری ئەسلەمیە، لە ڕێککەوتنی حودەیبیەدا بەشداری کرد.[2]

سەرەتا ناوی ذەکوان بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا ناجیە.[3]

نافیعی کوڕی بودەیل(رضي الله عنه)

ناوی نافیعی کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائە، خۆی و باوکی و براکانیشی لە گەورە هاوەڵانی خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوون، ئەم هاوەڵە زۆر زوو موسڵمان بوو و دواتر لە ڕووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 398.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 399.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 400.
4 - أسد الغابة، ج5، ص 312.

### نافیعی کوڕی سەهل (رضي الله عنه)

ناوی نافیعی کوڕی سەهلە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

### نافیعی کوڕی ظورەیب (رضي الله عنه)

ناوی نافیعی کوڕی ظورەیبە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و نووسەری بۆ عومەری کوڕی خەططاب دەکرد، رایەکیش دەڵێت نووسەری بۆ عوثمانی کوڕی عەففان دەکرد.[2]

### نافیعی حەبەشی (رضي الله عنه)

ناوی نافیعەو لە حەبەشەوە هاودەم بە حەوت کەسی تر هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[3]

### نافیعی کوڕی عوتبە (رضي الله عنه)

ناوی نافیعی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبی وەققاصەو لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە،[4] عوتبە دەڵێت لە غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین کە دەمەو ئێوارە قەومێك هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و جلی خورییان لەبەر بوو، لە تەپۆڵکەیەکدا گەیشتن بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوان بەپێوە بوون و پێغەمبەریش (ﷺ) دانیشتبوو، دەروونم پێی دەوتم برۆ و لە نێوانیاندا بوەستە نەوەك پێغەمبەر (ﷺ) تیرۆر بکەن،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص407.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 408.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 414.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص409.

چووم و لەنێوان ئەوان و پێغەمبەردا (ﷺ) وەستام، چوار وشەم لە پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرت و بە دەست دەمژماردن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تغزون جزيرة العرب فيفتحها الله، ثم فارس فيفتحها الله، ثم تغزون الروم فيفتحها الله، ثم تغزون الدجال فيفتحه الله)،[1] (غەزوی جەزیرەتولعەرەب دەکەن و خوا فەتحی دەکات، دواتر غەزوی فارس دەکەن و خوا فەتحی دەکات، دواتر غەزوی رۆم دەکەن و خوا فەتحی دەکات، دواتر غەزوی دەججال دەکەن و خوا فەتحی دەکات).

## نامیەی کوڕی صەفارە(رضي الله عنه)

ناوی نامیەی کوڕی صفارەیەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

## نائیلەی کچی رەبیع(رضي الله عنها)

ناوی نائیلەی کچی رەبیعی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

## نائیلەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی نائیلەی کچی سەعدە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 5269، صحيح ابن حبان، الرقم 6781، مسند احمد بن حنبل، الرقم 18579.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص416.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 366.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 137.

نائیلەی کچی سەلامە(رضي الله عنها)

**ناوی نائیلەی کچی سەلامەی کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

نائیلەی کچی عوبەید(رضي الله عنها)

**ناوی نائیلەی کچی عوبەیدە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

نەبیهی کوڕی صواب(رضي الله عنه)

**ناوی نەبیهی کوڕی صوابەو کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و یەکێك بوو لەو چوار کەسەی کە قیبلەیان لە میصر دیاری کرد.[3]**

نەجیح(رضي الله عنه)

**ناوی نەجیحەو خزمەتکاری کولثومی کوڕی هەدم بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لای کولثوم ئەویش خزمەتکارەکەی بانگ کرد کە ناوی نەجیح بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دڵخۆش بوو بە ناوەکەی.[4]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 137.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 137.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص423.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص424.

نەذیری غەسسانی (رضي الله عنه)

ناوی نەذیر یان بوکەیرە، کونیەکەی ئەبوومەریەمە،[1] ئەبوومەریەم دەڵێت لە غەزایەکدا لەبەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) بووم و دەجەنگام و ئەویش ئالایەکی دایە دەستم، منیش کەوتمە هاویشتن، ئەویش بەو کارەم سەرسام بوو و نزای بۆ کردم.[2]

نەسیکە(رضي الله عنها)

ناوی نەسیکەیە بە ئوممونعەمر ناسراوە، نەسیکە دەڵێت من لای عائیشە بووم کە مەڕێکی سەربڕی بوو و پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە داردەستێکی بەدەستەوە بوو و داینا و دواتر چوو بۆ مزگەوت و دوو رکات نوێژی کرد و هاتەوە بۆ سەر جێگەکەی و راکشا و فەرمووی خواردن هەیە؟ نانمان بۆ برد و عائیشە وتی مەڕێکمان سەربڕی و هیچیمان نەهێشتەوە جگە لەمە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نا، بەڵکو هەموویت هێشتوەتەوە جگە لەمە).[3]

نەصری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی نەصری کوڕی حارثی کوڕی عەبدرزاحە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص425.
2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18652.
3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20981.
4 - أسد الغابة، ج5، ص 329.

### نەصری کوڕی دەهر (رضي الله عنه)

ناوی نەصری کوڕی دەهری ئەسلەمیە، نەصر دەڵێت من یەکێك بووم لەوانەی ماعیزی کوڕی مالیکمان رەجم کرد.[1]

هەروەها نەصر یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و لەو بارەشەوە فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) داوای لە عامیری کوڕی ئەکوەع کردووە بڕێك شیعر بڵێت.[2]

### نەضلەی کوڕی طەریف(رضي الله عنه)

ناوی نەضلەی کوڕی طەریفە، نەضلە دەڵێت کابرایەك کە پێی دەوترا ئەعشا ژنێکی لابوو کە پێی دەوترا موعاذە، چوویە دەرەوەو ژنەکەی رایکرد و چوو بۆ لای کەسێك بە ناوی میطرەف و ئەویش پەنای دا، دواتر پیاوەکەی داوای ژنەکەی کردەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) نامەی نووسی تا ژنەکەی بداتەوە دەست، ئەویش کە نامەکەی خوێندەوە ژنەکەی دایەوە دەست پیاوەکەی.[3]

### نەضلەی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی نەضلەی کوڕی عوبەیدی ئەسلەمیەو کونیەکەی ئەبووبورزەیە، کە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا، ئەم هاوەڵە زۆر زوو موسڵمان بوو، نەضلە یەکێك بوو لە بەشداربوانی فەتحی خەیبەر و فەتحی مەککەو

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6973، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15255، قال ابن حجر في الإصابة ما رواه النسائي سنده جيد، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4610.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6705.

لە غەزای حونەینیشدا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و بەشداریەکی کارای فتووحاتی کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عەلیدا پشتیوانێکی کارای عەلی بوو و بەشداری هەموو جەنگەکان بوو لەگەڵیدا، دەوترێت لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، سەبارەت بە شوێنی مردنیشی راجیایی زۆر هەیە، رایەك دەڵێت لە کلاباذ و رای تریش بەصرەو سجستان و هوراتیان هێناوە.[1]

نەضیری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی نەضیری کوڕی حارثی کوڕی عەلقەمەیە، ئەگەرچی رایەك دەڵێت لە موسڵمانبوانی پێش کۆچی حەبەشەیەو لە کۆچی حەبەشەدا بەشدار بووە، بەڵام راستتر ئەوەیە بە بێباوەڕی ماوەتەوە تا دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو، لە غەزای حونەیندا پێغەمبەر (ﷺ) سەد وشتری پێ بەخشی وەك چۆن ئەوەی بەخشیبوو بە دڵراگیرکراوانی تر، دوای ئەوە کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ مایەوە تا دواتر کۆچی کرد بۆ شام و بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد و لە جەنگەکەشدا کوژرا.[2]

نەفیسەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

ناوی نەفیسەی کچی عەمرە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص433-434.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 436.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 143.

## نەهیکی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

**ناوی نەهیکی کوڕی ئەوسی کوڕی خەزمەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و کونیەکەی ئەبووعومەرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و نێردراوی خەلیفە ئەبووبەکر بوو بۆ لای زیادی کوڕی لبید لە یەمەن.[1]**

## نەهیکی کوڕی تیهان (رضي الله عنه)

**ناوی نەهیکی کوڕی تیهانە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]**

## نەهیکی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

**ناوی نەهیکی کوڕی عامیری کوڕی مالیکە، هاودەم بە لەقیطی کوڕی عامیر هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[3]**

## نەهیکی کوڕی قوصەی (رضي الله عنه)

**ناوی نەهیکی کوڕی قوصەی کوڕی عەوفەو هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص476.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 476.
3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 8769.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص477.

## نەوفەلی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

**ناوی نەوفەلی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[1]**

## نەوفەلی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

**ناوی نەوفەلی کوڕی حارثی هاشمیەو ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و لە حەمزەو عەبباسیش بەتەمەنتر بوو، لە غەزای بەدردا بەدیل گیرا و دواتر بە فیدیە خۆی ئازاد کرد و هەر لەوێش موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد.[2]**

## نەوفەلی کوڕی موعاویە(رضي الله عنه)

**ناوی نەوفەلی کوڕی موعاویەی کوڕی عوروەیە، کەسێکی بەتەمەن بوو و زۆر ژیا، سەدساڵ تەمەنی بوو، رایەکیش دەڵێت سەدو بیست ساڵ تەمەنی بوو، شەستی بە بێباوەڕی و شەستی بە موسڵمانێتی ژیا، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و دواتر لە ساڵی نۆی کۆچیدا لەگەڵ ئەبووبەکر حەجی کرد و لە ساڵی دەی کۆچیشدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) حەجی کرد.[3]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص479.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 479.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 481.

نەوواسی کوڕی سەمعان (رضي الله عنه)

ناوی نەوواسی کوڕی سەمعانی کیلابیە، نەوواس دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (یؤتی بالقرآن یوم القیامة وأهله الذین کانوا یعملون به تقدمه سورة البقرة، وآل عمران، کأنهما غمامتان ، أو ظلتان سوداوان بینهما شرق، أو کأنهما حزقان من طیر صواف، تحاجان عن صاحبهما)،[1] (ڕۆژی دوایی قورئان و ئەوانەش دەهێنرێ کە کاریان پێ کردووە، سوورەتی بەقەرە و ئال عمران پێش دەخرێت، دەڵێیت دوو هەورن یان دوو سێبەری ڕەشن لەنێوانیاندا ڕووناکیەك هەیە، یان دەڵێیت دوو کۆمەڵە باڵندەی باڵکراوەن، بەرگری لە هەڵگرەکانیان دەکەن).

نواری کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی نواری کچی حارثە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

نواری کچی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی نواری کچی قەیسە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

---

1 - صحیح مسلم، الرقم 1379، سنن الترمذي، الرقم 2883، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17303.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 143.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 144.

## نواری کچی مالیك(رضي الله عنها)

ناوی نواری کچی مالیکە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، دایکی زەیدی کوڕی ثابتی هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[1]

## نوبەیشە(رضي الله عنه)

ناوی نوبەیشەی هوذەلیە، نوبەیشە دەڵێت پێغەمبەر فەرمووی (ڕۆژانی تەشریق ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەیە).[2]

جارێك نوبەیشە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بڕێك دیلی لابوو، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان منەتباریان بکەو یان دەتوانیت بە فیدیە ئازادیان بکەیت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (پێشنیازێکی جوانت خستەڕوو، تۆ دوای ئەوە نوبەیشەی خێری).[3]

## نوبەیطی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی نوبەیطی کوڕی جابیری کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 419.

2 - صحيح مسلم، الرقم 1991.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5944.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص422.

نوبەیطی کوڕی شەریط(رضي الله عنه)

ناوی نوبەیطی کوڕی شەریطی کوڕی ئەنەسی ئەشجەعیە، نوبەیط دەڵێت پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی لە مینا وتاری دەفەرموو و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی چ ڕۆژێك حەرامترین ڕۆژە–کە جەنگی تیا بکرێت–؟ وتیان ئەمڕۆ؟ فەرمووی ئەی چ شارێك؟ وتیان ئەم شارە، فەرمووی ئەی چ مانگێك؟ وتیان ئەم مانگە، فەرمووی (دەی خوێن و سامانتان لەسەر یەکدی حەرامە وەك حەرامی ئەم ڕۆژەو ئەم مانگەو ئەم شارە، خوایە ئایا گەیاندم؟) هەموو وتیان بەڵێ، ئەویش فەرمووی خوایە شاهید بە.[1]

نوتەیلەی کچی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی نوتەیلەی کچی قەیسی کوڕی جەریرە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

نوسەیبەی کچی ڕافیع(رضي الله عنها)

ناوی نوسەیبەی کچی ڕافیعە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3969، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18344، صححه شعيب الأرناؤوط.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 139.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 139.

نوسەیبەی کچی سیماك(رضي الله عنها)

ناوی نوسەیبەی کچی سیماکی کوڕی نوعمانە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

نوسەیبەی کچی کەعب(رضي الله عنها)

ناوی نوسەیبەی کچی کەعبی کوڕی عەمرە، کونیەکەی ئومموعومارەیە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، نوسەیبە لە بەیعەتی دووەمی عەقەبەدا بەشداری کرد و هاودەم بە زەیدی کوڕی عاصیمی مێردی و هەردوو کوڕەکەی حەبیب و عەبدوڵا بەشداری کرد، نوسەیبە هاودەم بە زەیدی مێردی بەشداری غەزای ئوحودی کرد، نوسەیبە لە جەنگەکەدا ئاوی دەگێڕا، بەڵام کاتێك جەنگەکە قورس بوو و بینی دەوری پێغەمبەر (ﷺ) چۆڵە، چوو و بەرگری لێکرد و بریندار بوو، دواتریش لە بەیعەتی ریضواندا بەشداری کرد، هەروەها پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و جەنگا تا دەستێکی بڕا و دوانزە جار بریندار بوو.[2]

نوسەیبە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆماڵم و من بەڕۆژوو بووم، خواردنم خستە بەردەمی و ئەویش فەرمووی وەرە بخۆ، وتم بەڕۆژووم، پێغەمبەر

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 348.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص140.

(ﷺ) فەرمووی (الصائم إذا أكل عنده صلت عليه الملائكة)،[1] (ڕۆژووەوان ئەگەر خواردنی لەلادا بخورێت ئەوە فریشتەکان صەلەواتی لەسەر دەدەن).

### نوسەیبەی کچی نیار (رضي الله عنها)

ناوی نوسەیبەی کچی نیارە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

### نوسەیبەی کچی ئەبی طەلحە(رضي الله عنها)

ناوی نوسەیبەی کچی ئەبی طەلحەیە، لە پشتیوانانەو موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

### نوسەیری کوڕی عەنبەس(رضي الله عنه)

ناوی نوسەیری کوڕی عەنبەسەو لە چەند غەزادا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا شەهید بوو.[4]

1 - سنن الترمذي، الرقم 750، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1989، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26450، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 655.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 141.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 139.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص427.

## نوعەیمانی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی نوعەیمانی کوڕی عەمری کوڕی ریفاعەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[1]

جارێك ئەبووبەکری صدیق چوو بۆ شام، هاودەم بەویش نوعەیمانی کوڕی عەمر کە هاوەڵێکی بەشداربووی عەقەبە و غەزای بەدریش بوو و بە کەسێکی قسەخۆش ناسرابوو، لەگەڵ سوەیبیطیشدا چوون، سوەیبیط سەرپەرشتی خواردنی کاروانەکەی دەکرد، نوعەیمان هات و وتی برێك خواردنم بدەرێ، سوەیبیط وتی نابێت، دەبێت ئەبووبەکر بێتەوە ئینجا، نوعەیمانیش چوو بۆ لای برێك خەڵك کە لەوێ بوون و وتی کۆیلەیەکی عەرەبم هەیە لێم بکڕن، بەڵام زمان درێژی دەکات و لەوانەیە کە بیهێنم پێتان بڵێت من کۆیلە نیم و ئازادم، جا ئەگەر بەو حاڵەیەوە لێم دەکڕن با بیهێنم، ئەگەرنا با نەیهێنم و کۆیلەکەشم لێ هار مەکەن، ئەوانیش وتیان بیهێنە دەیکڕین، ئەویش چوو سوەیبیطی هێنا بەرەو لا خەڵکەکە، کە گەیشتنە ئەوێ بە خەڵکەکەی وت ئەوەتا ئەمەیە، ئەوانیش وتیان باشە دەیکڕین، سوەیبیط وتی ئەمە درۆ دەکات من کەسێکی ئازادم و کۆیلە نیم، ئەوانیش وتیان ئاگامان لە فێڵت هەیە، ئەوەبوو بە حەبل بەستیانەوەو بردیان، کە ئەبووبەکر هاتەوەو هەواڵەکەی بیست، خێرا چوون و سوەیبیطیان کڕیەوەو هێنایانەوە، کە هاتنەوە بۆ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 463-464.

لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی تا ماوەیەك پێدەکەنین.[1]

دەشتەکیەك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و هاتە مزگەوتو لـە لای مزگەوتـەوە وشترەکەی مۆڵ دا، هەندێ لە هاوەڵان بە نوعەیمانی کوڕی عـەمری ئەنصـارییان وت بۆچـی سـەری نابڕیـت تـا بیخـۆین چـونکە حـەزمان لـە گۆشـتە، پێغەمبـەر (ﷺ) پارەکـەی دەدات، ئـەویش سـەری بـڕی، پاشـان دەشـتەکیەکە هـاتو سـەیری کـرد وشـترەکەی سـەربڕاوە، هـاواری کـرد وەی وشـترەکەم ئـەی موحەممـەد، پێغەمبـەر (ﷺ) هـاتو فـەرمووی (کـێ ئـەوەی کـرد؟) وتیـان: نوعـەیمان، ئـەویش لەسـەری پرسـیاری کـرد تـا لـە مـاڵی ضـوباعـەی کچـی زوبـەیری بـینی خـۆی لـە چـاڵێکدا شـاردووەتەوەو گـەڵای خورمـای داوە بەسـەر خۆیـدا، کابرایـەك ئامـاژەی بـۆ کـردو دەنگی بەرزکردەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نەمبینیوە، بەڵام بەدەست ئامـاژەی کرد کە لەوێدایە، پێغەمبەر (ﷺ) هێنایەدەرو ئەویش بـەهۆی گـەڵای دارخورماکـەی سـەر سـەریەوە ڕەنگـی گۆڕابـوو، چـونکە کـەوتبوو بەسـەریدا، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی (بۆچی واتکرد؟) وتی: ئەوانەی تۆیان هێنا بۆ لای من ئەی پێغەمبەری خوا ئەوان وتیان وابکە، پێغەمبـەریش (ﷺ) ڕووخسـاری دەسـڕی و پێدەکـەنی، پاشـان پێغەمبەر (ﷺ) پارەکەی دا.[2]

1 - أسد الغابة، ج5، ص 367-368، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26098، سنن ابن ماجة، الرقم 3716، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 3719.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص465.

مەخزەمەی کوڕی نەوفەلی کوڕی وەهبی زوهری پیرێکی گەورەی مەدینە بوو، نابینا بوو و تەمەنی سەدو پانزە ساڵ بوو، ڕۆژێ لە مزگەوت ویستی میزبکات خەڵکی هاواریان لێکرد، نوعەیمانی کوڕی عەمر هاتو بردیە لایەکی مزگەوتو وتی: ئا لێرەدا، ئەویش دانیشت تا میز بکاتو نوعەیمان بەجێی هێشت، میزی کردو خەڵکی هاواریان لێکرد، کە لێبوویەوە وتی: هاوار بۆتان کامتان منی هێنایە ئێرە؟ وتیان: نوعەیمانی کوڕی عەمر، وتی: خوا ئاواو ئاوای پێ بکات، بەخوا ئەگەر دەستم پێی بگات دەبێت بەم گۆچانەم وا لێی بدەم دەردی منی تووش بێت، ماوەیەکی خایاند تا مەخرەمە بیری چوویەوە، ڕۆژێ هات بۆ لای عوثمانو لە لایەکی مزگەوتەوە نوێژی دەکرد، عوثمان کە نوێژی دەکرد لای نەدەکردەوە، پێی وت: نوعەیمانت دەوێت؟ وتی: بەڵێ لە کوێیە بمبە بۆ لای، ئەویش بردیە لای عوثمانو وتی: ئەوەیە خۆیەتی، مەخزەمەش بە دوو دەستی گۆچانەکەی گرتو دای لە عوثمان، پێی وترا: دات لە ئەمیری باوەڕداران عوثمان، بەنوزوهرە ئەوەیان بیستو لەسەری کۆبوونەوە، عوثمان وتی نوعەیمان بانگ بکەن نەفرینی خوا لە نوعەیمان خۆ ئەو لە بەدردا بەشداربووە بۆ وای کرد؟[1]

دواجار نوعەیمان لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[2]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 465.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 465.

## نوعەیمی کوڕی بەدر (رضي الله عنه)

ناوی نوعەیمی کوڕی بەدری تەمیمیەو پێش موسڵمانبوونی هۆزەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو و دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە سریەیەك ناردی بۆ سەر بەنیلعەنبەر و دوای ئەوە هۆزەکەی هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون.[1]

## نوعەیمی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی نوعەیمی کوڕی عەبدوڵای قوڕەیشی عەدویەو بە نحام ناسراوە، ئەمەش لەبەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرمووی (لە بەهەشت دەنگی ئحمی نوعەیمم بیست).[2]

نوعەیم زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، موسڵمانبوونی پێش عومەری کوڕی خەططاب بوو، بەڵام کۆچی نەکرد بۆ مەدینەو لە مەککە مایەوەو خەرجی هەتیو و بێوەژنەکانی بەنی عەددی دەکێشا و کەمێك پێش فەتحی مەککە کۆچی کرد بۆ مەدینە، جا کە ویستی کۆچ بکات هۆزەکەی مۆڵەتیان دا بە دڵی خۆی بڕوات، کە چوویە مەدینە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی نوعەیم هۆزەکەت بۆت باشتر بوون لە هۆزەکەی من، ئەویش وتی بەڵکو ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆزەکەی تۆ باشتر بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هۆزەکەم منیان دەرکرد و هۆزەکەی تۆ تۆیان

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص456.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقمم 5090.

هێشتەوە، نوعەیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆزەکەت تۆیان دەرکرد و کۆچت بە نسیب بوو، بەڵام هۆزەکەم منیان لە هیجرەت بێبەش کرد.[1]

## نوعەیمی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی نوعەیمی کوڕی مەسعوودی کوڕی عامیری ئەشجەعیە، کونیەکەی ئەبووسەلەمەیە، لە جەنگی خەندەقدا موسڵمان بوو و توانی رۆڵێکی کارا لەو غەزایەدا ببینێت و نێوانی بەنی قورەیظە و غەطەفانیەکان و قورەیشیەکان تێکبدات و بیانکاتە نەیاری یەك.[2]

نوعەیم دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نامەکەی موسەیلەمەی خوێندەوە، بەو دوانەی فەرمووی ئێوە چی دەڵێن؟ ئەوانیش وتیان هەمان قسەی ئەو دەکەین، ئەویش فەرمووی (أما والله لولا أن الرسل لا تقتل لضربت أعناقكما)،[3] (بەخوا ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە نێردراوان ناکوژرێن دەمدا لە گەردنتان).

نوعەیم لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت پێش چوونی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بۆ بەصرە هاودەم بە موجاشیعی کوڕی مەسعوود کوژرا.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص459.

2 - أسد الغابة، ج5، ص 364.

3 - سنن أبي داود، الرقم 2395، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2564، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15681، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2761.

4 - أسد الغابة، ج5، ص 364.

نوعەیمی کوڕی ئەثاثە(رضي الله عنه)

ناوی نوعەیمی کوڕی ئەثاثەی قورەیشیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کوڵی بۆ بڕیەوە.[1]

نوعمانی کوڕی بەشیر (رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی بەشیری کوڕی سەعدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووعەبدولڵایە، هەم خۆی و هەم باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، دایکی ناوی عەمرەی کچی رەواحەیە.[2]

ئەم هاوەڵە پاش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بە چواردە مانگ لەدایك بوو،[3] نوعمان یەکەم منداڵی لەدایکبووی پشتیوانان بوو پاش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە.[4]

نوعمانی کوڕی بەشیر دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (الحلال بين، والحرام بين، وبينهما مشبهات لا يعلمها كثير من الناس، فمن اتقى المشبهات استبرأ لدينه وعرضه، ومن وقع في الشبهات كراع يرعى حول الحمى، يوشك أن يواقعه، ألا وإن لكل ملك حمى، ألا إن حمى الله في أرضه محارمه، ألا وإن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله، وإذا فسدت فسد الجسد كله، ألا وهي القلب)،[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص456.

2 - أسد الغابة، ج5، ص 341.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص440.

4 - أسد الغابة، ج5، ص 341.

5 - صحيح البخاري، الرقم 52، صحيح مسلم، الرقم 3081، سنن الدارمي، الرقم 2485، سنن ابن ماجة، الرقم 3981، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18013.

(حەڵاڵ روونەو حەرام روونە، لەنێوانیشیاندا هەندێ جێگومان هەن کە زۆربەی خەڵك نایانزانن، جا هەرکەس خۆی لەو جێگومانانە بپارێزێت ئەوە دین و ئابرووی خۆی دەپارێزێ، هەرکەسیش بکەوێـە ناو ئەو گومانانەوە وەك شوانێك وایە لە دەوری شوێنێکی قەدەغەکراو ئاژەڵەکانی بلەوەڕێنێ و خەریك بێت بکەوێتە ئەو شوێنە قەدەغەیە، بزانن هەموو پاشایەك قەدەغە –هێڵی سوور– ی هەیە، جا قەدەغەی خواش لە سەرزەویدا حەرامکراوەکانیەتی، بزانن لە جەستەدا پارچەیەك هەیە کە ئەگەر چاك بوو هەموو جەستەش چاك دەبێت، ئەگەریش خراپ بوو هەموو جەستەش خراپ دەبێت، بزانن ئەوەش دڵە).

لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا والی حیمص بوو، دواتریش والی کووفە بوو، پاش وەفاتی موعاویە والیەتی بۆ یەزیدیش کرد، بەڵام کە موعاویەی کوڕی یەزید هات، نوعمان بانگەوازی دەکرد تا خەڵکی بەیعەت بدەن بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر،[1] بۆیە لەلایەن مەروانی کوڕی حەکەمەوە کوژرا،[2] جا رایەك دەڵێت کاتێك خەڵکی حیمصی بانگهێشت کرد بۆ بەیعەت دان بە ئیبن زوبەیر، لەوێ سەریان بڕی، رایەکیش دەڵێت خالیدی کوڕی خللی لە دوای جەنگی مەرج راهط لە کۆتاییساڵی شەست و چواری کۆچیدا لە گوندی بێرین کوشتی.[3]

1 - اسد الغابة، ج5، ص 343.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص440.
3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 412.

نوعمانی کوڕی جەزء(رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی جەزئی کوڕی نوعمانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد، بەڵام هیچ فەرموودەیەکی لێوە نەگێردراوەتەوە.[1]

نوعمانی کوڕی خەلەف(رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی خەلەفی کوڕی دارمی خوزاعیە، برایەکی هەبوو بە ناوی مالیك، ئەم دوو برایە پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوون و لە پێشڕەوی سوپاکەدا چوون تا زانیاری وەربگرن، هەردووکیان شەهید بوون و هەردووکیان لە یەك گۆڕدا ئەسپەردە کران.[2]

نوعمانی کوڕی رازیە(رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی رازیەی ئەزدیە، ئاڵاهەڵگری ئەزدیەکان بوو، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

نوعمانی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی سینانە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 441.

2 - أسد الغابة، ج5، ص 346.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص444.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص445.

نوعمانی کوڕی عەبدعەمر (رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی عەبدعەمری کوڕی مەسعوودە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو.[1]

نوعمانی کوڕی عەصەر (رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی عەصەری کوڕی ڕەبیعە، لە غەزای بەدر و ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید کرا.[2]

نوعمانی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی عەمری کوڕی ریفاعەیە لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

نوعمانی کوڕی قەوقەل(رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی قەوقەلە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، لە سەرەتای غەزاکەوە وتی خوایە داوات لێ دەکەم خۆر ئاوا نەبێت تا ئەم قاچە شەلەم بخەمە ناو سەوزایی بەهەشت،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص445.
2 - أسد الغابة، ج5، ص 352.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص448.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (گومانێکی بەخوا برد و گومانەکەی لای بەدیکرد، بنیم بەو قاچە شەلەی پێی دەخستە ناو سەوزایی بەهەشتەوە).[1]

نوعمانی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانەو لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[2]

نوعمانی کوڕی موقرین (رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی موقرینی موزەنیە، برایەکی هەبوو بە ناوی سوەید، چەند برایەکی تری هەبوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لە فەتحی مەککەشدا ئاڵایەکی موزەینەی بەدەستەوە بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتدا رۆڵێکی کاراو ناوبانگێکی دیاری هەبوو و فەتحی ئەصبەهانی کرد و دواتر لە نەهاوەندا شەهید بوو.[3]

نوعمانی کوڕی ئەبی جوعال(رضي الله عنه)

ناوی نوعمانی کوڕی ئەبی جوعالەو و موسڵمان بووەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[4]

1 - أسد الغابة، ج5، ص 355.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص453.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص453.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص441.

نوعمانی کوڕی ئەبی خزمە(رضي الله عنه)

**ناوی نوعمانی کوڕی ئەبی خزمەی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]**

نوعمی کچی حەسسان (رضي الله عنها)

**ناوی نوعمی کچی حەسسانەو هاوسەری شەمماسی مەخزوومی بوو، کاتێك لە ئوحوددا مێردەکەی شەهید بوو، نوعم بە شیعرێك مێردەکەی دەهۆنیەوە.[2]**

نوفەیعی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

**ناوی نوفەیعی کوڕی حارثەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە کە ئەبی بەکرەیە.[3]**

**نوفەیع دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئایا گەورەترینی تاوانە گەورەکانتان پێ بڵێم؟) وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی (هاوەڵ دانان بۆ خوا و ئازادانی دایك و باوك) ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) کە شانی دادابوو دانیشت و فەرمووی (وە شایەتی درۆ یان وتەی درۆ) ئیتر بەردەوام پێغەمبەر (ﷺ) دووبارەی دەکردەوە تا وامان لێهات دەمانوت خۆزگە بێدەنگ دەبوو.[4]**

**ئەبی بەکرە فەرموودەیەکی زۆری لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص443.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 142.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص467.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2532، صحيح مسلم، الرقم 151، سنن الترمذي، الرقم 1872، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19885.

نوفەیعی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

ناوی نوفەیعی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، کەسێك لە موزەینە چوویە بازاڕ و بینی نوفەیع خەریکی شت فرۆشتنە، بیری جەنگی ئەوس و خەزرەجیەکانی کەوتەوە لەپێش ئیسلام و خێرا نوفەیعی کوشت.[1]

نوقادە(رضي الله عنه)

ناوی نوقادەی ئەسەدیە، نوقادە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد بۆ لای کابرایەك تا وشترێکی بۆ بنێرێت، کابرا رازی نەبوو، دواتر ناردمی بۆ لای کەسێکی تر، ئەمیان وشترێکی بۆ نارد، کە پێغەمبەر (ﷺ) وشترەکەی بینی فەرمووی (خوایە بەرەکەت بخەیتە ئەو وشترەو ئەوەشەوە کە ناردی)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەوەش کە هێنای؟ فەرمووی (ئەوەش هێنای)، ئینجا فەرمانی کرد دۆشرا و شیرێکی زۆر زۆری هەبوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کەسی یەکەم کە نەینارد فەرمووی (خوایە رۆزی فلانەکەس زیاد بکە) بەوەش کە وشترەکەی نارد فەرمووی (خوایە رۆزی بکە بە رۆژ بە رۆژ).[2]

نوهەیکی کوڕی صورەیم(رضي الله عنه)

ناوی نوهەیکی کوڕی صورەیمی سکوونیە، نوهەیك دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تزالون تقاتلون المشركين حتى يقاتل بقيتكم الدجال بالأردن على النهر

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص468.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 4131، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20206، مسند الطيالسي، الرقم 1333، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه شعيب الأرناؤوط في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 1880.

أنتم شرقيه وهم غربيه)،[1] (بەردەوام جەنگی بێباوەڕان دەكەن تا پاشماوەتان لە ئوردون لەسەر رووبار دەججال دەكوژن، ئێوە لە بەرەی رۆژهەڵاتی رووبارەكەن و ئەوانیش لە بەرەی رۆژئاوایەوەن).

نووحی كوڕی مەخلەد (رضي الله عنه)

ناوی نووحی كوڕی مەخلەدەو دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) كە لە مەككە بوو، پرسیاری كرد فەرمووی تۆ خەڵكی كوێیت؟ وتم من لە بەنی ضوبەیعەی كوڕی رەبیعەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چاكترینی رەبیعە عەبدولقەیسەو دواتر ئەو تیرەی كە تۆ لەوانیت).[2]

نیاری كوڕی ظالیم (رضي الله عنه)

ناوی نیاری كوڕی ظالیمە، لە پشتیوانانەو یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

نیسطاس (رضي الله عنه)

ناوی نیسطاسەو خزمەتكاری صەفوانی كوڕی ئومەییە بوو، نیسطاس لە غەزای ئوحوددا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری كرد، بەڵام دواتر موسڵمان بوو و بە جوانیش موسڵمان بوو.[4]

---

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2170، مسند الشاميين للطبراني، الرقم 623، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5842.

2 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 7252.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص483.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص426.

# ئه‌و هاوه‌ڵانه‌ی که ناویان به‌ پیتی (هـ) ده‌ست پێده‌كات

هاشمی کوڕی عوتبە(رضي الله عنه)

**ناوی هاشمی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبی وەققاصی زوهریەو ناسراوە بە میرقال، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە لە فتووحاتی ئیسلامیدا بەشداری کرد، لەوانە لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و ڕۆڵی کارای بینی، هەروەها لە جەنگی جەلەولائیشدا بەشداری کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا بەشداری جەنگی صفینی کرد و ئاڵای سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبی بەدەستەوە بوو.[1]**

هالەی کچی خوەیلید(رضي الله عنها)

**ناوی هالەی کچی خوەیلیدەو خوشکی خەدیجەی دایکی باوەڕدارانە، عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت جارێك هالەی خوشکی خەدیجە هاتە بەردەرگا، کە پێغەمبەر (ﷺ) زانی هالەیە خێرا راپەڕی و فەرمووی (اللهم هالە) (ئای خوایە هالە هاتووە)، منیش غیرە دایگرتم و وتم چیە ئەوەنە باسی ئەو پیرەژنە قوڕەیشیە دەکەیت،[2] پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی لێ بیستم دەموچاوی تووڕە و شێواو هەڵگەڕا.[3]**

هالەی کوڕی ئەبی هالە(رضي الله عنه)

**ناوی هالەی کوڕی ئەبی هالەیە، هالە دەڵێت چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و راکشابوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەستایەوەو منی نووساند بە سنگیەوەو**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 516.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3633.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7118.

فەرمووی هالە، هالە، هالە، ئەمەش وەك دڵخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) بە بینینی هالە لەبەر ئەوەی کەسی نزیکی خەدیجەی هاوسەری بوو.[1]

هانیئی کوڕی جەز ء(رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی جەزئەو برای نوعمانە، هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و تا سەردەمی فەتحی میصر ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[2]

هانیئی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی حارثی کیندیەو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[3]

هانیئی کوڕی حەبیب(رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی حەبیبی داریەو لەگەڵ تەمیمی داریدا هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[4]

هانیئی کوڕی حیجر (رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی حجیری کوڕی موعاویەی کیندیەو هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[5]

---

1 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 3881.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 520.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 520.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 521.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 521.

هانیئی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی عەددی کیندیە، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

هانیئی کوڕی فیراس(رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی فیراسی ئەسلەمیەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[2]

هانیئی کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی هانیئی کوڕی یەزیدە، سەرەتا کونیەکەی ئەبولحەکەم بوو، پێغەمبەر (ﷺ) کونیەکەی گۆڕی بە ئەبووشورەیح.[3]

هانیء دەڵێت کە هاودەم بە هۆزەکەم چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) بیستی خەڵکی بە ئەبولحەکەم منیان بانگ دەکرد، بۆیە بانگی کردم و فەرمووی خوا حەکەمەو حوکم بۆ خوایە ئیتر بۆچی کونیەکەی تۆ ئەبولحەکەمە؟ منیش وتم هۆزەکەم کە لە شتێکدا ناکۆك بن دێنەوە بۆ لای من و من هەرچی بڵێم هەموویان پێی رازی دەبن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڕاستی ئەوە زۆر باشە، ئەی چەند منداڵت هەیە؟ وتم شورەیح و عەبدوڵا و موسلیم، فەرمووی ئەی کامیان گەورەترە؟ وتم شورەیح، فەرمووی دەی تۆ ئەبوو شورەیحیت، ئینجا نزای خێری کرد بۆ خۆم و منداڵم، دواتر کە ویستمان بچینەوە پێغەمبەر (ﷺ) لە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 521.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص521.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 523.

ناوچەی خۆمان زەوی بۆ هەر کەسێکمان بڕیەوە، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکم پێ بڵێ بەهەشت بۆ مسۆگەر بکات، فەرمووی (طیب الکلام و بذل السلام و إطعام الطعام)،[1] (قسەی جوان و زۆر سەلام کردن و นاندان).

## هەبباری کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی هەبباری کوڕی سوفیانی مەخزوومیە و زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، ئەم هاوەڵە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتدا بەشداری کرد و لە جەنگی ئەجنادەیندا شەهید بوو، هەرچەندە رایەك هاتووە کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لە غەزای موئتەدا شەهید بووە.[2]

## هەبباری کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه)

ناوی هەبباری کوڕی ئەبیلعاصی کوڕی نەوفەلی عەبشەمیەو لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[3]

## هەبباری کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی هەبباری کوڕی ئەسوەدە، سەرەتا کەسێکی نەیاری ئیسلام بوو و زۆر بە سەرسەختی دژایەتی موسڵمانانی دەکرد، تا ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر گەیشتن بە هەبباری کوڕی ئەسوەد و نافیعی کوڕی عەبدولقەیس ئەوە بە

---

1 - صحیح ابن حبان، الرقم 505، قال شعیب الأرناؤوط إسناده جید.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 528.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 529.

ئاگر بیانسووتێنن) دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تەنها خوا بە ئاگر کەس سزا دەدات، بەڵام ئەگەر گەیشتن بەو دوانە بیانکوژن).[1]

کاتێك زەینەبی کچی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی، خێرا کۆمەڵێك کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، لەوانە هەبباری کوڕی ئەسوەد بوو کە ئەو هەڵوێستەی نواندو زەینەبی لەسەر سوارەکەی خست، ئەوکات زەینەب سکی هەبو، بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ ڕۆیشت.[2]

دوای فەتحی مەککە کە پێغەمبەر (ﷺ) لە جەعرانە بوو هەببار چوو و موسڵمان بوو، ئینجا دواتر چوو بۆ مەدینەو خەڵکی لەوێ قسەیان پێ دەوت و ئەویش وەڵامی نەدەدانەوە، لەکاتێکدا پێشتر بەوە ناسرابوو کە کەسێکی جنێوفرۆش بوو، هەببار چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سکاڵای کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی هەرکەس قسەی پێ وتیت قسەی پێ بڵێرەوە.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە جەعرانە بوو هەببار هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خەڵکەکە وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە هەبباری کوری ئەسوەدە، فەرمووی بینیم، کەسێك ویستی بچێت بۆی تا بیکوژێت، پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی کرد دابنیشێت، کە هەببار هات وتی سەلاموعەلەیك ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئینجا شایەتومانی هێنا و وتی من لەدەست تۆ رامکرد و وڵاتم جێهێشت و ویستم بچم بۆ

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5688، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2744، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18858، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3071.

3 - مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم 9133.

وڵاتی عەجەم، دواتر خزمایەتی و گەورەیی و لێبوردەیی تۆم هاتەوە یاد، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە بێباوەڕ بووین و خوا بە هۆی تۆوە ڕێنموونی کردین و لە فەوتان ڕزگاری کردین، دەی خۆش بە لە نەفامی من و ئەوەی لە منەوە پێت گەیشتووە، چونکە من دان دەنێم بە کرداری خراپی خۆمدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لێت خۆش بووم و خوا چاکی لەگەڵ کردیت کە ڕێنموونی کردیت بۆ ئیسلام، ئیسلامیش پێش خۆی دەسڕێتەوە).[1]

### هەدداج(رضي الله عنه)

ناوی هەدداجەو لە سەردەمی نەفامیشدا ژیاوە، هەدداج دەڵێت کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ڕیشی زەرد کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە ڕەنگکردنی ئیسلامە)، ئینجا کەسێکی تر هات و ڕیشی سوور کردبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەوە ڕەنگکردنی ئیمانە).[2]

### هەرمی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی هەرمی کوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانەو زۆر زوو موسڵمان بوو، لە غەزای خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد تەنها غەزای تەبووك نەبێت کە لەبەر نەبوونی هیچ پێداویستیەك نەیتوانی بەشداری بکات و بەو هۆیەوە دەستی کرد بە گریان، لەو بارەشەوە خوای گەورە ئایەتی دابەزاند.[3]

1 - أسد الغابة، ج5، ص 400.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5977.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 535.

هەززالی کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی هەززالی کوڕی یەزیدە، کاتێك ماعیز زینای کرد چوو بۆ لای هەززال و وتی ئەی هەززال تووشی زینا بوم بە رای تۆ چی بکەم، هەززال وتی پێش ئەوەی قورئان لە بارەتەوە دابەزێت بڕۆ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ماعیزیش چوو و دوای چوار جار دووبارەکردنەوەی لای پێغەمبەر (ﷺ) داوجار پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد رەجم کرا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە هەززالی فەرموو (ئەی هەززال ماڵت وێران بێت بۆچی رەحمت پیێ نەکرد)،[1] لە گێرانەوەیەکی تردا هاتووە فەرمووی (ئەی هەززال سوێند بە خوا ئەگەر بە جلەکەت داتپۆشیایە زۆر باشتر بوو بۆت—لەوەی بەرامبەری کردت).[2]

دیارە ئەمە نموونەیەکی باڵایە کە پێغەمبەر (ﷺ) وا هاوەڵانی فێر کردووە تاوانی کەس ئاشکرا نەکەن و تا بتوانن بیسپێرنە دەست خوا، وەك دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) چەند جار هەوڵیداوە ئەو کەسانەی هاتوونەتە لای و دانیان ناوە بە زیناکردنیاندا دووریان بخاتەوە لەو دانپێدانانەیان، وەك چۆن لێرەشدا تا سێ جار پێغەمبەر (ﷺ) رووی لە ماعیز وەرگێڕا تا وازبهێنێت، دواتریش رێنموونی هەززالی کرد کە ئەگەر ئەو تاوانەی ماعیزی بشاردایەتەوە زۆر باشتر و رەواتر بوو، جا تاکی موسڵمان کاتێك بینی براکەی یان خوشکەکەی هەر تاوانێکی کردووە کە پەیوەست نیە بە زیانی گشتی کۆمەڵگەوە، با هەوڵ بدات بۆی بشارێتەوەو رێنموونی بکات بۆ تەوبەو گەڕانەوە بۆ خوا، نەك ئاشکراکردنی کە لەوانەیە زۆرجار ئەو ئاشکراکردنە دەرگای تەوبەشی لێ دابخات، چونکە هێندەی خەمی خۆرزگارکردنیەتی لە سزا

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6934،

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم المستدرك على الصحيحين، الرقم 8152، صححه الذهبي في التلخيص، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره و هذا إسناد حسن.

دنیاییەکە، یندە بیری لای خۆرزگارکردن لە سزا قیامەتیەکەی نامێنێت، جا چی بوترێت بەو کەسانەی نەك تاوانی کەسێك ئاشکرا ناکەن، بەڵکو تاوانێك دەدەنە پاڵ بێتاوانێك کە دوور و نزیك ئاگاداری نیە.

### هەممامی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی هەممامی کوڕی مالیکی عەبدیە، هاودەم بە عوبەیدەی برای چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

### هەممامی کوڕی موعاویە(رضي الله عنه)

ناوی هەممامی کوڕی موعاویەیەو لەگەڵ وەفدی عەبدولقەیسدا چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

### هەوەذەی حیمیەری (رضي الله عنه)

ناوی هەوەذەی کوڕی عورفوطەی حیمیەریەو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 555.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 555.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 561.

هەوەذەی عامیری (رضي الله عنه)

ناوی هەوەذەی کوڕی خالیدی عامیریەو هاودەم بە خالیدی باوکی هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

هەوەذەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی هەوەذەی کوڕی حارثی کوڕی عجرەیەو یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککە.[2]

هەوەذەی کوڕی ئەحمەر (رضي الله عنه)

ناوی هەوەذەی کوڕی ئەحمەرەو هاودەم بە سیٚ کەس لە سەدوسیەکان و پێنج کەس لە بەکر بن وائیل چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

هەیبان (رضي الله عنه)

ناوی هەیبانەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، هەیبان دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (صدقة المرء المسلم من سعة كأطيب مسك، يوجد ريحه من مسيرة جواز يوم، وصدقة من جهد وفاقة كأطيب مسك في بر أو بحر، يوجد ريحه من مسيرة سنة)،[4] (صەدەقەی موسڵمان لە کاتی زۆری ڕۆزیدا وەك خۆشترین بۆنی میسك وایە، بۆنەکەی لە دووری ڕۆژە ڕێیەك دەکرێت،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 561.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 561.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 560.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5988.

صەدەقەیەك لە كاتی نەبوونی و نارەحەتیدا وەك خۆشترین بۆنی میسك لە وشكانی یان دەریادا وایە كە بۆنەكەی لە دووری ساڵە رێیەك دەكرێت).

هەیثەمی کوڕی دەهر (رضي الله عنه)

ناوی هەیثەمی كوڕی دەهرەو دەڵێت تاڵە مووە سپیەكانی پێغەمبەرم (ﷺ) بینی بە ریشیەوە نزیكەی سی تاڵ دەبوون.[1]

هەیثەمی کوڕی نەصر (رضي الله عنه)

ناوی هەیثەمی كوڕی نەصری ئەسلەمیەو خزمەتكاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە.[2]

هوبەیبی کوڕی موغفیل(رضي الله عنه)

ناوی هوبەیبی كوڕی موغفیلی غیفاریە، هوبەیب دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من وطئ إزاره خيلاء وطئه في النار)،[3] (هەركەس بۆ خۆبەزلزانین جلەكەی درێژ بكاتەوە ئەوە خوا دەیخاتە ناو دۆزەخەوە).

هوبەیرەی کوڕی سەبەل(رضي الله عنه)

ناوی هوبەیرەی كوڕی سەبەلە، كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیە بوو هوبەیرە چوو بۆ لای و موسڵمان بوو، جا كاتێك لە ساڵی فەتحی مەككەدا پێغەمبەر

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 434.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 565.

3 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 15304، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18381، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1507، صححه شعيب الأرناؤوط.

(ﷺ) چوو بۆ طائیف، هوبەیرەی کرد بە بەرپرسی مەککە، کە دواتر هاتەوە هوبەیرەی لابرد و عەططابی کوڕی ئەسیدی کرد بە بەرپرسی مەککە.[1]

هورەیرەی کچی زەمعە(رضي الله عنها)

ناوی هورەیرەی کچی زەمعەیەو خوشکی دایکی باوەڕداران سەودەیە، هورەیرە هاوسەری مەعبەدی کوڕی وەهب بوو.[2]

هوزەیلەی کچی ثابت (رضي الله عنها)

ناوی هوزەیلەی کچی ثابتە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

هوزەیلەی کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی هوزەیلەی کچی حارثی کوڕی حەزەنی هیلالیەو خوشکی مەیموونەی دایکی باوەڕدارانە، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە ئیبن عەبباس و خالید چوو بۆ ماڵی مەیموونەو هوزەیلە خواردنێکی هێنابوو کە پێغەمبەر (ﷺ) لێی نەخوارد و بە هاوەڵەکانی فەرموو ئیوە بیخۆن، مەیموونە وتی ئەی شیرت بۆ نەهێنم؟ فەرمووی لەکوێت بوو؟ مەیموونە وتی هوزەیلەی خوشکم بە دیاری بۆی هێنام.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 530.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص146.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص147.

4 - موطأ مالك، الرقم 1748.

هوزەیلەی کچی سەعید(رضي الله عنها)

ناوی هوزەیلەی کچی سەعیدی کوڕی سوهەیلە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

هوزەیلەی کچی عوتبە(رضي الله عنها)

ناوی هوزەیلەی کچی عوتبەیەو دایکی زەیدی کوڕی خاریجەیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

هوزەیلەی کچی مەسعوود(رضي الله عنها)

ناوی هوزەیلەی کچی مەسعوودی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

هومەینەی کچی خالید(رضي الله عنها)

ناوی هومەینەی کچی خالید یان کچی خەلەفە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە خالیدی کوڕی سەعیدی مێردی کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ کوڕێکی لێی بوو بە ناوی سەعید، کچێکیشی بوو کە دواتر کچەکەی شووی کرد بە زوبەیری کوڕی عەووام.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص147.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص148.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص148.
4 - أسد الغابة، ج7، ص 310.

هیرماسی کوڕی زیاد(رضي الله عنه)

ناوی هیرماسی کوڕی زیادە، هیرماس دەڵێت لەگەڵ باوکم لەسەر وشترێك بووین کە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی لەسەر وشترێك بوو و دەیفەرموو (لبيك بحجة و عمرة).[1]

هیرماس دەڵێت کەسێك لە هۆزەکەم خورمای بە دیاری برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی ئەوە چ خورمایەکە؟ وتی خورمای جوذامیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوایە بەرەکەت بخەرە–خورمای– جوذامیەوە).[2]

هیشامی کوڕی حەبیب(رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی حەبیبی داریە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[3]

هیشامی کوڕی حەکیم(رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حیزامی قورەیشی ئەسەدیە، عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت هیشام سوورەتی فاتیحەی بەجۆرێکی جیا لە خوێندنەوەکەی من دەخوێندەوە، لەکاتێکدا من ئەو خوێندنەوەی خۆمم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) وەرگرتبوو، خەریك بوو هەڵشاخێم بە هیشامدا، مۆڵەتم دا تا چوو، عەباکەیم گرت و بردم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم من گوێم لەم کابرا بوو بە خوێندنەوەیەکی جیا لەوەی تۆ منت فێر کرد دەیخوێند، پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15664، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1130، قال شعيب الأرنؤوط : حديث حسن دون قوله"لبيك بحجة وعمرة معا" فإنها زيادة منكرة.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18374.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 537.

فەرمووی بەرییدە، پاشان پێی فەرموو (بخوێنەرەوە)، ئەویش خوێندیەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەوجۆرە دابەزیوە، دواتر بە منی فەرمووی بخوێنەرەوە، منیش خوێندمەوەو ئەویش فەرمووی (هكذا أنزلت إن القرآن أنزل على سبعة أحرف، فاقرءوا منه ما تيسر)،[1] بەوجۆرە دابەزیوە، قورئان لەسەر حەوت پیت-جۆرە خوێندنەوە- دابەزیوەو کامتان لا ئاسان بوو بەو جۆرە بیخوێننەوە).

هیشام لە جەنگی ئەجنادەیندا شەهید بوو.[2]

## هیشامی کوڕی صوبابە(رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی صوبابەیە، لە غەزای مورەیسیعیدا بەشداری کرد و تیایدا یەکێك لە موسڵمانان وایزانی هیشام بێباوەڕە، بۆیە بە هەڵە کوشتی.[3]

## هیشامی کوڕی عاص(رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی عاصی کوڕی هیشامە، باوکی لە غەزای بەدردا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بوو و کوژرا، هیشام تا فەتحی مەککە بە بێباوەڕی مایەوە، لە فەتحی مەککەدا چوویە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە سەر سنگی و نزای بۆ کرد.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2309، صحيح مسلم، الرقم 1396.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 538.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 539.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 542.

هیشامی کوڕی عاصی (رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی عاصی کوڕی وائیلی سه‌همیه، برایه‌کی هه‌بوو به ناوی عه‌مر، کونیه‌که‌ی هیشام ئه‌بولعاص بوو، به‌ڵام پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) کونیه‌که‌ی گۆڕی به ئه‌بوموطیع، زۆر زوو له مه‌ککه موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حه‌به‌شه، دواتر هاته‌وه بۆ مه‌ککه‌و ویستی کۆچ بکات بۆ مه‌دینه به‌ڵام رێی لێگیرا.[1]

عومه‌ری کوڕی خه‌ططاب  ده‌ڵێت کاتێك ویستم هاوده‌م به عه‌ییاشی کوڕی ره‌بیعه‌و هیشامی کوڕی عاص ویستم کۆچ بکه‌م، واده‌مان داناو وتمان هه‌رکه‌س دواکه‌وت ئه‌وه رێی لێگیراوه‌و ئه‌وانی تر برۆن، بۆ به‌یانیه‌که‌ی من و عه‌ییاش گه‌یشتین و هیشام رێی لێگیرا.[2]

دوای فه‌تحی مه‌ککه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هیشامی به سریه‌یه‌کی دووسه‌د که‌سیه‌وه نارد.[3]

هیشام له جه‌نگی ئه‌جناده‌یندا شه‌هید بوو، جا که شه‌هید بوو له‌سه‌ر په‌یژه‌که که‌وت و ته‌رمه‌که‌ی رێی له موسڵمانان ده‌گرت و موسڵمانان دڵیان نه‌یده‌گرت پێ بنێن به ته‌رمه‌که‌یدا، عه‌مر وتی ئه‌ی موسڵمانان خوا شه‌هیدی پێ به‌خشیوه‌و ئێستا ئه‌وه ته‌نها ته‌رمێکه‌و به‌س، ئینجا تێپه‌ڕی به‌سه‌ر ته‌رمه‌که‌یدا و موسڵمانانی تریش شوێنی که‌وتن، دوای جه‌نگه‌که عه‌مر جه‌سته‌ی پارچه‌پارچه‌بووی هیشامی کۆکرده‌وه.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 540.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج3، ص 172.
3 - أخبار مكة للأزرقي، الرقم 146.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 540.

## هیشامی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی عامیری کوڕی ئومەییەیە، لە پشتیوانانە،[1] هیشام دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (لا يحل لمسلم أن يصارم مسلما فوق ثلاث، وإنهما ناكبان عن الحق ما كانا على صرامهما، وإن أولهما فيئا يكون سبقه بالفيء كفارة له، وإن سلم عليه، فلم يقبل سلامه ردت عليه الملائكة، ورد على الآخر الشيطان، وإن ماتا على صرامهما لم يدخلا الجنة ولم يجتمعا في الجنة)،[2] (دروست نیە بۆ موسڵمان زیاد لە سێ رۆ نەیدوێنێ و تا لەسەر ئەو یەکدی نەدواندنە بن کەناریان گرتووە لە حەق، کامیان زووتر دەست هەڵگرێ ئەوە دەبێتە کەفارەت بۆی، ئەگەر سەلامی کرد لەوی تر و ئەو وەڵامی نەدایەوە ئەوە فریشتەکان وەڵامی دەدەنەوە و شەیتان وەڵامی ئەوی تریان دەداتەوە، ئەگەریش هەردووکیان بە یەکتر نەدواندنەوە مردن ئەوە ناچنە بەهەشت و لە بەهەشتدا کۆنابنەوە).

## هیشامی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی عەمری کوڕی رەبیعەی قورەیشی عەدویە، پاش فەتحی مەککە موسڵمان بوو و پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی غەزای حونەیندا سەد- یان پەنجا- وشتری پێ بەخشی.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 543.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 5742، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15940، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 544.

هیشامی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه)

ناوی هیشامی کوڕی عوقبەی ئومەویە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[1]

هیلالی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

ناوی هیلالی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا شەهید بوو.[2]

هیلالی کوڕی ئەبی خەولی (رضي الله عنه)

ناوی هیلالی کوڕی ئەبی خەولیە، برایەکی هەبوو بەناوی خەولی و برایەکی تری ناوی عەبدوڵا بوو، هەر سێ برا پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد.[3]

هیلالی کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی هیلالی کوڕی ئومەییەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتر لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد جگە لە غەزای تەبووك کە لەو بارەوە سزا درا و دواتر خوای گەورە لێی خۆش بوو.[4]

وردەکاری رووداوەکەمان لە ژیانی کەعبی کوڕی مالیکدا هێناوە.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 543.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 549.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 547.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 546.

### هیندی کوڕی ئەبی هالە (رضي الله عنه)

ناوی هیندی کوڕی ئەبی هالەیەو دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە کە هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، هیند بە وردی وەسفی روخسار و شێوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا باس کردووە، هیند تا دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جەمەلدا لەگەڵ خەلیفەدا بەشداری کرد و تیایدا کوژرا.[1]

### هیندی کوڕی ئەسما ء (رضي الله عنه)

ناوی هیندی کوڕی ئەسمائی ئەسلەمیە، هیند دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد بۆ ناو موسڵمانانی هۆزەکەم و فەرمووی (مر قومك فليصوموا هذا اليوم يوم عاشوراء فمن وجدته منهم قد أكل في أول يومه فليصم آخره)،[2] (بە هۆزەکەت بڵێ با ئەمڕۆ رۆژی عاشوورا رۆژوو بگرن، بینیت هەرکامیان سەرەتای ئەمڕۆ شتی خواردبوو با بەشەکەی تری رۆژ بەڕۆژوو بێت).

### هیندی جوهەنی (رضي الله عنها)

ناوی هیندی جوهەنیەو لە بەسەرهاتێکدا باسی هاتووە کە بیشری ئەسەدی جارجارە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، لە کاتی گەڕانەوەیدا دەیدا بە لای جوهەنیەکاندا، لەناو جوهەنیەکاندا ئافرەتێك هەبوو بە ناوی هیندی جوهەنی کە ئافرەتێکی جوان و خوێن گەرم بوو، جارێك سەیری بیشری کرد و بیشریش تەواو

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 557.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15656، صححه شعيب الأرناؤوط.

**عاشقی بوو، هیند مێردێکی هەبوو بە ناوی سەعدی کوڕی سەعید، ئەو ئافرەتە هەموو بەیانیەك دادەنیشت تا بیشر بێت و بیشر سەرسام بکات،[1] بیشر بەو خۆشەویستیەوە کۆچی دوایی کرد.[2]**

هیندی کچی بەررا ء(رضي الله عنها)

**ناوی هیندی کچی بەڕرائی کوڕی مەعروورە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

هیندی کچی سەهل(رضي الله عنها)

**ناوی هیندی کچی سەهلی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]**

هیندی کچی سیماك(رضي الله عنها)

**ناوی هینیدی کچی سیماکی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]**

1 - أسد الغابة، ج7، ص314.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 309.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص150.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 154.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 154.

هیندی کچی عەتیق(رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی عەتیقە و دایکی ناوی خەدیجەی دایکی باوەڕدارانە، موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[1]

هیندی کچی عەمر (رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

هیندی کچی عەمری ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی عەمری کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

هیندی کچی عوتبە(رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی عوتبەی کوڕی ڕەبیعەیە، هاوسەری ئەبووسوفیان و دایکی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانە، ئەم ئافرەتە نەیارێکی سەرسەختی ئیسلام بوو و خەڵکی دژ بە ئیسلام و موسڵمانان هاندەدا تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و چوو بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەم ئافرەتە تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان ژیا و لەو سەردەمەدا وەفاتی کرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 157.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 157.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 157.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 156.

کاتێك هیند هات تا بەیعەت بدات بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی برۆ رەنگی دەستت بگۆڕە، ئەوەبوو چوو و بە خەنە رەنگی دەستی گۆڕی و دواتر هاتەوەو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەیعەتت لێ وەردەگرم لەسەر ئەوەی هیچ هاوەڵێك بۆ خوا دانەنێیت و دزی نەکەیت و زینا نەکەیت، هیند وتی بۆ ئافرەتی ئازاد زینا دەکات؟ ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەروەها منداڵەکانتان لەترسی نەبوونی نەکوژن) هیند وتی مەگەر منداڵت بۆ هێشتووینەتەوە تا بیانکوژین؟ ئەوەبوو بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا دوو بازنەی لەدەست بوون وتی بۆ ئەمانە چی دەڵێیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دوو پشکۆن لە پشکۆکانی دۆزەخ).[1]

عائیشە دەڵێت جارێك هیند هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبووسوفیان کەسێکی دەست داخراوە، ئایا بۆم رەوایە بۆ ماڵ و منداڵم بەشی پێویست لە سامانی دەربکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا حرج علیك أن تطعمیهم بالمعروف)،[2] (کێشە نیە بۆت بە شێوەیەکی رەوا خواردنیان پێ بدەیت).

### هیندی کچی مەحموود

ناوی هیندی کچی مەحموودە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

1 - المطالب العالیة لابن حجر، الرقم 2159.

2 - صحیح البخاري، الرقم 2348، صحیح مسلم، الرقم 3320.

3 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج8، ص 157.

هیندی کچی مونذیر (رضي الله عنها)

**ناوی هیندی کچی مونذیره، له پشتیوانانەو چووەته خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوه.[1]**

هیندی کچی وەلید(رضي الله عنها)

**ناوی هیندی کچی وەلیدە، برازای ئەبووحوذەیفەیە، ئەبووحوذەیفه مارەی کرد له سالیمی خزمەتکاری.[2]**

هیندی کچی ئەبی ئومەییه(ئوموسەلەمە) (دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها)

**ناوی هیندی کچی ئەبی ئومەییەیەو به ئومموسەلەمە ناسراوه، باوکی به زادورەکب ناسرابوو، چونکه زۆر بەخشندە و بەسەخاوەت بوو، دایکیشی ناوی عاتیکەی کچی عامیر بوو، ئەم هاوەڵە زۆر زوو له مەککه هاودەم به ئەبووسەلەمەی مێردی موسڵمان بوو و پێکەوه کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕانەوه بۆ مەککەو لەوێوه کۆچیان کرد بۆ مەدینه.[3]**

**ئومموسەلەمە برایەکی هەبوو به ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەیە، عەبدوڵا سەرەتا نەیارێکی سەرسەختی موسڵمانان بوو، تا فەتحی مەککه کرا، ئەوکات که پێغەمبەر (ﷺ) بۆ فەتحی مەککه بەڕێوەبوو، عەبدوڵا هاودەم به ئەبووسوفیان بەرەو مەدینه چوون و لەرێدا گەیشتن به پێغەمبەر (ﷺ)، داوایان**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 158.
2 - صحيح البخاري، الرقم 3797، سنن أبي داود، الرقم 1777.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص150.

کرد بچن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رازی نەبوو، دواتر ئومموسەلەمە سەبارەت بەوان قسەی کرد لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) و دواجار پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دا بێنەژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو موسڵمان بوون، موسڵمانبوونەکەشیان دروست بوو و عەبدوڵا بۆ فەتحی مەککە لەناو سوپای موسڵماناندا مایەوەو دواتریش بەشداری هەریەك لە غەزاکانی حونەین و طائیفی کرد، لەو غەزایەدا تیرێکی بەرکەوت و کوشتی.[1]

ئومموسەلەمە کوڕێکی هەبوو بەناوی سەلەمەی کوڕی ئەبی سەلەمە، دوای وەفاتی باوکی و شووکردنی دایکی بە پێغەمبەر (ﷺ)، لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) گەورە بوو و مایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئومامەی کچی حەمزەی مارە کرد لە سەلەمە، هەردووکیان تازەپێگەیشتووبوون، بەڵام هێندەی نەبرد ئومامە کۆچی دوایی کرد، سەلەمە پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی ئومەویەکاندا کۆچی دوایی کرد.[2]

کوڕێکی تری ناوی عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە بوو، لە ساڵی دووی کۆچی لە حەبەشە لەدایك بوو، ئەم هاوەڵە دواتر هاتە مەدینە و لەوێ ژیا تا لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی جەمەلی کرد و دواتر لە ساڵی هەشتاو سێی کۆچیدا هەر لە مەدینە وەفاتی کرد،[3] عومەر دەڵێت رۆژێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) خواردنێکم دەخوارد، خەریك بووم لە

1 - أسد الغابة، ج3، ص 177.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص149.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 592.

بەشەکانی قاپەکەوە دەمخوارد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم(لەبەر خۆتەوە بخۆ)،[1] لە گێڕانەوەیەکی تردا روونتر هاتووەو دەڵێت فەرمووی (ناوی خوا بێنەو بە دەستی راستت بخۆ و لەبەر خۆتەوە بخۆ).[2]

هەروەها ئوممەسەلەمە کچێکیشی هەبوو بە ناوی زەینەب کە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئوممەسەلەمەی بەهاوسەر گرت هێشتا زەینەب لە شیر نەبڕابوویەوە.[3]

ئوممەسەلەمە بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ ئەبووسەلەمە دەگێڕێتەوەو دەڵێت جارێك بە ئەبووسەلەمەم وت بیستوومە ئافرەت کە مێردەکەی مرد و لە دەستەی بەهەشتیەکان بوو و ئافرەتەکەش بەهەشتی بوو و شووی نەکردەوە، خوا لە بەهەشتدا کۆیان دەکاتەوە، بۆ پیاویش هەروا، دەی وەرە با من بەڵێنت پێ بدەم دوای تۆ شوو نەکەم و تۆیش دوای من ژن نەهێنیت، ئەبووسەلەمە وتی گوێڕایەڵم دەبیت؟ منیش وتم فەرمان بکە تا گوێڕایەڵت بم، عەبدوڵا وتی ئەگەر من مردم شوو بکە، دواتر وتی خوایە دوای من پیاوێکی باشتر ببەخشە بە ئوممەسەلەمە کە دڵتەنگ و نارەحەتی نەکات، ئەوەبوو کە ئەبووسەلەمە مرد، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئوممەسەلەمەی کرد.[4]

ئەبووسەلەمەی مێردی یەکێك بوو لەبەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردو لە ئوحوددا بریندار بوو،[5] نزیکەی مانگێك برینێچی

1 - صحيح البخاري، الرقم 5067.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3860.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 675.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 88.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 154.

ئەو برینەی دەکرا تا باش بوو،[1] پاش ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لە مانگی صەفەردا ئەبووسەلەمەی کرد بە ئەمیری سریەیەك بۆ سەر بەنی ئەسەد، کاتێك لەو سریەیە گەڕایەوە برینەکەی جەنگی ئوحودی تەقی و لە مانگی جومادیلئاخیرەدا بەو هۆیەوە وەفاتی کرد.[2]

دوای وەفاتی ئەبووسەلەمە، ئەبووبەکر داوای ئومموسەلەمەی کرد، بەڵام شووی پێ نەکرد، ئینجا عومەر داوای کرد و شووی بەویش نەکرد، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد و شووی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

ئومموسەلەمە دەڵێت کە ئەبووسەلەمە مرد وتم دەبێت چ کەسێك هەبێت لە ئەبووسەلەمە باشتر بێت؟ یەکەم ماڵ بوو لەبەر خوا کۆچی کرد، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەی نارد تا داوام بکات بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) منیش وتم من منداڵم هەیەو ئافرەتێکیشم غیرەم زۆرە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆ مناڵەکەی داوا لە خوا دەکەین خوا موحتاجی دەستی دایکی نەکات و داواش لە خوا دەکەم غیرەکەی لاببات.[4]

پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا گواستیەوە، ئەوکات ئافرەتێکی زۆر جوان بوو.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 87.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 154.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 203.
4 - صحيح مسلم، الرقم 1576.
5 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 202.

ئوممومسەلەمە دەڵێت –کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بمگوازێتەوە– فەرمووی ئەمشەو دێم بۆ لاتان، منیش بڕێك گەنمم لا هەبوو لەگەڵ بڕێك چەوریدا خواردنێکم بۆ ئامادە کرد، پێغەمبەر (ﷺ) شەو هات بۆ لام.[1]

ئوممومسەلەمە دەڵێت کە پێغەمبەر (ﷺ) منی گواستەوە پێی فەرمووم ئەگەر بتەوێت حەوت شەو لات دەمێنمەوە، بەلام ئەگەر حەوت شەو لات بمێنمەوە ئەوە بۆ ژنەکانی تریشم حەوت شەو دەمێنمەوە،[2] ئەوەبوو ئوممومسەلەمە سێ شەوی هەڵبژارد.[3]

ئوممومسەلەمە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا ئەگەر یارمەتی و بەخشش بدەم بە منداڵەکانی ئەبووسەلەمە خێرم دەگات؟ چونکە ئەوانە منداڵی منیشن، فەرمووی (پێیان ببەخشە، لەسەر بەخششت بۆیان پاداشتت بۆ هەیە).[4]

ئوممومسەلەمە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی خوارد یەك مانگ نەچێت بە لای ژنەکانیدا، بیست و نۆ رۆژ تەواو بوو ئیتر دەچوو بۆ لای ژنەکانی، خەڵکی وتیان تۆ سوێندت خوارد مانگێك نەچیت بەلایاندا، ئەویش فەرمووی (مانگ هەیە بیست و نۆ رۆژە).[5]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4128، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح مسلم، الرقم 2728.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 205.

4 - صحيح البخاري، الرقم 1409.

5 - صحيح البخاري، الرقم 1824.

جارێك جیبریل لە شێوەی دیحیەی کەلبیدا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە لای ئوممومسەلەمە بوو، لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی کرد و دواتر چوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئوممومسەلەمەی فەرموو ئەوە کێ بوو؟ وتی ئەوە دیحیە بوو، دوای ماوەیەك پێغەمبەر (ﷺ) لە وتاردا باسی کرد کە جیبریل هاتووە بۆ لای ئینجا زانی کە ئەوە دیحیە نەبووەو جیبریل بووە.[1]

دەستەیەك لە ژنانی پێغەمبەر (ﷺ) کە هاورای ئوممومسەلەمە بوون، بە ئوممومسەلەمەیان وت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) قسە بکە تا بە خەڵکەکە بڵێت هەرکەس دەیەوێت دیاری ببات بۆ پێغەمبەر (ﷺ)با لە ماڵی هەر ژنێکی بێت بۆی ببات، ئوممومسەلەمەش چوو ئەوەی وت بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، جارێکی تر ژنەکانی تری ئوممومسەلەمەیان بۆ هەمان مەبەست ناردەوەو پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، لە جاری سێیەمدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تؤذيني في عائشة فإن الوحي لم يأتني وأنا في ثوب امرأة إلا عائشة)،[2] (سەبارەت بە عائیشە ئازارم مەدە، چونکە هیچ کات لەژێر یەك جل لەگەڵ ئافرەتێك بوویم سروشم بۆ نەهاتووە مەگەر لەگەڵ عائیشە).

ئوممومسەلەمە لە غەزای تەبووکدا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشدار بوو، ئەوەتا عیرباضی کوڕی ساریە دەڵێت من هەموو کات لەبەر دەرگای ماڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبووم هەم لە ماڵەوەو هەم لە سەفەریش، شەوی تەبووك پێغەمبەر

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3455.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2462، سنن الترمذي، الرقم 3896، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8624، قال الذهبي في سير أعلام النبلاء، ج2، ص 143 متفق على صحته.

(ﷺ) ویستی بچێتە ناو خێوەتەکەی و ئوممومسەلەمەی خێزانیشی لەگەڵدا بوو، من بۆ پێویستیەك چووبووم و هاتمەوە.[1]

ئەبوو مووسا دەڵێت من لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە لە جەعرانە لە نێوان مەککەو مەدینە لایدابوو، بیلالیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەعرابیەك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەو بەڵێنەی پێت دام بۆم نایەنیتەدیْ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (موژدەت لیْ بێت)، کابرا وتی موژدەی زۆرت پێداوم، پێغەمبەر (ﷺ) وەك تووڕەییەکی هەبێت تەماشای ئەبوومووسا وبیلالی کرد و فەرمووی (کابرا موژدەکەی بەرپەرچ دایەوە، ئێوە وەرن)، ئێمەش چووین، داوای قاپیْ ئاوی کرد و دەست و دەموچاوی تێدا شۆرد و ئاوی رادایە دەمی و کردیەوە ناوی و دواتر فەرمووی (لێی بخۆنەوە و بیکەن بەسەر دەموچاوو و گەردنتاندا و موژدەتان لیْ بێت)، ئێمەش وامانکرد، پاشان فەرمووی زیادەکەی لیْ بهێڵنەوە بۆ دایکتان، ئوممومسەلەمەی لە پشت پەردەوە بانگ کرد، ئێمەش زیادەکەیمان بۆ هێشتەوە.[2]

ئوممومسەلەمە کۆتا خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە وەفاتی کرد، هێندە ژیا تا شەهیدبوونی حوسەینی کوڕی عەلی بیست و دڵتەنگیەکی زۆر دایگرت، کەمێك پاش ئەو رووداوە وەفاتی کرد، تەمەنی نزیکەی نەوەد ساڵ دەبوو،[3] تەرمەکەشی لە

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 434، تاريخ دمشق لابن عساكر، ج40، ص 189، البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 118.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4082، صحيح مسلم، الرقم 4657، صحيح ابن حبان، الرقم 59، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7149.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 202.

بەقیع ئەسپەردە کرا،[1] مردنەکەشی لەساڵی شەست و یەکی کۆچیدا بوو، ئەو رایەش دەڵێت لە ساڵی پەنجا و نۆی کۆچیدا وەفاتی کردووە راست نیە.[2]

ئوممسەلەمە یەکێك بوو لە ئافرەتە زاناکانی ناو هاوەڵان.[3]

هیندی کچی ئەثاثە(رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی ئەثاثەیە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بووەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەردا سی کۆڵی بۆ بڕیەوە.[4]

هیندی کچی ئەوس(رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی ئەوسی کوڕی شەریقە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]

هیندی کچی ئەوسی ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی هیندی کچی ئەوسی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[6]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 209.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 210.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 203.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 228.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص149.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص149.

## هیندی کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی هیندی کوڕی حارثەی ئەسلەمیەو یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیەو هاودەم بە شەش برای تری پێکەوە بەشدارییان کرد.[1]

هیند لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە مەدینە کۆچی دوایی کرد.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 556.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6277.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (و) دەست پێدەکات

### وابیصەی کوڕی مەعبەد (رضي الله عنه)

ناوی وابیصەی کوڕی مەعبەدی کوڕی عوتبەی ئەسەدیە، لە ساڵی نۆی کۆچیدا هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیا تا سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز.[1]

وابیصە دەڵێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کەسێکی بینی بە تەنها لە دوای ریزەکانەوە نوێژی دەکرد، فەرمانی کرد بە کابرا نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە.[2]

### واثیلەی کوڕی خەططاب (رضي الله عنه)

ناوی واثیلەی کوڕی خەططاب ی قورەیشیە، واثیلە دەڵێت کابرایەك هاتە مزگەوت و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە تەنها بوو، کە کابرا هاتە ژوورەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەمێك بۆی جوولا، پێی وترا ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جێگە فراوانە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی باوەڕدار مافی هەیە.[3]

### واثیلەی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی واثیلەی کوڕی عەبدولایە، جا هەندێ دەڵێن عەبدولا بە ئەسقەع ناسراوەو هەندێ دەڵێن بەڵکو ئەسقەع باپیرەی بووە، کونیەکەی ئەبووقورصافە یان ئەبوو موحەممەدە، ئەم هاوەڵە پێش غەزای تەبووك موسڵمان بوو و لە غەزاکەدا بەشداری

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 6، ص 590.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 2222، سنن أبي داود، الرقم 590، سنن ابن ماجة، الرقم 1000، سنن الترمذي، الرقم 218، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17663، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1004.

3 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 8621.

کرد، دواتریش یەکێك بوو لە ئەهلی صوففە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و بەشداری فتووحاتی کرد و لە فەتحی دیمەشق و حیمص و چەندی تردا بەشداری کرد و تا سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان ژسا و لەو سەردەمەدا و لە تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت تەمەنی نزیکەی سەد و شەست و پێنج ساڵ بووە، بەڵام بەو پێیەی بەشداری فتووحات بووە دیارە رای یەکەمیان نزیکترە لە راستیەوە.[1]

واثیلە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إن من أعظم الفرى أن يدعي الرجل إلى غير أبيه، أو يري عينه ما لم تر، أو يقول على رسول الله صلى الله عليه وسلم ما لم يقل)،[2] (لە گەورەترین درۆکان ئەوەیە کە کەسێك بانگەواز بۆ جگە لە باوکی خۆی بکات یان بڵێت بەم چاوەم شتێك دیوەو نەیدیبێت–لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بڵێت فڵانە خەوم دیوەو نەیدیبێت–[3] یان شتێك بڵێت بە دەم پێغەمبەری خواوە کە ئەو نەیفەرمووبێت).

واثیلە دەڵێت پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئەوە دەمارگیریە کەسێك هۆزەکەی خۆی خۆش بوێت؟ فەرمووی (لا، ولكن من العصبية أن يعين الرجل قومه على الظلم)،[4] (نا بەڵام دەمارگیری ئەوەیە کەسێك لەسەر ستەم پاڵپشتی قەومەکەی بکات).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 591.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3338.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 32.

4 - سنن ابن ماجة، الرقم 3946، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16658، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18764، حسنه شعيب الأرناؤوط.

### واسیعی کوڕی حیببان (رضي الله عنه)

ناوی واسیعی کوڕی حیببانە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، لە هەموو بار و غەزاکاندا ئامادە بووەو تا سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژیا و لە رووداوی حەررەدا کوژرا.[1]

### واقیدی خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی واقیدەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، واقید دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (من أطاع الله عز وجل فقد ذكره، وإن قلت صلاته وصيامه وتلاوته للقرآن، ومن عصى الله فلم يذكره وإن كثرت صلاته وصيامه وتلاوته للقرآن)،[2] (هەرکەس گوێڕایەڵی خوا بکات ئەوە یادی خوا دەکات با نوێژ و رۆژوو و قورئان خوێندنیشی کەم بێت، هەرکەسیش لە فەرمانی خوا دەرچێت ئەوە یادی خوا ناکات با نوێژ و رۆژوو و قورئان خوێندنیشی زۆر بێت.).

### واقیدی کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

ناوی واقیدی کوڕی سەهلە، لە پشتیوانانەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص593.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18259، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5961.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 594.

واقیدی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی واقیدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبدمەنافی یەربووعیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[1] لە سەرەتای خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد.[2]

وائیلی کوڕی ریئاب(رضي الله عنه)

ناوی وائیلی کوڕی ریئابی قورەیشی سەهمیەو دوو برای هەبوو بە ناوەکانی موعەممەر و حەبیب کە ئەوانیش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون.[3]

وائیلی کوڕی حوجر (رضي الله عنه)

ناوی وائیلی کوڕی حوجری کوڕی رەبیعەیە، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) پارچە زەویەکی بۆ بڕیەوەو نووسراوێکی بۆ نووسی.[4]

وەحشی کوڕی حەرب(رضي الله عنه)

ناوی وەحشی کوڕی حەربی حەبەشیە، وەحشی کۆیلەیەك بوو لە مەککەو لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و حەمزەی مامی پێغەمبەری خوای (ﷺ) شەهید کرد، خۆی وردەکاری بەسەرهاتەکە باس دەکات و دەڵێت: من لای جوبەیری کوڕی موطعیم بووم، جا جوبەیر لە غەزای بەدردا مامی کوژرابوو، ئەوەبوو پێی وتم ئەگەر مامی موحەممەد بکوژیت ئەوە ئازادت دەکەم، ئەوەبوو لە رۆژی جەنگی ئوحوددا منیش

---

1 - أسد الغابة، ج5، ص 450.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 594.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 597.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 596.

چووم بۆ جەنگ، سیباع وتی کەس هەیە جەنگی بەرامبەریم لەگەڵ بکات؟ ئەوەبوو حەمزە هات بۆی و قسەیەکی ناشیرینی وت بە سیباع و وتی ئایا دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا دەکەیت؟ ئینجا هەڵیکوتایە سەری،[1] تاکە خەم و خەیاڵم ئەوە بوو ئازاد ببم، بۆیە چاوم لەسەر حەمزە بوو،[2] ئەوەبوو لە پشت بەردێکەوە خۆم بۆ مەڵاس دا تا دەرفەتی چاکم دەست کەوت و بە رمەکەم لێمدا، و دام لە ورگی،[3] حەمزە هەوڵیدەدا هەستێتەوە بەڵام نەیتوانی و کەوت، منیش گەڕامەوە بۆ مەککەو ئازاد کرام، ئینجا کە فەتحی مەککە کرا منیش چووم بۆ تائیف و لەوێ مامەوە، کاتێك خەڵکی مەککە رێککەوتنیان کرد لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بارم سەخت بوو و دەموت باشە مل بۆ کوێ بنێم؟ لەو خەمەدا بووم کە کەسێك منی بینی و وتی چیە وا خەمبار دەتبینم؟ منیش وتم وەڵا من مامی موحەممەدم کوشتووەو وا دەبینم ئەم خەڵکەش لەگەڵی رێککەوتون و نازانم بەرەو کوێ راکەم؟ ئەویش وتی بەخوا هەرکەس بچێت بۆ لای و شایەتومان بهێنێت ئەو نایکوژێت، منیش خێرا چوومە مەدینەو چوومە بەردەمی و بە پێوە وەستابووم و ئەویش دانیشتبوو، سەری بەرز کردەوەو فەرمووی تۆ وەحشیت؟ وتم بەڵێ، ئینجا شایەتومانم هێنا،[4] فەرمووی تۆ حەمزەت کوشت؟ وتم مەسەلەکە وایە کە بیستووتە؟[5] ئینجا فەرمووی ئادەی بۆم باس بکە چۆن حەمزەت کوشت ماڵ وێران؟

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1691.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە،[1] پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فهل تستطیع أن تغیب عني وجهك)،( دەی ئەتوانیت دەموچاوتم لێ دوور بگریت)، ئەوەبوو منیش خۆم دوور دەگرت لە پێغەمبەر (ﷺ) تا وەفاتی کرد، ئینجا کە سەردەمی ئەبووبەکر هات و سوپای نارد بۆ یەمامە، منیش وتم ئەچم تا موسەیلەمە بکوژم بەوە حەقی کوشتنەکەی حەمزە بکەمەوە،[2] لەگەڵ خەڵکەکە چووم و موسەیلەمەم کردە چاو،[3] بینیم کەسێك لای کەلەبەرێکی دیوارێك وەستاوەو دەڵێیت وشترە رەشەیەکی پرچ بڵاوە،[4] لەگەڵ یەکێك لە پشتیوانان هەڵمانکوتایە سەری و بە هەمان ئەو رمەی کە حەمزەم پێ کوشتبوو دام لە موسەیلەمە،[5] رمەکەم دا لە نێوەندی مەمکەکانی و لە پشتەوە رمەکە دەرچوو، پشتیوانیەکەش بە شمشێر لێیداو دای لە سەری،[6] ئیتر خوا زاناترە کاممان کوشتمان، ئەگەر من کوشتبێتم ئەوە چاکترین کەس و خراپترین کەسیشم کوشتون[7](واتە حەمزەو موسەیلەمە).

وەحشی کاتێك لە جەنگی ئوحوددا تەرمەکەی حەمزەی بینی چوو بە رمێك یان بە خەنجەرێك سکی حەمزەی هەڵدڕی،[8] ئینجا جەرگی حەمزەی هەڵگرت و بردی

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

6 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

7 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

8 - مصنف إبن أبي شيبة، الرقم 36066.

بۆ هیند، چونکە ئەو ئافرەتە هەر لە کاتی کوژرانی باوکیەوە لە جەنگی بەدردا بە دەستی حەمزە نەزری کردبوو جەرگی حەمزەی دەست بکەوێت.،[1] کە جەرگەکە کەوتە دەست هیند، هیند جەرگەکەی جوی و دواتر تفیەوە، ئینجا هاتە لای تەرمەکەی حەمزەو تەرمەکەی زیاتر شێواند.[2]

وەحشی لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد و دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو تا دواجار لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[3]

### وەحووحی کوڕی ئەسلەت (رضي الله عنه)

ناوی وەحووحی کوڕی ئەسلەتە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[4]

### وەدقەی کوڕی ئیاس(رضي الله عنه)

ناوی وەدقەی کوڕی ئیاسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 179.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 10.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 601.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 601.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 602.

وەدیعەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی وەدیعەی کوڕی عەمری کوڕی یەسارە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

وەردان (رضي الله عنه)

ناوی وەردانەو خزمەتکارێ بوو لە طائیف، لەکاتی گەمارۆکەدا وەردان دابەزیە خوارەوەو موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) دایە دەست ئەبانی کوڕی سەعید تا هەم پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات و هەم قورئانی فێر بکات.[2]

وەردانی تەمیمی (رضي الله عنه)

ناوی وەردانی کوڕی موخەریمی تەمیمیەو گەورەی هۆزەکەی بوو و بەوە ناسرابوو کە هەرگیز درۆ ناکات، جا کاتێك عویەینەی کوڕی حیصن پێکرا، وەفدێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وەردان بە نوێنەری هۆزەکە لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) قسەی کرد.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 603.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 606.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 604.

وەردانی کوڕی موخەرریم(رضي الله عنه)

ناوی وەردانی کوڕی موخەرریم یان مەخرەمەیە، برایەکی هەبوو بە ناوی حەیدە کە ئەویش هاوەڵ بوو، هەردووکیان هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نزای خێری کردووە بۆیان.[1]

وەردی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی وەردی کوڕی خالیدی بەجلیەو یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککەو لە غەزاکەدا لەلای راستی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بوو.[2]

وەردی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی وەردی کوڕی عەمرەو لە سریەیەکدا لەگەڵ زەیدی کوڕی حارثە بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

وەعلەی کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی وەعلەی کوڕی یەزیدەو کچێکی هەبوو کە ناسرابوو بە ئوممویەزید و فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، ئوممویەزید دەڵێت باوکم دەیوت بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژی بەیانیدا سورەتی قاف و قل هو الله أحد ی دەخوێند،

1 - أسد الغابة، ج2، ص 99.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 603.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 603.

هەروەها بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرمانی دەکرد بە رۆژووگرتن لە رۆژی عاشووورادا.[1]

وەقصائی کچی مەسعوود(رضي الله عنها)

ناوی وەقصائی کچی مەسعوودی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

وەکیعی تەمیمی (رضي الله عنه)

ناوی وەکیعەو برای حاجیبی کوڕی زورارەیە، کاتێك حاجیبی کوڕی زورارە لە مەدینە بوو صەفوانی کوڕی ئەسیدیش هاتە مەدینە، کابرایەکی بەنی لەیث لەوێ بوو و بەدوای کەسێکی تەمیمیدا دەگەڕا تا بیکوژێت، کە صەفوانی بینی کوشتی، خێرا حاجیب لەگەڵ وەکیعی برایدا ئەو کەسەیان گرت و بردیان بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتیان ئەم کەسە هاوەڵەکەی ئێمەی کوشتووە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئەو کەسەی نەدەناسی چونکە هێشتا موسڵمان نەبووبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێشنیاری خوێن بایی کرد بۆیان و ئەوانیش وتیان جگە لە ئێمە کەسی تر هەیە شیاو بەو خوێن باییە، مەبەستیان هاوڕێکانیان بوو، کاتێ کەسوکارەکەی هەواڵیان پێ گەیشت کە پێغەمبەر (ﷺ) حەزی کردووە خوێن بایی وەربگرن لەبری کوشتنەوەی، ئەوانیش لەو کەسە خۆش بوون لەبەر پێغەمبەر (ﷺ) و بێ هیچ خوێن بایی وەرگرتنێك وازیان هێنا.[3]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5928.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 162.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 432.

وەلیدی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی وەلیدی کوڕی جابیری بەحتەریەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) نووسراوێکی بۆ نووسی و وەلیدیش بەردەوام ئەو نووسراوەی لای خۆی پاراستبوو.[1]

وەلیدی کوڕی عەبدشەمس(رضي الله عنه)

ناوی وەلیدی کوڕی عەبدشەمسی مەخزوومیەو کونیەکەی ئەبوو عەبدورەحمان بوو و لە خانەدانەکانی قورەیش بوو، لە خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[2]

وەلیدی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه)

ناوی وەلیدی کوڕی عوقبەی ئومەویەو لە سەری دایکیەوە برای عوثمانی کوڕی عەففان بوو، باوکی نەیارێکی سەرسەختی ئیسلام بوو، وەلیدیش بە بێباوەڕی مایەوە تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، تەمەنی زۆر نەبوو و تازە باڵغ بووبوو.[3]

جارێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەلیدی نارد بۆ لای بەنیلموصطەلەق تا زەکاتەکەیان وەربگرێت، وەلید کە گەیشتە ئەوێ و ئەوانی ناسیەوە گەڕایەوەو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوان هەڵگەڕاونەتەوە، ئەوەبوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆیان، خالید بە شەو هەواڵگری نارد بینی ئەوان وازیان نەهێناوە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 613.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 614.
3 - أسد الغابة، ج5، ص 467-468.

لە ئیسلام، بۆیە گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باسەکەی خستەڕوو، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ ۝٦ ).[1]

وەلید لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا لەلایەن عوثمانەوە کرا بە والی کووفەو ئەوەش کرا بە تانەیەك بەرامبەر بە عوثمان  کە براکەی خۆی کردووە بە والی و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لەبەر ئەو لابردووە.[2]

مەسەلەکەش ئەوەبوو کە ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا کە بەرپرسی بەیتولمالی موسڵمانان بوو لە کووفە، لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کێشەیەکی بۆ دروست بوو، عوثمانی کوڕی عەففان پاش ماوەیەکی زۆر سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لە والیەتی کووفە لابرد، ئەویش لەبەر کێشەیەك کە لەگەڵ ئیبن مەسعوود هەیبوو، چونکە قەرزی لە بەیتولمال کردبوو کە ئیبن مەسعوود بەرپرسی بوو، کاتێك ئیبن مەسعوود داوای قەرزەکەی کردەوە لە سەعد، سەعد توانای نەبوو بیداتەوە، بۆیە کێشە کەوتە نێوانیانەوە، هەواڵەکە گەیشتەوە بە عوثمان و سەعدی لابرد و وەلیدی کوڕی عوقبەی لە شوێنیدا دانا.[3]

ئیبنولعەرەبی دەڵێت: (سەبارەت بە دانانی وەلیدی کوڕی عوقبە ئەوا – هاودەم بە خراپی نیازەکان– خەڵکی پێش چاکە خراپەیان گرتەبەر، بۆیە درۆسازان کەوتنە باسی ئەوەی عوثمان بۆ نیازی خۆی کردوویەتی بە بەرپرس، عوثمان دەڵێت

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 615.

2 - أسد الغابة، ج5، ص 469.

3 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 477.

من وەلیدم دانەناوە لەبەرئەوەی برام بووبێت، بەڵکو لەبەرئەوە دامناوە کە کوڕی ئوم حەکیمی بەیضائە، ئەو ژنەش پووری پێغەمبەر (ﷺ) و دوانەش بووە لەگەڵ باوکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)–واتە ئوم حەکیم و عەبدوڵای باوکی پێغەمبەر (ﷺ) بە یەك سك لەدایك بون–، پشت بەخوا دواتریش روونی دەکەینەوە، دانانی والیش ئیجتیهادە، عومەر سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لابرد و کەسی پلە نزمتر لەوی پێش ئەو خست،

بە عوثمان وترا تۆ وەلیدت داناوە چونکە وەلید براتە لە رێی دایکتەوە (ئەروای کچی کورەیزی کوڕی رەبیعەی کوڕی حەبیبی کوڕی عەبدشەمس)، ئەویش وتی بەڵکو بۆیە کردوومە بە والی چونکە پوورزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چونکە ئوم حەکیم پووری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دایەگەورەی عوثمان و دایەگەورەی وەلید بووە لەرووی دایکیانەوە کە ئەروا بووە، ئوم حەکیم دوانە بووە لەگەڵ عەبدوڵای باوکی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، جا چ کێشەیەك هەیە کەسێك برای خۆی یان کەسی نزیکی خۆی دابنێت.[1]

وەلید جارێك بەرنوێژی کرد بۆ خەڵکی و لەبری دوو رکات چوار رکات نوێژی کرد و شایەتی سەرخۆشی لەسەر درا و لەسەر ئەوەش خەلیفە عوثمان جەلدی لێدا و لە پۆستەکەی لایبرد، دواتر وەلید تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا و لەو سەردەمەدا وەفاتی کرد.[2]

1 - العواصم من القواصم.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 616-617.

## وەلیدی کوڕی وەلید(رضي الله عنه)

ناوی وەلیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەی مەخزوومیە، برای خالیدی کوڕی وەلیدەو لە بەدردا هاودەم بە بێباوەڕان بەشداری کرد، دواتر براکانی ئازادیان کرد، کە ئازاد بوو ئینجا باوەڕی هێنا و وتی بۆیە پێشتر باوەڕم نەهێنا نەوەك بڵێن لە ترسی بەندکرانەکەی موسڵمان بووە، ئینجا برایەوە بۆ مەککەو لەوێ براکانی بەندیان کرد، پێغەمبەری خواش (ﷺ) بەردەوام نزای بۆ دەکرد.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژەکانیدا قنووتی دەخوێند و نزای بۆ وەلید و چەند هاوەڵێکی تر دەکرد، لە قنووتەکەیدا دەیفەرموو (خوایە عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە رزگار بکە، خوایە سەلەمەی کوڕی هیشام رزگار بکە، خوایە وەلیدی کوڕی وەلید رزگار بکە).[2]

دواتر وەلید رزگاری بوو و لە عومرەی دوای حودەیبیەدا خۆی گەیاند بە پێغەمبەر (ﷺ)، لە عومرەی دوای رێککەوتنی حودەیبیەدا کە موسڵمانان چوون بۆ عومرە، هێشتا خالیدی برای وەلید نەیاری و دوژمنی سەرسەختی ئیسلام و موسڵمانان بوو، بۆیە چاوی بەوە هەڵنەدەهات پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان ببینێت دێنە ناو مەککە، بۆیە لە مەککە چوویە دەرەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ بە وەلیدی برای خالیدی فەرموو (خالید هی ئەوە نیە خۆی بێئاگا بکات لە ئیسلام، ئەگەریش ئەو بەهێزی و توانایەی لەگەڵ موسڵمانان دژ بە بێباوەڕان بەکاربهێنایە باشتر بوو بۆی، بە دڵنیاییشەوە پێش خەڵکی ترمان دەخست)، وەلیدیش ئەو هەواڵەی دا بە خالید، خالید کە ئەمەی بیست

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 619.

2 - صحيح البخاري، الرقم 975، صحيح مسلم، الرقم 118، صحيح ابن خزيمة، الرقم 592.

قسەکە کاری تێکرد و بوویە هۆکاری موسڵمان بوون و کۆچکردنی بەرەو مەدینە،[1] بەمە وەلید بوو بە هۆکاری موسڵمانبوونی خالیدی برای.

لەم بەسەرهاتەوە کە خالید باسی دەکات دەردەکەوێت وەلید پێش حودەیبیە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لەگەڵیدا هاتووە بۆ عومرە، خالید دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عومرە هاتە مەککەو منیش چوومەدەرەوە، وەلیدی براشم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هاتبوو بۆ مەککە و بەدوامدا گەڕابوو، بەڵام منی بەدینەکردبوو، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسیبووم و تیایدا نووسیبووی (زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت چۆن ئیسلام هەڵنابژێریت... پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکردم کوا خالید؟ منیش وتم خوا ئەیهێنێت، ئەویش فەرمووی کەسی وەك ئەو هی ئەوە نیە بێئاگا بێت لە ئیسلام و ئەگەر ئەو بەهێزی و توانایەی لەگەڵ موسڵمانان دژ بە ئیسلام بەکاربهێنایە باشتر بوو بۆی و بە دڵنیاییشەوە پێش کەسانی ترمان دەخست) دەی براکەم فریا کەوە چەند دواکەوتووی قەرەبووی بکەرەوە)، خالید دەڵێت کە نامەکەم خوێندەوە گوڕ و تین گرتمی تا بەرەو ئیسلام بچم، ئینجا شەوەکەی خەوم بینی کە لە وڵاتێکی وشك و رووتەنی تەنگەڵاندا بووم و چووم بەرەو خاکێکی سەوزایی بەرفراوان، کە چوومە مەدینە باسم کرد بۆ ئەبووبەکر، ئەویش وتی وشکەڵانە تەنگەڵانەکە بێباوەڕیەکەت بوو، سەوزاییە بەرفراوانەکەش موسڵمان بوونەکەتە ... ئەوەبوو لە مانگی صەفەریساڵی هەشتی کۆچیدا گەیشتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 394.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 474-476، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 238-239.

وەهبی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی عەبدوڵای کوڕی موسلیمی سوائیە و کونیەکەی ئەبووجوحەیفەیە، لە کۆتا ساڵی ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتە خزمەتی و موسڵمان بوو.[1]

وەهب دەڵێت بیلالم بینی بانگی دەفەرموو و بەملاولادا لایدەکردەوەو پەنجەی کردبوو بە گوێیدا، پێغەمبەریش (ﷺ) لە قوبەیەکی سووردا بوو کە لە پێستە دروست کرابوو، بیلال هات و خەنجەرێکی لە بەردەمیدا چەقاند بە زەویدا و پێغەمبەریش (ﷺ) نوێژی لە بەردەمدا کرد و سەگ و گوێدرێژیش بە بەردەمیدا تێپەڕ دەبوون.[2]

وەهب دەڵێ پێغەمبەرم(ﷺ) بینیوەو شێوەی حەسەن زۆر لە شێوەی پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو.[3]

وەهب دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا پشتیوانی خەلیفە بوو و خەلیفە بە وەهبولخەیر ناوی دەبرد، لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 626.

2 - سنن الترمذي، الرقم 186 و قال حسن صحيح، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 197.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3371، صحيح مسلم، الرقم 4426.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 626.

وەهبی کوڕی حوذەیفە (رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی حوذەیفەیە، لە هاوەڵانی صوففە بوو و دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیا تا لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد،[1] وەهب دەڵێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (الرجل أحق بمجلسه وإن خرج لحاجته ثم عاد فهو أحق بمجلسه)،[2] (پیاو شیاوترە بە شوێنی خۆی ئەگەر چوو بۆ ئیشێکی و دواتر هاتەوە ئەوە شیاوترە بە شوێنەکەی خۆی).

وەهبی کوڕی زەمعە (رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی زەمعەیی کوڕی ئەسوەدە، یەکێك بوو لە بەخشندەترین کەسەکانی ناو مەککە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو،[3] لە حەجیماڵئاواییدا بەشداری کرد و لەو بارەشەوە فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە،[4] وەهب تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیش ژیا.[5]

وەهبی کوڕی سەعد (رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی سەعدی فەهریەو برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، دایکیان ناوی موهانەی کچی جابیر بوو، وەهب لە موسڵمانبوانی مەککە بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ لای کلثومی کوڕی هەدم مایەوە، کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 622.

2 - سنن الترمذي، الرقم 2746 و قال حسن صحيح، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15187، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2751.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 623.

4 - سنن أبي داود، الرقم 1721.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 623.

برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان وەهب و سوەیدی کوڕی عەمرەوە،[1] وەهب دواتر لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و رێککەوتنی حودەیبیە و خەیبەریشدا بەشداری کرد، هاودەم بە سوەیدی کوڕی عەمر لە غەزای موئتەدا بەشدارییان کرد و هەردووکیان تیایدا شەهید بوون،[2] تەمەنی وەهب نزیکەی چل ساڵان دەبوو.[3]

### وەهبی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی عەمری ئەسەدیە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و لە دەستەی یەکەمی کۆچەران بوو بۆ مەدینە.[4]

### وەهبی کوڕی قابیس(رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی قابیس یان کوڕی قابووسی موزەنیە، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو و بەیعەتی پێدا، دواتر گەڕایەوە بۆ ناو ژن و منداڵی لە ناوچەی عەرج، جارێك بە چەند مەڕێکەوە هاتە مەدینەو بینی مەدینە چۆڵە، وتی بۆچی وا چۆڵە؟ وتیان پێغەمبەر (ﷺ) لە نزیك ئوحود خەریکی جەنگە، وەهبیش مەڕەکانی جێهێشت و خێرا چوو بۆ ئەوێ و بەشداری غەزاکەی کرد، لەو کاتەدا سوارەکانی دوژمن هێرشیان دەبرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ بڵاوە بەو سوارانە دەکات بۆمان تا خوا لە بەهەشتدا بیکات بە هاودەمم، وەهب خێرا چووە پێشەوەو

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 407.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 624.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 407.

4 - أسد الغابة، ج5، ص 478.

بە شمشێرەکەیەوە جەنگا تا کوژرا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وازی لێ بهێنن تا لێ دەبینەوە، کە لێبوونەوە گەڕان بۆ تەرمەکەی کەچی تەرمەکەی دیار نەمابوو، جا عومەری کوڕی خەططاب دەیوت خوا هیچ کارێکی هێندەی کارەکەی وەهبی کوڕی قابیس لە دڵمدا خۆشەویست نەکردووە.[1]

وەهبی کوڕی کیلدە(رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی کیلدەیەو ئیبن ئیسحاق دەڵێت یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

وەهبی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی مالیکی داریەو هاودەم بە تەمیمی داری هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[3]

وەهبی کوڕی ئەبی سەرح(رضي الله عنه)

ناوی وەهبی کوڕی ئەبی سەرحی عامیریەو برایەکی هەبوو بە ناوی عەمر کە هەردووکیان زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوون، دواتر عەمر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، بەڵام وەهب لە مەککە مایەوە تا دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 628.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 629.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 629.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 624.

### وددەی کچی عوقبە(رضي الله عنها)

**ناوی وددەی کچی عوقبەی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانەو هاوسەری قەیسی کوڕی مەخرەمەیە، وددە هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

### ویبری کوڕی موشهیر (رضي الله عنه)

**ناوی ویبری کوڕی موشهیری حەنەفیە، ویبر دەڵێت موسەیلەمە من و ئیبن شیغاف و ئیبن نەوواحەی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە چووینە خزمەتی ئەو دوانەی تر پێش من قسەیان کرد و لە من بەتەمەنتر بوون و شایەتومانیان هێنا و دواتر وتیان شایەتی دەدەین تۆ و موسەیلەمەش دوای تۆ پێغەمبەری خوان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی غولام تۆ چی دەڵێیت؟ منیش وتم ئەوەی بەراسی دەزانیت دانی پێدا دەنێم و ئەوەی بە درۆی دەزانیت بڕوای پێ ناکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی من بە ژمارەی خۆڵی دنیا شایەتی دەدەم موسەیلەمە درۆزنە)، دواتر فەرمووی ئەو دوانە ببەن، بران بۆ ماڵی کەیسان و بەند کران، کەسێك لە هاوەڵان تکای کرد تا پێغەمبەر (ﷺ) ئازادیان بکات، ئەویش ئازادی کردن،[2] ئینجا ویبر لای پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو خۆی فێری قورئان دەکرد تا پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ویبر چوو بۆ لای دایکی کە لە عەرقەبا بوو، موسەیلەمە کە زانی لەوێیە کەسێکی نارد بۆ لای، ویبر وتی هەرگیز واناکەم خوا بمبینێت بچم بۆ لای موسەیلەمە، دواتر هاودەم بە خالیدی کوڕی وەلید دژ بە موسەیلەمە جەنگا.[3]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 162.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18258.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5918.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ی) دەست پێدەکات

## یاسری باوکی عەممار (رضي الله عنه)

ناوی یاسری عەنەسیەو لە بنەڕەتدا خەڵکی یەمەنەو لەوێوە هات بۆ مەککە،[1] یاسر هاودەم بە مالیك و حارثی برای لە یەمەنەوە هات بۆ مەککەو لەوێ بە دوای برایەکیاندا دەگەڕان، جا دوو براکەی گەڕانەوە، بەڵام یاسر لەوێ مایەوەو لای ئەبووحوذەیفە مایەوە، ئەویش کەنیزەکێکی هەبوو بە ناوی سومەییەو ئەو کەنیزەکەی لێ مارە کرد، ئەوەبوو منداڵێکیان بوو بەناوی عەممار، ئیتر ئەبووحوذەیفە ئازادی کرد، دواتر ئەبووحوذەیفە وەفاتی کرد، دوای ئەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی خوای بۆ هات، عەممار هاودەم بە دایك و باوکی و عەبدوڵای برایشی موسڵمان بوو.[2]

هاوسەرەکەی ناوی سومەییەی کچی خباطە، حەوتەم کەس بوو کە موسڵمان بوو و یەکەم شەهیدی ناو ئیسلام بوو،[3] سومەییە خزمەتکاری ئەبووحوذەیفە بوو، ئەبووحوذەیفە سومەییەی مارە کرد لە یاسر، چونکە هاوپەیمانی لەنێوانیاندا هەبوو.[4]

هەریەك لە یاسر و سومەییەی هاوسەری و عەمماری کوڕی لە یەکەمین موسڵمان بووەکان بوون.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 639.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 407.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 136.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.

کاتێك سومەییە موسڵمان بوو، ئەبووجەهل لەسەر موسڵمانبوونەکەی زۆر ئازاری دەدا، جلی ئاسنینی دەکردە بەری و لەبەر گەرمای مەککەدا سزای دەدا.

سومەییە ئافرەتێکی پیری بە تەمەنی لاواز بوو.[1]

جارێك ئەبووجەهل کە سزای سومەییەی دەدا، هات و بە خەنجەرێك دای لە سکی و شەهیدی کرد.[2]

لە جەنگی بەدردا کە ئەبووجەهل کوژرا، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەمماری فەرموو (خوا بکوژەکەی دایکتی کوشت).[3]

عوثمانی کوڕی عەففان دەڵێت با سەبارەت بە عەممار فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستی گرتبووم و دەچووین بەڕێدا، گەیشتینە لای عەممار و دایك و باوکی کە سزا دەدران، باوکی عەممار وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژگار ئاوایە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (خۆڕاگر بە)، پاشان فەرمووی (خوایە لە بنەماڵەی یاسیر خۆش بە).[4]

کاتێك یاسر و سومەییە و عەممار لەسەر ئیسلامەتییان سزا دەدران، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (صبرا یا آل یاسر، موعدكم الجنة)،[5] (خۆڕاگر بن ئەی خێزانی یاسر، وادەتان بەهەشتە).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 712.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7،ص 712.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 264.

4 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 427، ضعفه أحمد شاكر، كما ضعفه شعيب الأرناؤوط.

5 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5626، قال الألباني في فقه السيرة (111/1) حديث حسن صحيح.

دواجار یاسریش پاش شەیدبوونی خێزانەکەی لەژێر ئەشکەنجەی زۆری بێباوەڕانی مەککەدا وەفاتی کرد.[1]

## یاسری خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی یاسرەو خزمەتکاری ئافرەتێك بوو بە ناوی رەبداء، یاسر دەڵێت جارێك کەسێك مەی خواردەوەو هێنرا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و جەلدی لێدرا، هەمدی دووبارەی کردەوەو جەلدی لێدرا، جاری سێیەم یان چوارەم بوو کە هێنرا ئیتر درا لە گەردنی.[2]

## یاسری کوڕی سوەید(رضي الله عنه)

ناوی یاسری کوڕی سوەیدی جوهەنیە، یاسر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) منی بە سریەیەك نارد و ژنەکەشم سکی هەبوو و منداڵی بوو، خێرا منداڵەکەی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم منداڵە لەدایك بووە و باوکی لەناو ئەو سوپایەدایە، دەی ناوی بنێ، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی لەسەری دانا و نزای بۆ کرد و فەرمووی ناوی بنێ موسریع چونکە خێرا بەرەو ئیسلام هات.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 639.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 640.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18539، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6061.

یامینی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی یامینی کوڕی عومەیری کوڕی کەعبە، یەکێکە لە گەورە هاوەڵە ناسراوەکان کە موسڵمان بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە ناپاکی بەنونەضیر بڕیاری دا، یامینی کوڕی عومەیر و ئەبووسەعدی کوڕی وەهب پێکەوە بوون، یەکێکیان بەوی دی وت بەخوا خۆ ئێمە دەزانین ئەوە پێغەمبەری خوایە، دەی ئیتر چاوەڕێی چین و بۆچی موسڵمان نەبین و خوێن و سامانیشمان پارێزراو بێت، ئەوەبوو شەو دابەزین و چوون موسڵمان بوون و سامانەکەشیان دەستکەوتەوە.[1]

لە غەزای تەبووکدا هەندێ لە هاوەڵان هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانە چەك و شمەکی بەشداری غەزایان نەبوو، ئیتر لەتاو ئەوەی توانای بەشدارییان نەبوو دەستیان دەکرد بە گریان، ئەوانیش بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عەمر و عوتبەی کوڕی زەید و ئەبوولەیلا و عەمری کوڕی حومام و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدوڵا و عیرباضی کوڕی ساریە، هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و داوایان کرد پێداویستی بەشداری غەزایان بۆ دابین بکات، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچم لا نیە تا بۆتان دابین بکەم، ئەوەبوو یامینی کوڕی عەمر گەیشت بە ئەبوولەیلا و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل، تەماشای کرد خەریکە دەگرین، وتی بۆچی دەگرین، وتیان چوین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا ئامادەکاری جەنگمان پێ بدات تا بەشداری بکەین کەچی هیچی لا نەبوو بۆمان، ئێمەش خۆمان هیچمان نیە تا بتوانین

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 413.

بچین بۆ غەزا، ئەوەبوو ئەویش هاوکاریەکی کردن، ئەوانیش چوون لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکەیان کرد.[1]

یامین دەڵێت گەیشتم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەگریان، وتم بۆچی دەگرین؟ وتیان چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا چەکمان پێبدات بۆ بەشداری جەنگ بەڵام هیچی لا نەبوو و ئێمەش هیچمان پێ نیە تا بتوانین لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکە بکەین، منیش وشترێکم پێدان و بڕێك شیریشم پێدان، ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوون و بەشداریان کرد.[2]

## یامینی کوڕی یامین (رضي الله عنه)

ناوی یامینی کوڕی یامینی ئیسرائیلیە، کاتێك عەبدوڵای کوڕی سەلام موسڵمان بوو، یامین وتی منیش شایەتی ئەوە دەدەم کە تۆ شایەتی لەسەر دەدەیت، ئەوەبوو ئەو ئایەتە دابەزی (وشهد شاهد من بنی إسرائیل...).[3]

## یەحنەس(رضي الله عنه)

ناوی یەحنەسەو کۆیلەی یەساری کوڕی مالیك بوو لە تائیف کە لەکاتی گەمارۆکەدا دابەزی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، دواتر کە ئەوانیش موسڵمان بوون پێغەمبەر (ﷺ) یەحنەسی گێڕایەوە بۆ مالیك.[4]

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1970.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1970.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 641.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 643.

## یەحیای کوڕی حەکیم(رضي الله عنه)

ناوی یەحیای کوڕی حەکیمی کوڕی حیزامی ئەسەدیە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، یەحیا لە فەتحی مەککەدا هاودەم بە باوکی و براکانی موسڵمان بوو.[1]

## یەربووعی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی یەربووعی کوڕی عەمری کوڕی کەعبە و کونیەکەی ئەبووخوزەیمەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزای خەندەق و رێککەوتنی حودەیبیەو غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووە.[2]

## یەزیدی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی حارثی کوڕی قەیسە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و بە ئیبن فوسحوم یان فوسحوم ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا شەهید بوو.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە (وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣ )، فوسحوم وتی بەخ بەخ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەبەستت چی بوو بەوەی وتت بەخ بەخ؟ ئەویش وتی ئەگەر بچمە ناویەوە فراوانیەکی زۆری هەیە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جا

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 644.

2 - أسد الغابة، ج6، ص 97.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 652.

نێوانی من و بەهەشت ئەوەیە بگەین بەو دوژمنەو لەگەڵ خوا راستگۆ بین، ئینجا چەند دەنکە خورمایەکی پێ بوو خورماکانی فڕێدا و وتی پیسکەیە ئەوەی چاوی لە خۆراکی دنیا بێت.[1]

یەزیدی کوڕی عامیری ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی عامیری کوڕی حەدیدەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، دواتریش لە غەزای بەدردا بەشداری کردووە.[2]

یەزیدی کوڕی بەرذەع(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی بەرذەعە، لە پشتیوانانەو لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردووە.[3]

یەزیدی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی ثەعلەبەی بەلویە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی هەردوو بەیعەتی عەقەبە.[4]

1 - السير لأبي إسحاق الفزاري، الرقم 150.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 666.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 649.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 650.

## یەزیدی کوڕی خدام(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی خدامە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

## یەزیدی کوڕی روکانە(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی روکانەیە، یەزید دەڵێت بە تەواوەتی ژنەکەمم تەڵاق دا و چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمووی مەبەستت پێی چی بوو؟ وتم مەبەستم یەك تەڵاق بوو، فەرمووی بڵێ بەخوا، وتم بەخوا، فەرمووی (دەی بە پێی ویستەکەتە).[2]

## یەزیدی کوڕی زەمعە(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی زەمعەی کوڕی ئەسوەدی قورەیشی ئەسەدیە، دایکی ناوی قەریبەی کچی ئەبی ئومەییەیە کە خوشکی ئومموسەلەمە بوو، یەزید یەکێکە لە دەستەی یەکەم موسڵمان بوان و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، یەزید لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت لە گەمارۆی طائیفدا شەهید بوو.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 655.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4336، سنن أبي داود، الرقم 1900، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2208.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 656.

## یەزیدی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانەو خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، یەزید یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[1]

## یەزیدی کوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی سەعیدەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی سائیب کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی سائیبی کوڕی یەزید حەوت ساڵان بوو، بەو پێیە یەزید تەمەنی هەبووە، یەزید دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا يأخذ أحدكم عصا أخيه لاعبا أو جادا، فمن أخذ عصا أخيه فليردها إليه)،[2] (کەستان بە گاڵتە یان بە راستی بێت داردەستی براکەی هەڵنەگرێت، هەرکامتان داردەستی براکەی هەڵگرت با بۆی بگێڕێتەوە).

## یەزیدی کوڕی سەکەن (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی سەکەنە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان و هاودەم بە عامیری کوڕی پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد و هەردووکیان شەهید بوون.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 657.

2 - سنن الترمذي، الرقم 2137، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17611، صححه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2160.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 660.

### یەزیدی کوڕی سەلەمە (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی سەلەمەی کوڕی یەزیدی جوعفیەو دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[1]

وائیل دەڵێت جارێك یەزیدی کوڕی سەلەمەی ئەشجەعی پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر برێ سەرکردە هاتن و داوای مافمان لێ بکەن بەڵام مافی ئێمە نەدەن چی بکەین؟ پێغەمبەر (ﷺ) رووی وەرگێڕا، یەزید هەمدی پرسیاری کردەوە، جاری سێیەم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (اسمعوا فإنما عليهم ما حملوا وعليكم ما حملتم)،[2] (گوێرادێرن، چونکە ئەوان ئەوەیان لەسەرە کە لە ئەستۆیانەو ئێوەش ئەوەتان لەسەرە کە لەئەستۆتانە).

بەڵام ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە سەلەمەی کوڕی یەزیدی جوعفی گێڕاویەتیەوە.[3]

یەزیدی کوڕی سەلەمە دەڵێت جارێك وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من فەرموودەی زۆر لە تۆ دەبیستم و دەترسم بیرم بچێتەوە، جا شتێکم پێ بفەرموو کە کۆکەرەوە بێت، ئەویش فەرمووی (اتق الله فيما تعلم)،[4] (بەوەی دەیزانیت لەخوا بترسە).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص660.

2 - مستخرج أبي عوانة، الرقم 5751،

3 - صحيح مسلم، الرقم 3522.

4 - سنن الترمذي، الرقم 2675، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18480، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5998، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2683.

## یەزیدی کوڕی سەیف(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی سەیفی یەربووعیە، یەزید دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من کەسێکم لە بەنی مەمیم و هەموو سامانەکەم فەوتاوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم هیچ سامانێکم لا نیە پێت ببەخشم، دواتر فەرمووی دەتەوێت بتکەم بە عەریفی قەومەکەت؟ وتم نا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما إن العريف يدفع فى النار دفعا)،[1] (عەریف بە جاریێ پاڵ دەنرێ و دەخرێتە ناو دۆزەخ).

## یەزیدی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی عامیری کوڕی ئەسوەدی سوائیەو کونیەکەی ئەبووحاجرە، تا غەزای حونەینیش بێباوەڕ بوو و لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد و دواتر موسڵمان بوو.[2]

یەزید دەڵێت هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و نوێژی دەکرد و منیش دانیشتم و نوێژم نەکرد، کە تەواو بوون پێغەمبەر (ﷺ) منی بینی و فەرمووی ئەی یەزید مەگەر موسڵمان نەبویت؟ وتم با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) موسڵمان بوم، فەرمووی ئەی بۆچی نوێژت نەکرد لەگەڵ خەڵکەکە؟ وتم من لەماڵی خۆمدا نوێژم کرد و وامزانی ئێوە نوێژتان کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إذا جئت إلى الصلاة

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18493، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6018.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 666.

فوجدت الناس فصل معهم وإن كنت قد صليت تكن لك نافلة وهذه مكتوبة)،[1] (ئەگەر هاتیت بۆ نوێژ و بینیت خەڵکی نوێژ دەکەن تۆیش لەگەڵیان نوێژ بکە با نوێژیشت کردبێت دەبێت بە خێری زیادە بۆت و ئەم نوێژەش نوێژی مەکتووبەیە).

یەزیدی کوڕی عەمری نومەیری (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی عەمری نومەیریە، یەزید دەڵێت چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتمان راسپاردەت چیە بۆمان، فەرمووی (نوێژ بکەن و زەکات بدەن و حەجی بەیت بکەن و رەمەزان بە رۆژوو بن و رەمەزان شەوێکی تێدایە کە لە هەزار مانگ باشترە).[2]

یەزیدی کوڕی عیبابە(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی عیبابەی باهیلیە، یەزید دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش دەستی هێنا بەسەر سەرمدا.[3]

یەزیدی کوڕی قەیسی داری (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی قەیسی کوڕی خاریجەی داریە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) بڕی سەد کۆڵ خورمای لە دەستکەوتەکانی خەیبەر بۆ بڕیەوە.[4]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 494، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3397، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم577.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 668.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 667.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 670.

## یەزیدی کوڕی قەیسی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی قەیسە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا دوانزە جار بریندار بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا حاسیر، یەزید دواتر لە هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد تا دواجار لە سەردەمی خیلافەتی راشیدیندا لە فتووحتادا بەشداری کرد و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا شەهید بوو.[1]

## یەزیدی کوڕی مەعبەد (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی مەعبەدە، یەزید دەڵێت هاتمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش سەبارەت بە یەمامە پرسیاری لێکردم، منیش بە راستی وەڵامم دایەوە.[2]

## یەزیدی کوڕی موعاویەی ئەسەدی (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی موعاویەی کوڕی ئەسوەدی قورەیشی ئەسەدیە، ئەم هاوەڵە زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر لە کۆچی دووەمی حەبەشدا بەشداری کرد، دواتر کە گەڕایەوە بەشداری غەزاکانی کرد تا لە گەمارۆی تائیفدا شەهید بوو.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 670.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18487.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 672.

### یەزیدی کوڕی مونذیر (رضي الله عنه)

**ناوی یەزیدی کوڕی مونذیری کوڕی سەرحە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، ئیبن ئسحاق دەڵێت یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[1]**

### یەزیدی کوڕی نوەیرە(رضي الله عنه)

**ناوی یەزیدی کوڕی نوەیرەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی نەهرەوانی کرد و تیایدا بەدەستی خەواریجەکان کوژرا.[2]**

### یەزیدی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

**ناوی یەزیدی کوڕی نوعمانی کوڕی عەمری کیندیەو هاودەم بە حیجر و عیلسی برا هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]**

### یەزیدی کوڕی ئەبووسوفیان (رضي الله عنه)

**ناوی یەزیدی کوڕی صەخری کوڕی حەربە، باوکی بە ئەبووسوفیان ناسراوە کە پێشتر لە پیتی (ص) دا ژیانیمان باسکردووە، دایکی ناوی زەینەبی کچی نەوفەلە، یەزید برای موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانە، ئەم هاوەڵە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 673.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 676.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 675.

بوو، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کردی بە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی بەنی فیراس،[1] دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) خەلیفە ئەبووبەکر ئەوی کرد بە یەکێك لە سەرکردەکانی سوپا، جا کاتێك خەلیفە بەڕێی دەکرد یەزید بەسەر سوارەوە بوو و خەلیفەش بە پیادە دەچوو، یەزید وتی یان تۆیش سەرکەوە یان من دادەبەزم، خەلیفە وتی نە من سەردەکەوم و نە تۆیش دادەبەزیت، من بەم هەنگاوانەم چاوەڕێی پاداشتم لای خوا،[2] لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب یشدا والی فەلەسطین بوو و دواتر پاش وەفاتی موعاذی کوڕی جەبەل کرا بە والی دیمەش و لەو پۆستەدا مایەوە، دواجار لە ساڵی نۆزدەی کۆچی و پاش فەتحی قیساریە وەفاتی کرد،[3] بەڵام رایەکی تر دەڵێت لە ساڵی دوانزەی کۆچیدا ئەویش بە نەخۆشی تاعوون وەفاتی کرد.[4]

## یەزیدی کوڕی ئەخنەس(رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی ئەخنەسی سولەمیە، یەزید دەڵێت کە موسڵمان بووم هەموو هۆزەکەشم موسڵمان بوون جگە لە ئافرەتێك، ئەوەبو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(ولا تمسكوا بعصم الكوافر)، دواتر پاش یەكساڵ ئەو ئافرەتەش موسڵمان بوو.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 658.
2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16878.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 658.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 202.
5 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1249.

یەزید دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەوزەکەت لە ڕۆژی دواییدا چەندە فراوانە؟ فەرمووی وەك نێوانی عەدەن بۆ عەممان، هەروەها دوو ڕێرەوی–دوو بۆری– زێڕ و زیوی تێدایە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەوزەکەت چۆنە؟ فەرمووی (أشد بياضا من اللبن، وأحلى مذاقة من العسل، وأطيب رائحة من المسك، من شرب منه لم يظمأ أبدا، ولم يسود وجهه أبدا)،[1] (لە شیر سپی ترە، لە هەنگوین شیرینترە، لە میسك بۆنخۆشترە، هەرکەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت و هەرگیز رووی رەش نابێت).

## یەزیدی کوڕی ئەسەد (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کووڕی ئەسەدە، یەزید دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ئەی یەزیدی کوڕی ئەسەد ئایا حەزت لە بەهەشتە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (فأحب لأخيك المسلم ما تحب لنفسك)،[2] (دەی ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ برا موسڵمانەکەشت پێت خۆش بێت).

## یەزیدی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی یەزیدی کوڕی ئەسوەدەو کوڕێکی هەبوو بەناوی جابیر کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، یەزید دەڵێت لە حەجدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم و لەگەڵیدا نوێژی بەیانیم کرد لە مزگەوتی خیف–مزگەوتەکەی مینا– کە لە نوێژ بوویەوە دوو کەس لە دوای خەڵکەکەوە بوون و نوێژیان نەدەکرد، فەرمووی بانگیان بکەن، ئەوانیش

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 655، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 7382، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16334، صححه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الأرناؤوط.

هاتن، فەرمووی بۆچی نوێژتان نەکرد لەگەڵماندا؟ ئەوانیش وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لە شوێنی خۆمان نوێژمان کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فلا تفعلا إذا صليتما في رحالكما ثم أتيتما مسجد جماعة فصليا معهم، فإنها لكم نافلة)،[1] (وامەکەن، ئەگەر لە شوێنی خۆتان نوێژتان کرد و دواتر هاتنە مزگەوت کە جەماعەت دەکرا، ئەوە لەگەڵیاندا نوێژ بکەن دەبێتە خێری زیادە بۆتان).

یەزیدی کوڕی ئەسید(ﷺ)

ناوی یەزیدی کوڕی ئەسیدی کوڕی ساعیدەیە، لە پشتیوانانەو هاودەم بە باوکی و مامی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[2]

یەزیدی مەولا (ﷺ)

ناوی یەزیدەو خزمەتکاری سولەیمی کوڕی عەمرەو یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

یەزیدی موحاریبی (ﷺ)

ناوی یەزیدی کوڕی ئەنیسی کوڕی عەبدولای موحارییبەو کونیەکەی ئەبووعەبدورەحمانە، یەزید دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای حونەیندا

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1537، صحيح ابن حبان، الرقم 1584، سنن الترمذي، الرقم 208، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17140، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 219.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 648.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 677.

بەشدار بووم و ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، یەزید دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو.[1]

یەسار (رضي الله عنه)

ناوی یەسارەو خزمەتکارێ بوو لە طائیف، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەمارۆی ئەوێی دابوو یەسار دابەزیە خوارەوەو موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) ئازادی کرد.[2]

یەساری خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی یەسارەو خزمەتکاری بەنی سولەیم بوو و لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

یەساری شوانە(رضي الله عنه)

ناوی یەسارەو غوڵامی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، کە پێغەمبەر (ﷺ) بینی زۆر جوان نوێژ دەکات ئازادی کرد، دواتر بڕێ وشتری پێدا تا بیانلەوەڕێنێ، جا خەڵکی عورەینە هاتن و وایان نیشاندا کە موسڵمان بون، لەکاتێکدا سکیان ئاوسابوو و نەخۆش بوون و تایەکی زۆریان هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانی نارد بۆ لای یەسار، ئەوانیش لە شیری وشتریان دەخواردەوە تا سکیان تێر بوو دواتر هێرشیان بردە سەر یەسار و سەریان بڕی و دڕکیان کرد بە چاوانیدا و دواتر وشترەکانیان دانەبەر،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 648.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 682.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 682.

پێغەمبەریش (ﷺ) سریەیەکی نارد بە دوایاندا کە کورزی کوڕی جابیر ئەمیریان بوو، کە ئەوانی گرت دەست و قاچی بڕین و چاوی هەڵکۆڵین.[1]

ئومموسەلەمە دەڵێت جارێك یەساری غوڵامی پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی سوجدەدا بە فوو شوێن سەری خۆی پاك دەکردەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو (دەموچاوت بۆ خوا خۆڵاوی بکە-بیخەرە سەر خۆڵەکە-).[2]

### یەعلای کوڕی موڕڕە(رضي الله عنه)

ناوی یەعلای کوڕی موڕڕەی کوڕی وەهبەو بە ئەبولمەزاریم ناسراوە، لە بەیعەتی ریضوان و فەتحی خەیبەر و فەتحی مەککەو غەزای هەوەزان و طائیف و چەندینی تردا بەشداری کرد.[3]

یەعلا دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (أیما رجل ظلم شبرا من الأرض کلفه الله أن یحفره حتی یبلغ سبع أرضین، ثم یطوقه یوم القیامة حتی یفصل بین الناس)،[4] (هەر کەسێك بستێ زەوی ستەم بکات-داگیری بکات- خوا رایدەسپێرێت تا ئەو زەویە هەڵبکەنێت تا بگاتە حەوت زەویەکە، دواتر لە رۆژی دواییدا دەبێتە تەوقێ بۆی تا دادگایی ئەو خەڵکە تەواو دەبێت).

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6095، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6053.
2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25993، ضعفه شعيب الأرناؤوط.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 687.
4 - صحيح ابن حبان، الرقم 5241، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17237، صححه شعيب الأرناؤوط.

### یەعلای کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی یەعلای کوڕی ئومەییەی کوڕی ئەبی عوبەیدەیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و دواتر بەشداری غەزاکانی حونەین و طائیف و تەبووکیشی کرد، لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا والی بەشێکی یەمەن بوو، خەلیفە عوثمان کردی بە والی صەنعاء، کاتێك هەواڵی بیست خەڵکی چون بۆ کوشتنی عوثمانی کوڕی عەففان لەوێوە کەوتەڕێ، بەڵام لە نیوەی رێدا لەسەر وشترەکەی کەوتە خوارەوەو قاچی شکا و چوو بۆ مەککەو لەوێ پشتیوانی زوبەری کوڕی عەووام و عائیشەی دایکی باوەڕدارانی کرد و بە پارە یارمەتیەکی زۆری دان تا تۆڵەی خوێنی عوثمان بکەنەوە، لە جەنگی جەمەلدا لەناو سوپای عائیشەدا بەشداری کرد، بەڵام دوای ئەو جەنگە چوویە ناو ریزی سوپای عەلیەوەو لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری کرد و تیایدا کوژرا.[1]

### یەنناق(رضي الله عنه)

ناوی یەنناقەو فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە، دەڵێت پێغەمبەری خوام(ﷺ) لە حەجیماڵئاواییدا بینی، خۆر ئاوا بووبوو و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد.[2]

1 - أسد الغابة، ج5، ص 542

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 689.

یوسەیرەی کچی مولەیکە(رضي الله عنها)

**ناوی یوسەیرەی کچی مولەیکەیە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

یوسەیرەی کچی یاسیر (رضي الله عنها)

**ناوی یوسەیرەی کچی یاسیرە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

**یوسەیرە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووین (عليكن بالتسبيح والتهليل والتقديس، واعقدن بالأنامل فإنهن مسئولات مستنطقات، ولا تغفلن فتنسين الرحمة)،[3] (سوبحانەڵا و لا اله الا الله و پاك و پیرۆزراگرتنی خوا بڵێن و بە گرێ پەنجەکان بیانژمێرن چونکە ئەوانە پرسیاریان لێدەکرێت و دێنە جواب، نەکەن بێئاگا بن و رەحمەت لەبیر بکەن).**

یووسفی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

**ناوی یووسفی کوڕی عەبدوڵای کوڕی سەلامی ئیسرائیلیەو هێشتا مێرمنداڵ بووە کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینیوە و فەرموودەی لێ گێڕاوەتەوە.[4]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 163.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 163.

3 - سنن الترمذي، الرقم 3593، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3486.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص 691.

یوونسی کوڕی شەدداد (رضي الله عنه)

ناوی یوونسی کوڕی شەددادە، یوونس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری دەکرد لە ڕۆژووی گرتنی ڕۆژانی تەشریق[1] (ئەوەی ناسراوە بە ڕۆژانی دووەم و سێیەم و چوارەمی جەژنی قوربان).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ڕۆژانی مینا ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەن).[2]

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 16384، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره و هذا إسناد ضعيف.

2 - معرفة الصحابة لابي نعيم الاصبهاني، الرقم 6065.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| فاتیکی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 5 |
| فاخیتەی کچی غەزوان(رضي الله عنها) | 5 |
| فاخیتەی کچی وەلید(رضي الله عنها) | 5 |
| فاخیتەی کچی ئەبووتالیب(رضي الله عنها) | 6 |
| فاخیتەی کچی ئەبی ئوحەیحە(رضي الله عنها) | 6 |
| فاخیتەی کچی ئەسوەد(رضي الله عنها) | 6 |
| فاریعەی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها) | 7 |
| فاریعەی کچی ئەبی صەلت(رضي الله عنها) | 7 |
| فاطیمەی زەهرا ء (رضي الله عنها) | 7 |
| فاطیمەی کچی ئەسەد(رضي الله عنها) | 35 |
| فاطیمەی کچی حەمزە(رضي الله عنها) | 37 |
| فاطیمەی کچی خەططاب(رضي الله عنها) | 37 |
| فاطیمەی کچی سەودە(رضي الله عنها) | 39 |

| | |
|---|---|
| فاطیمەی کچی صەفوان(رضي الله عنها) | 39 |
| فاطیمەی کچی عامیر(رضي الله عنها) | 39 |
| فاطیمەی کچی عەلقەمە(رضي الله عنها) | 40 |
| فاطیمەی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 40 |
| فاطیمەی کچی عوتبە(رضي الله عنها) | 40 |
| فاطیمەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 41 |
| فاطیمەی کچی موجەللیل(رضي الله عنها) | 42 |
| فاطیمەی کچی مونقذ(رضي الله عنها) | 43 |
| فاطیمەی کچی وەلید(رضي الله عنها) | 43 |
| فاطیمەی کچی ئەبی حوبەیش(رضي الله عنها) | 43 |
| فاطیمەی کچی یەمان(رضي الله عنها) | 44 |
| فاکیهی کوڕی بیشر(رضي الله عنه) | 44 |
| فاکیهی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه) | 45 |
| فەروەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 45 |
| فەروەی کوڕی موسەیك(رضي الله عنه) | 46 |

| | |
|---|---|
| فەروەی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 47 |
| فەضالەی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) | 48 |
| فەضالەی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 49 |
| فەضلی کوڕی عەبباس(رضي الله عنه) | 49 |
| فەلتانی کوڕی عاصیم(رضي الله عنه) | 52 |
| فەیرووزی دەیلەمی(رضي الله عنه) | 53 |
| فوجەیعی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 55 |
| فوراتی کوڕی حەییان(رضي الله عنه) | 55 |
| فورەیعەی کچی حوباب(رضي الله عنها) | 56 |
| فورەیعەی کچی خالید(رضي الله عنها) | 56 |
| فورەیعەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 57 |
| فورەیعەی کچی مالیك(رضي الله عنها) | 57 |
| فورەیعەی کچی مالیکی خودری(رضي الله عنها) | 57 |
| فوسحوم(رضي الله عنها) | 58 |
| فوضەیلی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 58 |

| | |
|---|---|
| فوکەیهەی کچی سەکەن(رضي الله عنها) | 58 |
| فوکەیهەی کچی عوبەید(رضي الله عنها) | 58 |
| فوکەیهەی کچی موطەلیب(رضي الله عنها) | 59 |
| فوکەیهەی کچی یەسار(رضي الله عنها) | 59 |
| فیراسی کوڕی نەضر(﵁) | 59 |
| فیراسی(﵁) | 59 |
| فیضضەی نوبییە(رضي الله عنها) | 60 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ق) دەست پێ دەکات | 63 |
| قاریبی کوڕی ئەسوەد(﵁) | 65 |
| قەبباپی کوڕی ئەشیەم(﵁) | 65 |
| قەبیصەی کوڕی موخارق(﵁) | 66 |
| قەبیصەی کوڕی ئەسوەد(﵁) | 68 |
| قەتادەی باوکی یەزید(﵁) | 68 |
| قەتادەی جەرشی(﵁) | 68 |
| قەتادەی کوڕی میلحان(﵁) | 68 |

| | |
|---|---|
| قەتادەی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 69 |
| قەتادەی کوڕی ئەعوەر(رضي الله عنه) | 73 |
| قەرەظەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) | 73 |
| قەریبەی کچی زەید(رضي الله عنه) | 74 |
| قەسامەی کوڕی حەنظەلە(رضي الله عنه) | 74 |
| قەطەنی کوڕی حارثە(رضي الله عنه) | 74 |
| قەطەنی کوڕی عەبدولعوززا (رضي الله عنه) | 74 |
| قەعقاعی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 75 |
| قەعقاعی کوڕی میعبەد(رضي الله عنه) | 75 |
| قەووال(رضي الله عنه) | 76 |
| قەیسی کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 76 |
| قەیسی کوڕی جەحدەر(رضي الله عنه) | 76 |
| قەیسی کوڕی جەریر(رضي الله عنه) | 77 |
| قەیسی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 77 |
| قەیسی کوڕی حوذافە(رضي الله عنه) | 77 |

| | |
|---|---|
| قەیسی کوڕی حوصەین(رضي الله عنه) | 77 |
| قەیسی کوڕی خەرەشە(رضي الله عنه) | 78 |
| قەیسی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 78 |
| قەیسی کوڕی زەیدی کوڕی حەی(رضي الله عنه) | 78 |
| قەیسی کوڕی سائیب(رضي الله عنه) | 79 |
| قەیسی کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 79 |
| قەیسی کوڕی سەعدی کیندی(رضي الله عنه) | 80 |
| قەیسی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه) | 80 |
| قەیسی کوڕی سەلەع(رضي الله عنه) | 81 |
| قەیسی کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 81 |
| قەیسی کوڕی صەعصەعە(رضي الله عنه) | 81 |
| قەیسی کوڕی عاصم(رضي الله عنه) | 82 |
| قەیسی کوڕی عاصمی تەمیمی(رضي الله عنه) | 82 |
| قەیسی کوڕی عەبدوڵای کیندی(رضي الله عنه) | 82 |
| قەیسی کوڕی عەبدوڵای ئەسەدی(رضي الله عنه) | 83 |

| | |
|---|---|
| قەیسی کوڕی عەمری کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 83 |
| قەیسی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه) | 83 |
| قەیسی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) | 83 |
| قەیسی کوڕی عیبایە(رضي الله عنه) | 84 |
| قەیسی کوڕی غەربە(رضي الله عنه) | 84 |
| قەیسی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 84 |
| قەیسی کوڕی مالیکی ئەرحەبی(رضي الله عنه) | 85 |
| قەیسی کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه) | 85 |
| قەیسی کوڕی موخەللەد(رضي الله عنه) | 85 |
| قەیسی کوڕی میحصەن(رضي الله عنه) | 85 |
| قەیسی کوڕی نوشبە(رضي الله عنه) | 86 |
| قەیسی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 86 |
| قەیسی کوڕی ئەبی صەعصەعە(رضي الله عنه) | 86 |
| قەیسی کوڕی ئەبی صەلت(رضي الله عنه) | 87 |
| قەیسی کوڕی ئەبی غەرەزە(رضي الله عنه) | 87 |

| | |
|---|---|
| قەیسی کوڕی ئەبی کەعب(رضي الله عنه) | 88 |
| قەیسی کوڕی ئەبی وەدیعە(رضي الله عنه) | 88 |
| قەیڤی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 88 |
| قەیلە(رضي الله عنها) | 89 |
| قەیلەی کچی مەخرەمە(رضي الله عنها) | 90 |
| قوتەیلەی کچی صەیفی(رضي الله عنها) | 90 |
| قوتەیلەی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 90 |
| قودامەی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه) | 91 |
| قودامەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 91 |
| قودامەی کوڕی مەظعوون(رضي الله عنه) | 91 |
| قودەدی کوڕی عەممار(رضي الله عنه) | 93 |
| قوڕڕەی کوڕی دعمووص(رضي الله عنه) | 93 |
| قوڕڕەی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه) | 94 |
| قوڕڕەی کوڕی هوبەیرە(رضي الله عنه) | 94 |
| قوڕڕەی کوڕی ئیاس(رضي الله عنه) | 95 |

| | |
|---|---|
| 95 | قوضاعی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) |
| 95 | قوطبەی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) |
| 97 | قوطبەی کوڕی عەبد(رضي الله عنه) |
| 97 | قوطبەی کوڕی قەتادە(رضي الله عنه) |
| 98 | قوطبەی کوڕی قەتادەی عوذری(رضي الله عنه) |
| 98 | قوطبەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) |
| 99 | قیسەبە(رضي الله عنه) |
| 99 | قیهطیمی کچی عەلقەمە(رضي الله عنها) |
| 99 | ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ك) دەست پێ دەکات |
| 99 | کەبشەی خوشکی حەسسان(رضي الله عنها) |
| 100 | کەبشەی کچی ثابت(رضي الله عنها) |
| 100 | کەبشەی کچی ثابتی ئەنصاری(رضي الله عنها) |
| 100 | کەبشەی کچی حاطیب(رضي الله عنها) |
| 100 | کەبشەی کچی عەبدعەمر(رضي الله عنها) |
| 101 | کەبشەی کچی فاکیه(رضي الله عنها) |

| | |
|---|---|
| کەبشەی کچی فەروە(رضي الله عنها) | 101 |
| کەبشەی کچی مالیك(رضي الله عنها) | 101 |
| کەبشەی کچی واقید(رضي الله عنها) | 101 |
| کەبشەی کچی ئەسعەد(رضي الله عنها) | 102 |
| کەبشەی کچی ئەوس(رضي الله عنها) | 102 |
| کەبیرەی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها) | 102 |
| کەثیری کوڕی زیاد(رضي الله عنه) | 103 |
| کەدەنی کوڕی عەبد(رضي الله عنه) | 103 |
| کەردەم(رضي الله عنه) | 103 |
| کەرکەرە | 104 |
| کەعب(رضي الله عنه) | 105 |
| کەعبولئەعوەر(رضي الله عنه) | 105 |
| کەعبی کوڕی حیمان(رضي الله عنه) | 105 |
| کەعبی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 105 |
| کەعبی دەستبڕاو (رضي الله عنه) | 106 |

| | |
|---|---|
| 106 | کەعبی کوڕی خوادریە(رضي الله عنه) |
| 107 | کەعبی کوڕی زەید(رضي الله عنه) |
| 107 | کەعبی کوڕی زوهەیر(رضي الله عنه) |
| 108 | کەعبی کوڕی عاصم(رضي الله عنه) |
| 108 | کەعبی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) |
| 108 | کەعبی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه) |
| 110 | کەعبی کوڕی عوجرە(رضي الله عنه) |
| 112 | کەعبی کوڕی عومەیر(رضي الله عنه) |
| 112 | کەعبی کوڕی عیاض(رضي الله عنه) |
| 113 | کەعبی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) |
| 120 | کەعبی کوڕی موڕڕە(رضي الله عنه) |
| 121 | کەعبی کوڕی یەسار(رضي الله عنه) |
| 121 | کەلەدەی کوڕی حەنبەل(رضي الله عنه) |
| 122 | کەلپەمی کچی موحریز(رضي الله عنها) |
| 122 | کەیسان(رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| کەیسانی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 122 |
| کەیسانی کووڕی جەریر (رضي الله عنه) | 123 |
| کوەیسە (رضي الله عنها) | 123 |
| کودەیر (رضي الله عنه) | 123 |
| کورزی کوڕی جابیر (رضي الله عنه) | 124 |
| کورزی کوڕی عەلقەمە (رضي الله عنه) | 124 |
| کوعەیبەی کچی سەعید (رضي الله عنها) | 125 |
| کولەیبی جوهەنی (رضي الله عنه) | 125 |
| کولەیبی کوڕی ئیساف (رضي الله عنه) | 126 |
| کولثومی کوڕی هەدم (رضي الله عنه) | 126 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ل) دەست پێ دەکات | 127 |
| لاحیبی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) | 129 |
| لاحیقی کوڕی مالیك | 129 |
| لەبیدی کوڕی رەبیعە | 129 |
| لەبیسی کچی عەمر (رضي الله عنها) | 129 |

| | |
|---|---|
| لەجلاجی عامیری(رضي الله عنه) | 130 |
| لەقیطی کوڕی صەبرە(رضي الله عنه) | 130 |
| لەیثی کینانی (رضي الله عنه) | 131 |
| لەیلای کچی بیلال(رضي الله عنها) | 132 |
| لەیلای کچی ثابت(رضي الله عنها) | 132 |
| لەیلای کچی خوطەیم(رضي الله عنها) | 132 |
| لەیلای کچی رافیع(رضي الله عنها) | 133 |
| لەیلای کچی ریبعی(رضي الله عنها) | 133 |
| لەیلای کچی سیماك(رضي الله عنها) | 133 |
| لەیلای کچی عوبادە(رضي الله عنها) | 133 |
| لەیلای کچی قانف(رضي الله عنها) | 134 |
| لەیلای کچی ئەبی خەثمە(رضي الله عنها) | 134 |
| لەیلای کچی ئەبی سوفیان(رضي الله عنها) | 135 |
| لەیلای ئەنصاری(رضي الله عنها) | 135 |
| لەیینە(رضي الله عنها) | 135 |

| | |
|---|---|
| لوبابەی کچی ئەسلەم(رضي الله عنها) | 136 |
| لوبنای کچی ثابت (رضي الله عنها) | 136 |
| لوبنای ئەنصاری(رضي الله عنها) | 136 |
| لوقمان (رضي الله عنه) | 137 |
| لیبدەی کوڕی قەیس | 137 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (م) دەست پێ دەکات | 139 |
| ماریە(رضي الله عنها) | 141 |
| ماریدە (رضي الله عنها) | 145 |
| ماعیز(رضي الله عنه) | 146 |
| ماعیزی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 146 |
| مالیکی کوڕی رەبیعەی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 147 |
| مالیکی کوڕی موڕارە | 149 |
| مالیکی کوڕی ثابت (رضي الله عنه) | 149 |
| مالیکی کوڕی جوبەیر (رضي الله عنه) | 150 |
| مالیکی کوڕی حارثە (رضي الله عنه) | 150 |

| | |
|---|---|
| مالیکی کوڕی حەیدە (رضي الله عنه) | 150 |
| مالیکی کوڕی حوەیریث (رضي الله عنه) | 151 |
| مالیکی کوڕی خەلەف (رضي الله عنه) | 151 |
| مالیکی کوڕی دوخشم (رضي الله عنه) | 152 |
| مالیکی کوڕی رافیع (رضي الله عنه) | 152 |
| مالیکی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه) | 153 |
| مالیکی کوڕی رەبیعەی سەلولی (رضي الله عنه) | 153 |
| مالیکی کوڕی زەمعە (رضي الله عنه) | 154 |
| مالیکی کوڕی سینان (رضي الله عنه) | 154 |
| مالیکی کوڕی صەعصەعە (رضي الله عنه) | 155 |
| مالیکی کوڕی عامیر (رضي الله عنه) | 155 |
| مالیکی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 155 |
| مالیکی کوڕی عەبدولای خوزاعی (رضي الله عنه) | 155 |
| مالیکی کوڕی عەتاهیە (رضي الله عنه) | 156 |
| مالیکی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 156 |

| | |
|---|---|
| مالیکی کوڕی عەمری تەمیمی (رضي الله عنه) | 156 |
| مالیکی کوڕی عەمری عەدوی (رضي الله عنه) | 156 |
| مالیکی کوڕی عەمری عدوانی (رضي الله عنه) | 157 |
| مالیکی کوڕی عەمری نەججاری (رضي الله عنه) | 157 |
| مالیکی کوڕی عەمری ئەسەدی (رضي الله عنه) | 157 |
| مالیکی کوڕی عەوف (رضي الله عنه) | 157 |
| مالیکی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) | 158 |
| مالیکی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 158 |
| مالیکی کوڕی قودامە (رضي الله عنه) | 159 |
| مالیکی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه) | 159 |
| مالیکی کوڕی نەضلە (رضي الله عنه) | 159 |
| مالیکی کوڕی نومەیلە (رضي الله عنه) | 160 |
| مالیکی کوڕی هوبەیرە (رضي الله عنه) | 160 |
| مالیکی کوڕی ئەبی خەولی (رضي الله عنه) | 161 |
| مالیکی کوڕی ئەحمەر(رضي الله عنه) | 161 |

| | |
|---|---|
| مالیکی کوڕی یەسار (رضي الله عنه) | 161 |
| مالیکی کوڕی ئەوس (رضي الله عنه) | 162 |
| مالیکی کوڕی یوخامیر (رضي الله عنه) | 162 |
| مالیکی کوڕی ئومەییە (رضي الله عنه) | 162 |
| مالیکی کوڕی ئیاس (رضي الله عنه) | 163 |
| مالیکی کوڕیە ەدم (رضي الله عنه) | 163 |
| مالیکی هەمەدانی (رضي الله عنه) | 163 |
| مالیکی هیلالی (رضي الله عنه) | 163 |
| مەیعەب (رضي الله عنه) | 164 |
| مەحموودی کوڕی رەبیع (رضي الله عنه) | 164 |
| مەحموودی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) | 165 |
| مەحموودی کوڕی لەبید (رضي الله عنه) | 165 |
| مەحموودی کوڕی مەسلەمە (رضي الله عنه) | 165 |
| مەحمیە (رضي الله عنه) | 166 |
| مەحیاتی کچی ئەبی نائیلە(رضي الله عنها) | 166 |

| | |
|---|---|
| مەخرەبەی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه) | 166 |
| مەخرەبەی کوڕی عەددی (رضي الله عنه) | 166 |
| مەخرەمەی کوڕی قاسم (رضي الله عنه) | 167 |
| مەخرەمەی کوڕی نەوفەل (رضي الله عنه) | 167 |
| مەخلەدی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه) | 167 |
| مەخلەدی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 167 |
| مەدلووك (رضي الله عنه) | 168 |
| مەرثەدی کوڕی ظەبیان (رضي الله عنه) | 168 |
| مەرثەدی کوڕی ئەبی مەرثەد (رضي الله عنه) | 168 |
| مەرزەبانی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه) | 169 |
| مەرزووق (رضي الله عنه) | 169 |
| مەڕوانی کوڕی جیذع (رضي الله عنه) | 169 |
| مەڕوانی کوڕی قەیسی دەوسی (رضي الله عنه) | 169 |
| مەڕوانی کوڕی قەیسی ئەسەدی (رضي الله عنه) | 170 |
| مەسرووقی کوڕی وائیل (رضي الله عنه) | 171 |

| | |
|---|---|
| مەسعوودی خزمەتکار (رضي الله عنه) | 171 |
| مەسعوودی کوری روخەیلە (رضي الله عنه) | 172 |
| مەسعوودی کوڕی خالید (رضي الله عنه) | 172 |
| مەسعوودی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه) | 172 |
| مەسعوودی کوڕی زوراره (رضي الله عنه) | 173 |
| مەسعوودی کوڕی سەعد (رضي الله عنه) | 173 |
| مەسعوودی کوڕی سەعدی زورقی (رضي الله عنه) | 173 |
| مەسعوودی کوڕی سوەید (رضي الله عنه) | 174 |
| مەسعوودی کوڕی سینان (رضي الله عنه) | 174 |
| مەسعوودی کوڕی عەبدە (رضي الله عنه) | 174 |
| مەسعوودی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 174 |
| مەسعوودی کوڕی وائیل (رضي الله عنه) | 175 |
| مەسعوودی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 175 |
| مەسعوودی کوڕی ئەوس (رضي الله عنه) | 176 |
| مەسعوودی لەخمی (رضي الله عنه) | 177 |

| | |
|---|---|
| مەسلەمەی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 177 |
| مەسلەمەی کوڕی موخەللەد (رضي الله عنه) | 177 |
| مەطەری کوڕی هیلال (رضي الله عنه) | 178 |
| مەعبەدی کوڕب عەبباد (رضي الله عنه) | 178 |
| مەعبەدی کوڕی خالید (رضي الله عنه) | 178 |
| مەعبەدی کوڕی عەبدسەعد (رضي الله عنه) | 178 |
| مەعبەدی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 179 |
| مەعبەدی کوڕی مەخرەمە (رضي الله عنه) | 179 |
| مەعبەدی کوڕی وەهب (رضي الله عنه) | 179 |
| مەعدانی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه) | 179 |
| مەعقیلی کوڕی سینان (رضي الله عنه) | 180 |
| مەعقیلی کوڕی موقەرین (رضي الله عنه) | 180 |
| مەعقیلی کوڕی مونژیر (رضي الله عنه) | 180 |
| مەعقیلی کوڕی یەسار (رضي الله عنه) | 180 |
| مەعقیلی کوڕی ئەبی مەعقیل (رضي الله عنه) | 182 |

| | |
|---|---|
| مەعمەری سەهمی (رضي الله عنه) | 182 |
| مەعمەری کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 182 |
| مەعمەری کوڕی حەبیب (رضي الله عنه) | 183 |
| مەعمەری کوڕی حەزم (رضي الله عنه) | 183 |
| مەعمەری کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه) | 183 |
| مەعمەری کوڕی عەبدولاّ (رضي الله عنه) | 183 |
| مەعمەری کوڕی عوپمان | 184 |
| مەعنی کوڕی حەرمەلە | 184 |
| مەعنی کوڕی عەددی (رضي الله عنه) | 184 |
| مەعنی کوڕی فەضالە (رضي الله عنه) | 185 |
| مەعنی کوڕی یەزید (رضي الله عنه) | 185 |
| مەلەکان (رضي الله عنه) | 186 |
| مەندووس (رضي الله عنه) | 186 |
| مەنصووری کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) | 186 |
| مەنظووری کوڕی لەبید (رضي الله عنه) | 187 |

| | |
|---|---|
| 187 | مەهین (رضي الله عنه) |
| 187 | مەئبوور(رضي الله عنه) |
| 188 | مەیپەم (رضي الله عنه) |
| 188 | مەیسەرەی کوڕی مەسرووق (رضي الله عنه) |
| 188 | مەیموون (رضي الله عنه) |
| 188 | مەیموونەی خزمەتکار(رضي الله عنها) |
| 189 | مەیموونەی کچی حارث(دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها) |
| 192 | مەیموونەی کچی سەعد(رضي الله عنها) |
| 192 | مەیموونەی کچی کەردەم(رضي الله عنها) |
| 193 | مندوسی کچی عوبادە(رضي الله عنها) |
| 193 | مندووسی کچی خەللاد(رضي الله عنها) |
| 193 | مندووسی کچی عەمر(رضي الله عنها) |
| 193 | مندووسی کچی قطبە(رضي الله عنها) |
| 194 | موبەرریجی کوڕی شیهاب (رضي الله عنه) |
| 194 | موبەشیری کوڕی بەڕرا ء (رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه) | 194 |
| موثەننای کوڕی حارثە (رضي الله عنه) | 194 |
| موجاشیعی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه) | 195 |
| موجاعەی کوڕی میرارە (رضي الله عنه) | 196 |
| موجالیدی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه) | 196 |
| موجەژەری کوڕی زیاد (رضي الله عنه) | 197 |
| موجەممیعی کوڕی جاریە (رضي الله عنه) | 198 |
| موحاریبی کوڕی مزیدە (رضي الله عنه) | 199 |
| موحەللیمی کوڕی جەثثامە (رضي الله عنه) | 199 |
| موحەممەدی کوڕی جابیر (رضي الله عنه) | 199 |
| موحەممەدی کوڕی جەعفەر (رضي الله عنه) | 199 |
| موحەممەدی کوڕی جید (رضي الله عنه) | 200 |
| موحەممەدی کوڕی حاطیب (رضي الله عنه) | 200 |
| موحەممەدی کوڕی خەلیفە (رضي الله عنه) | 202 |
| موحەممەدی کوڕی سولەیمان (رضي الله عنه) | 202 |

| | |
|---|---|
| موحەممەدی کوڕی صەفوان (رضي الله عنه) | 202 |
| موحەممەدی کوڕی صەیفی (رضي الله عنه) | 203 |
| موحەممەدی کوڕی ضەمرە (رضي الله عنه) | 203 |
| موحەممەدی کوڕی طەلحە (رضي الله عنه) | 203 |
| موحەممەدی کوڕی عەبباس (رضي الله عنه) | 204 |
| موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا (رضي الله عنه) | 204 |
| موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەسەدی (رضي الله عنه) | 204 |
| موحەممەدی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 205 |
| موحەممەدی کوڕی مەسلەمە (رضي الله عنه) | 206 |
| موحەممەدی کوڕی ئەبی حوذەیفە | 210 |
| موحەممەدی کوڕی ئەبی عومەیرە (رضي الله عنه) | 211 |
| موحەممەدی کوڕی ئەنەس (رضي الله عنه) | 211 |
| موحەممەدی مەولا (رضي الله عنه) | 212 |
| موحەممەدی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 212 |
| موحتەفیزی کوڕی ئەوس (رضي الله عنه) | 212 |

| | |
|---|---|
| موحرەرە (رضي الله عنه) | 212 |
| موحریزی کوڕی نەضلە (رضي الله عنه) | 213 |
| موحریشی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 213 |
| موحیببەی کچی رەبیع(رضي الله عنها) | 214 |
| موخەیریق (رضي الله عنه) | 214 |
| موختاری کوڕی حارثە (رضي الله عنه) | 214 |
| مورارەی کوڕی رەبیع (رضي الله عنه) | 215 |
| مورای کوڕی سینان (رضي الله عنه) | 215 |
| موڕڕەی کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 215 |
| موڕڕەی کوڕی کەعب (رضي الله عنه) | 216 |
| موسەووەر (رضي الله عنه) | 216 |
| موسەییەبی کوڕی حەزەن (رضي الله عنه) | 216 |
| موسەییەبی کوڕی ئەبی سائیب (رضي الله عنه) | 217 |
| موستەوریدی کوڕی خیلان (رضي الله عنه) | 217 |
| موستەوریدی کوڕی شەداد (رضي الله عنه) | 217 |

| | |
|---|---|
| موسلیمی باوکی رائیطه (رضي الله عنه) | 218 |
| موسلیمی کوڕی خەیشەنه (رضي الله عنه) | 218 |
| موسلیمی کوڕی شەیبه (رضي الله عنه) | 219 |
| موسلیمی کوڕی عەبدوڕەحمان (رضي الله عنه) | 219 |
| موسلیمی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) | 219 |
| موسلیمی کوڕی ئەسلەم (رضي الله عنه) | 220 |
| موشەمریجی کوڕی خالید (رضي الله عنه) | 220 |
| موصعەبی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) | 220 |
| موضەریسی کوڕی سوفیان (رضي الله عنه) | 225 |
| موطەریفی کوڕی خالید (رضي الله عنه) | 226 |
| موطەلیبی سولەمی (رضي الله عنه) | 226 |
| موطەلیبی کوڕی حەنگەب (رضي الله عنه) | 226 |
| موطەلیبی کوڕی ئەبی وداعه (رضي الله عنه) | 226 |
| موطەلیبی کوڕی ئەزهەر (رضي الله عنه) | 227 |
| موگعیمی کوڕی عوبەیده (رضي الله عنه) | 227 |

| | |
|---|---|
| موطیعە(رضي الله عنها) | 227 |
| موطیعی کوڕی عامیر (رضي الله عنه) | 228 |
| موطیعی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 228 |
| موظەهیری کوڕی رافیع (رضي الله عنه) | 228 |
| موظطەجیع (رضي الله عنه) | 229 |
| موعاذە(رضي الله عنها) | 229 |
| موعاذەی کچی عەبدولاّ(رضي الله عنها) | 229 |
| موعاذی کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 229 |
| موعاذی کوڕی ریفاعە (رضي الله عنه) | 231 |
| موعاذی کوڕی زوراره (رضي الله عنه) | 231 |
| موعاذی کوڕی صیممە (رضي الله عنه) | 231 |
| موعاذی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 232 |
| موعاذی کوڕی عەمری خەزرەجی (رضي الله عنه) | 234 |
| موعاذی کوڕی ماعیص (رضي الله عنه) | 234 |
| موعاذی کوڕی ئەنەس (رضي الله عنه) | 234 |

| | |
|---|---|
| موعاذی کوڕی جەبەل (رضي الله عنه) | 235 |
| موعاویەی کوڕی پەور (رضي الله عنه) | 250 |
| موعاویەی کوڕی حەکەم (رضي الله عنه) | 250 |
| موعاویەی کوڕی حەیدە (رضي الله عنه) | 251 |
| موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان (رضي الله عنه) | 252 |
| موعاویەی هوذەلی (رضي الله عنه) | 287 |
| موعاویەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 288 |
| موعەتتیبی کوڕی عەوف (رضي الله عنه) | 288 |
| موعەتتیبی کوڕی عوبەید (رضي الله عنه) | 288 |
| موعەتتیبی کوڕی ئەبوولەهەب (رضي الله عنه) | 289 |
| موعەیقیب (رضي الله عنه) | 289 |
| موغیث (رضي الله عنه) | 290 |
| موغیرەی کوڕی شوعبە (رضي الله عنه) | 290 |
| موقنع (رضي الله عنه) | 294 |
| موکەیتیل (رضي الله عنه) | 294 |

| | |
|---|---|
| مـوكريم (رضي الله عنه) | 295 |
| مولەيكە(رضي الله عنها) | 295 |
| مولەيكەی كچی سەهل(رضي الله عنها) | 295 |
| مولەيكەی كچی عەمر(رضي الله عنها) | 295 |
| مولەيكەی كوژراو(رضي الله عنها) | 296 |
| مولەيكەی نەنكی ئەنەس(رضي الله عنها) | 296 |
| مولەيكەی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 297 |
| مولەيل (رضي الله عنه) | 297 |
| مونبەعپ (رضي الله عنه) | 297 |
| مونەيبيق (رضي الله عنه) | 298 |
| مونذيری كوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 298 |
| مونذيری كوڕی عەبدوڵای خەزرەجی (رضي الله عنه) | 298 |
| مونذيری كوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 298 |
| مونذيری كوڕی قەيس (رضي الله عنه) | 299 |
| مونذيری كوڕی قودامە (رضي الله عنه) | 299 |

| | |
|---|---|
| موندیری کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه) | 299 |
| مونسی کوڕی فەضالە (رضي الله عنه) | 300 |
| مونقەع (رضي الله عنه) | 300 |
| مونقیذی کوڕی نەباتە (رضي الله عنه) | 300 |
| مونکەدیر (رضي الله عنه) | 301 |
| موهاجیری کوڕی ئەبی ئومەییە (رضي الله عنه) | 301 |
| موهاجیری کوڕیی قونفوذ (رضي الله عنه) | 301 |
| موهاجیری خزمەتکار (رضي الله عنه) | 302 |
| میحجەن | 302 |
| میحجەنی کوڕی ئەدرەع (رضي الله عنه) | 303 |
| میخنەفی کوڕی سولەیم (رضي الله عنه) | 303 |
| میدعەم | 304 |
| میدلاج (رضي الله عنه) | 304 |
| میرداسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) | 305 |
| میرداسی کوڕی عوروە (رضي الله عنه) | 305 |

| | |
|---|---|
| میرداسی کوڕی عوقفان (رضي الله عنه) | 305 |
| میرداسی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) | 305 |
| میسطەحی کوڕی ئەثاثە (رضي الله عنه) | 306 |
| میسوەری کوڕی مەخرەمە (رضي الله عنه) | 307 |
| میعوەذی کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 307 |
| میقدادی کوڕی مەعدیەکریب (رضي الله عنه) | 308 |
| میقدادی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 308 |
| میهجەع (رضي الله عنه) | 319 |
| میهران (رضي الله عنه) | 319 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ن) دەست پێ دەکات | 321 |
| ناجیە(رضي الله عنه) | 323 |
| ناجیەی کوڕی جوندوب(رضي الله عنه) | 323 |
| نافیعی کوڕی بودەیل(رضي الله عنه) | 323 |
| نافیعی کوڕی سەهل(رضي الله عنه) | 324 |
| نافیعی کوڕی ظورەیب(رضي الله عنه) | 324 |

| | |
|---|---|
| نافیعی حەبەشی(رضي الله عنه) | 324 |
| نافیعی کوڕی عوتبە(رضي الله عنه) | 324 |
| نامیەی کوڕی صەفارە(رضي الله عنه) | 325 |
| نائیلەی کچی رەبیع(رضي الله عنها) | 325 |
| نائیلەی کچی سەعد(رضي الله عنها) | 325 |
| نائیلەی کچی سەلامە(رضي الله عنها) | 326 |
| نائیلەی کچی عوبەید(رضي الله عنها) | 326 |
| نەبیهی کوڕی صواب(رضي الله عنه) | 326 |
| نەجیح(رضي الله عنه) | 326 |
| نەذیری غەسسانی(رضي الله عنه) | 327 |
| نەسیکە(رضي الله عنها) | 327 |
| نەصری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 327 |
| نەصری کوڕی دەهر(رضي الله عنه) | 328 |
| نەضلەی کوڕی طەریف(رضي الله عنه) | 328 |
| نەضلەی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) | 328 |

| | |
|---|---|
| نەضیری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 329 |
| نەفیسەی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 329 |
| نەهیکی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 330 |
| نەهیکی کوڕی تیهان(رضي الله عنه) | 330 |
| نەهیکی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 330 |
| نەهیکی کوڕی قوصەی(رضي الله عنه) | 330 |
| نەوفەلی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 331 |
| نەوفەلی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 331 |
| نەوفەلی کوڕی موعاویە(رضي الله عنه) | 331 |
| نەوواسی کوڕی سەمعان(رضي الله عنه) | 332 |
| نواری کچی حارث(رضي الله عنها) | 332 |
| نواری کچی قەیس(رضي الله عنها) | 332 |
| نواری کچی مالیك(رضي الله عنها) | 333 |
| نوبەیشە(رضي الله عنه) | 333 |
| نوبەیطی کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 333 |

| | |
|---|---|
| نوبەیطی کوڕی شەریط(رضي الله عنه) | 334 |
| نوتەیلەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 334 |
| نوسەیبەی کچی رافیع(رضي الله عنها) | 334 |
| نوسەیبەی کچی سیماك(رضي الله عنها) | 335 |
| نوسەیبەی کچی کەعب(رضي الله عنها) | 335 |
| نوسەیبەی کچی نیار(رضي الله عنها) | 336 |
| نوسەیبەی کچی ئەبی طەلحە(رضي الله عنها) | 336 |
| نوسەیری کوڕی عەنبەس(رضي الله عنه) | 336 |
| نوعەیمانی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 337 |
| نوعەیمی کوڕی بەدر(رضي الله عنه) | 340 |
| نوعەیمی کوڕی عەبدولاّ (رضي الله عنه) | 340 |
| نوعەیمی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) | 341 |
| نوعەیمی کوڕی ئەثاثە(رضي الله عنه) | 342 |
| نوعمانی کوڕی بەشیر(رضي الله عنه) | 342 |
| نوعمانی کوڕی جەز ع(رضي الله عنه) | 344 |

| | |
|---|---|
| نوعمانی کوڕی خەلەف(رضي الله عنه) | 344 |
| نوعمانی کوڕی رازیە(رضي الله عنه) | 344 |
| نوعمانی کوڕی سینان(رضي الله عنه) | 344 |
| نوعمانی کوڕی عەبدعەمر(رضي الله عنه) | 345 |
| نوعمانی کوڕی عەصەر(رضي الله عنه) | 345 |
| نوعمانی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 345 |
| نوعمانی کوڕی قەوقەل(رضي الله عنه) | 345 |
| نوعمانی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 346 |
| نوعمانی کوڕی موقرین(رضي الله عنه) | 346 |
| نوعمانی کوڕی ئەبی جوعال(رضي الله عنه) | 346 |
| نوعمانی کوڕی ئەبی خذمە(رضي الله عنه) | 347 |
| نوعمی کچی حەسسان(رضي الله عنها) | 347 |
| نوفەیعی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 347 |
| نوفەیعی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه) | 348 |
| نوقادە(رضي الله عنه) | 348 |

| | |
|---|---|
| نوهەیکی کوڕی صورەیم(رضي الله عنه) | 348 |
| نووحی کوڕی مەخلەد(رضي الله عنه) | 349 |
| نیاری کوڕی ظالیم(رضي الله عنه) | 349 |
| نیسطاس(رضي الله عنه) | 349 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (هـ) دەست پێ دەکات | 351 |
| هاشمی کوڕی عوتبە(رضي الله عنه) | 353 |
| هالەی کچی خوەیلید(رضي الله عنها) | 353 |
| هالەی کوڕی ئەبی هالە(رضي الله عنه) | 353 |
| هانیئی کوڕی جەزء(رضي الله عنه) | 354 |
| هانیئی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 354 |
| هانیئی کوڕی حەبیب(رضي الله عنه) | 354 |
| هانیئی کوڕی حیجر(رضي الله عنه) | 354 |
| هانیئی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 355 |
| هانیئی کوڕی فیراس(رضي الله عنه) | 355 |
| هانیئی کوڕی یەزید(رضي الله عنه) | 355 |

| | |
|---|---|
| 356 | هەبباری کوڕی سوفیان(رضي الله عنه) |
| 356 | هەبباری کوڕی ئەبیلعاص(رضي الله عنه) |
| 356 | هەبباری کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) |
| 358 | هەدداج(رضي الله عنه) |
| 358 | هەرمی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) |
| 359 | هەززالی کوڕی یەزید(رضي الله عنه) |
| 360 | هەممامی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) |
| 360 | هەممامی کوڕی موعاویە(رضي الله عنه) |
| 360 | هەوەذەی حیمیەری(رضي الله عنه) |
| 361 | هەوەذەی عامیری(رضي الله عنه) |
| 361 | هەوەذەی کوڕی حارث(رضي الله عنه) |
| 361 | هەوەذەی کوڕی ئەحمەر(رضي الله عنه) |
| 361 | هەیبان(رضي الله عنه) |
| 362 | هەیثەمی کوڕی دەهر(رضي الله عنه) |
| 362 | هەیثەمی کوڕی نەصر(رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| هوبەیبی کوڕی موغفیل(رضي الله عنه) | 362 |
| هوبەیرەی کوڕی سەبەل(رضي الله عنه) | 362 |
| هورەیرەی کچی زەمعە(رضي الله عنها) | 363 |
| هوزەیلەی کچی ثابت(رضي الله عنها) | 363 |
| هوزەیلەی کچی حارث(رضي الله عنها) | 363 |
| هوزەیلەی کچی سەعید(رضي الله عنها) | 364 |
| هوزەیلەی کچی عوتبە(رضي الله عنها) | 364 |
| هوزەیلەی کچی مەسعوود(رضي الله عنها) | 364 |
| هومەینەی کچی خالید(رضي الله عنها) | 364 |
| هیرماسی کوڕی زیاد(رضي الله عنه) | 365 |
| هیشامی کوڕی حەبیب(رضي الله عنه) | 365 |
| هیشامی کوڕی حەکیم(رضي الله عنه) | 365 |
| هیشامی کوڕی صوبابە(رضي الله عنه) | 366 |
| هیشامی کوڕی عاص(رضي الله عنه) | 366 |
| هیشامی کوڕی عاصی(رضي الله عنه) | 367 |

| | |
|---|---|
| هیشامی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 368 |
| هیشامی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 368 |
| هیشامی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه) | 369 |
| هیلالی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه) | 369 |
| هیلالی کوڕی ئەبی خەولی(رضي الله عنه) | 369 |
| هیلالی کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) | 369 |
| هیندی کوڕی ئەبی هالە(رضي الله عنه) | 370 |
| هیندی کوڕی ئەسما ء (رضي الله عنه) | 370 |
| هیندی جوهەنی(رضي الله عنها) | 370 |
| هیندی کچی بەررا ء(رضي الله عنها) | 371 |
| هیندی کچی سەهل(رضي الله عنها) | 371 |
| هیندی کچی سیماك(رضي الله عنها) | 371 |
| هیندی کچی عەتیق(رضي الله عنها) | 372 |
| هیندی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 372 |
| هیندی کچی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنها) | 372 |

| | |
|---|---|
| هیندی کچی عوتبە(رضي الله عنها) | 372 |
| هیندی کچی مەحموود | 373 |
| هیندی کچی مونذیر(رضي الله عنها) | 374 |
| هیندی کچی وەلید(رضي الله عنها) | 374 |
| هیندی کچی ئەبی ئومەییە(ئوموموسەلەمە) (دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها) | 374 |
| هیندی کچی ئەثاثە(رضي الله عنها) | 381 |
| هیندی کچی ئەوس(رضي الله عنها) | 381 |
| هیندی کچی ئەوسی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 381 |
| هیندی کوڕی حارثە(رضي الله عنه) | 383 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (و) دەست پێ دەکات | 383 |
| وابیصەی کوڕی مەعبەد(رضي الله عنه) | 385 |
| واثیلەی کوڕی خەططاب(رضي الله عنه) | 385 |
| واثیلەی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 385 |
| واسیعی کوڕی حیببان(رضي الله عنه) | 387 |
| واقیدی خزمەتکار(رضي الله عنه) | 387 |

| | |
|---|---|
| واقیدی کوڕی سەهل(﵁) | 387 |
| واقیدی کوڕی عەبدوڵا (﵁) | 388 |
| وائیلی کوڕی ریئاب(﵁) | 388 |
| وائیلی کوڕی حوجر(﵁) | 388 |
| وەحشی کوڕی حەرب(﵁) | 388 |
| وەحووحی کوڕی ئەسلەت(﵁) | 391 |
| وەدقەی کوڕی ئیاس(﵁) | 391 |
| وەدیعەی کوڕی عەمر(﵁) | 392 |
| وەردان(﵁) | 392 |
| وەردانی تەمیمی(﵁) | 392 |
| وەردانی کوڕی موخەرریم(﵁) | 393 |
| وەردی کوڕی خالید(﵁) | 393 |
| وەردی کوڕی عەمر(﵁) | 393 |
| وەعلەی کوڕی یەزید(﵁) | 393 |
| وەقصائی کچی مەسعوود(رضي الله عنها) | 394 |

| | |
|---|---|
| وەکیعی تەمیمی(رضي الله عنه) | 394 |
| وەلیدی کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 395 |
| وەلیدی کوڕی عەبدشەمس(رضي الله عنه) | 395 |
| وەلیدی کوڕی عوقبە(رضي الله عنه) | 395 |
| وەلیدی کوڕی وەلید(رضي الله عنه) | 398 |
| وەهبی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 400 |
| وەهبی کوڕی حوذەیفە(رضي الله عنه) | 401 |
| وەهبی کوڕی زەمعە(رضي الله عنه) | 401 |
| وەهبی کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 401 |
| وەهبی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 402 |
| وەهبی کوڕی قابیس(رضي الله عنه) | 402 |
| وەهبی کوڕی کیلدە(رضي الله عنه) | 403 |
| وەهبی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 403 |
| وەهبی کوڕی ئەبی سەرح(رضي الله عنه) | 403 |
| وددەی کچی عوقبە(رضي الله عنها) | 404 |

| | |
|---|---|
| ویبری کوڕی موشهیر(رضي الله عنه) | 404 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ی) دەست پێ دەکات | 405 |
| یاسری باوکی عەممار(رضي الله عنه) | 407 |
| یاسری خزمەتکار(رضي الله عنه) | 409 |
| یاسری کوڕی سوەید(رضي الله عنه) | 409 |
| یامینی کوڕی عومەیر(رضي الله عنه) | 410 |
| یامینی کوڕی یامین(رضي الله عنه) | 411 |
| یەحنەس(رضي الله عنه) | 411 |
| یەحیای کوڕی حەکیم(رضي الله عنه) | 412 |
| یەربوعی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 412 |
| یەزیدی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 412 |
| یەزیدی کزڕی عامیری ئەنصاری(رضي الله عنه) | 413 |
| یەزیدی کوڕب بەرذەع(رضي الله عنه) | 413 |
| یەزیدی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 413 |
| یەزیدی کوڕی خدام(رضي الله عنه) | 414 |

| | |
|---|---|
| یەزیدی کوڕی روکانە(رضي الله عنه) | 414 |
| یەزیدی کوڕی زەمعە(رضي الله عنه) | 414 |
| یەزیدی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 415 |
| یەزیدی کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 415 |
| یەزیدی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه) | 415 |
| یەزیدی کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 416 |
| یەزیدی کوڕی سەیف(رضي الله عنه) | 417 |
| یەزیدی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 417 |
| یەزیدی کوڕی عەمری نومەیری(رضي الله عنه) | 418 |
| یەزیدی کوڕی عیبایە(رضي الله عنه) | 418 |
| یەزیدی کوڕی قەیسی داری(رضي الله عنه) | 418 |
| یەزیدی کوڕی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 419 |
| یەزیدی کوڕی مەعبەد(رضي الله عنه) | 419 |
| یەزیدی کوڕی موعاویەی ئەسەدی(رضي الله عنه) | 419 |
| یەزیدی کوڕی مونذیر(رضي الله عنه) | 420 |

| | |
|---|---|
| یەزیدی کوڕی نوەیرە(رضي الله عنه) | 420 |
| یەزیدی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 420 |
| یەزیدی کوڕی ئەبووسوفیان(رضي الله عنه) | 420 |
| یەزیدی کوڕی ئەخنەس(رضي الله عنه) | 421 |
| یەزیدی کوڕی ئەسەد(رضي الله عنه) | 422 |
| یەزیدی کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه) | 422 |
| یەزیدی کوڕی ئەسید(رضي الله عنه) | 423 |
| یەزیدی مەولا(رضي الله عنه) | 423 |
| یەزیدی موحاریبی(رضي الله عنه) | 423 |
| یەسار(رضي الله عنه) | 424 |
| یەساری خزمەتکار(رضي الله عنه) | 424 |
| یەساری شوانە(رضي الله عنه) | 424 |
| یەعلای کوڕی موڕڕە(رضي الله عنه) | 425 |
| یەعلای کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) | 426 |
| یەنناق(رضي الله عنه) | 426 |

| | |
|---|---|
| یوسەریرەی کچی مولەیکە(رضي الله عنها) | 427 |
| یوسەیرەی کچی یاسیر (رضي الله عنها) | 427 |
| یووسفی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 427 |
| یوونسی کوڕی شەدداد(رضي الله عنه) | 428 |